# پێنج سەفەر، وێنەیەک

ڕۆمان

فەڕۆخ نێعمەتپوور

٢٠١٢

"گەڕانەوەکان،... گەڕانەوەی جەستە، گەڕانەوەی خەیاڵ، گەڕانەوەی جەستە ـ خەیاڵ، گەڕانەوەی وشەو،... گەڕانەوەی باوەگەورە."



**پێرست:**

پێشەکی........................................................ لاپەڕەی ٩
ـ پەڕینەوە (سەفەری چوارەم، سنووری دووهەم)...لاپەڕەی ١٩
ـ من و بەردەنوێژەکە .............................................. ٢٧
ـ ئەزموون (سەفەری یەکەم) .........................................٣٤
ـ چوارەمین سەفەر (سنووری یەکەم) ............................ ٤١
ـ هاتنی باوەگەورە (سەفەری سێیەم) ............................ ٤٨
ـ بە رێگاوە ........................................................... ٥٦
ـ فڕین (سەفەری پێنجەم) ........................................... ٦٣
ـ دووهەم سەفەر ......................................................٧٠
ـ لە رێگادا ............................................................ ٧٧
ـ ترس ....................................................................٨٥
ـ قەبرستان ................................................... ........ ٩٢
ـ هەستێکی غەریب ................................................. ٩٩
ـ دۆزینەوە ........................................................... ١٠٦
ـ سەردان ............................................................. ١١٣
ـ دووڕگە ............................................................. ١٢٠
ـ دابەزین ............................................................. ١٢٧
ـ دووپاتبوونەوە...................................................... ١٣٤
ـ نیوەسەفەر ......................................................... ١٤١
ـ وەک خۆیان ....................................................... ١٤٨
ـ بەهاری رەنگە پەمەییەکان ...................................... ١٥٥
ـ گەڕانەوەی سێ ................................................... ١٦٢
ـ دوونیایەکی تر .................................................... ١٦٩
ـ گەڕانەوەی دوو .................................................. ١٧٧
ـ مردنی باوەگەورە ................................................. ١٨٤
ـ جووتبوونی پێڵاوەکان ........................................... ١٩١

## پێشەکی

## پێنج سەفەر و سەدان وێنە

سالّح سووزەنی

### خوێندنەوەی یەکەم

١ـ بۆ ئەو خوێنەرانەی بەدوای نێوەڕۆکی سەرکی رۆمانەکەوەن؛ منی تامەزرۆی سەفەر دوای سەفەری یەکەم (بەتەنێ بۆ لای پووری مامۆستام لە دێ) ٢ـ لەگەڵ بنەماڵەکەی (بۆ شارێکی تر) ٣ـ لەگەڵ باوە گەورە بۆ دێ٤ـ سنوور بەزاندن ٥ـ فڕین بۆ رۆژئاواو نیشتەجێ بوونی لەوێ، لە سەفەرێکی دەروونیی نۆستالێژییانەدا دەکەومەوە تەک وێنەکەی باوەگەورە و بە بیرەوەریەکانم لەگەڵ باوەگەورەدا دەچمەوە... . لەم خوێندنەوە دا خوێنەر هەست دەکا نەوەیەک باسی باوەگەورەی ئازا و لێبوردوو و فەیلەسووف و زانا و بەئیمان و... خۆی وەک واقیع دەگێڕێتەوە تا ئەو رۆژەی دەمرێ.

٢ـ لەم خوێندنەوەدا تووشی هەڵەیەکی گەورە بووینە، ئەویش ئەوەیە کە جیهانی واقیعمان زێدە بەرچاو نواندوە، لە حاڵێکدا لە خوێندنەوەیەکی وردتردا تێدەگەین واقێع رووپۆشێکە بۆ حەشاردانی جیهانی دەروونیی دەق.

کاتی خۆی میشل بۆتۆر سەبارەت بە واقعی بوون و ناواقعی بوونی کەسایەتیەکان لەناو ئەدەبدا نووسی کە: "با بڵێین ئێمە نامەیەک لە کەسێکی جێی متمانە (لەسەدەی نۆزەدەهەم) بدۆزینەوە کە بڵێ "باوەگۆریۆ"ی زۆر بەباشی دەناسی و ئەو کەسایەتییە بە هیچ لەونێک بەو چەشنە نەبووە کە لە رۆمانەکەی باڵزاک دا هاتووە. بۆ وێنە لاپەڕەکانی ئەوەندە و ئەوەندەی ئەو رۆمانە هەڵەی زۆری (بە رێژەی ژیانی راستەقینەی باوەگۆریۆ) تێدایە و هتد. بە دڵنیاییەوە ئەو دیعایە بۆ ئێمە هیچ گرینگییەکی نابێ، باوە گۆریۆ لای ئێمە، هەر ئەوەیە کە بەڵزاک پێی ناساندووین. من مافی ئەوەم هەیە بڵێم بەڵزاک سەبارەت بە کەسایەتییەک کە خۆی

خولقاندوویە، هەڵەی کردوە و فلأنە لایەنی کەسایەتی لە بیر کردوە، بەڵام بۆ پاساودانەوەی بۆچوونەکەی خۆم، دەبێ بەڵگە لە دێڕەکانی دەقی بەڵزاک (سەبارەت بە باوەگۆریۆ) بهێنمەوە. شایەتی هێنانەوە لە شوێنی دیکە بێ بایەخە"1
بۆ بەراوەردی واقیعی و ناواقعی بوونی کەسایەتی بانموونەیەک لە دەقی رۆمانەکە بهێنینەوە: "باوەگەورە کە لە ژوورەکەی وەڕەز دەبوو، لە پەنجەرەکەوە دەستی دەبرد بۆ ئاسمان، چەند ئەستێرەی دەچنییەوە و دووای ئەوەی ورد ورد لە نزیکەوە لێی دەروانین، دەیخستنە بن پشتێنەکەی. بۆ سبەی رێگای ماڵەوە تا بازاڕی بەم ئەستێرانە ئەستێرەچن دەکرد، بۆ ئەوەی رێی لێ ون نەبێت!"
دەبینین نووسەر باسی ناواقیعێ دەکا کە هەوڵێ بەواقیع بوونی بۆ دراوە؛ "ئەوانی دی بۆ ئێمە بەس ئەو شتانەی نیە کە بە چاو لێمان دیتوون، بەڵکوو ئەوەی کە ئەوانیش سەبارەت بە خۆیان دەیگێڕنەوە یان ئەو شتەی کە کەسی دیکە سەبارەت بەوان ئەیگێڕنەوە گرینگە و نووسەر ئەویدی (باوەگەورەی) وەها خولقاندوە کە خۆی دەیهەوەێ و لێی دەگێڕێتەوە.
کە وایە بابەت و کەسایەتی سەرەکی لەم رۆمانەدا بەڕواڵەت باەوگەورەیە؛ بەڵام دوای خوێندنەوەی رۆمانەکە تێدەگەی کە دژەپاڵەوانی سەرەکی ئەو رۆمانە؛ "من"ی مرۆڤی تەنیای خاوەن کێشەیە (پروبلماتیک) کە بۆ هەڵاتن لەدەست تەنیاییەکانی غەریبایەتی، دوای مردنی باوەگەورە، دەیکاتە نیشانەیەکی وێنەیی و لە گیرفانی جانتاکەی (زێهنی)دا تا هەتایە رایدەگرێ "ئیتر لە رۆژەوە باوەگەورەم هەمیشە لە گەڵا بووە" و لەوێوە سەرەتا و کۆتایی گێڕانەوە لە زمانی منی راوییەوە دەست پێدەکا و چەمکگەلی وەک ژیان تا مەرگ دەپشکنێ.

**مزگەوت؛** "مزگەوت بۆ من هەمیشە رازێکی گەورە بوو. بینایەکی گەورە کە هەمیشە پیاوەکان لە دەرگاکە سەوزە گەورەکەی دەچوونە ژوور و دەهاتنە دەرەوە. ئەو بینایەی کە ئاودەستەکانی هەمیشە بۆنێکی یەکجار ناخۆشیان لێوە دەهات. ئەو ئاودەستانەی کە هەمیشە دارمەیتێک لە نزیک سووچێکی سەقفەکەیەوە هەڵپەسێرابوو. بوونەوەرێک کە لێی دەترسای و رقت لێبوو، بەڵام نەشدەکرا سەیری نەکەی"

دۆعا؛ "باوەگەورە خواپەرستێکی سەیر بوو، بەلام قەت لە ژیانمدا گوێم لە دوعای نەبووە. دەیگوت دوعا کاری مرۆڤی ترسنۆکە.

**بەردەنوێژ؛** "... باوەگەورەم وەها کتوپڕ دەستی کرد بە گەورەبوون کە منی لە سەر بەردەنوێژەکە فڕێ دایە خوارەوە. جارێکی تریش بەردەکە بوو بە قاڵیچەی حەزرەتی سلێمان. چەند خۆش بوو! من و باوەگەورە لە سەری دانیشتبووین و بە سەر شار و دەرو دەشت و کێوەکانی دەورووبەریدا دەفڕین. کتوپڕ دیسان باوەگەورە دەستی کردەوە بە گەورەبوون. وەها کە جێ بۆ من نەما"

**ژیان؛** "کە گەیشتمەوە ماڵ، هەموو خێزان لە ژوورەوە لە یەکێک لە هۆدەکاندا کۆبووبوونەوە. ژن و منداڵ لە یەک ئاڵابوون و پیاوەکانیش خەمۆک و غەمگین و ترساو و داماو لە منداڵ و لە دار و دیوار و لە یەکتریان دەڕوانی. شار هەر جارەی لە شوێنێکەوە دەلەرزی. یەکێک لە دەنگەکان ئەوەندە نزیک بوو کە گڵی بن میچەکە بە سەر سەرماندا..."

**خەون و خەیاڵ؛** "لە بیرم دێ جاری وابوو کۆترەکان بۆیان دەگێڕامەوە. باسی ئەو سەرەیان دەکرد...

"لە ناوەراستی زستاندا رۆژێک تەواو بوو بە بەهار و لە هاوینیشدا رۆژێک تەواو بوو بە زستان. رۆژە بەهارییەکەی زستان، باخەکە شین بووەوە، بەفری سەر جێی بەردەنوێژەکە رەوایەوەو خۆر وەک جاران لە بانیژەکە چەقایەوە. من کە پێم وابوو هەموو گەڕەک و هەموو دونیا ئەمەی لێ بەسەرهاتووە، بە پەلە و لە خۆشیانا رووم کردە کۆلان. بەڵام هەر دەرگاکەم کردەوە بەسەر بەفرێکی یەکجار زۆردا کەوتم. دەرەوە، لە دەوەوەی ماڵەکەی ئێمە دونیا هەر زستان بوو."

**فەلسەفە؛** "یەکەم جار کتێبی فەلسەفیم خوێندەوە، سێ رۆژ لە ماڵ نەهاتمە دەر. تەمەنم شازدە ساڵ بوو. دەمخوێندەوەو یادداشتم هەڵدەگرت و بیرم دەکردەوە و ئەوسا بیرە کتوپڕییەکانی خۆم دەنووسییەوە. دووای سێ رۆژ کە هاتمە حەوشە، بینیم رۆژێکی بەهاری خۆشە و باغەکەمان بە گوڵ و شکۆفە و خونچەکانییەوە

وەها دەرەنگانەوە کە ئەقڵ هەڵینەدەگرت. من ئەو رۆژە هەستم کرد دونیام بە هەموو ماناکانییەوە دۆزیوەتەوە. کەشفێکی گەورە.. لەو رۆژەوە زمانی گفتوگۆی من لە گەڵ چۆلەکەکان کرایەوە. دادەنیشتین و پێکەوە باسی فەلسەفیمان لە سەر فڕین، لە سەر ئاسمان و پەیوەندیی نێوان فڕین و رۆژئاوامان دەکرد. فەلسەفە منی فێری زمان چۆلەکە کرد. ئێمە وەکوو مەڕێک واین بە دەم گورگی بیرەوەرییەکانەوە... ئەسڵەن سەری کەر خوا بۆ فەلسەفە دروستی کردووە... سەیری کەرەکان دەکەمەوە، سەیری ئەو بوونەوەرە فەلسەفیانەی کە قەت دەرفەتی دەربڕینی وشە و بیری خۆیان نەبووە. ئەو رێگا دووپاتکراوەی، ئەوانی کرد بە فیلسووف و کەچی هەر ئەو رێگایەیش مراندنی."

**مەرگ؛** "باوەگەورە دەیگوت قەت راستەوخۆ بیر لە مەرگ مەکەوە. بیری مەرگ با لە پشتەوە بێت، یاخود لە ژێرەوە. ئەوکات دەبینی کە تامی بیرکردنەوە جۆرێکی ترە،... قووڵترە، یەکەمجار قووڵتر. حەز ناکەم زۆر بچمە ناو ئەم باسەوە، بەڵام جاری وایە دێت، بۆخۆی دێت. وەک ئاهەنگێکە لە دەروونەوە هەڵدەقوڵێ و بەرەبەرە داگیرت دەکا. نەرم نەرم داگیرت دەکا و دەتخاتە سەمایەکی بێ کۆتاییەوە."
شێعر (خەیام)؛... شەڕ؛... سەفەر و... ئەو چەمکگەلە وەک رووداوگەلی دەرەکی و دەروونی هەموویان لە زەینی ئەو منەوە دەبنە سێلاوی هۆش و سنوورگەل کاتیی و شوێنیی دەبڕن و دەچنە پێشەوە؛ "بەرەو ئەو شوێنانەی ئێمەیش بە تەمایان بووین."

**خوێندنەوەی دووهەم**

رۆمان وەک خۆژیاننامە

"مرجع اصلی من برای یافتن جزئیات، بیش از هر چیز حافظه بود" هنری جیمز

ساڵەکانی 1913 تا 1915 رۆمانگەڵێک لە لایەن چەند رۆماننووسێکەوە (پرۆست/ گەڕان بەدوای کاتی لەدەستچوو/، هێنری جیمز/ کوڕێ بچووک و

ئەوانی دی/ ریچارد سۆن/ سەیری مەعنەوی) نووسران کە گرینگییەکی تایبەتیان دابووە بیرەوەرییەکان و نواندنی دەروونیاتی کەسایەتی لە زمانی منی بگیرەوەوە. ئەو شێوازە دواتر بەناوێ خۆژیاننامە لە ڕێگەی سێلاوی هۆشەوە خوێندرایەوە و ڕێڕەوانێکی دیکەی وەک جۆیس و ویرجینیا وڵف و... بڕەویان پێدا. تێمی سەرەکی ئەو ڕۆمانگەڵە بیرەوەریی بوو بە شێوەی "تەداعی" (وەبیر هاتنەوە) بەردەوام و بەدەق کردنی قاشگەلی زێهنی کەسایەتی (من) ئاخاوتن لەگەڵ خۆ (منۆلۆگ) لە سەر هێڵی بچڕبچڕ ی کاتیی و بەگشتی دەرخستنی دەروونیاتی کەسایەتی (لەبریی وێناکردنی ڕواڵەتی) و... بۆ تەرکیز کردنەسەر ورد بینی و قووڵ ڕوانین و شۆڕبوونەوە بەناو بیرەوەری و هەست و سۆزەکانی کەسایەتی نووسەردا (هەرچەند پرۆست، دواتر دەیان جار دەقەکەی وەک خۆژیاننامە رەفز کردەوە و گوتی؛ "بەد شانسی من ئەوە بوو کە ڕۆمانەکەم بە ناوی "من"ەوە دەست پێکرد؛ بەخێرایی، لەبری هەوڵدان بۆ دیتنەوەی یاساگەل گشتی، بە کەسێکیان ناساندم کە خەریکی شیکاریی ئەزموونەکانی خۆمم."

( چیرۆکگەل دەروون شناسانەی نویێ- لێ ئۆن ئیدێل)

بۆ ڕوونترکردنەوەی باسەکە و ناسینی سیستەمی ڕەوایەتناسی ڕۆمانی "پێنج سەفەر، وێنەیەک" بەراوردی دوو نموونە دەقی بەو شێوەیە دەکەین:

"لەبیرمە سەعاتێک پێش ئەوەی دایەگەورەم بە جلی ناوماڵەوە دانەوی بۆ ئەوەی چەکمەکانم داکەنێ، لە گەرمای بەتینی هاویندا بە شەقامەکاندا دەسووڕامەوە و لەبەردەم دووکانی قەنادیەکدا، هەستم ئەوە بوو کە بەسەر هەموو خواست و نیازم بۆ ماچکردنی دایەگەورەم، بەڕاستی تاقەتی ئەو یەک سەعاتە دوورییەم نەبووکە دەبێ بەبێ ئەو ڕابیوێرم. ئیستا کە هەر ئەو خواستەم سەرلەنوێ سەریهەڵداوەتەوە، ئەمزانی ئەگەر چەندین سەعات و سەعاتگەل دیکەش چاوەروان بم، هەرگیز دیسان لای خۆم نایبینمەوە. تازە بەوەم زانیبوو کە؛ ئیستا کە ئەوەند زیندوو و ڕاستەقینە هەستی پێدەکەم و لەوانەیە دڵم بتۆقێ بۆی، تاهەتایە لەدەستم داوە."

گەڕان بەدوای کاتی لەدەست چوو – مارسێل پرۆست

"باوەگەورە بوو کە منی دایە دەست شۆفیرەکەو بەڕێی کردم بۆ ئێرە. نیگاکانی هەر پێدەکەنین. من کە ڕۆژانی ڕۆژ چاوەڕیی وەها سات و کاتێک بووم، کتوپڕ ترس و دڵەخورپەیەکی سەیر دایگرتم. لە نێوان باوەگەورە و جیپەکەدا گەلێک

دژوار بوو بۆم کە کامیان هەڵبژێرم"... "رەنگە ئەوان ببینمەوە، بەڵام باوەگەورە نا،... ئەو نابینمەوە. دڵنیام. یەکجار دڵنیام. رەنگە لە بەر تەمەنی بێت، بەڵام نا ئەمە نیە. لە بەر ئەوەی ئەو ئیتر ئامادە نیە بۆ هیچ شوێنێکی دوور بڕوات." پێنج سەفەر، وێنەیەک- فەڕوخ نێعمەتپوور
دەبینین کە دایە گەورە و باوەگەورە لە هەردوو دەقدا لەزمانی منی نەوەوە دەناسێنرێ، یان باشتر وایە بڵێم دەربڕینی هەست و سۆزی دەروونی (من) دەرحەق بە دایەگەورە و باوەگەورە لە هەردوو دەقدا یەک شێوەیە. کەوایە، دەتوانین"پێنج سەفەر، وێنەیەک"وەک رۆمانگەڵ دەروونناسانەی نوێ بخوێنینەوە؛ بیرەوەری و قاشگەل زێهنی کەسایەتی؛
"ئێمە وەکوو مەڕێک واین بە دەم گورکی بیرەوەرییەکانەوە"
"بۆنێک وەک لێک ئاڵانی ساڵی کۆن و ساڵی نوێ."

"کاتژمێر رەوتی زەمەن بە رێژەیەکی بەردەوام ئەنوێنێ بەڵام زەینی مرۆڤ زۆر جار سەعاتێک بە قەدەر رۆژێک (وەک کات) ئەفرێنێتەوە و بە پێچەوانەشەوە... لە زێهنی مرۆڤدا ئێستە و رابردوو تێکەڵ دەبن؛ لە ناکاو بیرەوەرییەکی کاتی منداڵیمان دێتەوەبیر کە وەکوو کات پێوەندە بە رابردوویەکی زۆر دوور، لە زێهندا ئەو بیرەوەریانە لەناکاو دەژیێنەوە و هەر لە ساتی گەڕانەوەیاندا سەرلە نوێ لێک ئەدرێنەوە... هەر بۆیە رۆماننووس بە نووسینی بیرەوەری زێهنی کەسایەتی چیرۆکەکانیان کاتی هەنووکە (ئێستا) تۆمار و داگیردەکەن. پرۆست و جۆیس لە هەوڵەکانیاندا، ئەو چوشنە ئەزموونەیان هێنایە ناو دەق.

لە رۆمانی "پێنج سەفەر، وێنەیەک"یشدا "رەسمەکەی باوەگەورە"، "من" بیری باوەگەورە دەخاتەوە ، باوەگەورە باسی کۆتر دەکا و یەکێک لە قاشە زێهنی یەکانی "من" دەبێتە بیرەوەری من لە کۆترەکان... کۆترەکان بیری سنوورم دەخەنەوە و من دەپرژێمە سەر سنوور و دەرباز بوون لە سنوور،، لە پایەگاکەی سەر سنوور کابرای بەرپرس دەبینم لە ناو گڕە بەردێک دا بە دوور بین "دۆڵەکەی خوارەوە بەسەردەکاتەوە" من بیری باوەگەورە دەکەومەوە لەسەر بەردێک دانیشتووەوە... ئەم سووڕەسووڕەزێهنییە کاتەکان بچڕ بچڕدەکەن و ئێستا و

داهاتوو و رابردوو دەدروون بە یەکەوە و شوێنەکان تێکەڵ بە یەکدی دەبن و بە گشتی فۆرمی گێڕانەوەکان دیاری دەکەن... جیاوازیی ئەم چەشنە گێرانەوەیە لە دەرخستنی حاڵاتی رووحی و دەروونی بگێڕەوەدا بە ڕاستی دیار و بەرچاوە؛

" هەمیشە پێم وابوو وێنە زۆر شتێکی راستەوخۆیە و توانای خەیاڵ دەکوژێ. وێنە، بە یەک جۆر کەسەکە دەهێنێتەوە خەیاڵت،... دەهێنێتەوە یادت، بەڵام خەیاڵ بە هەزاران جۆر. جگە لەوە، وێنە کۆن دەبێ و بەم کۆن بوونە جوان هەست بەوە دەکەی کات و زەمەن دەکەونە بەینەوە. کات و زەمەنیش چ بمانەوێ و چ نەمانەوێ بەرە بەرە تۆزی خۆی دەهاوێتە سەر شتەکان. من لەم تۆزە بێزار بووم. تۆز، منی ئاشقی خەیاڵ کردبوو. ئەم وێنەیە هی ئەو رۆژە نەبوو باوە گەورە ی تیا مرد." پێنج سەفەر، وێنەیەک

وەک فەلسەفە "بیرەوەری لە ناو دڵی لێکۆڵینەوەکانی "بێرگسۆن"دایە و دەکەوێتە ناو جەرگەی متالای "پرۆست"یشەوە. چەمکی زەمەن لای بێرگسۆن دەبێتە پێوەری هەبوون (هەستی) واتە سەیری نادیاریی رابردوو لە جەرگەی داهاتوودا دەتوێتەوە. "پرۆست"یش کەوتە دوای بیرۆکەی کارکردی زمانی رابردوو و گەشەی کاری داهێنەرانە و بەکورتی هەمان پرۆسە کە بێرگسۆن سەبارەت بە دەروونیی نواندنی واقیع و بەدەقکردنی هەموو وردکارییەکانی ئەزموونی کەسیی باسیی لێ دەکرد، لە "گەڕان بەدوای کاتی لەدەستچوو"دا هاتە کارکرد.2

".نازانم ئەو وەک من حەزی بە جەستەی رووتی ژن بوو یان نا، بەڵام بوونی ئەو لانیکەم دەبووە هۆی ئەوەی لە ژووری هۆتێلەکاندا بیریان لێ نەکەمەوە. وێنەکەی دەردێنم. زۆر یارمەتی نادا. زۆر لە ئیستای من دەچێ لە سەر ئەم بەردە. وەها ترس دامدەگرێ کە رادەچەنمە سەرپێ. زۆر گەرمە. منیش تینووم. نازانم تا کانییەکی تر چەندە رێیە؟" پێنج سەفەر، وێنەیەک

دەبینین کە مەودایەکی کاتیی زۆر کەوتۆتە بەین ئەو دوو رووداوە زێهنییەوە؛ کەسێک (من) لە رێگەی سنوور بەزاندندایە، گەرمایە و توونیەتی... بیری دەچێتە سەر ئاوی لای بەردەنوێژەکەی باوەگەورە... سەرنجراکێشتر ئەوەیە کە ئەم دوو بیرەوەرییە لە هوتێلێکی رۆژئاوادەکرێ کە سەر مێزەکانی پڕن لەرەسمی ژنی رووت... واتە سێ رەوایەت لەناو یەکدیدا دەگێڕدرێتەوە (متافیکەیشن) و ئەم گەمەیە لەناو سیستەمی گێڕانەوەدا دەبێتە یەکێ لە خاڵە بەهێزەکانی رۆمانەکە...

"نازانم لەو خوارە لە سەر زەوی چەندین کەسی وەک منی چەندین ساڵ لەوە پێش هەن کە لە شوێنێک لە سەر سنوورەکان دانیشتوون و خەریکن سەیری تەیارەکان دەکەن. من نازانم ئەوان کۆڵی نەفرەت لە رابردوویان بە کۆڵەوەیە یان لە ئەشقی رابردوو خەریکن دەپەڕنەوە."

**خوێندنەوەی سێهەم**
وەهای گوت "من"

"سەرم بەرزکردەوەو لە بینا بەرزەکانم روانی. لەو سەرە نەفەرێک جگەرەی دەکێشا. خوا؟ نازانم. رەنگە ئەو لەوێ لەو بەرزاییە راوەستاوەو سەیردەکا و دەیەوێ بزانێ سەرئەنجام من چم لێدێت، چم لێ بەسەردێت... خوایە گیان ئەمشەو لێم گەڕێ! من لە مێژە تاقەتی ئەوەم نەماوە چیدی پەیامبەر بم. من لە مێژە تاقەتی ئەو جاڵجاڵۆکانەم نەماوە کە من لە دوژمنم ون دەکەن. من بێتاقەتی دوژمنەکەمم. حەزم بە بینینیەتی، حەزم لە گڕی نیگایەتی. سەر بەرزدەکەمەوە. خوا گیان لەوێ نەماوە..." پێنج سەفەر، وێنەیەک

**خوێندنەوەی چوارەم**
نووسین دژی فەرامۆشی

"ئێمەی منداڵانی گەڕەک لە مێژ بوو بە بێ پارە یاریمان دەکرد. تۆپی لاسیقی و بابۆڵەی ماست و جارجارەیش بابۆڵەی رۆن، جیهانی ئێمە بوو.."
"لە یەکێک لە خۆپیشاندانەکاندایە دەست دەبەم تەماتە رزیوەکان کۆدەکەمەوە و بۆ بینایەک و بۆ نیگابانەکانی بەردەمی فڕێیان دەدەم. دەستەکانی من و دەستەکانی ئەوانی تریش، ئەوانەی وا لە گەڵ منن بۆنی تەماتەی رزیو دەگرن...
"مینی بووسە گازاوڵییەکە لە دوواوە جێگای هەمووومانی کردەوە. کە بە گەردەنە بەرزەکەدا سەرکەوتین، لە بیرم نەبوو کە رۆژێک باوەگەورە باسی ئێرەی بۆ کردبووم. ئەو کاتانەی وا ئە بەم شاخەوە کاروانچییەتی کردبوو و لە شارانی ترەوە شمەکی هێنابوو..."

"دوو ژن کە تەواو رووت نەبوون، خەریکی جگەرەکێشان و قسەکردن لە گەڵ یەکتری بوون. راوەستام. سەیریان کردم. ماوەیەک بێدەنگی. یەکیان شتێکی پرسی. من پارەکەم دەرهێنا. بە ئاماژە پرسیان کاممان."
پێنج سەفەر، وێنەیەک

**خوێندنەوەی پێنجەم**
شار

"بینا بەرزەکان، سەیارە زۆرەکان و تاکسیە زەردەکان زیاتر لە هەر شتێکی تر سەرنجم رادەکێشن. جاری وایە لە ناو خەڵکدا ون دەبم. ئەوەندە زۆرن کە هەست دەکەم منیش دەبم بەوان و ئیتر منێک نامێنێ..."
"دەچمە پێش فڕۆکەکە. لەوی رادوەستم و سەیری موسافیرەکان دەکەم. جگە لە یەک دووانێک کەس سەیری من ناکا. چەند سیماکان ئاسایین. دەبێ ئاساییش بن! ئەوانەی وا رەحەت و ئاسان دەتوانن لە هەموو سنوورەکان بە بێ هیچ دڵەخورپە و وێنەیەک لە گیرفاندا بپەڕنەوە. دەچمە ناو ئاودەستەکە. لە ئاوێنەکەدا لە خۆم دەڕوانم. لەوەی هێشتا گەنجم.. سەفەری ئەم جارە جیاوازە. بە چەند سەعات چەندین وڵات دەبڕی. بە چەند سەعات چەندین وڵات؟ ئەم رستەی دەمهەژێنێ. بیرێکی کتوپڕی و نەخوازراو کە دامدەچڵەکێنێ. چەندین وڵات لە چەند سەعاتدا. باوەڕناکەم. من ئەمە لە مێژە دەزانم، بەڵام زانینی ئەمجارە جیاوازە..."
پێنج سەفەر، وێنەیەک

**خوێندنەوەی شەشەم**
سەرەتاو کۆتایی
تۆ بڵێی بەهەڵکەوت بێ کە؛ سەرەتا و کۆتایی "پێنج سەفەر، وێنەیەک" دێتەوە سەر کۆترەکان و بەسەرهاتەهاتەکان؟ بیرەوەری و فڕێنی کۆتری خەیاڵ بەردەوامە و لەکۆتایی رۆمانەکەدا ئەڵێی باوەگەورە ژیاوەتەوە و گێڕانەوە سەرلەنوێ دەست پێدەکاتەوە و خوێنەر دەبێ سەرلەنوێ بچێتەوە سەر دەستپێک یان خۆی لەگەڵ رووحی گێڕانەوەدا رێکەوێ؛

دەستپێک؛ "باوەگەورە دەیگووت: "درۆیەکی گەورەیە کۆترەکان بە سنوورەکان نازانن." دەیگووت: "ئەوان زیاتر لە هەر بوونەوەرێکی تر ئاشنای تخوبەکانن." بەڵگەیشی ئەوە بوو ئەوان ئەوەندە دوور نافڕن کە هێلانە و زێدیان لێ ون بێت. کۆتر گەر زۆر دووریش بفڕێ، ئەوا رێک لە سەر شوێنی هێلانەکەیەتی بەرەو قوڵایی ئاسمان بەرز و بەرزتر دەبێتەوە...

**کۆتایی**؛ "دیسان بۆنی کۆتر، بۆنی کۆترەکان لێم ئاڵانەوە. ئەوسا باوەگەورەم بینی کە دەرکەوت. لە کاتێکدا ئارام ئارام و بە کاوەخۆ بەفری سپیی ئەو شەوەی ناو دارستانمان پێکەوە بڕدەدا، کەوتینە گێڕانەوە. بەسەرهاتەکان لە گەڵ دەنکە بەفرەکان لێک دەئاڵان و نەرم نەرم دەنیشتنە سەر زەوی. بەسەرهاتە سپییەکان، کۆترە سپییەکان و بەفرە سپییەکان."

پێنج سەفەر، وێنەیەک

خوێنەرانی بەڕێزی رۆمانی "پێنج سەفەر، وێنەیەک"! خوێندنەوەکانی دیکەی ئەم رۆمانە، با لە ئەستۆی ئێوە بێ!

**ماویەتی**

.......................................

1- رۆمان وەک لێکۆڵینەوە، میشل بۆتۆر، و. رەزا سەییدحسەینی. وتاری یەکەم. لە کتێبی Essais sur le roman, نووسینی Michel butor وەرگێراوە

2- لێئۆن ئیدێل – چیرۆکگەل دەروونناسانەی نوێ..

## پەڕینەوە (سەفەری چوارەم، سنووری دووهەم)

باوەگەورە دەیگووت: "درۆیەکی گەورەیە کۆترەکان بە سنوورەکان نازانن." دەیگووت: "ئەوان زیاتر لە هەر بوونەوەرێکی تر ئاشنای تخوبەکانن." بەڵگەیشی ئەوە بوو ئەوان ئەوەندە دوور نافڕن کە هێلانە و زێدیان لێ ون بێت. کۆتر گەر زۆر دووریش بفڕێ، ئەوا رێک لە سەر شوێنی هێلانەکەیەتی بەرەو قوڵایی ئاسمان بەرز و بەرزتر دەبێتەوە. باوەگەورە راستی دەکرد. کاتێک من کۆترەکانم هەڵدەفڕاند، تەنیا لە سەر سەری خۆمەوە چاوم بۆ دەگێڕان. گەر زۆر دووریش بان، ئەوا لەوێ لە شوێنێک سەرئەنجام دەمبینینەوە. من هەمیشە خەمی ئەو رۆژەم دەخوارد کە ئەوان جۆرێکی تر بفڕن، خەمی ئەوەی رۆژێک لەو سەرەوە چاویان سنوورەکان نەبینن و بۆ هەمیشە تەنیا تەسلیمی فڕین بن و ئیتر بۆ هەمیشە لە من و لە بانیژەکە و زەردەپەڕی ئێوارانی بەردەمی و لە خانووی چوار ژوورەکە ون بن. من بۆ ئەوەی ئەمە روونەدات، لە سەر بانی و بانیژەکە و لە داڵانی هێلانەکانیان زۆر جار دادەنیشتم و چیرۆکم بۆ دەگێڕانەوە. چیرۆکی ئەو بەسەرهاتانەی لە گەڵ بەفر تێکەڵ دەبوون و دەنیشتنە سەر زەوی. چیرۆکە سپییەکان. چیرۆکە ساردەکان. من نازانم لە دەروون و مێشکی کۆترەکاندا چی دەگوزەرا کاتێک من بێ بەزەییانە چیرۆکەکانم بۆ دەگێڕانەوە. هەر ئەوەندە دەزانم کە هەمیشە هەندێ

لەوان ون دەبوون، هەندێکیشیان لێرە لە سەر بان و بانیژەکە دەمردن و هەندێکی تریشیان دەبوون بە خۆراکی ئەو پشیلانەی کە لە گەڕەکە دوورەکانەوە بۆنی کۆترەکان بەرەو ئێرە پەلکێشیان دەکردن، بەرەو ئەو خانووەی کە ڕۆژی مردنی باوەگەورە، نەنکم دووای مەرگی خۆی هاتەوەو بە مردوویی گەنج گەنج بوویەوە! ئەو ڕۆژە تەنیا ڕۆژێک بوو کە من هیچ چیرۆکێکم بۆ کۆترەکان نەگێڕایەوە. ئەو ڕۆژە بۆ خۆی چیرۆکێک بوو،... چیرۆکێکی گەورە، وەها کە هەمووومان تەنیا گوێمان گرت، هەم من و هەم کۆترەکان و هەم بانیژە و هەم خانووە چوار ژوورەکە. تەنانەت باوەگەورە بۆ خۆیشی. ئەو چیرۆکەی کە من لە کاتی سەفەری چوارەم لە کاتی پەڕینەوە لە سنووری دووهەم، دیسان بۆ خۆم و بۆ ڕێگام گێڕایەوە. ئەو ڕۆژە چۆمەکەی سەر سنوور ئەوەندە لێڵ و قوڕاوی بوو کە تا چەند ساڵی دوواتریش کەس نەیتوانی یەک تاقە ماسی تیا ڕاوبکا! من لە سەفەری چوارەمەوە فێر بووم خەفەتی ماسییەکانیش بخۆم.

چەند ڕۆژ بوو لە پایگاکەی سەر سنوور بووین. ژەمەکان پەتاتەی کوڵیومان دەخوارد و بە شەوانیش لە ناو ئەو چادرانەدا دەخەوتین کە کاتێک باران لێی دەدان، وەک تەپڵ دەنگیان دەهات. بەڵام کێ ئاگای لەم دەنگانە بوو. هەمووان، زەین و هۆشیان لە سەر ئەو چەمەی بوو لە خوارەوە لە ناو دۆڵەکەدا هاژەی دەهات. ئەو چەمەی، بە گرمە و لرفە و هاوار ڕێی دەبڕی و بێ ئاگا لەوانەی سەر شاخەکە، خەریکی گێڕانەوەی چیرۆکی هەزاران ساڵەی خۆی بوو. قاچاخچییەکان چاویان لە بەرپرسی پایگاکە بوو و ئێمەیش کە دەیان کەسی کۆچبەر بووین چاومان لە قاچاخچییەکان. بەرپرسەکە هەموو ڕۆژێک ئیش و کاری ئەوە بوو کەمێک واوەتر لە پایگاکە، لە ناو گڕەبەردێکدا بە دووربینی سەربازییەکەی دۆڵەکەی خوارەوە بەسەر بکاتەوە و بیخاتە ژێر کۆنتڕۆڵ. بە هیوای ئەوەی دەرفەتی ئەوە برەخسێ ئەم خێڵە سیڤیلە نائاساییەی ناو ڕەبایەکە سەرەوخوار بێتەوە و بتوانن ئاودیو بن، ئاودیوی سنوور،... سنوورێکی ئاوین. ئەویش بۆ خۆی هەم بە مەرحەمەتی پارەکە بگات و هەم لە دڵەراوکێی مانەوەی زۆری ئەم خێڵە لەو شوێنە هەستیارە ڕزگاری بێت.

یەکەم جار بوو لە ژیانمدا دەنگی تەپڵم گوێ لێ بێت و حەزی سەما و هەڵپەڕکێ نەمگرێ! بێ واز لە ناو چادرەکە دادەنیشتم و لە خەونی جگەرەیەکی تر جگەرەی ئیستام بەڕێ دەکرد. بە رۆژیشدا لەولای گرەبەردی بەرپرسەکە دادەنیشتم و وێڕای لێوردبوونەوە لەو وڵاتەی کە بەڵێن بوو ئاودیوی بین، جاروبارە سەیری ئەو فڕۆکە بەرزانەیشم دەکرد کە ئاسمانیان دوور دوور دەدڕی و بەرەو شوێنە نادیارەکان دەفڕین. ئەو شوێنانەی ئێمەیش بە تەمایان بووین.

جانتاکەم زۆر لە خۆم دوور نەدەخستەوە. نەک لەبەر ئەوەی شتی گران و قیمەتیی و پڕبایی تیا بوو، بەڵکوو لە بەر ئەوەی تەنیا شتێک بوو لە گەڵم بوو،... تەنیا هاوڕێ. بە بێ جانتا، لەبیرم دەچووەوە موسافیر و کۆچبەرم. کە لە شانم دەکرد، جۆرێکی دیکەم لێدەهات. وەک بڵێی فرمانم بداتێ. گەر غیرەتی جانتاکەم نەبووایە، رەنگە من قەت نەموێرابا ئەو هەموو سنوور و وڵاتانە ببڕم.

بەلام نا، شتێکی دیکەشم پێ بوو، شتێک کە لە رۆژی دووای مردنی باوەگەرەمەوە هەڵمگرتبوو،... وێنەی باوەگەورە! من قەت لە ژیانمدا حەزم بە هەڵگرتنی وێنە نەبووە، تەنانەت وێنەی ئەو کچ یان کچانەی خۆشم ویستوون. هەمیشە پێم وابوو وێنە زۆر شتێکی راستەوخۆیە و توانای خەیاڵ دەکوژێ. وێنە، بە یەک جۆر کەسەکە دەهێنێتەوە خەیاڵت،... دەهێنێتەوە یادت، بەڵام خەیاڵ بە هەزاران جۆر. جگە لەوە، وێنە کۆن دەبێ و بەم کۆن بوونە جوان هەست بەوە دەکەی کات و زەمەن دەکەونە بەینەوە. کات و زەمەنیش چ بمانەوێ و چ نەمانەوێ بەرە بەرە تۆزی خۆی دەهاوێتە سەر شتەکان. من لەم تۆزە بێزار بووم. تۆز، منی ئاشقی خەیاڵ کردبوو. ئەم وێنەیە هی ئەو رۆژە نەبوو باوەگەورەی تیا مرد، بەڵکوو هی ساڵانی ساڵ پێش مردنەکەی بوو،... وێنەیەک کە تێیدا باوەگەورە لە سەر بەردێک دانیشتووەو دەستی کردووە بە کەپری چاوەکانی و لە شوێنێک دەڕوانێ. ئەم وێنەیەیش وێنەی راستەقینە نیە، چونکە لەو کاتەدا نە من کامێرام پێ بوو تا رەسمی بگرم و نە ئەوەندە باویش بوو کامێرا لە گەڵ خۆت بۆ هەموو شوێنێک هەڵبگری. ئەوە ساڵانی دوواتر بوو داوام لە هاوڕێیەکی وێنەکێشم کرد ئەو ساتەم بۆ بکا بە وێنە. بە راستی دژوار بوو، چونکە دەبا بە سەعات و بە رۆژ و بە مانگ بۆی بگێڕمەوە و بۆی وەسف کەم دیمەنەکە چۆن بووە. تەنانەت بە دزییەوە وێنەیەکی باوەگەورەیشم بۆ برد بۆ ئەوەی لە کاتی کێشانەوەیدا وردەکارییەکانی رواڵەتی

جوانتر لەبەرچاودا بێت. ئەگەرچی بۆخۆیشی باوەگەورەی بینیبوو، بەڵام دەیگوت روخساری لەو روخسارانەیە لە بیرنامێنێ. دیمەنێکی بزۆز. من کە رقم لەم قسەیەی بوو، تەنیا بە هەناسەیەک و خۆگێل کردنێک هەستەکەم بەرێ دەکرد. ئەویش وەک بڵێی نایبینێ. دووای ئەوەی لە کێشانی بووەوە، تابلۆکەم لە پەڕۆیەک پێچا و بردم عەکسێکم لێگرت. تابلۆکەم بۆ هەمیشە خستە ناو چەمەدانەکەمەوە وێنەکەشم خستە ناو گیرفانمەوە. ئیتر لە رۆژەوە باوەگەورەم هەمیشە لە گەڵا بووە.
ئەو چەند رۆژەی سەر سنوور چ لە تەنیشت گرەبەردەکاندا و چ لە ناو چادرەکەدا جارجارە وێنەکەم دەردەهێنا و سەیرم دەکرد. چ رێکەوتێکی سەیر. دانیشتنی فرماندەی پایگاکە لە ناو گرەبەردەکاندا چەند لە دانیشتنی باوەگەورەی دەکرد لەو ساڵانەدا. فرماندەکە لەو ساڵانەی تەمەنی باوەگەورە زۆر گەنجتر نەبوو، رەنگە ئەوپەڕی دە ساڵ، یان رەنگە من هەڵە بم، کە ریشی سپیت نەتاشی زۆر بە تەمەنتر دەنوێنێ. بە تایبەت بە چەک و رەختەوە. هەروەها رەنگە بە خەیاڵێکەوە کە بۆچی منیش ناتوانم ئاودیو بم.
وێنەکە وەک جانتاکە غیرەتی سەفەر و کۆچی پێ نەدەبەخشیم، بە پێچەوانەوە زۆر جار قاچەکانی پێ سست و بێ هێز دەکردم. سست و بێ هێزییەک کە هەمیشە لە کاتی بڕینی سنوور و وڵاتەکاندا بەردەوام لە گەڵما بووە. بەڵام دەبێ دان بەوەشدا بنێم ئەم سستی و بێ هێزییە گەلێک یارمەتیدەرم بووە. بووەتە هۆی ئەوەی ئارام بڕۆم و بە کاوەخۆ بیربکەمەوە. ئەگەرچی نە ئارام رۆیشتن و نە بەکاوەخۆ بیرکردنەوە هەمیشە بە مانای دانی بڕیاری بەجێ نیە. شەڕی نێوان جانتاکەم و وێنەکەی باوەگەورە تا ئیستا منیان لە ژیاندا هێشتووەتەوە. سستی هەنگاوەکانم بۆ وێنە جارێکیان بوو بە هۆی نەکوژرانم لە ناو بۆسەیەکدا. ئەوەی لە پێشمەوە بوو کوژراو، منیش کە هێشتا بە تەواوی لە قوڵکەیەک نەهاتبوومە دەر، وەبەرنەکەوتم. ئەگەرچی جاری وا گوشەکان باشتر دوواوە دەپێکن تا پێشەوە.
لە یەکێک لە ساتەکانی بەسەرکردنەوەی وێنەکەدا بووم کە فرمانی داگەڕان دەرکرا. خێڵ جوڵا. ژن و منداڵ و گەنج و پیر. من کە گەنج بووم خۆم لە گەڵ پیرەکان رێک خست. خۆبەخۆ وای لێدەهات. باران جوان جوان دنیای شۆردبووەوە. گیا تەڕ و زەوی خز. ئاسمانیش، ئەو هەورانەی کە لە مانەوەی زۆر بەرە بەرە وەڕەز بووبوون.

گەیشتینە سەر ئاوەکە. چ چۆمێکی ترسناک! بەستێن یەکجار لێژ و هەربۆیە ئاوەکە یەکجار خوڕ و بە هەیبەت و بە هۆی بارانیشەوە لێڵ. بەلەمێکی پلاستیکیی گەورەیان هێنا. بەلەمێکی رەش رەش کە چەند داری درێژ چەپ و راست بە ژێرییەوە بەسترابوو. قاچاخچییەکان دەست بەکاربوون. هەر جارەی کۆمەڵێک خەڵکیان تێدەکرد و لە سەرسەرەوە رەنگە دووسەد سێ سەد مەتر دەیاندا بەدەم ئاوەکەوەو دوواتر لە خوارترەوە لە شوێنێک دەگەیشتە ئەو سەر چەمەکە. ئەو شوێنەی وا قاچاخچیی تر، هی وڵاتی ئەوبەر، چاوەڕوان بوون. دەنگی ئاو، هەموو دەنگێکی تری دەمران. قیژ و قاو و دۆعا و نزا و پاڕانەوەکان جوان نەدەهاتنە گوێ. هاژەی چۆم چەند بە هەیبەت دەینواند. نازانم باوەگەورە ئەو رۆژەی ئەم وێنەیەیان لێ کێشا، ئەم لافاوەی لە دوورە بینیبوو وا دەستی بۆ کردبوو بە کەپری چاوەکانی، یان نا؟ وێنەکە دەردەهێنمەوە و سەیری دەکەمەوە. رەنگە بتوانم لێرەدا شتێکی تری تیا ببینمەوە. ئاسمانی سەر سەری سامالە. ئاسمانێکی رووت کە دیار نیە بۆ کێ بەرگی لەخۆی داماڵییەوە. لاقم سست دەبێ، دادەنیشم تا نۆرەم دێت.
نۆرەم دێت. لە گەڵ ئەو پیرانەی سواردەبم کە لە گەڵیان داگەڕام. ژنێکیان هەر خەریکی دوعایە. جوانیی من بە گژ خودادا دەکا بۆ ئەوەی بمانپارێزێ. باوەگەورە خواپەرستێکی سەیر بوو، بەلام قەت لە ژیانمدا گوێم لە دوعای نەبوو، ...نەبووە. دەیگوت دوعا کاری مرۆڤی ترسنۆکە. خوداش دوعای بۆیە دروست کردووە چونکە مرۆڤەکان هەموویان ئازا نین. من کە یەکەم جار ئەم قسەیەم لێ بیست، سوێندم خوارد هەمیشە لە ژیانمدا مرۆڤێکی ئازا و بە غیرەت بم. ئەوەی کە بووم یان نا، نازانم، بەڵام هەمیشە هەوڵم ئەوە بووە. ئەو رۆژەیش لە ناو بەلەمە پلاستیکییەکەدا ئەگەرچی لاقەکانم سست بووبوون، بەلام دڵم هەر وا بە گوڕ لێی دەدا. دڵێکی بەگوڕ لە سەر قاچە سستەکان.
کە بەلەمەکە بەڕێ کەوت، بۆ متمانە و دڵنیایی زیاتر پێیەکانم خستە ژێر یەکێک لەو شووڵە ئاسنینانەی لە بەستێنی بەلەمەکەدا بوون. بەلەم وەڕێکەوت. دوو نەفەر بۆ راگرتنی هێڵی پەرینەوەکە بە پەلە پەل سەوڵیان لێدەدا و ئاوەکەیش دایدەگێڕاین. ئیتر لێرەدا بە راستی هەموو دەنگێک ون بوو. ئاوە لێڵەکە ئەوەندە ترسناک بوو کە من چاوم قونجاند و هەوڵم دا بیر لە باوەگەورە بکەمەوە. بەلەمەکە هەروا دادەگەڕاو بەرە بەرە لە قەراخی ئەوبەر نزیک دەکەوتەوە. نازانم چەند تێپەڕی، بەڵام ئیستا کە

بیری لێ دەکەمەوە، هەست دەکەم زۆر خێراتر لەوە من بۆی دەچووم تێپەڕی. شەش حەوت مەترێکی مابوو بگەیەنە ئەو بەر، کە یەکێک لە سەوڵ لێدەرەکان راپەڕی و گوریسێکی فڕێ دا بۆ ئەوانەی وا لە قەراخ ئاوەکە لەوبەرەوە راوەستابوون. بزەیەک رۆحی تەنیم، بە خۆم گوت ئەمەش تێپەڕی. بە تەمای دەرهێنانی لاقەکانم لە ژێر شووڵە ئاسنینەکان بووم کە بینیم لە جیاتی ئەوەی گوریسەکە بگاتە دەست ئەوانەی ئەوبەر چەمەکە، کەوتە سەر لووسەبەردێکی کووڕ و لەوێ گیرسایەوە. دەنگی قیژە و هاوار هاواری خەڵک بەرز بووەوە. بەلەمەکە بە دەم ئاوەکەوە بەرە بەرە دادەگەڕاو دوور دەکەوتەوە. من سەیرێکی بەشی خوارەوەی چۆمەکەم کرد. بیرم کردەوە داخۆ لە کوێ بتوانین بگرسێینەوە. ئەوانەی ئەوبەر ئاوەکە هەروا دۆش داماو لە یەکتریان دەڕوانی، وەک بڵێی یەکەم جارە شتی وایان بەسەردێ. هات و هاواری خەڵکەکە تا دەهات بەرزتر دەبووەوە. لەم کاتەدا ئاگام لێ بوو نەفەرێک بە پەلە بە سەر بەردە لووسە کوورەکەدا سەرکەوت، بە بێ ئەوەی راوەستێ و بۆ تەنیا چرکەیەک چییە هەدا بدا، گوریسەکەی گرت و فڕێی دا بۆ ناو ئەوانەی تەنیشتی. گەر راوەستابا، حەتمان دەکەوتە ناو چۆمەکە و ئاو دەیبرد. هەر بەو خێراییەی سەرکەوتبوو، بەو خێراییەیش خۆی بە دیوی دیکەی بەردەکەدا فڕێ دایە خوارەوە. من کە چاوم لە سەر گوریسەکە بوو، نیگام راگواست بۆ سەر ئەوانەی کە دەبا دەستی بدەنێ. ئەوانیش چەند گورج دەستیان دایە. گوریسەکەیان گرت و هەوڵیان دا بەلەمەکە بگرنەوە کە ئێستاکە بەرە بەرە لەوان دوور کەوتبووەوە و بە چەمەکەدا دادەگەڕابوو. گوریسەکە، کە بە شوڵە ئاسنینەکەی بەردەمی من بەسترابووەوە بە هۆی سوڕخواردنی بەلەمەکە، هەر کە رایانکێشا، لە ملی من گیری کرد و هەر بۆیە لایەکی بەلەمەکە بە خەڵکەکەیەوە هەستایە سەرپێ. من تا کەمەر کەوتمە ناو ئاوەکەوەو تامی تاڵی قوڕاو بە پرتاو رژایە ناو لووت و دەممەوە. تامێک کە قەت باوەگەورە بۆی باس نەکردبووم. لە هەرا و هەنگامەی ئەگەری خنکان و تامی ناخۆشی ئاوەکە و رەقیی گوریسەکە بەسەر ملمەوە، زانیم تەنیا رێی نەجاتم ئەوەیە کە دەبێ توند قاچەکانم بە هەمان شوێنەوە راگرم کە رامگرتبوو. هەر لەو کاتەدا هەستم کرد نەفەر یان چەند کەسێک لە هەوڵی ئەوەدان هەرچۆنێک بێت قاچم دەربکێشن. من توندتر خۆم راگرت. ئەوەندە توند کە قاچم بوو بە بەشێک لە

ئاسنەکە. نازانم چەندەی خایاند، بەڵام کتوپڕ گوریسەکە لە سەر گەردم خزی و ملی بەردام. بەلەمەکە ئەوسەری نیشتەوە سەر ئاو و من دیسان وەدەرکەوتمەوە. کە قاچمان خستە سەر خاک، هەتاو لە پشت هەورەکانەوە دەرکەوت و ئەوسا من سەیری سروشتێکم کرد کە تا ئەو کات نەمبینیبوو. چەند کەس لە ژنەکان دەوریان دام و لە کاتێکدا ماچیان دەکردم و دەگریان، سوپاسی خودایان دەکرد.

من نازانم باوەگەورە چۆن سوپاسی خودای دەکرد. تەنیا لێوەکانیم دەبینی کە دەجوڵان. قەت لە کاتی کارەساتەکاندا دوعای نەدەکرد، بەڵکوو تەنیا لە کات و ساتە ئارام و بێدەنگەکاندا. بۆ خۆی دەیگوت: "کە کارەسات هات، ئیتر دێت. حەتمەن رەزای خودای لەسەر بووە وا هاتووە. کەواتە تازە هیچی لە گەڵ ناکرێ. تەنیا دەبێ تەحەمووڵی کەین و بەو هیوایە بین لەوەی خراپتر نەبێ کە دەبێ ببێ!" ئەوەی کە زۆربەی کاتەکانیش دوعای دەکرد، ئیدی لای من بەو مانایە بوو کە کارەساتەکان بەڕێوەن، ...هەمیشە بەڕێوەن. جارێکیان لێم پرسی کە داخۆ چووزانێ کارەسات بەڕێوەیە. لە وەڵامدا گوتی: "من نازانم بەڕێوەیە یان نا، من هەر ئەوەندە دەزانم کە لە قورئاندا باسی شەیتان کراوە!"

کەواتە ئەو رۆژەی سەرسنوور شەیتان لەوێ بووە. ئەو بوو کە ئاراستەی گوریسەکەی گۆڕی و ویستی قاچی من لە ژێر شوڵە ئاسنینەکان دەرکێشێ. من جوان هەستم بە دەستە رەق و بەهێزەکانی کرد. رەنگە باران و لافاوەکەیش هەر کاری ئەو بووبێ. لەمەیان زۆر دڵنیا نیم. باران و لافاو هەمیشە بوون و هەن و دەبن، بەڵام هەمیشە گوریسەکان لانادەن و لاقەکانیش. ئەم بیرکردنەوانە ماندووم دەکەن. لە قەراخ چەمەکە بۆ ماوەیەک ئیزنی دانیشتنمان دەدەنێ. هەوڵ دەدەین دووای چەند رۆژ باران و هەور خۆمان لە بەر تیشکی هەتاودا هەڵخەین. هەتاو و ئاسمان ئەوەندە جوانن کە من هەنووکە باوەڕناکەم. هەر لەم کاتەدا دەنگی کۆپتەر دێت. بە پەلە خۆمان دەخزێنینە ژێر درەختەکان. پیرێژنێک کە نازانم لە تاو ئازاری قاچەکانی یان منە هێشتا خەریکە دەگری، هەر دوو دەستی بەرەو ئاسمان بەرزدەکاتەوە. من کە رقم لە لافاو و لە دەنگی کۆپتەرە، پشت لە هەموو ئەو دیمەنە دەکەم. ئارام دەست دەبەم، رۆحم وەک کۆترێک لە هێلانەی جەستەم دەردەهێنم و دەیفڕێنم. رێک وەک ساڵان کە کۆترەکانم هەڵدەفڕاند. هەمیشە حەزم دەکرد کۆترەکانم ئەوندە بەرز ببنەوە کە لە چاو ون بن، ئەوەندە بەرز، چاو بە زەحمەت

بیانبینێتەوە. بەڵام ئەمە قەت رووی نەدەدا، تەنیا یەک یان دووان بوون کە خۆیان جیادەکردەوە و ون دەبوون. بەڵام بۆ کوێی بفڕێنم؟ لێرەدا ترسێک دامدەگرێ. من لێرە لە هەموو کاتێکی تر زیاتر پێویستیم بە رۆحم هەیە. دەست دەبەم دەیگرم و دەیهێنمەوە. لێرەوە گرەبەردی بەرپرسەکە دیارە، بەڵام خۆی نا. بێگومان تا وەجبەیەکی تر ناچێتەوە ناویان.

دەجوڵێین و سەردەکەوین. دۆلارەکانم تەڕنەبوون. هێشتا شاخێکمان نەبڕیوە کە خەڵکی ترمان بە دەمەوە دێت. هەر یەکە و باسی شارێک دەکا و نرخێک دەدا. من تەنیا سەیریان دەکەم و ئیتر هیچ. نیگاکانی من وەک بڵێی بانگیان لێ بکا، بەڵام دەمم بێدەنگە. ئەوان کە سەرەتا بە هیوایەکەوە رووم تێدەکەن، دووای ماوەیەک بە سەرسوڕمانەوە جێم دێڵن. جیاوازییەکی زۆر لە نێوان نیگاکانم و دەمم دا هەیە. من ئەسڵەن هەموو تەمەنم وا بوومە. هەست دەکەم چاوەکانم زیاتر دەدوێن تا زارم.

بینینەوەی خەڵکی ئاسایی و سیڤیل دووای ئەو چەند رۆژە، چەند خۆش دێتە بەرچاو. کتوپڕ هەموو شتێک گۆڕاوە. کە باسی شارەکان دەکەن، دەڵێی ئەوەتا لەوێدان و ئەوەندەی نەماوە بیانگەینێ. چەند خۆشە. بەڵام من تەنیا چاوەکانم پێدەکەنن نەک دەمم. دەست دەبەم وێنەکەی باوەگەورە کە لە ناو پلاستیکێکدایە، دەردێنم. تەڕ نەبووە. رێک لە سەر چاوی دڵۆپێک ئاوە. جارێکیان پێی وتم کەم تەمەنی دەتوانێ بەڵایەکی گەورە بێت!

## من و بەردەنوێژەکە

ئەگەرچی تەمەنم کەم بوو، بەڵام کوڕە گەورەی ماڵ بووم. لە هەموو خوشک و براکانم گەورەتر، کەچی لە هەمان کاتدا قسەم وەک کوڕە گەورەیەک بڕی نەدەکرد، چونکە ئێمە لە گەڵ باوەگەورە، دایەگەورە و خوشک و براکانی باوکمان دەژیاین. ئەوان هەموویان لە من گەورەتر بوون و ئیدی بۆیە من هەمیشە منداڵە گچکەیەک بووم. "ئا بڕۆ لێوانێک ئاوم بۆ بێنە!"، "ئەو کەوشانە جووت کە!"، "بێدەنگ بە، گوێ لە رادیۆ دەگرم!"، "دەستەکانت شۆردووە وا خەریکی نان دەخۆی؟" ئەوەندە سەرقاڵی ئەم بڕیار و فرمان و سەرکۆنانە بووم کە لە بیرم چووبووەوە منیش دەتوانم ئاوا دەستوور بە خوشک و براکانی خۆم بدەم. ئەسڵەن پێم وابوو هەمووی ئێمە دروست کراوین بەس بۆ ئەوەی فرمانی گەورەکان بەڕێوەبەرین. لە ناو من و خوشک و براکانم دا بە کردەوە نە کەس گەورە بوو و نە کەس بچووک. ئەو سەربازانەی کە سەرەرای جیاوازیی تەمەنیان، هەموویان تەنیا سەرباز بوون و بەس.

خانوویەک بە چوار ژوورەوە، مەتبەقێک و حەوشەی پشتەوەو سەرتەنوورێک، شوێنی ژیانمان بوو. هەڵبەت ئەمە هەمووی نەبوو، لە پشتەوە خانوویەکی کۆنی دیکە بوو. دوو ژوور، داڵانێکی درێژ، دوو ژێرخان، لە گەڵ بانیژەیەک کە لە

راستیدا بانی سەرتەنوورەکە بوو. ئەم خانووە لە مێژ بوو کەسی تیا نەدەژیا. ژوورەکانی بۆنی تەنیایی و بێدەنگیان گرتبوو. وەک دەڵێن من لە یەکێک لەم ژوورانەدا لە دایک بووبووم، رووداوێک کە بۆ خۆم لەبیرم نایەت! تەنانەت لە بیریشم نایەت کە لە تەمەنی کەمێک گەورەتردا لە بەر پەنجەرەکانیدا یاخود لە سەر بانیژەکە یاریم کردبێ. تەواوی بیرەوەریی من لەو کاتەوەیە کە رامانگواستبوو بۆ خانووەکەی تر، واتە خانووی چوار ژوورەکە.
خانووەکەی خۆمانم زۆر پێخۆش بوو. ئێواران لە کۆڵان یاریم دەکرد و بە رۆژیشدا لە حەوشەکەدا بووم. دوو ژێرخانەکەی سەرەوە و تەویلە کۆنەکەی پشت سەرتەنوورەکە ئەو شوێنانەی بوون کە کاتی وەڕەزیی رووم تێدەکردن. ئارام دەرگاکانم دەکردەوە و لە کاتێکدا دڵەکوتەیەکی سەیر دایدەگرتم، گەردنم دەکێشا ژوورەوە. فێنک و نیوەتاریک و کۆن. شتێک وەک قسە هەڵپەسێراوەکان. وەک نیگاکانی باوەگەورەم. غیرەتی ئەوەم نەدەکرد زۆر بمێنمەوە. دەرگاکەم دەبەست و بۆ ماوەیەک رادەوەستام و دەمڕوانی. شتەکان لە چ بێدەنگییەکی سەیردا بوون. ساڵانی ساڵ، بە بێ هیچ جوڵەیەک. دووای ئەوەی ترسێکی نامۆ بەرەبەرە لە نووکی پێمەوە هەڵدەزنا و دەڕۆیشت کە سەرتاپای جەستەم داگیر بکا، بە پەلە دەچوومە دەرەوە. لەم کاتانەدا هەمیشە سوێندم دەخوارد کە ئیدی قەت نەگەڕێمەوە. بەلام وەڕەزییەکان بێ کۆتا بوون. دەهاتنەوە و منیش دیسان لە دەرگای ژوورە تەنیا و کۆن و بەجێماوەکانم دەدایەوە.
باوەگەورەم کە عەسر و ئێوارەی لێدەهات، دەچووە حەوشەکەی پشتەوە. لە بەر شێرەئاوەکەی ژێر کەپرە کچکەکە دەستنوێژی دەگرت و لە سەر بەردەنوێژەکە دەستی دەکرد بە نوێژکردن. بەردەنوێژەکە، چوونە سەری بۆ ئێمە قەدەغە بوو. بۆ گەورەکانیش، گوناح بوو. خوا لەو سەرەوە ئاگای لێ بوو و سزای دەدای. بەردێکی لووس و درێژ و پان، وەک کێلە قەبر. جگە لە بیرەوەرییەکانی خانووەکەی پشتەوە، شتێکی تر کە من لە بیرم نایەت چۆنیەتی هاتنی ئەم بەردەنوێژەیە. ئەم بەردە دووای چێکردنی خانووەکە هات، بەڵام چ رۆژێک یاخود چە وەرزێک و چۆن، نازانم. وەک دەڵێن بە کاتی نیوەشەو، کاتێک ئێمە هەموو خەوتبووین و تەنیا شەمشەکەکوێرەکان و پشیلەکان بە دەرەوەبوون، دەڵێن مەلاییکە سپییەکان دێن و

دووای فڕینێکی نەرم بە دەوریدا، لە سەری نوێژ دەکەن. ئاگام لێ بوو، جاری وابوو باوەگەورە دادەنەوێ یاخود هەڵدەتروشکا و دەستی بە بەردەکەدا دەهێنا.
ئای چەندەم حەز دەکرد بچمە سەر بەردەنوێژە سیحراوییەکە. بۆ ئەوەی ئیزنی ئەمەم هەبێ دەستم کرد بە نوێژ کردن. فێریان کردم و ئیتر منیش عەسران و ئێواران لە گەڵ باوەگەورەم و بە شوێن ئەودا نوێژم لە سەر دەکرد. باوەگەورە سەرەتا بە ئاو جوان دەیشۆرد و فێنکی دەکردەوە. چەند خۆش بوو بە قاچی رووتەوە دەچوویتە سەری. باوەگەورەم سەرەتا کە سەیری دەکردم، زەردەخەنە دەیگرت. ئیستایش نازانم ئەو زەردەخەنانە هی رەزایەت بوو یان گاڵتە. بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو ئیتر زۆر ئاگای لێم نەبوو. گوێی نەدەدامێ. وەک بڵێی هەر نەبم. زەمان تێپەڕی. تا رۆژێک بە قاچی کەمێک خۆڵاوییەوە چوومە سەری، باوەگەورە دەنگی لێ بەرز کردمەوەو توڕە بوو. تووڕەبوونێکی خراپ. لەو رۆژەوە بەرە بەرە لە نوێژکردن تەکامەوە. ئەویش لێی نەپرسیمەوە. لەمە بەدووا بە شەودا و بە دزییەوە کاتێک حەوشە چۆڵ دەبوو، دەچووم لە سەر بەردەنوێژەکە رادەوەستام. بە شەو فێنکییەکەی یەکجار خۆشتر بوو.
ئیستا ئیتر بە شەو هەندێ جار خەونم بەم بەردەوە دەبینی. جارێکیان لە خەوما بەردەکە ئەوەندە گەورە بوو کە لە گەڵ باوەگەورەم پێکەوە دەمانتوانی بە راحەتی لە سەری رابوەستین و نوێژ بکەین. لە خەوەکەما باوەگەورەم وەها کتوپڕ دەستی کرد بە گەورەبوون کە منی لە سەر بەردەکە فڕێ دایە خوارەوە. جارێکی تریش بەردەکە بوو بە قاڵیچەی حەزرەتی سلێمان. چەند خۆش بوو! من و باوەگەورە لە سەری دانیشتبووین و بە سەر شار و دەرو دەشت و کێوەکانی دەوروبەریدا دەفڕین. کتوپڕ دیسان باوەگەورە دەستی کردەوە بە گەورەبوون. وەها کە جێ بۆ من نەما. دیسان فڕێ درامە خوارەوە. لەبیرم دێ بە قیژەی خۆم خەبەرم بووەوە. دایکم کەمێک ئاوی بە قوڕگدا کردم و دووای ئەوەی لێفەکەی لە سەر رێک و پێک کردم بە ئارامی خەوم لێکەوتەوە. لەو شەوەوە ئیتر زۆر بیرم لە بەردەنوێژەکە نەکردەوە.
کە زستان دەهات، بەردەنوێژەکە دەگوازرایەوە بۆ ژێرخان. ئەوەندەی پێنەدەچوو کە بەفر شوێنی بەردەکەی لە حەوشە دادەپۆشی. ئیتر تا ساڵێکی تر بەردەنوێژەکەم لە بیر دەچووەوە. ژێرخانیش بە زستان ئەوەندە تاریک بوو کە نەدەکرا سەری پێدابکەی. لەم کاتانەدا باوەگەورە، زیاتر رووی دەکردە مزگەوت.

مزگەوت بۆ من هەمیشە رازێکی گەورە بوو. بینایەکی گەورە کە هەمیشە پیاوەکان لە دەرگا سەوزە گەورەکەی دەچوونە ژوور و دەهاتنە دەرەوە. ئەو بینایەی کە ئاودەستەکانی هەمیشە بۆنێکی یەکجار ناخۆشیان لێوە دەهات. ئەو ئاودەستانەی کە هەمیشە دارمەیتێک لە نزیک سووچێکی سەقفەکەیەوە هەڵپەسێرابوو. بوونەوەرێک کە لێی دەترسای و رقت لێبوو، بەڵام نەشدەکرا سەیری نەکەی. لە بیرم دێت کە تا چەند دەققە دووای هاتنە دەرەوەشم لە ئاودەستەکانی مزگەوت، هەمیشە رواڵەتی لە زەینمدا دەمایەوە. هەندێ لە هاوڕێکانم دەیانگووت کە بە شەو هەندێ لە مردووەکان دێنەوە و لێرە لە ناو ئەم تابووتەدا دەخەون. دەیانگووت مردووە تازەکان دێنەوە. ئاخر پێی دەچێ تا عادەت بە شوێنی تازەیان دەگرن. بیرم دەکردەوە کە داخۆ شەڕیان نابێ؟ باشە چۆن تاقە تابووتێک بەشی ئەو هەمووە مەیت و مردووە دەکا؟ ئەمەم پرسی، کەس وەڵامی پێ نەبوو. چەند رۆژ دوواتر یەکیان وتی: "رۆحەکان جێی یەکتر ناگرنەوە. هەزار رۆحیش دەتوانن لە دارمەیتێکدا بخەون." ئەمە قسەی باوکی بوو. باوکیشی لە مەلای مزگەوتی پرسیبوو. مەلای مزگەوتیش گوتبووی کە لە حەدیس دا ئەمە هاتووە.

بیرم کردەوە کەواتە رۆحی من و باوەگەورە لە سەر بەردەنوێژەکە جێیان دەبێتەوە، بێ ئەوەی من فڕێ بدرێمە دەرەوە، یان بکەومە خوارەوە. ئەو شەوەی ئەم بیرەم بە مێشکدا هات، باوەگەورەم بە رێکەوت بوو یان بە ئەنقەست، بە لاچاو سەیرێکی منی کرد.

باوەگەورە ئەگەرچی پیاوێکی توڕە بوو، بەڵام نە رقی لە کەس بوو و نە سوکایەتی بە کەس دەکرد. تەنانەت دڵیشی زۆر ناسک بوو، ئەوەندە ناسک کە لە تەنیایی خۆیدا دەیتوانی بە سەعات بگری. دڵی ئەوەندە ناسک بوو کە تووڕەی دەکرد. بە هەموو شتێک خێرا هەڵدەچوو. بەڵام من قەت نەمزانی کە ئەم دڵە ناسکەی لە بەر خۆیەتی یان لەبەر ئێمە. من قەت نەمتوانی دڵی ناسکی لە توڕەییەکانی جیا بکەمەوە. توڕەییەکانی لە ژوورەکانی تر و لە دەرەوە بوو و گریانەکانیشی تەنیا لە ژوورەکەی خۆی. تەنیا پازدە ساڵ دووای ئەو ساڵانە بوو کە من توانیم روویەکی تری باوەگەورەم ببینم،... رووی فەلسەفیی باوەگەورە. کە نەخۆشییەکی گەورە رووی تێکردم و لە جێگادا بۆ چەند مانگێک کەوتم، دیتم باوەگەورە رۆژێک بە کتێبێکەوە هات بۆ لام. نیوەڕۆیەکی گەرمی هاوین بوو. باغی بەر تاقەپەنجەرەی

ژوورەکەی من ئەوەندە جوان بوو کە منی لە ژیان دەترساند! هەوا ئەوەندە گەش و جوان بوو کە من پێم وابوو ئەوەندەی نەماوە تاریکە سەلاتێک بێت و هەموو دونیا بۆ هەمیشە داگریّ! گوێم لە دەنگی پێی بوو. نازانم بۆ دەمناسییەوە. کە دەرگاکەی کردەوە، چۆلەکەکانی ناو باغەکە وەها کەوتنە جریوەجریو کە من پێم وابوو پشیلە بۆرە تەنیاکەی ناو حەشەکەمان فێرە فڕین بووە! چ دەبیّ پشیلە بفڕیّ؟ باوکم کە منداڵ بووم بۆمانی دەگێڕایەوە کە گورگ زۆر بە تەماحە، کاتێک بە تووش بەرخەڵەوە دەبیّ تا دەرفەتی بیّ لێیان دەخنکێنیّ. دوواتر کە زیندووی تیا نەهێشتنەوە، دەست دەکا بە خواردنی یەکیان. لە بیرم دیّ لە باوکم پرسی کە داخۆ گورکەکە دەتوانیّ دووای هەڵمژینی هاڵاوی ئەو هەموو خوێنە یەکیان بخوا؟ خوێن تێری ناکا؟ باوکم وتی نا خوێن تێری ناکا، یەکیان هەر دەخوا. گوتی کە خوێن کەس تێر ناکا. نازانم بۆچی هەمیشە ئەم چیرۆکەی باوکمم لەبیرە. باوکم چیرۆکی کورتی زۆر بۆ نەدەگێڕاینەوە، بەڵام کە دەیشیگێڕایەوە، قەت لە بیرم نەدەچوونەوە. گەر پشیلەی حەوشەکەی ئێمە بفڕیّ، وای بە حاڵی چۆلەکەکان!

باوەگەورەم هاتە ژوورەوە. کتێبێک بە دەستییەوە سەرنجی راکێشام. لە تەنیشتم دانیشت و کتێبەکەی دایە دەستم. وتی بیخوێنەوە، پێم وابیّ گەیشتوویتە تەمەنێک کە رابردووت بۆ گرینگ بێت. وتی خەمی رابردوو زۆر زوو یەخەت پیّ دەگریّ. وتی من زۆر رقم لێیەتی، بەڵام بۆ ساتێکیش بێت جێم ناهێڵیّ! کتوپڕ ئەویش کورتە چیرۆکێکی بۆ گێڕامەوە. وتی گورگ کە مەڕ لە شوان دەفڕێنیّ، مەڕەکە لەتاو گیانی خۆی پیّ بە پێی گورگەکە هەڵدیّ (سارد سارد پێکەنی، وەک بڵێی دەزانیّ نابیّ پێبکەنیّ. هەڵاتنی مەڕ پی بە پێی گورگ هیچ پێکەنینی نیە، بە تایبەت کە مەسەلەی مەرگ و ژیان لە بەیندا بێت) وتی ئێمە وەکوو مەڕێک واین بە دەم گورکی بیرەوەرییەکانەوە. من لەم قسانەی باوەگەورەم زۆر تێنەگەیشتم. ئەوەندە خەمی رۆژانی تەنیایی خۆم دایگرتبووم کە خواخوام بوو هەرچی زووتر ئەم رۆژانە بگوزەرێن. باوەگەورەم بێدەنگ بوو. سەیری بەرگی کتێبەکەم کرد. بە جیهانی خەیام ئاشنا بووم. گاڵتەیەکی سەیر بە دونیا و بوون لە تێڕوانینی دا بوو. گاڵتەیەکی ترسناک. وتم زۆر باشە حەتمەن دەیخوێنمەوە. ئەم قسەیەم کرد و ئارام لە تەنیشتی خۆم لە لای کتێبەکانی ترم دانا. باوەگەورە، چاوی لە گەڵ هەموو کردەکانی مندا بوو. پێم وابیّ پێی ناخۆش بوو کە ئاوا خێرا کتێبەکەم لە خۆم دوور

خستەوە. بۆ ئەوەی پێی نیشان بدەم کە دیارییەکەیم زۆر لا گرنگە وتم کە هەمیشە ئارەزووی ئەوەم بوو کتێبێکی خەیامم لەماڵەوە هەبێ. وتم حەزم دەکرد بتوانم بیکڕم. وتم خەیام قسەی دڵی منیش دەکا، بەوە نیە هێشتا تەمەنم ئەوەندە زۆر نیە. ئەوجار بیری بەردەنوێژەکە کەوتمەوە. لەو ساڵانە گەلێک تێپەڕیبوو. بەردەنوێژەکە هەر لە جێی خۆی مابوو. رێک وەک خۆی. هەتاو و ئاو و قاچەکانی باوەگەورە ئەوەندەیان نەسواندبوو کە ناسک بێتەوە و بشکێ. ئەم بەردە نوێژە تەنانەت لە شەڕی ناوشاریش گیانی بەدەربرد. خومپارەیەک رێک بەر حەوشەکەمان کەوت. چەند مەتر ئەولاتری بەردەکە. هەموو شتێک بە سەر یەکتردا ترنجا، بەردەکە نەبێ. تەنانەت سمیتەکەیش قڵشا. ئەو رۆژە ئەگەرچی عەسر بوو، بەڵام هەم باوەگەورە و هەم هەموو خێزان لە ترسی تۆپ و خومپارەکانی پادگان لە ژێرخان و لە ژوورەکاندا خۆمان حەشاردابوو. بێگومان گەر باوەگەورە لەوێ بایە، دەکوژرا. بەڵام ئەو بۆ خۆی لە سەر ئەو رایە بوو کە هیچی لێ بەسەرنەدەهات. منیش وەک ئەو لەسەر ئەم بڕوایە بووم. بەڵگەیشم ئەوە بوو کە چۆلەکەکان قەت لە حەوشەکەی ئێمە تەنانەت دووای خومپارەکەیش لە جریوە جریوی خۆیان نەکەوتن. چۆلەکەکان لە راستیدا گەورەترین نیشانەی ژیانی ئاسایی لە حەوشەکەی ئێمەدا بوون.

وتم باوەگەورە بەردەنوێژەکە بە تەمەنترە لەم کتێبە یان کتێبەکە؟ بە سەرسوڕمانەوە سەیرێکی کردم. وتی هەم بەردەکە و هەم ئەم کتێبە هی پێش لە دایکبوونی تۆن. هی ئەو کاتانەیە کە ئەم حەوشە تەنیا دەرگایەکی نێوان بوو لە گەڵ دونیای دەرەوە. نازانم بۆ بەم قسەیەم باوەڕنەدەکرد. من لە بەردەنوێژەکە بە تەمەنتر بووم. باوەگەورەم درۆی دەکرد. بۆ؟ نازانم. باوەگەورە، یان لە بیری نەبوو یان دەیویست وای نیشان بدا کە ئەو ئایینی هەر لە ئەزەلەوە لە گەڵ شیعرەکانی خەیام ویستووە. لانیکەم لەو کاتەوەی کە ئیتر فامی کرابوویەوە. پرسیارم کرد کە داخۆ پێی ناخۆش نەبوو کە من بە منداڵی دەچوومە سەر بەردە نوێژەکەی. زەردەخەنەیەک لێوی گەست. وتی زوو بوو بۆ تۆ، یەکجار زوو بوو، گوناحە مرۆڤ نوێژ بکا و نەزانێ خەمی رابردوو چییە. وتی کە نوێژ بۆ ژیانە و تۆ هێشتا لەو تەمەنەدا خەمی ژیانت نەبوو.

کە باوەگەورە رۆیشت، هەستام چوومە بەر پەنجەرەکە. چێوشەقەکان جەستەی قورس و بێتاقەتی منیان تا قەراخ پەنجەرەکە برد. لەوێ دیتم کە پشیلەکە لە فڕینی

ئاسمان وەڕەز بووە و خەریکە دەگەڕێتەوە بۆ سووچی تەریکی باغەکە، ئەو شوێنەی چۆلەکەکان کەمتر دەوێرن رووی تێکەن.

## ئەزموون (سەفەری یەکەم)

کە روو دەکەمە ئەویٚ، بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا هەست و شعور بە شوێنی دیکە دەکەم. کتوپڕ تێدەگەم لەم دونیا گەورەیەدا شوێنی تریش هەن بۆ ژیان. ئەو مرۆڤانەی کە لە ئێمە دەچن بەلام جۆرێکی تر دەژین. من دەدەنە دەستی شۆفیرکەو شۆفیرەکەیش من دەداتە دەست پوورم کە مامۆستایە لەویٚ. هەر کە دەچمە ژوورەوە لە دەرەوە بارانێکی بەخوڕ دەست دەکا بە بارین. ئەو سالانە وابوون. تا چەند رۆژ خۆش ناکاتەوە. من کە ئیتر بە بۆنی مەڕ و مالات لە ناو دالانەکە و ژوورەکدا راهاتووم، حەز دەکەم بەس دانیشم و سەیری باران و دەنکەکانی بکەم. لەوێوە سەیری دەشت و دەر کە تەنیا یەک هەنگاو لەو دیو خانووەکەی بەرامبەرمانەوە دەست پێدەکا. حەز دەکەم بچمە ئەویٚ و لە سەر سەوازییە تەڕەکان هەلێم. دنکەکان کە لە زەوی دەدرێن دەبن بە هەزار دەنک. پروشەی ئاو،... تۆزی ئاو.

بە رۆژ دەچمە سەر کلاس و سەیری ئەو مندالانە دەکەم کە ئەوانیش بە بینینی من یەکجار سەرسامن. بەخیلییەک لەوەی مامۆستاکە خزمی منە لە چاو و نیگایاندا پەنگ دەخواتەوە. من کە بە جوانی هەست بەمە دەکەم، لە سەر مێزی مامۆستا قەلەمێک بە دەستەوە دەگرم و لە کاتێکدا زەردەخەنەیەک لە سەر لێوەکانمە، شتێک دەنووسم کە لە هیچ نووسینێکی دونیا ناکا! لە کاتی پشوودا دێنە لام. بە تاک و بە

گرووپ. ڕەنگە زۆرتر بە گرووپ. دەمدوێنن. هەڵبەت زۆرتر تەنیا یەکیانە کە قسە دەکا، ئەوانی تر تەنیا سەیر دەکەن و دەڕوانن. کە کاتی قوتابخانە تەواو دەبێ، بە شانازییەوە دەستی مامۆستا دەگرم و بەرە ماڵ بەڕێ دەکەوم. شەوانە هەمیشە ئەوەی دەخۆین کە بۆمان دێنن. دووای نانخواردن حەزم بە دانیشتنی بەر چرا لامپاکەیە. بە شەو قەت سەر بە شووشەکانەوە نانێم بۆ ئەوەی سەیری دەرەوە بکەم. دەرەوە ئەوەندە تاریکە کە پێویستی بە نیگای من نیە.
باوەگەورە بوو کە منی دایە دەست شۆفیرەکەو بەڕێی کردم بۆ ئێرە. نیگاکانی هەر پێدەکەنین. من کە ڕۆژانی ڕۆژ چاوەڕیی وەها سات و کاتێک بووم، کتوپڕ ترس و دڵەخورپەیەکی سەیر دایگرتم. لە نێوان باوەگەورە و جیپەکەدا گەلێک دژوار بوو بۆم کە کامیان هەڵبژێرم. سەیری ئەو لادێیانەم دەکرد بەرەبەرە خەریک بوو کۆ دەبوونەوە. کە باوەگەورە ماچی کردم، زانیم ئیتر کاتی بەڕێکەوتنە. گوندەکە لە باشوور هەڵکەوتبوو. باوەگەورە وتی دووای چەند ڕۆژ هەر بەم سەیارەیە دەگەڕێمەوە. لای من تا چەند ڕۆژی تر ئەوەندە دوور و درێژ بوون کە هەر نەمدەویست بیری لێ بکەمەوە. تا ماشینەکە لە سەر پێچەکە ون بوو، باوەگەورە مایەوە و سەیری کردین. دوواتر ون بوو. وەک بڵێی پێچەکە قووتی دابێت. من بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا هەستم کرد تەنیا خۆمم. هەستم بە خۆم کرد. سەیری ئەوانەی دەورووبەرم کرد. جگە لە منداڵێک کە لە بەرامبەر مندا دانیشتبوو، کەس سەیری منی نەدەکرد. دڵم تا دەهات پڕتر دەبوو. چەند جار ویستم بڵێم کە نا، من دەمەوێ بگەڕێمەوە، بەڵام نیگای منداڵەکەی بەرامبەرم قسەکانی لێ دەرفاندم. قسەکان شتێک بوون لە نێوان سک و قوڕگمدا. کتوپڕ بیرێک بە مێشکمدا گوزەری کرد؛... ئا، باوەگەورە دەزانێ من لێرەم، لە ناو ئەم سەیارەیەدا. ئەمە ئارامی کردمەوە. ئەوسا دەستی پیاوێک کە سەر شانەکانمی گرتە ئامێز. لە کاتێکدا بە دەممەوە پێدەکەنی، گوتی خەمت نەبێ لە گەڵ خۆمی. ئەوجار هاتەوە بیرم کە باوەگەورە بۆ ماوەیەک لە کاتی چاوەڕوانییەکدا لە گەڵی قسەی کردبوو. دەستەکان ئەوەندە قورس و گەرم و خۆیی بوون کە من هەموو جەستەم لە گرژی کەوت و شل بووەوە. ڕووم کردە منداڵەکە و بزەیەک سەر لێوی هەر دووکمانی تەنی.
ئەو بیسکیتە دەردێنم کە لە گیرفانمدایە. یەکیان دەدەم بە بەرامبەرەکەم. ئەویش خێرا وەریدەگرێ. دەیخۆین. کە جیپەکە تورمز دەگرێ، خەرمانەیەک لە تۆز دەورمان

دەتەنێ. من لەم کاتانەدا چاوەکانم دەقونجێنم و بیر لە باوەگەورە و پێچەکە دەکەمەوە. بیر لەوەی گەر کەمێک بەم لا یان ئەو لادا ڕێ بگۆڕی، هەموو دیمەنەکەی دوواوە و پێشەوەت لێ دەگۆڕدرێ. نە باوەگەورە و نە مامۆستاکە ئەمەیان بە من نەگوتبوو.
ساڵانی دوواتر زۆر جار بیری ئەم سەفەرە دەکەومەوە. یەکەم کارتێکەرییەکان ئیستایش هەر لەوێدان، لە ناو مندان. بۆنی خۆڵ، تامی توێشە و هەر سەرپێچێک من دەباتەوە ئەوێ.
بە پێچەوانەی تەسەوری سەرەتام، چەند ڕۆژەکە زۆر خێرا تەواو دەبن. یەکەم جارە لە ژیانمدا هەست بە خێرایی کات دەکەم. هەمان جیپ لە بەر خانووەکەدا رادەوەستێ و چاوەڕوانمە. گەر بگەمەوە بێگومان یەکەم پرسیارم لە باوەگەورە ئەوە دەبێ کە بۆچی لە سەفەردا کاتەکان خێراتر دەگوزەرێن. بە تەمای ئەوەی سەفەرەکی تر زۆر دوور نیە و دێت، سوار دەبم و دەڕۆم. لە هەمان شوێندا دادەنیشم. نازانم ڕێکەوتە یان ئەمری باوەگەورە، بەڵام من پێم خۆش نیە. حەز دەکەم جێ بگۆڕم.
ئەوێ جێدیڵم و بیر لەو ڕۆژانەی دەکەمەوە لەوێ بووم. یەکەم جارە بیر لە شوێنێکی تر دەکەمەوە. کەمێک ئەم بیرکردنەوانە لە بەر چاومدا غەریب دەنوێنن. من عادەتم پێیان نیە، بەڵام هاتوون. کە سەیارەکە تورمز دەگرێ و تەپ و تۆزی ڕێگاکە خۆ بە ژوورێدا دەکا، من ئیتر چاو ناقونجێنم. حەزم بە وێنەی ناو تۆزەکەیە. وێنەکان لەوێ جۆرێکی ترن.
یاری لە گەڵ منداڵانی قوتابخانە، پیاسەی ئێوارەیان لە گەڵ پوورم لە دەشتەکەی پشت مەدرەسەکە، سەیرکردنی مەڕدۆشینی ئێوارەیان لە حەوشەکەدا و خۆ دزینەوەی لەو سەگەی کە لە سووچێکی حەوشەکەدا دەیانبەستەوە، بەردەوام لە زەینم دا دێن و دەچن. نازانم بۆ حەزم بە گەڕانەوە نیە. ڕەنگە باوەگەورە ئەمە بزانێ. کە لە سەر پێچەکە بەرەو شار تێدەپەڕین، لە دوورەوە باوەگەورە دەناسمەوە. تاسەیەک دامدەگرێ. دادەبەزم و دەست دەخەمە ناو دەستی و باسی ئەوێی بۆ دەکەم. باوەگەورە گوێگرێکی باشە، ئەوەندە باش کە جاری وایە من لە گێڕانەوە وەڕەز دەبم. بۆ ئەوەی دڵنیا بم هەر لەوێ ماوە سەر بەرزدەکەمەوە و سەیرێکی دەکەم. باوەگەورە لەوێیە!

ساڵانی دوواتر کاتێک بیری ئەو ڕۆژە دەکەوتمەوە، لای خۆم دەمگووت یان من چیرۆک گێڕەوەیەکی باشم یان ئەو بۆ خۆی لە خەیاڵی خۆیدا و لە دونیایەکی تردا بوو. کێ ئەوەندە باش و بە زەمەنێکی درێژ گوێ لە منداڵێک دەگرێ؟ بەلام نا، زانیم ورد ورد گوێی لێگرتبووم، ئەوەندە ورد کە قسەکانی خۆی لەبیر دەچووەوە. رەنگە پێی غەریب بووبێ کە چلۆن منداڵێکی ئاوا و لەم تەمەنەدا بیری دایک و باوک و خوشک و برا و کەس و کاری ناکا و ئەوەندە نوقمی ئەو شوێنەیە کە بۆ چەند ڕۆژ تێیدا بووە. باوەگەورە لەمە ترسابوو. بۆیە هەر کە گەیشتینە ماڵەوە، دەستبەجێ چووە سەر بەردەنوێژەکە و نوێژێکی دابەست. دوواتر دوعای کرد و شوکری خوای کرد کە ئەوەندە زوو دووای لە دایکبوونی من خانووە چوارژوورکەی درووست کردبوو. دوواتر داوای لە نەنکم کرد کە بەردەکە و حەوشەکە جوان بشوا و باغە گچکەکەیش ئاو بدا. ئەوسا چووبووە سەر بانیژە و لەوێوە سەیری ڕۆژئاوای کردبوو. ئەو ڕۆژە ڕۆژئاوای سوێند دابوو کە لانیکەم من فەرامۆش بکا. وتبووی بە کەمبوونەوەی من هیچ لە ژیانی ئەودا واتە ڕۆژئاوا ناگۆڕێ. من نازانم وەڵامی وەرگرتبوو یان نا، بەڵام کە هاتبووە خوار سیمای شتێک بوو لە نێوان وەڵام و ناوەڵامدا. لەو روخسارانەی کە هێشتا پرسیاری تریان زۆرە.

کە لە گوند بەرەو شار گەڕامەوە، بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا هەستم بە نامۆیی کرد لە خانووەکەماندا. شتێک یان لەوێ یان لە مندا گۆڕابوو. ئیتر شتەکان وەک جاران نەدەهاتنە بەرچاوم. حەوشە و خانووەکە ئیتر وەک جاران ئەوەندە گەورە نەدەهاتنە بەرچاوم. کە لە گەڵ خوشک و براکانم یاریم دەکرد، خێرا خێرا هۆش و زەینم دەڕۆیشت. جاری وابو ئەوەندە دوور دەڕۆیشت کە قۆلیان دەگرتم و ڕایاندەکێشام بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە. فێربووبووم دەچوومە سەر بانیژە و لەوێوە سەیری ڕۆژئاوام دەکرد. من لە دووای سەفەری گوندەکەوە پێوەندیی نێوان بانیژە و ڕۆژئاوام دۆزیوە. کاتێک بە سەیارە لاستیکییەکان لە کۆڵان یان لە حەوشە لە گەڵ منداڵانی دیکە یاریمان دەکرد، نەک لە بەردەم ماشینەکە، بەڵکوو لە زۆر ئەولاترم دەڕوانی. لە سەر هەر پێچێک سەیارەکەم ڕادەگرت و جوان جوان سەیری پاش و پێشم دەکرد. هەوڵێک بە دۆزینەوە گۆڕانە گەورەکان! ساڵانی ساڵ دوواتر کاتێک ئەمجارە لە گەڵ باوەگەورە پێکەوە بۆ یەکەم جار و دوواجار بەرەو گوندێک

ڕۆیشتین، پێم سەیر بوو کە دووای هەر پێچێک باوەگەورەم لە تەنیشتدایە. ئەو دەبا لە شوێنێک لە دوواوە بایە، لەو شوێنەی تایبەتی چاوەڕوانەکانە. بەڵام باوەگەورە توانایەکی سەیری هەبوو لەوەی لە هەموو شوێنێکدا هەبێ. ئەو لە گەڵت دەهات، چ بۆخۆی چ خەیاڵی.

دووای نیوەڕۆیان جاری وابوو منداڵانی گەڕەک لە دەورم کۆدەبوونەوەو منیش باسی یەکەم سەفەری خۆمم بۆ دەکردن. نازانم چۆن من بووم بە حیکایەت خوان و ئەوانیش چۆن بوون بە گوێگر. بە تامەزرۆییەوە دادەنیشتن و ورد گوێیان لێدەگرتم. من وا دادەنیشتم کە بە جوانی بمبینن. کەمێک بەرزتر یان جیاتر، یاخود لە ناوەڕاستدا. چیرۆکێک کە بە دەیان جار دەمگێڕایەوەو کەچی هەمیشە تازە بوو، سەیارە،... ڕێگا،... ئەوێ. ئیستا من شتێکم هەبوو کە ئەوان نەیانبوو. من شتێکم هەڵدەگرت کە کەسی تر لەم کۆڵانە هەڵینەدەگرت. ئەم شتە هی ئەوە نەبوو لە شوێنێک داینێم و ئیتر لەبیری بکەم. بۆ دانان نەدەبوو. ئەسڵەن هەر نەدەکرا داینێی.

ڕۆژێک لە کاتی گێڕانەوەی چەندین و چەندەمین جارەی چیرۆکەکەمدا بووم کە یەکێک لە منداڵەکان پەڕییە ناو قسەکانمەوەو ڕایگرتم. تێشکێکی ژاراوی لە چاوەکانیدا و ئاهەنگێکی گەڵتەپێکردن لە دەنگیدا:

ـ دایکم دەڵێ ئێرە تەنیا شوێنی دونیایە. دەڵێ شوێنی تر و خەڵکی ترمان نیە.

منداڵەکان سەیریان کرد. دوواتر سەیری من. من کە چاوەڕێی ئەمە نەبووم، کتوپڕ زانیم کە دژوارترین کاری دونیا سەلماندنی سەفەرە. سەلماندنی شتێکە کە خەڵکی تر نەیانبینیوە. بیرێک بە مێشکمدا هات. منداڵەکانم هەڵگرت و پێشیان کەوتم. لە داڵانی خانووە چوار ژوورەکە گوزەرمان کرد و بە پلیکانەکاندا سەرکەوتین و چووینە سەر بانیژە. ڕاوەستاین. ئەوجار لەوێوە ڕۆژئاوام نیشان دان. دەستم ڕاداشت و گوتم لەوێ لەوپەڕ و لەوبەر شوێنی دیکە هەیە و خەڵکی تر دەژین. ئەوان کە سەریان سوڕمابوو، ڕوویان لە من کرد و وتیان یانی تۆ لەوێ بووی، ڕێک لەوێ؟ من کە هێشتا تەواو دڵنیا نەبووم گوندەکە لەوێوە بوو یان نا، زۆر بە متمانەوە وتم کە ئەرێ، من لە ناو ماشینەکە لەوێوە تێپەڕیم.

چیرۆکی سەفەرەکەو دیمەنی بانیژەکە منی کرد بە سەردەستەی منداڵانی گەڕەک. هەموو پرسێک بە من بوو. من بووم کە دیاریم دەکرد چ کایەیەک بکەین، چۆن دابەش بین و تا کەی درێژە بە یارییەکانمان بدەین. تەنانەت ئەوەی کە کێ ئیزنی

هەبوو یارییەکە زووتر بە جێ بێڵێ یان نا. باوەگەورە کە لە پەنجەرەکەوە ئاگای لە هەموو ئەم رووداوانە بوو و تەنانەت ئەو بوو کە هەموومانی لە سەر بانیژەکە بینی، وەها ترسێک لە دڵی نیشت کە دەسبەجێ داوای لە کچەکەی کرد واز لە مامۆستایەتی دێهات بێنی و هەرچی زووتر بگەڕێتەوە بۆ شار. هەڵبەت مامۆستا قەت بە هۆکاری ئەم داوایەی نەزانی. تەنیا ئەوەی نەبێ کە باوکە و دەبێ ئەمری جێ بە جێ بکرێ. ئەو رۆژەی هاتەوە، باوەگەورە دەستی منی گرت و لە بەر پەنجەرەکەدا پێکەوە راوەستاین تا سەیارەکە لەو سەری کۆڵانەکە پەیدا بوو. من سەرەتا پوورم بینی کە لە سەیارەکە دابەزی و ئەوسا ئەو بەخێرهاتنە گەرمەی کە خێزان لێی کرد. ئەوسا جانتاکان و کەڵ و پەلەکان کە داگیران. من لە جیاتی ئەوەی دیمەنی گەرانەوەکەو بەخێرهاتنەوەکە سەرنجم راکێشێ، سەیارەکە بوو کە سەرنجی گرتم. هەر هەمان بوو، ئەوەی وا من سەفەرم پێکردبوو. تەنانەت جوڵەیەکیشم کرد. ویستم لە نزیکترەوە لێی بڕوانم. نازانم باوەگەورە ئاگای لەمە بوو یان نا. رەنگە پێی وابوو شتی ترە و نەک سەیارەکە کە سەرنجی منیان راکێشاوە. بێگومان نەیزانیوە. بەڵام باوەگەورە دەستی بەرنەدام!

لەو رۆژە بەدووا پوورم تەنیا منی بیری ئەوێ دەخستەوە. ئەو لای من تازە هی ئەوێ بوو، ئیدی نازانم بۆ لێرە دەژیا. جاری وابوو رقم لێی بوو کە ئەوەندە لێرە دەمایەوە. جاری وایشبوو لە پەنای دادەنیشتم و کە دەرفەتم دەهێنا داوام دەکرد باسی ئەوێم بۆ بکا. ئەویش دەیکرد، بەڵام وشەکان تەنیا لای ئەو وشە بوون. ئەو کە دەیگێڕایەوە، هۆشی لای شوێنێکی تر بوو. ئەمە وا تووڕەی دەکردم کە بڕیارم دا چیتر داوای لێنەکەم بۆم بگێڕێتەوە. نازانم منێک کە بۆ خۆم حیکایەت خوانێکی باشی ئەوێ بووم بۆچی رووم لە پوورم دەکرد!

بەرە بەرە پوورم بوو بە بوونێکی ئاسایی ناو ماڵ و من چی تر وەک جاران باسی ئەوێ و سەفەرەکەم بۆ منداڵانی گەڕەک نەدەکرد. هەموو شتێک بوو بوو بە رابردوو. تەنانەت حیکایەتەکانی منیش. لەو بەری کۆڵان یەکێک لە خانووەکان رووخێنرا و خەریک بوو بینایەکی تازەی تیا چێدەکرا. بینایەک کە لە خانووەکانی ئێمەی نەدەکرد. باوەگەورە کە بیستبووی ئەم خانووە بەرز و چەند قات دەبێ، بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی ئەو رۆژەی دەکرد کە خانووەکە تەواو بێت و ئەویش بە دڵنیاییەوە بچێتە سەر بانیژە و ئیتر بۆ هەمیشە دیمەنی رۆژئاوای لێ ون بێت. لێم

ون بێت. هاوینی ئەو ساڵە بە هۆی چێکردنی بینا نوێیەکەوە، باری ئاسایی کۆڵانەکەی ئێمە تێک چوو. ئەم تێکچوونە زیاتر لە هەموو کەس کاریگەریی لە سەر منداڵانی گەڕەک دانا. ئێمە کەمێک شوێنی یارییەکانمان گواستبووەوە. کەمێک واوەتر. وەها کە باوەگەورە کەمتر گوێی لە هەرا و زەنای ئێمە و ئەو چیرۆکانەی بوو کە ئیستا هەندێکی دیکە لە منداڵەکان دەستیان کردبوو بە گێڕانەوەیان. کە هاوین تەواو بوو، باوەگەورە بە سەرسوڕمانەوە بینی خانووەکە نە تەنیا ئەوەندە بەرز دروست نەکرا کە بتوانێ رۆژئاوا ون بکا، بەڵکوو بانێکی وەها رەش و لووسیشی هەبوو کە ئێواران دەڵێی چی تیشکی رۆژئاوا بوو لە ناو خۆیدا کۆیدەکردەوە و سەرلەنوێ دەیپژاندەوە بە سەر خانووەکەی ئێمە و هەموو گەڕەک دا. باوەگەورە بڕوای نەدەکرد. لای شتێک هەڵە بوو. چەند جار بڕیاری دا بچێ و لە دراوسێکەمان بپرسێ کە بۆچی خانووەکە وەها دەرنەچووە کە سەرەتا باسی لێکردبوو، بەڵام ئەم پرسیارەی وەها منداڵانە و گاڵتەجاڕانە دەهاتە بەرچاو، کە سەرێکی بادەدا و پشتی لە پەنجەرەکەی دەکرد. پرسیارێکی تر کە دەبا هەتاهەتایە پرسیار مابایە.

## چوارەمین سەفەر (سنووری یەکەم)

پێویست بە پرسیار ناکا. پێویست ناکا کردەکانمان بە پرسیارەوە دەست پێبکەین. وەک چۆن لە کاتی یەکەم سەفەرمدا بۆ گوندەکە قەت لە باوەگەورەم نەپرسی بۆچی دەبێ بە تەنیا بڕۆم، وەک چۆن لە کاتی سێهەمین سەفەریشدا من بە بێ ئەوەی پرسیار بکەم، باوەگەورە خۆی لە گەڵم کەوت، ئەمجارەیش کاتی چوارەمین سەفەر (سەفەری دووهەم لە گەڵ بنەماڵەکەم بووم) نە ئەم پرسیارەم لە خۆم کرد و نە لە کەسی تر، باوەگەورەیش لە گەڵم نەکەوت. من بۆ خۆم رۆیشتم. لەم ساڵانەی دواییدا ئەوەندە لە خەڵوەتی خۆمدا ژیابووم کە کەس نەزانێ من تا کەی دەمێنمەوە و کەی دەڕۆم. لە دووای سەفەری سێهەمم کە جارێکی تر لە تەمەنی گەنجیەتیدا سەفەر بوو بۆ گوند، باوەگەورە لەو بڕوادیەدا نەمابوو سەفەرەکانی من کۆتاییان هاتووە. ئەو لە سێهەمەوە بڕوای بەوە هێنابوو کە ئیتر چارەنووسی من سەفەرە. ئیتر تەنیا فیکر و زیکری ئەوە بوو من هەموو سەفەرەکانم بە سەلامەتی تێپەڕکەم. تەنانەت تا کۆتایی تەمەن. باوەڕی وابوو ئەوەی زۆر دەجوڵێ، جاری وایە فەرامۆش دەکرێ و وەک خەڵکی تر نابینرێ. ئەمە بۆ خۆی شانس و دەرفەتێک بوو تێپەڕی بێ ئەوەی مەترسییەکان بتبینن. کە پێناسەی سەفەرت وەرگرت، دەبی بە سەفەری و رێگاکان و ئەوانەی لە سەر رێگاکانن عادەتت پێدەگرن. ئیتر نەناس

و نەیار نیت. ئەوان ئەوانەی دەخەنە داوەوە کە تەنیا جارێ یان دوو جار دەیانەوێ تێپەڕن. کە تۆ بووی بە هی ڕێگا، ڕێگایش دەبێ بە هی تۆ. هەموو دەتناسنەوە. تۆ هی ئەوانیت و ئەوان هی تۆ. لە دوورەوە دیاری. بە جۆری ڕۆیشتن و حەسانەوە و سەیرکردنەکانت لەوانی تر بە ئاسانی جیادەکرێیتەوە. باوەگەورە لەوەی خانووی چوار ژوورەکە نەیتوانیبوو ڕۆژئاوا لە من ون بکا، یەکجار ناڕازی و ناڕاحەت بوو. زۆر جار بە رابردوودا دەچووەوە، بە هەموو پلانەکاندا. باشە نەدەکرا خانووەکە دووقات دروست بکا؟ نەدەکرا خانووەکەی پشتەوە بە بانیژەکەوە بڕوخێنێ و تێکی بدا؟ یاخود ڕۆشتبا و گواستبایەوە بۆ گەڕەکێکی تر، گەڕەکێک کە بەسەر ڕۆژهەڵات، باشوور یان باکووردا بڕوانێ، یان بە سەر هیچ شوێنێکدا، نەدەکرا؟ بێگومان هەمووی ئەمانە دەکرا. ئەم شارە گەڕەکی ناو قوڵکەی زۆر تیا بوو. ئەو گەڕەکانەی ئاو تیایا دەمایەوە و بۆنی دەگرت و ئیتر هەموو گەڕەک دەبوو بە بۆن بە بۆنێک،. بۆگەنێک. ئەو گەڕەکانەی وا بە بۆگەن جیادەکرانەوە.
ئەو ڕێگایەی من لەم سەفەرەدا پێیدا دەرۆیشتم، ڕێک بەرەو گوندی سەفەری یەکەمم دەڕۆیشت، بەڵام لە شوێنێکدا پێش ئەوەی بگەیتە ئەوێ، لات دەدا و بەرەو سنوور دەڕۆیشتی. لە مێژ بوو ئیتر من دەمزانی پێچەکان هەموو شتێکت لێ ون دەکەن، بۆیە ئیتر لام نەدەکردەوە. هەر بیریشم لێ نەدەکردەوە. نە بیر لە داهاتوو و نە رابردوو، تەنانەت بیر لە ئیستایش. من تەنیا دەمزانی دەبێ بە ڕێگاوە بم و بەس. من بۆ ئەم ڕێگایانە دروست کرابووم. کە دەچوومە سەریان، جۆرێکی ترم لێدەهات. وەک بڵێی ئێرەماڵی ڕاستەقینەی من بوو.
یەکەم جار بوو لە سنوورم دەدا. بۆیە ئێرە و ئەمجارە جۆرێکی تر بوو. هەنگاوەکان خۆیان دەخواردەوە. چرکەی دلەراوکێکان و دوو دڵییەکان یەکجار زۆر بوون. بە ناچار بۆ ئەوەی دڵم بکرێتەوە، زوو زوو سەرم هەڵدەبڕی و سەیری ئاسمانم دەکرد. ئەوەی کە ئاسمان لە هەموو شوێنێکی ئەم دونیایە وەک یەک وایە، ئارامش و ئارامییەکی سەیری پێدەبەخشیم. ئیتر مرۆڤەکان و خانووەکانم زۆر لا گرنگ نەدەهاتنە بەرچاو. لە کۆتاییدا ئەوە ئاسمانە بڕیاردەرەو ئەوە قسەی کۆتایی دەکا.
تەنانەت گەر خۆیشت پێت خۆش نەبێت، ڕێگا ئەوەی خۆشە کە بۆ خۆی دەتبا. تەنیا گرنگ ئەوەیە وەڕێ کەوی. دوواتر هەنگاوەکانی تر بۆ خۆیان دێن. هێواش بڕۆیت و توند و گورج و گۆڵ، گرنگ نیە. باوەگەورە جارێکیان بە بێ ویستی خۆی لە

دەمی دەرهات و وتی زۆر جار کە گوندم جێ دەهێشت هی ئەوە بوو رێگا بانگی لێدەکردم. ئەو رێگایەی بە قەراخ چەمی گوندەکەماندا تێدەپەڕی و لە شوێنێک لە نێوان ئاو و خاک و دارستاندا ون دەبوو. باوەگەورە کەمتر شتێکی دەگوت کە لێی پەشیمان بێتەوە، بەڵام ئەو جارەی ئەو قسەیەی لای من کرد ئەوەندە پەشیمان بووەوە کە شەو لە ژوورەکەی بە چەقۆ دەستی خۆی بڕی بۆ ئەوەی لە تاو ژانەکەی، قسەکە یاخود رووداوی قسەگێڕانەوەکە لەبیر خۆی بباتەوە. کەچی نە تەنیا لە بیری نەچووبووەوە، بەڵکو بە دەم دوو ژانەوە تا بەیانی گێنگڵی دابوو. رۆژی دوواتر پەڕۆ خوێناوییەکە دەخاتە شووشەیەکەوە و بۆ هەمیشە لە ناو یەخانەکەیدا هەڵیدەگرێ.

لەو کاتەوەی بڕیار دەدەی لە سنوور بۆ هەمیشە بپەڕیتەوە، ئیتر تۆ لە راستیدا هەر لەو کاتەوە لێرە نەماوی. نە دوو جارەکەی سەفەری گوندەکان و نە سەفەری شارەکەی تر وەک ئەمە نین. بۆ ئەوەی ئەو هەستە لە خۆمدا پێک بێنم کە سەرەڕای سەفەر هەر لێرە دەمینمەوە، هەوڵ دەدەم بیر لە سەفەرەکانی پێشوو بکەمەوە. یارمەتی نادا. شتێک گۆڕاوە. زۆر خراپیش گۆڕاوە.

هەست دەکەم ئەو دیوی مژ و تەپ و تۆزی دیمەنەکەی رۆژئاوا کەوتووم. ئەو شوێنەی وا ساڵانی ساڵ یەکجار دوورەدەست دەینواند، ئیستا کتوپڕ ئەوەندە نزیک و کورت بوو کە ترساندمی. کەواتە جوانی و شکۆ و گەورەیی شتەکان هی ئەوەیە دوورەدەستن. من، ئیستا پنتێکی ئەو دیوی هێڵی شکۆ کە تەواو هەست بە پنت بوونی خۆم دەکەم. ئەم بیرە ئەوەندە دەمترسێنێ کە بۆ ماوەیەک لە سەر بەردێکی قەراخ رێگا دادەنیشم و سەر لە ناو لەپی دەست لە تۆزی سەر پێڵاوەکانم دەڕوانم.

من زۆر جاران لە ناو خانووە چوار ژوورەکەدا و لە ناو خانووەکەی دوواوەیشدا بە شوێن رازە شارەواکانی باوەگەورەدا دەگەڕام. بە هیوای پەیداکردنی شتێکی رەمزاوی و سەیر کە بتوانێ کتوپڕ هەموو شتێکی ئەوم لا بۆ هەمیشە ئاشکرا بکات. گەڕانە بێ ئاکامەکان. سەرئەنجام بەو بۆچوونە گەیشتم کە باوە گەورە هیچ رەمز و راز و شتێکی شاراوەی نیە. ئەو رەمزاوی دەینواند چونکە رەمزاوی نەبوو. ئەوەندە سادە کە ئاڵۆز بووبوو. جارێکیان بە بیرمدا هات کە ژێر بەردەنوێژەکە بگەڕێم. تاقیشم کردەوە. تەنیا ئەو خاکە تەڕ و کرمانەی کە بە دیتنی هەتاو قەڵس هەڵگەڕان.

پەشیمانم کە دوێ شەو، تەنیا نامەم بۆ بنەماڵەکەم نووسی. دەبا پێش هەموویان بۆ باوەگەورەم بنووسیایە. نامەی ماڵئاوایی. رەنگە ئەوان ببینمەوە، بەڵام باوەگەورە نا،... ئەو نابینمەوە. دڵنیام. یەکجار دڵنیام. رەنگە لە بەر تەمەنی بێت، بەڵام نا ئەمە نیە. لە بەر ئەوەی ئەو ئیتر ئامادە نیە بۆ هیچ شوێنێکی دوور بڕوات. هەروەها لەبەر پەڕۆ خویناوییەکەی ناو شووشەی ناو یەخانە قەدیمییەکە کە ئەویش لە خوار ژوورەکە نوێنی خەوی لە سەر دادەنرێ. دەزانم گەر نامەم بۆ ئەو نووسیبایە، جۆرێکی ترم دەنووسی. لە نامەکەدا بێگومان باسی ئەو رۆژەم دەکرد کە بە سەیارە بۆ گوندێکی بەرێ کردم، باسی ئەو سەفەرەی پێکەوە بەرەو گوندێکی تر رۆیشتن، باسی ژوورەکەی. ئەوەی کە رێکەوتێکی سەیر بوو لە یەکەم دانەیانەدا سەرەڕای مندال بوونی من ئەو لە گەڵم نەهات و کەچی لە دووهەمیاندا گەرچی گەورە بووم، بەڵام پێکەوە سەفەرمان کرد. باسی ئەوەی کە، تەنیا کەسی دونیایە زۆر باش گوێم لێدەگرێ، بە بێ ئەوەی ببێ بە من. هەڵبەت منیش قەت تەماحی ئەوەم نەبووە ئەو وەک خۆم لێبکەم. ئەوەندە خۆش گوێی دەگرت کە نەدەکرا قسەی بۆ نەکەی.
باوەگەورە زیاتر لە هەر کەسێکی تر ئێمەی دەبینی، ئێمەی مندال. چ لە ناو ژوورەکاندا، چ لە کۆڵان و چ لە حەوشەکەی پشتەوەدا. ژنەکان رقیان لێی بوو. ئێمەیش بە بوونی لە ماڵدا و لە پشت پەنجەرەکەدا هەم خۆشحاڵ بووین و هەم وەڕەز. جاری وابوو هەستم دەکرد باوەگەورە کەمێک زیاتر لەوەی پێویستە لەوێیە. نەک تەنیا مەودای نێوان ماڵەوە و مزگەوت یان ماڵەوەو بازاڕ، بەڵکوو مەوداکانی تریش هی ئەو بوون. تەنانەت مەودای نێوان ماڵەوەو رۆژئاوایش. حەزم دەکرد دەستی لە ناو دەستی باوەگەورە بەرەو ئەوێ بڕۆین. پێویست نەبوو بە تەنیا بە سەیارە بەڕێم بکا، یا بێت و بگەڕێتەوە. دەمانتوانی پێکەوە بین. شتێک بە منی دەگوت باوەگەورە ئەوەندە تامەزرۆی سەفەر و ئەوێیە کە ناتوانێ بجوڵێ و بڕوا!
گەر ئیستا لێرە لە سەر سنوور لەگەڵم بایە، بێگومان سەفەر شتێکی تر بوو. گەر باوەگەورە بهاتایە، من ئیدی پێویست نەبوو وێنەی خانووە چوارژوورەکەو پەنجەرەکەی ئەو و بانیژە و رۆژئاوا لە گەڵ خۆم ببەم. ئیتر تەنیا خۆم دەبووم و داهاتوو. گەر جار جارە بێ تاقەتیش بوومایە، ئەوە رووم لەو دەکرد و پێکەوە دەدواین. نە لە شەوی هۆتێلەکە ترس دایدەگرتم و نە مێزی وێنە رووتەکان منیان دەبردە ناو دوو کۆڵانی ئەو گەڕەکەی سۆزانییەکان بە جەستە رووتەکانیانەوە

هەموو پیاوەکانیان وەک پارە دەبینی. بوونی باوەگەورە هەم منی خێراتر عادەت دەدا بە شوێنە نوێیەکان و هەم خێراتر رۆژئاوا نوێیەکانی بۆ من دەبینییەوە. ئەو تەنیا پەنجەرە یان بانیژەیەکی دەویست. نازانم ئەو وەک من حەزی بە جەستەی رووتی ژن بوو یان نا، بەڵام بوونی ئەو لانیکەم دەبووە هۆی ئەوەی لە ژووری هۆتێلەکاندا بیریان لێ نەکەمەوە. وێنەکەی دەردێنم. زۆر یارمەتی نادا. زۆر لە ئیستای من دەچێ لە سەر ئەم بەردە. وەها ترس دامدەگرێ کە رادەچەنمە سەرپێ.
زۆر گەرمە. منیش تینووم. نازانم تا کانییەکی تر چەندە رێیە، بەڵام گرنگ نیە هەر دەگەمە ئاو. بیری ئاوی بەلۆعەکەی تەنیشت بەردەنوێژەکە دەکەومەوە. هەمیشە دەمکردەوە تا جوان سارد بێت، ئەوجار لێم دەخواردەوە. جاری وابوو ئەوەندەم بەر دەدایەوە کە باوەگەورە توڕە دەبوو. ئاوی زۆر خۆش دەویست. نازانم لەبەر چی. رەنگە لەبەر باخچەکە. منیش جاری وابوو ئاوەکەم دەکردە پووتێکەوە و باخەکەم پێ ئاو دەدا. ئەوجار لە ئاوە ساردەکەم دەخواردەوە. بزەیەک دەنیشتە سەر لێوی. ئەوجار دەیگوت لە هیچ شوێنێک لە ژیانتدا بۆ ئاو تۆ پەکت ناکەوێ. بە سەر کانییەکدا دەکەوم. تێر تێری لیدەخۆمەوە. سوپاسی دەکەم.
نازانم ئەمڕۆ بۆچی خەڵک بە رێگاوە نابینم. دەیانگوت رێگا قەرەباڵغە. دەیانگوت بە ناو سنوورە، ئەگینا لە سنوور ناچێ. نەکا رێگاکەم هەڵە بێت! نەکا بە شوێنێکی تردا خەریکە دەڕۆم؟ سەیرە، بۆ یەکەم جار سنوور دەبڕی و کەچی یەکجار دڵنیای لەوەی کە رێگاکە دروستە. نائاساییترین رێگاکان چەند ئاسان خۆ بە دەستەوە دەدەن. سەیر ئەوەیە هەر جارەی وێنەکەی باوەگەورە دەردێنم، نیگای رێک هەمان ئاراستە نیشان دەدات کە من دەبێ بەرەو لای بڕۆم. چ رێکەوتێکی سەیر!
کە لە حەوشەکەی پشتەوە یاریمان دەکرد، بۆ ماوەیەکی درێژ رادەوەستا و سەیری دەکردین. حەزی لە کایەی قەراقەرا نەبوو. بە نیگاکانیدا دەمزانی. قەت لە کاتی ئەم یارییەدا بزە نەیدەگرت. گرژ و مۆن و بێ ئۆقرە، چاوەروانی ئەو ساتەی دەکرد کە دیسان هەمووومان یەکمان دەگرتەوە. باشترین شوێنی خۆحەشاردان ژێرخان و سەرتەنووری ژێر بانیژەکە بوو. ئاسانترین شوێنی دۆزینەوەو گولبوونیش هەر ئەوێ بوو! من هەمیشە بە خۆم دەگوت ئەمجارە لە باخچەکە خۆم حەشار دەدەم، کەچی بە بێ ویست و ئیرادە هەمیشە بەرەو سەرتەنوور و ژێرخانەکە پەلکێش

دەکرام. شتێک یان بونێک منی بەرەو ئەوێ دەبرد. تاریکترین شوێنی دونیا بۆ خۆ حەشاردان و کەچی ئاشکراترینیش. ئاشکراترینیشیان.
کە ساڵەکان تێپەڕین و باخەکە پیرتر و من گەورەتر بووین، لە ناوەراستی زستاندا رۆژێک تەواو بوو بە بەهار و لە هاوینیشدا رۆژێک تەواو بوو بە زستان. رۆژە بەهارییەکەی زستان، باخەکە شین بووەوە، بەفری سەر جێی بەردەنوێژەکە رەوایەوەو خۆر وەک جاران لە بانیژەکە چەقایەوە. من کە پێم وابوو هەموو گەرەک و هەموو دونیا ئەمەی لێ بەسەرهاتووە، بە پەلە و لە خۆشیانا رووم کردە کۆڵان. بەڵام هەر دەرگاکەم کردەوە بەسەر بەفرێکی یەکجار زۆردا کەوتم. دەرەوە، لە دەوەوەی ماڵەکەی ئێمە دونیا هەر زستان بوو. بە پەلە هەڵاتمەوە ژوورەوە بۆ ئەوەی باوەگەورە ئاگادار بکەمەوە. لەوێش بە سەر دیمەنێکی سەیردا کەوتم، باوەگەورە وەک پەیکەرێکی بەفرینە خەریکی نوێژ لە سەر بەردەنوێژەکە بوو و باخەکەیش گوڵی بەفری دەردابوو. رۆژە زستانییەکەی هاوینیش، کە لەخەو هەستام دیتم حەوشە پڕی بەفرە و باوەگەورە وەک هەمیشە خەریکی رێگاکردنەوە بەرەو شێرەئاوەکەیە. من لە خۆشیانا هاڵاتمە دەرەوە بۆ ئەوەی منداڵانی گەرەک ئاگادار بکەمەوە. بەڵام هەر دەرگام کردەوە گەرما و هەتاوێکی وەها بە روومدا هات کە چاوەکانم بۆ ماوەیەک قونجاند. باوەگەورە ئەو رۆژە بەفری سەر بەردەنوێژەکەیشی راماڵی و تا ئێوارە بە قاچ و دەستی تەزیوەوە و بەو وشە عەرەبیانەوە کە دەبوون بە هەڵم و بەستەڵەک و هەڵدەوەرین، سوپاسی خوای کرد کە هەموو خێزان بە یەکجاری پێر نەبوونە. دەست دەبەم کەمێک لە خۆڵی وشکی رێگاکە هەڵدەگرم و سوپاسی دونیا دەکەم کە هێشتا گەنجم. پەشیمان لەوەی حەزم دەکرد باوەگەورەم لە گەڵ بێ، چنگە خۆڵەکە هەڵدەوەرێنمەوە سەر رێگاکە. باوەگەورە تەنیا بۆ ئەوە دروست کرابوو کە بیر لە سەفەر بکاتەوە و خەفەت لەو کەسانە بخوا کە نابەوەخت رێگای سەفەر دەگرنە بەر. هەنگاوەکانم خێراتر دەکەمەوە. وەک بڵێی دەبێ هەرچی زووتر ئێرە بە جێ بێڵم. بێگومان ئەویش حەزی بەمەیە. ئەو دژ بوو تا شتەکان روویان دەدا، کە رویشیان دەدا لە هەموو کەس بە پەلەتر بوو. دەیگوت تا رووداوەکان زۆر دەخایەنێ، بەڵام کە دێن ئیتر زەمەن و کات بە دەستەوە نامێنێ. مرۆڤی ئاقڵ ئەو کەسەیە کە زۆر چاوەڕوان دەبێت و کە شتەکەیش روویدا زۆر خۆی پێوە ماندوو دەکا. هەنگاوەکانم خێراتر و خێراتر دەکەم. زەمەنی چاوەڕوانی

تەواو بووە. دارستان یەکسەر دەبێ بە چاو و وەک باوەگەورە لە سەر بەردێک دادەنیشێ و ئەوێم پیشان دەدا. نیگای سەوزە. سەوزێک کە لە گەڵ شینیی ئاسمان تێکەڵ دەبێ و دەبێ بە رەنگێک کە من نازانم چییە. رەنگە رەنگێک وەک داهاتوو، وەک رێگاکانی ئەو دیو سنوور. وەک ئاوی ئەو چەمە یاخیەی کە بەڵێنە لێی بپەڕێمەوە و وەک رەنگی لێکئاڵانی زەردیی قەیسی و سووریی ئەو تەرمەی لە تەنیشت باغەکەدا کەوتبوو. نازانم. ئەوسا دارەکان دەکەونە سەما. وێکڕا و تێکڕا. سەمایەکی دەرویشانە. ریتمێکی سەوزی ئاماژە بە رۆژئاوا. هەنگاوەکانم لە گەڵ ئەم ئاوازە یەک دەخەم. بۆچی نا؟ ژیان تێپەڕینە. منیش خەریکە وەک هەمیشە تێدەپەڕم. هەر کەسەو بە جۆرێک. ئەو لەوێ لە ژوورەکەی خۆیدا خەریکە تێدەپەڕێ و من لێرە لەو دەروازەیەوەی کە ئەوەندە گەورەیە کە تەنیا جێی من دەبێتەوە تیایا!کاتی ئەوە هاتووە بارانێک داکا. لەو بارانانەی ئاوپژێنی سەمای دەرویشانەی دارستانەکان دەکەن و چۆلەکەکان بۆ ماوەیەکیش بێت لە جریوەجریو دەخەن. ئای کە وەرەزی دەکەم، وەڕەزیی چۆلەکەکانی باخەکانمان،... باخەکەمان!

## هاتنی باوەگەورە (سەفەری سێهەم)

چۆلەکەکان بوون یەکەم جار وێرایان ئەو رازە ئاشکرایە لای من بدرکێنن کە من لە بەهاردا لە دایک بووم. من ئەمەم دەزانی، بەڵام تەنیا لە رووی سجیلەکەمەوە دەمزانی. ئەوان رۆژێک لە بەهاردا لە بەر پەنجەرەکەمان لە سەر درەختی سێوەکە کۆبوونەوەو تێکڕا روو لە من کە لە پشت شووشەکانەوە بووم دەنگیان هەڵبڕی و وتیان ئەم وەرزە وەرزی تۆیە! بەهار ئەو وەرزەیە منی تیا لە دایک بووم، هەروەها وەرزی شەڕی ناو شار و ئەو وەرزەیشە کە من بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا هەڵاتم و رووم لە گوندێک کرد. گوندێک دوور دوور لە شارەکەی خۆم.
لەبیرم نایە کە لە دایک بووم، بەس لە بیرم دێ شەڕ چۆن هەڵگیرسا و هەروەها لە بیریشم دێ کە چۆن هەڵاتم. باوەگەورەم دەیگوت لەبەر من خانووە چوار ژوورکەی درووست کردبوو. دەیگوت هەر لەو کاتەوە کاتێک من وەک زارۆکێک لە سەر بانیژەکە دادەنیشتم و سەیری زەردەپەڕی ئێوارەی رۆژئاوای شارم دەکرد، دەترسا. دەیگوت نیگاکانت جۆرێک بوون، جۆرێک وەک کۆچ و وەک ئاودیوبوون. دەیگوت لەم کاتانەدا نە برسیت دەبوو و نە دەگریای و نە گڕوت دەگرت. دەیگوت زۆر لە گەورەکان دەچووی. لەم کاتانەدا باوەگەورە گەورەکانی بانگ دەکرد و لە کاتێکدا بە تەواوی تووڕە دەبوو، داوای لێدەکردن کە من بەرنە ژوورەوە. ئەوانیش

وایان دەکرد. باوەگەورە خانووە چوار ژوورەکەی دروست کرد بۆ ئەوەی بانیژە و و رۆژئاوا لە من بسێنێت. کەچی دووای ساڵەها بە کتێبێک گەڕابوویەوە بۆ ئەوەی ئەوانەم بداتەوە کە بە زارۆکی لێی ئەستاندبووم! رەنگە گەر باوەگەورە ئەو خانووە نوێیەی سازنەکردبایە، من بە جۆرێک لە دایک بوونی خۆمم دەهاتەوە بیر. دەهاتەوە بیرم چونکە دایکیشم وەک من حەزی بە دانیشتنی سەربانیژە و سەیرکردنی زەردەپەڕی ئێوارە بوو.

ئەو هاوینە، کرێکارەکان دەبا زۆر بە پەلە و خێرا کاریان بکردایە. لە جیاتی وەستایەک، دوو وەستا کاری دەکرد. وەستاکان حەزیان بەمە نەدەکرد، بەڵام چاریان نەبوو. پارە گرنگتر بوو لە رەقیب. باوەگەورە بەمەی دەزانی و جا بۆ ئەوەی کێشە دروست نەبێ، پشت لە یەکتر هەر کامیان لە بەشێکی ماڵەکەدا کاریان دەکرد. وەستاکان لە داخا زیاتر لە جاران لە بەردەستەکانیان تووڕە دەبوون. تەنانەت جارێکیان یەکێک لە بەردەستەکان لەتە ئاجوورێکی وەبەر سەرکەوت و خوێن لایەک لە سەرشانی سوور کرد. وەستاکارەکەی تر بە دیتنی ئەمە، پێکەنینێکی وەها گرتبووی کە تا ئیستایش دووای ئەو هەموو ساڵە ئەو پێکەنینە لە ناو ئەو دیوارانەدا ماوە. بە تایبەت لە کاتی شەڕی ناو شاردا ئەم پێکەنینە زیاتر لە هەر کاتی دیکە ژیاویەوەو دەبیسترا. نەنکم دەیگووت لە پێکەنینەکە وەک ناوکار کەڵک وەرگیراوە، بۆیە قەت ون نابێ، مەگەر ئەوەی خانووەکە بروخێندرێ و سەر لە نوێ سازبکرێتەوە. ئەمەش مەحاڵ بوو. باوەگەورەم سوێندی خواردبوو لەم خانووەدا بمرێ و کفن بکرێ و بەرەو گۆڕستانیش بەڕێ بکرێ. هەموو کاتێک دووای نوێژ بۆ ئەمە لە دەروونی خۆیدا لە خودا دەپاڕایەوە! نازانم خوا گوێی لێ بوو یان نا، بەڵام من گوێم لێ بوو. ئەوەندەم پێ سەیر بوو دەپاڕایەوە. لێی نەدەهات. پیاوە توڕەکان دەبێ بەس بگوڕێنن و بە تووڕەیی و قەڵس بوونەوەوە داوای شت بکەن. شتێک هەڵە بوو. من دەمزانی کە شتێک هەڵەیە، بەڵام قەت نەمزانی چۆن. بە ئیستاشییەوە بێت.

وەستاکان کە دەگەنە بەشی کۆتایی دیوارەکان، روو لە باوەگەورەم دەکەن و دەڵێن لەمە بەرزتر بێت هەرچی کۆتری ئەم شار و دەڤەرەیە لە سەر بانی تۆ دەنیشن. باوەگەورەم کە دەیەویست تەنیا دیمەنی رۆژئاوای شار لە بانیژەکە ون کا، دەڵێ چ باشتر، کۆترەکان وەها نیگاکان مەشغوڵ دەکەن کە ئیدی بە تەواوی لە دیمەنەکە

دادەبڕێ. ئیستا دەزانم کە راستی دەکرد. کە شەڕ لە شار دامەزرا و شار گیرایەوە و خەڵک روویان لە ماڵ و حاڵی خۆیان کردەوە، گەر کۆترەکان نەبوونایە رەنگە منیش یەکێک لەوانە دەبووم کە ئەو رۆژانە لە ژووره تەسک و حەوشە تەنگەبەرەکان دا بۆ هەمیشە شاریان بەجێ هێشت. ئەو رۆژانەی وا ماڵئاوایی لە هەر کاتێکی تر زیاتر بوو. ئەو رۆژانە من دەهاتمە ئێرە، سەر بانی و لە گەڵ کۆترەکان خەریک دەبووم. کۆترەکان ئەوەندە جوان بوون کە دیمەنی رۆژئاوایان لێ ون دەکردم. ئەوەندە جوان کە نەمدەزانی ناحەزی و ناشیرینی چییە. ئاه باوەگەورە!

وەستاکان نیو مەتری تر دیوارەکان بەرز دەکەنەوە و ئیتر دەست لە کار دەکێشنەوە. ئەوسا بانی، دارەڕا دەکەرێ. لەو کاتەوە پەیژەیەکی بچووک دەبێ بە پردی نێوان بانیژە و بانە تازەکە. ئیدی بۆ هەمیشە بانیژە بوو بە گچکە بانێکی ون. وەک منداڵیی من. وەک نیگاکانی من.

ئەو رۆژە کە بۆ یەکەم جار لە شار هەڵاتم و رووم لە یەکێک لە گوندە دوورەکان کرد، هەر لە سەر ئەم بانیژەوە دووا بڕیارم دا و وەڕێ کەوتم. ئەو رۆژە ئیتر کۆترەکان نەمابوون. لە مێژ بوو نەمابوون. بۆ؟ نازانم. هەر ئەوەندە دەزانم کە یەکێک لەو ساڵانە کتوپڕ ون بوون. ئیستا لە ژووری تەنیشت هۆڵی هێلانەکانیان، ئەو ژوورەی منی تیا لە دایک بووم، کتێبخانەیەکی شاراوە هەبوو، بە کتێبە قاچاخەکانەوە. ئیستایش نازانم بۆ نەدەکرا هێلانەی کۆترەکان و کتێبخانەکە لە پاڵ یەکتردا بن. نازانم بۆ نەدەکرا لە کاتی کتێب خوێندنەوەدا کۆتر هەڵفڕێنی و سەیریان بکەیت. چ لەوە خۆشتر کۆتر بگمێنێ و تۆیش لە لاپەڕەیەکی رۆمانسیانەی رۆمانێک دا بیت.

ئەو رۆژەی شارم جێ هێشت، بۆ دووا جار سەری کتێبخانەکەم دا. سەیری هەموو کتێبەکانم کرد. ماچم کردن. بە سەریان دا گریام. بۆنم کردن. من هەمیشە حەزم بە بۆنی کتێب بووە. بە تایبەت کتێبخانەی قاچاخ. بە تایبەت کتێبخانەی ژوورێکی قەدیمی کە بە سەر بانیژەیەک دا دەڕوانێ و بانیژەکەیش یادەوەرییەکی لە زەردەپەڕی رۆژئاوایەک هەیە، رۆژئاوایەک کە بە بانێکی تر ون کراوە. راڕەوەکە هێشتا بۆنی کۆتری دەدا، بۆنی ریقنە و زەڕنەقووتە. رەنگە گەر کۆترەکان مابان من ئەم رۆژەم بەسەر نەدەهات. فڕینی کۆترەکان مەراقی سەفەری تیا دەکوشتی. بۆ

تۆ بەس بوو کە هەر بفڕن و بەس. کە دەهاتنەوە و لە سەر بانەکە دەنیشتنەوە، تۆ لە چاویاندا و لە ماندوویی باڵەکانیاندا هەموو ئەو جیهانانەت دەبینییەوە کە لەو سەرەوە بینیبوویان. ئیتر ئۆقرەت دەگرت. ئارامت دەگرت. تەنانەت هەستێکی لە خۆبایی بوونیش دایدەگرتی. لە بیرم دێ جاری وابوو کۆترەکان بۆیان دەگێڕامەوە. باسی ئەو سەرەیان دەکرد، باسی سەفەر. ئەوەی کە دنیا ئەوەندە گەورەیە کە پێت سەیرە. کۆترەکانی دووای فڕین هەمیشە جەستەیان جۆرێکی تر بوو، کشاوە و گەش و رێکتر. چاویشیان سرکتر بوو. وەک ئەوەی ئیتر دەزانن دنیا چ باسە. ئەو نێرانەی کە لەوانی تر ئاشقتر بوون، دووای دابەزین، زیاتر بە دەوری مێیەکەیاندا دەهاتن. دەڵێی تازە دەیاندۆزینەوە.

ئەو رۆژە بەم بیرەوەریانەوە شارم جێ هێشت. باوەگەورە کە لە یەکێک لە چوار ژوورەکەدا دانیشتبوو، نەیدەزانی چ باسە. منیش نەمدەزانی کە ئەو رۆژە ئەویش بیر لە چی دەکاتەوە،... لە باوکی، لە تەمەن، بیرەوەرییەکان یا تەسبێحەکەی کە ماوەیەک بوو لێی ون بووبوو؟ ئای کە تووڕە بوو. کە بەیانی لە خەو هەڵدەستێ لە بیری دێ کە تەسبێحەکەی پێ دەبێ، دووای ناشتایش، لە دەرەوەش، دووای نانخواردنی نیوەڕۆ و تەنانەت عەسریش. بەڵام دووای ئەوە لە بیری نایەت کە داخۆ بە دەستییەوە بووە یان نا. کفری بووبوو. عەسریش وەک هەمیشە لە سەر بەردەنوێژەکە نوێژی کردبوو و دوواتر باخچە گچکەکەی ئاودابوو. سەر بەردە نوێژەکە، چوار دەوری و بنی گەڕابوو، تەنانەت چەند جار، هەر وەها باخەکەش. نەدۆزرایەوە کە نەدۆزرایەوە! گەر کۆترەکان مابان رەنگە ئەوانی تاوانبار بکردایە. دەڵێ لە بەر ئەوە پێی ناخۆشە کە چەندین ساڵە ئەم تەسبێحەی پێیە. لە بەر ساڵەکان پێی ناخۆشە نەک لەبەر خودی تەسبێحەکە. من بە دزییەوە دوواتر چەند جاری تر بە شوێن تەسبێحەکەدا ئەو شوێنانەم بەسەر کردەوە. زۆر سەیر بوو! چەند هەفتە دوواتر گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە تەسبێحەکە لە شوێنێکی تر ون بووە. بۆ وێنە لە ئاودەستەکانی مزگەوت. یان لە بەر دووکانەکاندا. گیرفانی پانتۆڵی کوردی فش و رەهۆڵە و ئیتر دەکرێ هەموو شتێک روو بدا.

لە بیرم دێت مووروویەک بە پای یەکێک لە کۆترەکانمەوە بوو کە لە رەنگی تەسبێحەکەی دەکرد. باوەگەورەم ئەو کۆترەی لەوانی تر زیاتر خۆش دەویست. بە

بزەیەکەوە سەیری دەکرد و دەیپرسی کە داخۆ دانم داوەتێ یان نا. ئەم کۆترە زیاتر لەوانی تر حەزی لە بانەکەی باوەگەورە بوو.
ساڵی کۆترەکان زۆر سەیر بوو. هەموو شەوێک دەنگی تەقە دەهات. هەموو رۆژێکیش کەس یان کەسانێک لە کۆڵانەکاندا هەڵدەهاتن. من کە لە سەر بانی بووم جوانتر لە خەڵکی تر ئەم دەنگانەم دەبیست. لە کاتێکدا هەموو خێزان لە دەوری یەکتر کۆ دەبوونەوە و زیاتر لە یەک دەئاڵان، من دەچوومە ژووری کۆترەکان. سەیرم دەکردن، بۆنم دەکردن و بە دەم دەنووکیانم دەگرت. هیچ شتێک لە گەورەبوونی بەچکەکانیان خۆشتر نەبوو. ئەوان تەنیا گەورە نەدەبوون، بەڵکوو جوانیش دەبوون. ئەوەندە جوان کە دەیانتوانی بفڕن. شەو و چرا و کۆتر. بۆنی ریقنە و گمین و جیکە جیک. نازانم چەندە دەمامەوە. کە دەهاتمە خوارەوە خوشک و براکانم لە مێژ بوو خەوتبوون. هەروەها باوەگەورەیشم، ... تاقی تەنیا لە ژوورێک دا.
ئەو رۆژەی رۆیشتم، ئەگەرچی ساڵانێک بە سەر ون بوونی تەسبێحی باوەگەورەدا تێپەڕیبوو، بەڵام بە رێکەوت دۆزیمەوە. چەند سەیر بوو. باوەڕم نەدەکرد. تەسبێحەکە لە یەکێک لە کولانەکاندا بوو. کولانە کۆنەکان. پێم وابێ بانگی لێکردم. دەنگێک وەک گمینی کۆتر. ئارام پووتە قەدیمییەکەم هەڵگرت، چوومە سەری و لەوێوە سەیری کولانەکەم کرد. لەم هێلانەیەدا چەندین نەوە بەچکە کۆتر لە هێلکە سەریان دەرهێنابوو، خەملیبوون و گەورە بووبوون. لە بیرم دێت تەنیا یەکیان پشیلە بردی. هێشتا نیگام نەگەیشتبووە ناو هێلانەکە کە گمینەکە کۆتایی هاتبوو. ئەوسا تەسبێحەکەم بینی. کەواتە یەکێک لە کۆترەکان هەڵیگرتبوو. رەنگە لە کاتی نوێژکردنی باوەگەورەمدا لە سەر بەردە نوێژەکە. تەسبێحەکە وەک خۆی مابوو. نە ریقنە گرتبووی و نە رەنگی مات بووبوو. هەڵنەبزرکابوو. رێک وەک جاران. هێنامە خوارەوە. جوان جوان سەیرم کرد و پشکنیم. ئیتر تەواو دڵنیا بووم کە خۆیەتی. خۆشحاڵ لەوەی کە پێش رۆشیتنم دەمتوانی شتێک بۆ باوەگەورەم بکەم تەواو خۆشحاڵی کردم.
ئەو رۆژەی شەڕ دەستی پێکرد، دووانیوەڕۆیەکی گەرمی هاوین بوو. لە بنار کێوێکی بەرز لە چەمێکدا مەلەم دەکرد. ئەو رۆژە بۆ سێهەمین جار بوو کە باڵندە ئاسنینە زلەکانم دەبینی. کە دەهاتن هەموو خەڵکی شار دەهاتنە دەرەوە بۆ بینینیان. لە

هەموویان زیاتر من تامەزرۆ بووم. رەنگە لە بەر ئەوەی لە کۆترەکان دەچوون. کە دەهاتن، تا دەڕۆیشتنەوە پیشەی من روانین بوو. نازانم تامەزرۆییەکەم لە رووی حەزەوە بوو یان بێزاری. رەنگە لە بەر ئەوەی کە شتێکی دیکە بوون. شتێک کە تا ئەو کات لە هیچ شتێکی دیکەیان نەدەکرد. کە دەهاتن باوەگەورە دەهاتە بەر پەنجەرەی ژوورەکەی، دەستی دەکرد بە سێبەر و گەردنی دەکێشا و لە ئاسمان یان رۆژئاوای شاری دەڕوانی. کە باڵندە ئاسنینەکان دەهاتن، باوەگەورە تووڕەیی نەدەما. ناوچاوانی تێک دەنا و دەچووە بیرەوە. تەنیا چەند ساڵ دوواتر بوو کە زانیم بۆ. لە دیو سنوور، ساڵانێک لەوەبەر لە کاتی کاروان بە تووشیانەوە بووبوو. باڵندە ئاسنینەکان مرۆڤەکانی سەر زەوییان وەک دانە خواردبوو و دوواتر وەک ریقنە لە ئاسمانەوە بەریاندابوونەوە.

من کە لە ناو ئاوێکی زوڵالی هاوینیدا راکشابووم و لە رۆژئاوام دەڕوانی، بە دەنگی یەکەم تەقەکان داچڵەکام. ئەوسا باڵندە ئاسنینەکانم بینی کە لە ئاسمانی شار دوور کەوتنەوە. ئەو رۆژە تەنیا ئەوان نەتاران، کۆترەکانیشم بینی کە دەوری رێکی فڕینیان شێوا و شێتانە هەر جارەی بە لایەکدا دەفڕین. لەو هاوینە گەرمەدا جەستەم سارد سارد هەڵگەرا. جلەکانم لە بەر کرد و بە پەلە بەرەو کۆترەکانم رۆیشتم.

کە گەیشتمەوە ماڵ، هەموو خێزان لە ژوورەوە لە یەکێک لە هۆدەکاندا کۆبووبوونەوە. ژن و منداڵ لە یەک ئاڵابوون و پیاوەکانیش خەمۆک و غەمگین و ترساو و داماو لە منداڵ و لە دار و دیوار و لە یەکتریان دەڕوانی. شار هەر جارەی لە شوێنێکەوە دەلەرزی. یەکێک لە دەنگەکان ئەوەندە نزیک بوو کە گڵی بن میچەکە بە سەر سەرماندا وەری. سەیری باوەگەورەم کرد. تەنیا ئەو سیمای هیچی نەدەگوت. سارد سارد، وەک جەستەی من لەم رۆژەی هاویندا لە چەمەکەی قەراخ شار. من کە دوو کۆکتێل مۆلۆتۆفم بە تەمای رۆژێکی وا لە ژێرخانەکە راگرتبوو، هەرچیم کرد نەموێرا تەنانەت بچم بیانبینم. بڕوا ناکەم هیچ کۆکتێل مۆلۆتۆڤێکی دونیا بە قەد ئەوانەی من داماو و دەستە وەستان بووبێتن. کەس پێی نەدەزانین. من بە دزییەوە لەوێ لە شوێنێک دامشاردبوون. کە یەکەم دەنگی قیژە و هات و هاواری ژن لە گەڕەک بەرز بوویەوە، باوەگەورەم هەستا سەرپێ و چووە بەر پەنجەرەکە. کەس نەیوێرا دەنگی بدات. حەوت ساڵ دوواتریش باوەگەورە لە کاتی

بوردومانی فڕۆکەکاندا ئەم کارەی کردەوە،... بە چەندین جار. هەمیشە جوان چاوی لە بوردومانەکان بوو.

لای من هەمیشە پیاوی ئازا، پیاوێکی تووڕە بوو. ئەوەندە تووڕە کە هیچ تووڕەییەکی تر نەیدەتوانی بە سەریدا زاڵ ببێ، تەنانەت تووڕەیی بۆمبەکانیش. بەڵام سەیر ئەوە بوو کە باوەگەورە لەم کاتانەدا نە تەنیا تووڕە نەدەبوو، بەڵکوو ئارامترین پیاوی دونیایش بوو. ئەونده ئارام، کە قاچی نەدەلەرزی. نیگایەکی ئەوەندە ئارام، کە من پێم سەیر بوو بۆمبەکان، خۆمپارەکان و تۆپەکان دەیانتوانی لە بەریا بتەقێنەوە. ئەو ژنەی وا دەیقیژان و چەند پیاو ئەم لاو لایان گرتبوو، وەک هاوەنەکان بە بەردەم پەنجەرەکەی باوەگەورەدا تێپەڕین.

ئەو رۆژە کاتێک دونیا کەمێک ئارامتر بوویەوە، چوومە سەر بانیژە، دەرگای داڵانەکەم کردەوە و کۆترەکانم ئازاد کرد. کۆترەکان کە سەرەتا وڕی دەنگە سەیر و سەمەرەکانی ئەو رۆژە بوون، وەک جاران پەلەی چوونە دەرەوەیان نەبوو. کە وەردەریش کەوتن ئیتر من تا سێ مانگی تر نەمبینینەوە. کە هاتنەوە، تەنیا نیوەیان بوون. ئەوانی تر؟ کەس نەیزانی چییان لێ بەسەرهات. باوەگەورەم قەت لێی نەپرسینەوە. بۆ جارێکیش بێت نەیگووت چییان لێ بەسەرهات. کە لە مردنی کەسێک یان ئاوارەبوون و پەرتەوازەبوونی کەسێک دڵنیا دەبوو، ئیتر لێی نەدەپرسییەوە. دەیگوت تازە رێگای خۆی هەڵبژاردووە! دەیگوت، تەنیا دەبێ خەیاڵی لە گەڵ بەرێ بکەی بۆ ئەوەی هەست بە تەنیایی نەکا. هەر لە بەر ئەمە بە ساعەت و بە رۆژ دادەنیشت و بیری لە رۆیشتووەکان دەکردەوە. دەیزانی لە هەر شوێنێک بن ئەم بیرانە دەیانگێوێ. ئەو ساتانەی وا مردوو و ئاوارەکان، کتوپڕ لە شوێنێک رادەوەستان یاخود دادەنیشتن و بە قوڵی بیریان لە شتێک دەکردەوە. ئەو مردوو و ئاوارانەی کەس لێی نەدەپرسین. من ئەو کاتیش پێم وابوو کە ئێمە لە گەڵ ئەوان زۆر فەرقمان نییە. تەنیا جیاوازیی نێوانمان ئەوە بوو ئەوان لەوێ بوون و ئێمە لێرە. ئەوێ و ئێرەیش، ئەوێ و ئێرە بوون چوونکە ئێمە لێرە بووین و ئەوان لەوێ. ئەمە باوەگەورەی تووڕە دەکرد. دەمزانی زۆر تووڕە دەبوو. بەڵام جۆرێکی تر لە تووڕەبوون، تووڕەبوونێکی بێدەنگ. ئەو بە گژ ئەو قسانەدا نەدەچووەوە کە شتێکیان تیا بوو، شتێک وەک بیر و لێوردبوونەوە و رەنگە فەلسەفە.

کە کۆترەکانم هەڵدەفڕاند، جاروبار دەهاتە سەر بانی و سەیری دەکردن. دەستی دەکرد بە سێبەر و تا دەیتوانی بە چاو بە شوێنیاندا دەڕۆیشت. هەستم دەکرد کۆترەکان باشتر دەفڕین کە ئەو لەوێ بوو. لە کاتی یەکێک لەم کۆتربازییانەدا بوو کە رووی تێکردم و وتی: "وامدەزانی کۆترەکان دەبنە هۆی ونبوونی زەردەپەڕی رۆژئاوا، نەمزانی فێری قوڵایی پتری ئاسمانت دەکەن!" نازانم تا چەند لەمەدا راستی دەکرد. من ئاسمان و کۆترەکانم لەیەک جیانەدەکردنەوە.

ئارام لە بانیژەکە هاتمە خوارەوە. تەسبێحەکەم لە ناو مشتمدا دەگووشی. خزینی دەنکەکانی بە سەر یەکتردا جۆرەیەک بوون، بە تایبەت گەر توونجتر بیانگووشی. کە هاتمە ناو خانووە چوار ژوورەکەوە، بە پێچەوانەی رۆژانی تر، ئارام، زۆر ئارام دەهاتە بەرچاو. داڵانەکە چۆڵ بوو و لە هۆدەکانیشەوە دەنگێک نەدەهاتە گوێ. بەرەو دەرگای ژووری باوەگەورە هەنگاوم نا. لە تەنیشت دەرگاکەدا، سەلاجەکە وەک هەمیشە راوەستابوو. نامەکەم دەرهێنا و لە سەر یەخچاڵەکە دامنا. بۆ دڵنیایی زیاتر پەرداخێکم سەرخست. پاشان تەسبێحەکەم دەرهێنا. سەرەتا گوێم بە دەرگاکەوە نا. هیچ دەنگێک نەدەهات. بێ گومان خەوتبوو. دەرگاکەی ژووری باوەگەورە لە دەرگای ژوورەکانی تر نەدەچوو. زۆر تازەتر و نوێتر دەهاتە بەچاو. رەنگێکی سەوزی پستەیی. من هەمیشە حەزم بە رەنگی سەوز بووە. هەربۆیە زۆر سەیر تامەزرۆ و چاوەڕوانی هاتنی بەهار بووم. بە زستاناندا کاتێک سەیری ئەلبۆمم دەکرد و وێنەکانی هاوین و بەهارم دەبینی، ئەوەندە دڵم تەنگ دەبوو کە لەوانە بوو وەک شێتم لێ بێ. وەها دڵتەنگ دەبووم کە بڕوام نەدەکرد جارێکی تر بەهار بێتەوە. ئاخر چۆن دەکرێ لە ژێر ئەو هەموو بەفرەوە سەرلەنوێ گوڵ و گیا سەردەربیننەوە. سەرەتا ویستم تەسبێحەکە لە لەبەر دەرگاکەدا دابنێم. هەر کە دەهاتە دەرەوە دەسبەجێ دەیتوانی بیبینێ. کتوپڕ بڕیارم گۆڕی. باشترین کار ئەوە بوو کە دەرگاکە بە حاڵ بکەمەوەو تەسبێحەکە بخەمە ناو ژوورەکەوە، رێک لەو دیو درگاکەوە لەسەر فەرشە قەدیمییەکە دایبنێم.

کتوپڕ دەرگاکە بە تەواوی کەوتە سەرپشت. لە بەر منی داچڵەکاودا پەیکەری باوەگەورە راوستابوو بە چاوە هەمیشەییەکانیەوە. لە کاتێکدا تەسبێحەکەی لێوەردەگرتم، گوتی زۆر چاکە ئیتر با بڕۆین! ئەمەی وت و پێشم کەوت.

## بە رێگاوە

پێش دەکەوم، هەڵبەت نەک هەمیشە، بەڵکوو جاروبار. خۆش نیە هەمیشە لە دوواوە بیت یان لە ناوەڕاستد. وا باشە جێ بگۆڕی. گەمەیەک لە نێوان جێدا... دوواوە، ناوەراست و پێشەوە. هەڵبەت لە نێوان ئەمانەیشدا شوێنی دیکە هێشتا هەن،... پێشی پێشەوە، نزیک ناوەڕاست، دووای دوواوەوە، لە نێوان پێش و ناوەڕاست، لە نێوان ناوەراست و دوواوە و...، ئاە زمان چەند سەیرە. شوێن و جێ ئەوەندە زۆرن کە دەمترسێنن. ئێمە بەشی چەند دانەیان دەکەین؟ ئەی حەزەکانمان؟ من حەز دەکەم لە هەموو شوێنێک بم. لە هەموو جێگایەک. گەر تۆ قەرارە یەک جار بژیت، مافی خۆتە لەم یەکجار ژیانەدا لە زۆر شوێن بیت. من ئەوەندە حەزم لە هەموو شوێنەکانە کە دادەنیشم و جەستە و رۆحم ئەوەندە جن جن دەکەم و دەیهاڕم تا بەشی هەموو دونیا بکا، نەک تەنیا لە هەموو شوێنەکاندا، بەڵکوو لە هەموو زەمەنەکانیشدا. حەز دەکەم ببم بە باوەگەورە، بە باپیرم، بە چۆمەکە و بەو گورگەی کە ئەو شەوە نازانم بۆ باوەگەورەی نەخوارد! تەنانەت ببم بەو شۆفیرەی کە هەموو رۆژێک چەندین

جار ڕێگایەک دەپێوێ. چەند سەیرە، چ تاقەتێکی هەیە! من لە ڕێگا دووپاتکراوەکان وەڕەزم، وەڕەز و ماندوو. ئەوەندە زوو ماندوو دەبم کە دادەنیشم و دەگریم. باوەگەورە دەڵێ خەتای ڕۆژئاوایە! من نازانم گوناهی کێیە. لاشم گرنگ نیە. چ بزانم و چ نەزانم تازە هیچ شتێک ناگۆڕێ. بەڵام ئەو دەڵێ وانیە. ئەو پێی وایە زانین دەتوانێ زۆر شت بگۆڕێ. تەنانەت رابردوو. دەڵێ کە زانی سەفەر نەیتوانی زۆر شت بگۆڕێ، وازی لێ هێنا. دەڵێ بە یەک جار پیاو تێدەگا، بۆیە ئیتر پێویست ناکا دووپاتی بکاتەوە. من پیم وانیە. سەفەر گەر نەتوانێ زۆر شت بگۆڕێ، لانیکەم من سەرقاڵ دەکا،... لانیکەم من دەگۆڕێ. ئەوەندە سەرقاڵم دەکا کە گۆڕینی شتەکان لەبیردەکەم. ئەوەندە من دەگۆڕێ کە ئیتر پێویست ناکا ئەوەندە بیر لە رابردوو و لەوە بکەمەوە کە بۆچی ئەو شتانەی نەهاتنە دی من پێم وابوو دەبێ بێنە دی. ڕۆژێکیان هەوڵم دا قسەکەی باوەگەورە بەجێ بێنم. لای خۆم وتم زۆر باشە خەتای ڕۆژئاوایە. ئەوجار ڕووبەڕووی دیمەنی ڕۆژئاوا ڕاوەستام و قوڵ قوڵ لێم ڕووانی و چاوەڕوان مامەوە بزانم چ شتێک لە مندا، لە دەروون و فکرم دا ڕوودەدا. ڕاوەستام،... ڕاوەستام،... تەنیا شتێک ڕووی دا ئەوە بوو کە من لە دیمەنی ڕۆژئاوا زیاتر لە جاران نوقم بووم. نوقمێکی ترسناک، نوقمێکی رەها،... ئەوەندە رەها کە تەنیا شەو منی رزگار کرد.

ئەسڵەن من نازانم بۆ بەشەر دەبێ شوێن حەزەکانی کەوێ. ناکرێ هەموو تەمەن بریتی بێت لە کۆلانێک، خانوویەک و گەمەی ئەبەدیی نێوان پشیلە و چۆلەکەکان لە حەوشەیەکدا؟ باوەگەورە کە لە ژوورەکەی وەڕەز دەبوو، لە پەنجەرەکەوە دەستی دەبرد بۆ ئاسمان، چەند ئەستێرەی دەچنییەوە و دووای ئەوەی ورد ورد لە نزیکەوە لێی دەڕوانین، دەیخستنە بن پشتێنەکەی. بۆ سبەی ڕێگای ماڵەوە تا بازاڕی بەم ئەستێرانە ئەستێرەچن دەکرد، بۆ ئەوەی ڕێی لێ ون نەبێت! باوەگەورە جاری وابوو ئەوەندە وەڕەز دەبوو کە ڕێگاکانی لێ دەشێوا. ئەستێرەکانیش یارمەتییان نەدەدا.

ئەم ڕێگا خۆڵینە کە بە قەراخ باغەکەدا تێدەپەڕێ و لە سەر کەل ئاودیو دەبێت و ئێمە بەرەو مەزرا دەبا، تەنیا دوو لایەنی ئەم بەرزاییە نیشانی من دەدا. حەز دەکەم لە شوێنی تریشەوە ئەم تەپۆڵکەیە ببینم. چۆن؟ نازانم. گەر ڕۆژێک هەر لەخۆوە ڕێگا بگۆڕم و بەرەو ئەو لا یان ئەم لا بچم، بێگومان بەلایانەوە سەیر دەبێ. تا

ئیستایشی زۆر سەیرم! مرۆڤێک کە هەمیشە گوێی بە رادوێوەیەو کەمتر سەیری کچان دەکا و هەموو ئێوارەیەکیش دەبێ خۆی بشوا. ئەو مرۆڤەی کە جاری وایە لە ناو باغی قەیسییەکەدا ون دەبێ و بە سەعات سەیری ئاسمان دەکا. ئاسمانێکی ساماڵ کە جگە لە خۆی هیچی دیکەی پێوە نیە! نا، نابێ لابدەم! پێویست ناکا. چەند زوو دەتوانم هەندێ شت فەرامۆش کەم!
ئەو رۆژەم دێتەوە یاد کە وتمان دەبێ بڕۆین. سێ کەس بووین. ئەوان بەرەو شارێکی تر و من بەرەو ئێرە. رۆیشتین. هەر کامەمان بە لایەکدا. ئیستا لەو رۆژەوە ئاگام لێیان نیە. ئەوانیش لە من. چ رۆژێکی حەماسی بوو. رۆژە گەورەکان سەرئەنجام هاتبوون. من هەموو جەستەم بۆ ئەم رۆژانە بوو، هەموو هەست و نەست و بیر و هۆشم. لە ژیانی ئاسایی بۆ هەمیشە دادەبڕام. رووداوە گەورەکان چاوەڕوانن. لەوێ لە شوێنەکانی تر راوەستاون و چاوەڕوانی منن، چاوەڕوانی ئێمە. ئەگەرچی هێشتا نازانم کە توشیان بووم ئەوە ئەوانن من هەڵدەگرنەوە، یان من ئەوان، بەڵام گرنگ نیە. ئێمە بەڵێنە یەکتر تەواو کەین. رووداوەگەورەکان پێویستیان بە مرۆڤە و مرۆڤیش بەوان. ئەو بوونانەی کە نازانم بۆ جاری وایە لەیەک دادەبڕێن. بەڵام ئیستا گوند خەریکە ماندووم دەکا. رووداوە گەورەکە چەند خێرا تێپەڕی. لێرە دەبێ شتێک لە شوێنێکدا رووبدا! لەبەر چاومدا رێگای هەموو رۆژەی مەزرا و رادیۆی شەوانە لە شوێنێک لە یەک دادەبڕێن،... یەک ناگرنەوە. رەنگە حەماسەکان هەر ئەم کاتانە بن منی تیا دەژیم، رەنگە هەر ئەم رووداوانە بن کە هەموو رۆژێک دووپات دەبنەوە. هەوڵ دەدەم جارێکی تر هەموو شتەکان و رووداوەکانی ئەم گوندە لە زەینمدا بژیێنمەوە. رەنگە هەڵە لە منەوە بێت. من رەنگە جوانم نەبینیبێ. رێگای هەموو رۆژەی بەرەو مەزرا دەرفەتی چاکە بۆ پێداچوونەوە. کتوپڕ تێدەگەم لەم گوندەدا چ کار و زەحمەت و ماندووبوونێک لە ئارادایە. سەر و سیمای ئارەقاوی و تەپ و تۆزاوی پیاوەکانم دێنە بەر چاو. سیمای ژنەکان کە رەنگی تەویلە و ژێرخانەکانی گرتووە. ئەو منداڵانەی وا لە ژوورەوە و لە سەر پلیکانە خۆڵ و دارینەکاندا و لە سەر بان و بانیژەکان گەرما و مێشی هاوینە لێیان ئاڵاون. هەموو رۆژێک من بە تەنیشت مووچەیەکدا تێدەپەڕم کە تەنیا پیاوێکی پیر و کچێک خزمەتی دەکەن. بڵێی من نەهاتبێتم بەس بۆ ئەوەی ئەمانە ببینم؟! ئاه، بانیژە! لێرەیش بانیژەی لێیە. بۆ تا ئیستا بیرم لەمە نەکردبووەوە. ئەم گوندە پڕە لە

بانیژە. ترسێکی سەیر دامدەگرێ. چەند کەسی وەک من و باوەگەورە لێرە دەژین؟ لەوەبەولا جوانتر چاو دەگێڕم. دەبێ بیاندۆزمەوە! ئێوارەیان لە دووکانەکان و لە سەر کانی و لە کۆلان جوان چاو دەگێڕم. ئێوارەکان دەگوزەرێن. من نە تەنیا کەس نابینمەوە، بەڵکوو خۆیشم لی ون دەبێ. ئیتر وەک جاران ئالوودەی بانی و رادیۆ نیم. ئەوسا لە گەشتێکی نێوان باغی قەیسییەکە و ئەستێرەکە بە کەشفێکی سەیردەگەم،... بە پرسیارێکی گەورە: "چەند کەس لە شارەکەی من بە من و بانیژەکە و باوەگەورەیان زانی؟" پێکەنینم دێت.

ئەگەرچی تەنیام، بەڵام بەرچاوترینم. ئەوەندە تەنیا و بەرچاو کە ناتوانم لە ناو گوند، بە تەنیا بۆ هیچ شوێنێک بچم. هەڵبەت بۆ خۆیشم حەز ناکەم. لێرە زیاتر لە هەر شوێنێکی تر حەزت بە مرۆڤەکانە،... حەزت بە مەڕ و بزن و کەرەکانە،... لە گەڵ ئەوانەی وا کەمترین زوبانی هاوبەشت هەیە لە گەڵیان. لێرەیە تێدەگەم کە پێوەندی زۆر جار پێویستی بە زمان نیە. سەرەتاییترین جۆری پێوەندییەکان دەگەڕێنەوە. جۆری پەیوەندیی باوکم و باوکی. جۆری پەیوەندیی گورگەکە لە گەڵ باوەگەورە لە شەوی چۆمەکە. لێرە بەرە بەرە فێردەبم لە گەڵ خۆم بدوێم. راهێنانێکی گەورە بۆ وشە و بۆ خەیاڵ. رۆژێکیان باوە گەورە لە ژوورەکەی خۆی مێروولەیەک دەگرێ و چەندین جار دەیخاتە سەر گەلای گوڵی ناو یەکێک لە گوڵدانەکانی. ئەو گوڵدانانەی کە هەمیشە بە ئەشقەوە ئاوی دەدان. مێروولەکە هەموو جارێک لە گەڵاکە بەردەبێتەوە. باوەگەورە ئەوەندە تووڕە دەبێ کە دوواجار پەنجەرەکە دەکاتەوە و مێروولەکە فڕی دەداتە دەرەوە. ئەو پێی وابوو گەر مێروولەکە بیتوانیایە لەو بەرزاییە، لەو دەشتە بەرەهووت و سەوزەدا لە گەڵ خۆی قسە بکا، نەدەکەوتە خوارەوە!

بۆ ئەوەی وەڕەز نەبم، بە ریشە و گڵەوە ئەو گوڵانە هەڵدەکەنم کە لە قەراخ جۆبارەکەدا روواون. کەمێک لەولاتر جێیەکیان بۆ خۆش دەکەم و دەیکەم بە گوڵستانێکی بچووک. جۆرەها گوڵی رەنگاوڕەنگ. ئەم جارە جەستە و جلەکانم تەنیا بۆنی قەیسی نادەن، بۆنی گوڵیش دەگرن. لە ناویاندا زیاتر لە هەموویان حەزم بە پەپوولە پاییزەیە.

نازانم پاییزی ئێرە چۆن دەبێ، بەڵام پاییز جوانترین وەرزە لای من. هەتاو لە شوێنێک نێوان ناوەڕاستی ئاسمان و قەراغەکان، ئێوارەیان کەمێک دڵتەنگ و

ڕەنگەکان لە نێوان بوون و نەبووندا،... لە ناو بازنەی پرسیارێکی ئەبەدیدا. پاییزان لە بەر ئێوارە هەمیشە درەنگ دەڕۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە. کۆلانە تەنیاکان لە گەڵ ئەو سەرمایەی کە وەک من وەیلانی ناو پێچ و پروچە بێ پایانەکانی بوون، جوانترین دیمەنی دونیا بوون لام. گەر مرۆڤەکان بەدەرەوە بوونایە بێگومان کۆلان ئەو دەمانە ئەو تامەی نەدەدا. پەنجەرەی ژوورەکەی باوەگەورە ڕێک بە سەر وەها کۆلانێکدا دەیڕوانی. نازانم ئەو وەک من حەزی بە پاییز بوو یان نا، باوەگەورەیەک کە هەمیشە گوڵدانەکانی ژوورەکەی جوان ئاو دەدان و بە جوانی پارێزگاری لێدەکردن. قەت باسی پاییزی بۆ نەکردبووم. بەلام بێگومان دەیزانی پاییزی ئێوارانی کۆلان چییە. باوکم جارێ وتی باوەگەورە و مامی لە پاییزدا مردبوون، سالانی دوواتریش هەر لە پاییزدا بوو نەنکم مرد. لای من مردن لە پاییزدا هێشتا زووە. زستان بۆ مردنە. پاییز، چێشتنی تامی گوزەرە،... چێشتنی تامی دوواگوزەر، ڕێک وەک کۆلانەکەی باوەگەورە. من گەر لەم دێیە تا و بۆ پاییز بمێنەوە، بێگومان تا دووا گەلا زەرد دەبێ، لەم کەلە هەموو ڕۆژێک ئاودیو دەبم. کە دووا گەلایش زەرد بوو، هەوڵ دەدەم بە کۆلان و سەربانەکان عادەت بگرم و پێیان ڕابێم. گیرفانم پڕدەکەم لە گەنم و روو لە باخی قەراخ ئاوایی دەکەم تا لەوێ کۆترەکان تێرکەم. کۆترەکان! ئا کۆترەکان. کە پەڵەهەورەکە ون بوو، ئەوان دەبن بە هەڤاڵم. پەڵە هەورەکە لە ناو هەورەکانی تردا ون دەبێ، تا ساڵێکی تر. ئەوسا کۆترەکان مەودایەک بەرزتر بە سەرسەرمەوە دەفڕن و لە کاتێکدا بە ناو دەشت و دۆڵەکاندا پیاسە دەکەین، سەری قسە دەکەینەوە و باسی دونیا و بنیادەمەکان و خەونەکان دەکەین. تەنانەت خەونەکانی ئەوانیش،... ئەوەی وا بۆچی ئەوەندە حەزیان بە فڕینە.

تەنیا شوێنێکی ئەم ئاواییە هێشتا من بە تەواوی و بە جوانی ڕێم تێی نەکەوتووە، قەبرستانە. لێرەوە لە ناو گوندەوە جوان دەبینرێ. کێلەکان لە بەر تیشکی خۆردا دەبریقێنەوە، جاری وایشە لە ناو هالاوی گەرمای نیوەڕۆدا ون دەبن. گۆڕستانەکە نێوەڕۆیان ئەوەندە گەرم دەبێ، کە هەست دەکەم مردووەکان بێ ئۆقرە دەبن. من هێشتا ڕێم نەکەوتووەتە ئەوێ، قەتیش حەز ناکەم ڕێم تێی کەوێ. ڕۆژێک دێ کە بە یەکجاری و بۆ هەمیشە بچیتە ئەوێ و ئیتر گەڕانەوەیەک نەبێ. ئەم بیرە هەم دەمهێنێتە پێکەنین و هەم لە بیرێکی قووڵم ڕۆدەکا. باوەگەورە دەیگوت قەت

راستەوخۆ بیر لە مەرگ مەکەوە. بیری مەرگ با لە پشتەوە بێت، یاخود لە ژێرەوە. ئەوکات دەبینی کە تامی بیرکردنەوە جۆرێکی ترە،... قووڵترە، یەکەمجار قووڵتر.
من هێشتا تەمەنم یەکجار کەمە. حەز ناکەم زۆر بچمە ناو ئەم باسەوە، بەڵام جاری وایە دێت، بۆخۆی دێت. وەک ئاهەنگێکە لە دەروونەوە هەڵدەقوڵێ و بەرەبەرە داگیرت دەکا. نەرم نەرم داگیرت دەکا و دەتخاتە سەمایەکی بێ کۆتاییەوە. لە گەڵ خۆت و لە گەڵ هەموو بوون.
گۆڕستانەکە لە سەر رێگای مەزرا دوورە. بە ئەنقەست دوورە. دەبێ دووریش بێت! بەڵام نابێ لە چاویش ون بێت. ئەوەندەی کە نیگا بیگاتێ و نەیگاتێ. رێک وەک خودی مەرگ. وەک رۆژئاوا. من نازانم مەڕ و بزن و کەرەکان چۆن لەم گۆڕستانە دەڕوانن، بەڵام لای من کەرەکان شێوەی نیگا و راوەستان و رۆیشتنیان زۆرتر فەلسەفیانە دەنوێنێ. رەنگە لەبەر ئەوەی کەمتر بە کۆ دەڕۆن. یان رەنگە لەبەر ئەوەی درەنگتر وەڵام دەدەنەوە. مەڕ و بزنەکان ئەوەندە لە ناو یەکتردان و سەریان بە جەستەی یەکترەوەیە کە نازانی بیر لە چی دەکەنەوە. نازانی چۆن دەڕوانن. تەنیا دایەکیان لە پێشەوە دەڕوانێ و ئەوانی تر بە شوێنیەوەن. بەڵام کەرەکان نا. ئاە کەرە فەیلەسووفەکان! ئەسڵەن سەری کەر خوا بۆ فەلسەفە دروستی کردووە.
من کە یەکەم جار کتێبی فەلسەفیم خوێندەوە، سێ رۆژ لە ماڵ نەهاتمە دەر. تەمەنم شازدە ساڵ بوو. دەمخوێندەوەو یادداشتم هەڵدەگرت و بیرم دەکردەوە و ئەوسا بیرە کتوپڕییەکانی خۆم دەنووسییەوە. دووای سێ رۆژ کە هاتمە حەوشە، بینیم رۆژێکی بەهاری خۆشە و باغەکەمان بە گوڵ و شکۆفە و خونچەکانییەوە وەها دەڕەنگانەوە کە ئەقڵ هەڵینەدەگرت. من ئەو رۆژە هەستم کرد دونیام بە هەموو ماناکانییەوە دۆزیوەتەوە. کەشفێکی گەورە! بەهارێک لە دەرەوە و بەهارێکی کەشف لە دەروونی مندا. لە سەر پێ پلیکانەکان دانیشتم و سەرم بە نەردەکانەوە نا و لە باوک و دایکمم روانی کە لەو سەری حەشەکە لە ناو باغی دارسێو و دارقەیسییەکاندا خەریکی کار بوون. لەو رۆژەوە لە نێوان فەلسەفە و دار سێو و دار قەیسییەکاندا پەیوەندییەکی سەیر درووست بوو. بە تایبەت دارقەیسیدا. رەنگی زەرد زیاتر لە فەلسەفە نزیک بوو. من کە تا ئەو رۆژە زەرنەقووتەکانم دەکوشت، ئەمجارە بە بینینەوەیان لە حەوشێ هەڵمدەگرتنەوەو بە شوێن هێلانەکانیاندا دەگەڕام. لەو

ڕۆژەوە زمانی گفتوگۆی من لە گەڵ چۆلەکەکان کرایەوە. دادەنیشتین و پێکەوە باسی فەلسەفیمان لە سەر فڕین، لە سەر ئاسمان و پەیوەندیی نێوان فڕین و ڕۆژئاوامان دەکرد. فەلسەفە منی فێری زمان چۆلەکە کرد.
سەیری کەرەکان دەکەمەوە، سەیری ئەو بوونەوەرە فەلسەفیانەی کە قەت دەرفەتی دەربڕینی وشە و بیری خۆیان نەبووە. ئەو ڕێگا دووپاتکراوەی، ئەوانی کرد بە فیلسووف و کەچی هەر ئەو ڕێگایەیش مراندنی! من گەر لە جیاتی ئەوان بامایە، بیریشم لە کەلێکی تر و لە دۆڵێکی تر دەکردەوە. تا چاو کار دەکا زنجیرەی شاخەکانە و ئەو لاپاڵانەی کە سێبەری کێوەکان ونیان دەکەن. باوەگەورە زۆر حەزی بەم دیمەنە بوو. دەیگوت: "هەم دەتجوڵێنێ و هەم ڕاتدەگرێ! دەیگوت کە جوڵاندتی، ئیتر بۆ هەمیشە جوڵاوی و، گەر ڕاشتگرێ ئەوا ئیتر بۆ هەمیشە ڕایگرتووی!" هەمووی ئەمانە پێکەون و پێکەوەش نین.
ڕۆژێک بڕیار دەدەم بە بیانوویەک خۆم دوواخەم و لە سەر کەلەکە بمێنمەوە بۆ ئەوەی لە دوواوە و لە دوورەوە ئەو کاروانەی ببینم کە هەموو ڕۆژێک ڕێم لە گەڵا دەکرد. دەمێنمەوە. ئەوسا کاروانەکە دەبینم کە دادەگەڕێ و بەرەبەرە لە قووڵکەیەکدا ون دەبێ. بە ون بوونیان وەها دونیا و سروشت، کپ و بێدەنگ و چۆڵ دەبن کە لەو سەرە هەست دەکەم یەکەمین و تەنیاترین بوونەوەری گشت جیهانم. ئەزموونێک کە ساڵانی دوواتریش زۆر جار حەزم بە دووپاتکردنەوەی دەکرد، چ لە سەر سنوورەکان و چ لەو شارانەی بە تەنیایی لە هۆتێلەکانیاندا دەمامەوە.

## فڕین (سەفەری پێنجەم)

هۆتێلەکان جێ دێڵم. گەجەگوندییە دووپشکاوییەکان جێ دێڵم. باوەڕناکەم. باوەڕناکەم لە ناو فڕۆکەکەدام و خەریکە دەفڕم. چەند سالێک بە سەر سالی پەڕینەوەی سەر چۆمەکەدا تێپەڕیوە. چەند سال؟ نازانم. کە فڕۆکەکە دەورهەڵدەگرێ و لە زەوی جیادەبێتەوە، هەستی باڵندەبوون سەرتاپای جەستەم دەگرێتە خۆ. وزەیەکی سەیر کە جەستەم لە کێشی خۆی رزگار دەکا. قورسایی نامێنێ. وەک کۆترەکان خەریکە لە ناو تەمی رۆژئاوادا ون دەبم. گەر دەرفەت هەبێ و لەم پەنجەرە بچووکەوە بڕوانمە دەرەوە، بێگومان کۆترەکان دەبینمەوە. وەڕەزییان دەکەم. ئەوان دەبێ لە شوێنێک لەم دەورووبەرە بن! وەها هەستێکی خۆش دامدەگرێ کە بێ ئیرادە ماچ بۆ هەورەکان بەڕێ دەکەم. رەنگە، پەڵە هەورەکەی منیش، پەڵەهەورەکەی سەر باخی قەیسییەکە لێرە بێت. دەمزانی پێش ئەوەی لە من دەرکەوێ، لە گەڵ ئەوان، لە گەڵ کۆترەکان بووە. هەوڵ دەدەم خۆم فێری ژماردنەوەی سالەکان بکەمەوە. وەک سالانی زوو. لێرە، لەم بەرزاییە

باوەڕنەکراوە دەبێ سەرلەنوێ ژمارەکان بدۆزمەوە. بیری ئەو فیلسووفە دەکەومەوە کە وتی ژمارەکان بنەمای بوونن. بڕوایەکی بە هێز دامدەگرێ. ژمارەکان نەک تەنیا بنەمای بوون، بەڵکوو بنەمای نەبوونیشن. بۆ وێنە ژمارەی سفر. "هیچ" ێک کە لە گەڵ ژمارەکانی تر دەبێ بە بوون. دەگەڕێمەوە سەر ژمارەکان،... بەڵام خۆ بەدەستەوە نادەن. رقم هەڵدەستێ. ئیدی نابێ لێرە خۆبەدەستەوە نەدەن! رەنگە وا باشتر بێت لە ئیستاوە دەست پێبکەم. گرنگ نییە چەند گوزەراوە، گرنگ دەستپێکردنەوەیە. کەواتە ساڵی یەکەم دەبێ بە ساڵی فڕین. قەت باوەڕم نەدەکرد رۆژێک وەک کۆترەکان بێمە ئەو شوێنانەی کە تەنیا چاوەکانم دەیانگەیشتنێ. دڵنیام کە ئیتر لە مێژە لە چاوەکانی باوەگەورە و لە پەنجەرەی ژوورەکەی ون بووم. ئەوەندە ون، گەر باوەگەورە دەستیشی بکاتە سێبەری چاوەکانی، هێشتا ناتوانێ بمبینێتەوە. تەنانەت لە وێنەکەیشیدا. دەست دەبەم بۆ گیرفانم. وێنەکە لەوێدایە، بەڵام حەز ناکەم دەریبێنم. خێرایی رۆیشتنی من ئیستا زۆر زیاترە لە خێرایی بینینی چاوەکانی ئەو. رقم لە خۆمە. بەڵێن نەبوو ئەوەندە خێرا سەفەر بکەم. ئەوەندە خێرا کە بۆ هەمیشە لە چاوەکانی ون بم. بیر لە دووپشکەکان دەکەمەوە. دڵم تەنگە بۆیان! رقم لە بیڕوحمی و دڵڕەقی خۆمە. باشە چۆن دڵم دەهات گەمەیان پێبکەم؟ ئیستا ئەوان لە ژوورەکەدا ماونەتەوە. ئەو ژوورە ئەبەدییە. هەستی بەخیلی دامدەگرێ. دەڵێن دووپشکە تەنیا لە گەڵ رەشەبا دەفڕێ. ئەوەی کە ئەوانیش دەتوانن بفڕن، من خەمگین دەکا. ئەوان لەم دواییانەدا یەکجار خوویان بە من گرتبوو. وەک بڵێی دەیانزانی دەمەوێ بفڕم. رەنگە ئەوانیش حەزیان دەکرد کە بۆ یەکەم جار، یان وەک یەکەم دووپشکەکان لەم شارەدا بفڕن، بەڵام نە لە گەڵ رەشەبا. لە گەڵ من. رەشەبا دیار نییە بەرەو کوێ دەتبا. دیسان خۆم ئاوێتەی ژماردنی ساڵەکان دەکەمەوە. رێک وەک ئەو رۆژەی ناو ماشینە سوورەکەی باوکم. رۆژی بارانەکە. ئەو رۆژە، بەرەوپێش سالەکانم لێ ون بوو و ئیستا بەرە دووا. ئەو رۆژە لە ژێر هەورەکاندا و لە بەر باراندا و ئەمڕۆ لە سەر هەورەکانەوە و بەرزتر لە باران. رەنگە ئاسمانی بەرین یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی باشتر ساڵەکان لە جێی خۆیان دابنێم. باوەگەورە کە سەری ساڵ دەهات، دەرگای ژوورەکەی یەک حەفتە لە سەر خۆی دادەخست. کەس نازانێ بۆ و کەسیش نەیدەزانی چی دەکرد و خەریکی چی بوو. تەنیا نەنکم بوو کە دەیتوانی ئاودیوی دەرگاکەی بێت. ئەویش تەنیا بۆ ئەوەی نان و ئاوی بۆ ببا.

تەنانەت پەردەی ژوورەکانیشی دادەدایەوە. ژوورێکی تەواو داخراو بە هەر چواردەوردا. دەڵێن لەو حەفتەیەدا یەغانە جادووییەکەی دەکردەوەو هەرچی تیابوو دەریدەهێنا و بە پەڕۆیەک خاوێنی دەکردنەوەو دوواتر دەیخستنەوە سەر جێی خۆی. من قەت نەمزانی ئەو یەغانە چی تیابوو. تەنانەت باقی خێزانیش. بەڵام یەک مانگ دووای ئەو یەک هەفتەیە، ژوورەکەی باوەگەورە بۆنێکی سەیر دایدەگرت. بۆنێک وەک لێک ئاڵانی ساڵی کۆن و ساڵی نوێ. بۆنێک وەک ئەو نیگایانەی کە دووای یەک ساڵ سەرلەنوێ دەرفەتی بینینەوەی دونیایان پێدەدرایەوە. بۆنێک وەک رۆژئاوا. کلیلی یەغانەکە، کە کلیلێکی قەدیمی و کۆن بوو، وەها مەحکەم و رەق بوو کە کەس مەترسیی ئەوەی نەدەکرد بۆ جارێکیش بێت دەستێکی لێبدا. قوفڵەکە وەک دەڵێن لە مەککە و مەدینەوە بۆ باوەگەورەیان هێنابوو. ئەو بۆ خۆی لە حاجییەکی برادەری داواکردبوو. ئەویش بە دڵ سەخاوەتییەوە بۆی هێنابوو. قوفڵەکە لە رێگادا ئەوەندە قورس دەبێ کە حاجییەکە ناچاردەبێ حەماڵێکی بۆ بگرێ. بەڵام باوەگەورە نە تەنیا حەماڵی بۆ ناگرێ، بەڵکوو لە بەر چاوی حەپەساوی حاجیی برادەریدا وەک دوو تمەنییەک هەڵیدەگرێ و دووای سوپاس دەیخاتە گیرفانییەوە و بەرەو ماڵەوە وەرێدەکەوێ. ئەو رۆژە یەکێک لەو رۆژانە بوو باوەگەورە لە ژیاندا هەستی بە متمانەیەکی یەکجار گەورە کرد.

باوەگەورە پارەی نەبوو یان باوەڕی بەوە نەبوو کە بچێ بۆ حەج، نازانم. ئەها، ئیستا دەزانم بۆ،... لە ترسی سەفەر! دەیگوت کە گەورە زۆر سەفەری کرد، کە زۆر لە شوینانی تر مایەوە، ئیتر بەرەبەرە هەموو خێزان لەیەک دەترازێ. دەیگوت لە خۆوە نیە کە حەجکردن لە دیندا فەرزنیە. خوا بەمەی زانیوە و بۆیە وەها حوکمێکی لەسەرداوە. من لەم کاتانەدا هەوڵم دەدا ئەو رازە بدۆزمەوە کە داخۆ باوەگەورە چەند جار لە رۆژدا دەچێ بۆ چایخانە،... ئەوەی کە ئەسڵەن دەچوو یان نا.

نازانم لەو خوارە لە سەر زەوی چەندین کەسی وەک منی چەندین ساڵ لەوە پێش هەن کە لە شوێنێک لە سەر سنوورەکان دانیشتوون و خەریکن سەیری تەیارەکان دەکەن. من نازانم ئەوان کۆڵی نەفرەت لە رابردوویان بە کۆڵەوەیە یان لە ئەشقی رابردوو خەریکن دەپەڕێنەوە،... من نازانم، بەڵام گەر دەستم بیانگاتێ بۆ ئەوەی بێ تاقەت نەبن، حەتمەن دووپشکەکانیان بۆ بەجێ دێڵم. من ئەوانم تەنیا بە جێ هێشت.

لە ژوورەکە، دەزووەکانم لە قاچەکانیان کردەوەو دووای ئەوەی بەڕەڵام کردن، دەرگاکەم داخست و رۆیشتم. ئەوان کتوپڕ هەموویان لە پشت دەرگاکە کۆبوونەوە. بە دەیان و بە سەدان. زەرد و رەشی قەترانی. یەکیان هاتە پێشەوە، بە چزووەکەی ئاماژەی بە درگاکەی رووبەروو دا و گوتی ئێمە زۆر رقمان لەو بۆنەیە. من کە هیچ کاتێک لووتی دووپشکەکانم نەبینیبوو، بیرم لە لووتیان کردەوە. ئەوسا گوتم منیش سەرەتا رقم لە ئێوە بوو! نازانم سوپاسی خانووی ناو کۆڵانەکە بکەم یان دووپاتبوونەوەی سنوورەکان کە منیان فێرکرد ئیتر رقم لە دووپشکەکان نەبێ.
نازانم ئەم فڕینەی من لە کۆتاییدا دەگاتەوە سەر عەرز یان نا. هەر بیریشی لێناکەمەوە. بۆم گرینگ نیە. رەنگە منیش وەک کۆترەکان بۆ هەمیشە لە فڕینەکەدا ون بم. پێکەنینم دێت،... ئەوان تەنیا لە ئێمە، لە من و باوەگەورە ون بوون. نە لە خۆیان و نە لە رۆژئاوا و نە لە فڕین قەت ون نەبوون. چەند من و باوەگەورە لە خۆڕازین! ئەوەندە لەخۆڕازین، کە ئامادەین پەنجەرەکەی خۆمان و رۆژئاوای شارەکەی خۆمان بکەین بە دووا سنوور،... بەو شوێنەی نەبوون لەوێوە دەست پێدەکا،... بەو شوێنەی کە پێمان وایە هەمیشە وڵاتی غەریبین. لادەکەمەوە. ئا، دەبێ بگەڕێمەوە. قسەیەکی گرینگم پێیە کە دەبێ بە باوەگەورەی بڵێم! کاکی فڕۆکەوان زەحمەت نەبێ رایگرە! هەڵدەستم... بەوە نیە، رەنگە باوەگەورە لەوێ لە دوواوە لە شوێنێک دانیشتبێ. لەوێ لەناو ریزەکانی پشتەوەدا. رەنگە وەک رۆژی سەفەری سێهەم لە گەڵما بێت. بەرەو دوواوەی فڕۆکەکە بەڕێدەکەوم. بە موسافیرەکاندا چاو دەگێڕم. لەو شوێنەی من پێم وابوو دەبێ ئەوی لێ دانیشتبێ، خانمێکی چاویلکە رەشی لێیە کە پەردەی پلاستیکیی پەنجەرە بچووکەکەی داداوەتەوەو بە دەم بنیشت جاوینەوە، گووشی لە گوێ، گوێ لە مۆسیقا دەگرێ. بزەیەکی ئەوەندە خوار لە سەر لێوەکانیەتی، کە من هەست دەکەم بۆ هەمیشە بێزم لە هەرچی بزەی دونیایە دێتەوە.
ئەو ساڵانەی من لە کۆڵانی دەرگاگەورەکە خەریکی کایەکردن لە گەڵ دووپشکەکان بووم، مۆسیقام لە بیر چووبووەوە. گوناحی دەرگاگەورەکە بوو یان دووپشکەکان، نازانم. رەنگە گوناحی ئەو شەوە درەنگانە بوو کە بە تەنیا، نیوەشەو، لە کاتێکدا "با" کاغەزە بابڕدەڵەکانی لە گەڵ خۆی لە کەنارە تاریکەکاندا ون دەکرد، من لە تاکسییە زەردەکە دابەزیم و بۆ یەکەم جار لەو وڵاتە پرسیاری یەکەم هۆتێلم کرد. جادەیەک تا چاو بڕی دەکرد تەنیا جادە و شەو بوو. ئەوجار ئەو پیاوە مەستەی کە

کەس نازانێ لە کوێوە و چۆن دەرکەوت. من کەمێک راوەستام. دەستم بۆ لەتە کاغەزێک برد و هەڵم گرت. وشە سەیرەکان. سەرم بەرزکردەوەو لە بینا بەرزەکانم رووانی. لەو سەرە نەفەرێک جگەرەی دەکێشا. خوا؟ نازانم. رەنگە ئەوە لەوێ لەو بەرزاییە راوەستاوەو سەیردەکا و دەیەوێ بزانێ سەرئەنجام من چم لێدێت، چم لێ بەسەردێت. رەنگە ئەم کاغەزانەش ئایەتەکانی ئەو بن بۆ منی رەسووڵ! منی نەخوێندەوار! بەڵام یان من درەنگ گەیشتووم، یان خوا پەلەیەتی. ئەو هەموو ئایەتە نێردراوە بەو شەوە درەنگانە قەت بە من کۆناکرێنەوە. رەنگە ئەو پیاوە مەستە بتوانێ یارمەتیم بدات. سەیری دەکەم، بەڵام تازە دوورکەوتووەتەوە، ئەوەندە دوور کە تەنیا سێبەرەکەی لەتردەدا. خوایە گیان ئەمشەو لێم گەڕێ! من لە مێژە تاقەتی ئەوەم نەماوە چیدی پەیامبەر بم. من لە مێژە تاقەتی ئەو جاڵجاڵۆکانەم نەماوە کە من لە دوژمنم ون دەکەن. من بیتاقەتی دوژمنەکەمم. حەزم بە بینینیەتی، حەزم لە گڕی نیگایەتی. سەر بەرزدەکەمەوە. خوا گیان لەوێ نەماوە. لەو جادەیەدا تەنیا من ماوم لە گەڵ ئەو تاکسییانەی لە تاو مشتەری تازە تا دەتوانن بە خێرایی لێدەخوڕن. ئایەتەکان بە بای ئەوان ئەوەندەی دی پرژ و بڵاودەبن. من ئەوەندەی تر رقم لە خۆم هەڵدەستێ و بێزم لە خۆم دەبێتەوە. ئێرەیش وەک ئەوێ! وەڕێ دەکەوم. تاکسییەکە وادیارە زووتر لەوەی کە دەبوو منی دابەزاندووە. دەبێ تا ئەوسەری شەقامەکە بڕۆم. سەیرە ناو جەرگەی شارە و کەچی شەقام ئەوەندە تاریکە. رەنگە خوا لەبەر ئەوە وای کردووە تا ئاگری جگەرەکەی جوانتر ببینرێ. منیش بینیم. چەند حەزم لێیە بگەمە هۆتێلەکە. من لە چۆمەکەوە جل و بەرگەکانم نەشۆردووە. بۆنی چۆمم لێدێت. بۆنی لیتە و قوڕاو نیگاکانی مەرگ. خۆم و جل و بەرگەکانم دەشۆرم. دەخەوم. سبەی سەعاتی چواری نیوەڕۆ خەبەرم دەبێتەوە. لە دەرەوە دەنگەکان ئەوەندە خۆشن کە بۆ لەحزەیەک هەست دەکەم لەو شەقامەم وا پەنجەرەکەی باوەگەورە بەسەریا دەڕوانێ. دەنگی خەڵک و دەستفرۆش و بۆنی عەسرانی شار. لە ناو جێگاکەدا سوپاسی خواکەی دوێ شەو دەکەم. بێگومان قونچکی جگەرەکەی ئەو ئیستا لەوی لە سەر جادەکە کەوتووە. منیش جگەرەیەک دادەگیرسێنم و دووکەڵەکەی بە ئاسمانی ژوورەکەدا بڵاودەکەمەوە.

بەرەبەرە گوێم بە دەنگی فڕۆکەکە کپ دەبێ. شەویلکەکانم دەکێشم بۆ ئەوەی گوێیەکانم رەهاکەم. هەڵیاندەسووڕێنم. یارمەتی نادا. من هەمیشە یەکجار رقم لە

گوێ کپ بوون بووە. هەمیشەیش ئەوەندە شەویلکەکانم هەڵدەسووڕاند تا لێی رزگارم بێت. ئەمجارە ناکرێ. لە بەر ئەوەی تەنیشتم ناکرێ. بۆیە هەروا بە گوێی کپەوە سەیری دووردەستەکان دەکەم.
سەفەری ئەم جارە جیاوازە. بە چەند سەعات چەندین وڵات دەبڕی. بە چەند سەعات چەندین وڵات؟ ئەم رستەی دەمهەژێنێ. بیرێکی کتوپڕی و نەخوازراو کە دامدەچڵەکێنێ. چەندین وڵات لە چەند سەعاتدا. باوەڕناکەم. من ئەمە لە مێژە دەزانم، بەڵام زانینی ئەمجارە جیاوازە. دەست دەخەمە سەر دەسکەکان و سەیری سەقفە نزمەکەی سەر سەری خۆم دەکەم و هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشم. سوپاسی بۆ خێرایی. سوپاس،... سوپاس! لێرەوە لەم بەرزاییەوە هیچ سنوورێک دیار نیە، دونیا تەنیا خاکە و ئاوەو بەس. ئەی هێڵەکان لە کوێن؟ گەر باوەگەورە ئەمەی دیبا چی دەگووت؟ هەست دەکەم پەنجەرەی ژوورەکەی یەکجار بچووکە بۆ ئەم سەفەرە و بۆ دیتنی ئەم روانگەیە. چەند رووداوێکی سەیر! دەست لە گیرفانم دەردێنم و چیدی حەز ناکەم دەست لە وێنەکەی بدەم. بێگومان گەر گەیشتم، دەیخەمە ئەو جانتایەوە کە ساڵی یەکجار دەیکەمەوە. رەنگە ئەسڵەن وەک خۆی یەغانێک بکرم. یەغانێکی قەدیمی بە وێنەی وایکینگەکانەوە. ئەوانەی لە هیچ شتێک نەدەترسان. ئەوانەی هەموو ژیانیان بۆ سەفەر بوو. سەفەر بە شمشێرەکانەوە. کە بیر لەو رۆح و ئەو حاڵ و هەوایەی دەکەمەوە کە لە کاتی پەڕینەوە لە سنووری یەکەم و سنووری دووهەم (چۆمەکە) بە سەرمدا زاڵ بوون، هەستێکی بێزاری لە خۆم دامدەگرێ. ئەوەندەش نوقم بوون! ئاە کە من چەند لاوازم! بۆ لە کاتی پەرینەوە لە سنووری یەکەم خێراتر هەنگاوم هەڵنەدەهێنا؟ بۆ لە چۆمەکە بە مەلە نەپەڕیمەوە! دێتەوە بیرم کە بە قاچاخچییەکەم وت کە دەتوانم بە مەلە بپەڕمەوە. ئەویش وتی گەر توانیت بە بەلاش دەتگەیەنم! چەند چرکەیەک سەیری ئەو و سەیری لافاوی چۆمەکەم کرد. لە کۆتاییدا وازم هێنا. پەشیمانم. بۆ وازم هێنا؟ بۆ قسەکەی خۆم نەبردە سەر؟ لە جێی خۆم حەجمینم نیە. ئاو بیبردمایە و نەیبردمایە، چ دەبوو؟ دەست بۆ سەرسینگم دەبەم. رێک سەر دڵم. زۆر جار و لەو کاتانەیدا کە پێویست بووە، بە گوێرەی نیاز لێی نەداوە. زۆر بەهێزنەبووە. گوناحی باوەگەورەیە؟ بە خۆی و بە پەنجەرەکەی و بە رۆژئاواکەی و بە یەغان و گوڵەکانییەوە. سەیری دەرەوە دەکەمەوە. زەوی ئەوەندە بچووک دێتە بەرچاوم کە پێکەنینم بە سنوورەکان دێت. پێکەنینم بە هەموو

مرۆڤەکان دێت. چ دەبێ لێرەوە تەنیا "پاککون" هەڵڕێژیتە خوارەوە. ئەوەندە کە بتوانی هەموو سنوورەکانی پێ بسڕیتەوە. ئەوەی کە هەر بەم تەیارە دەتوانم لە چەند سەعاتدا بگەمەوە و بگەڕێمەوە هەموو ئەو شوێنانەی وا ئەوەندە بە زەحمەت و بە درێژایی سالآنی ساڵ توانیم بیانبرم و لێیان تێپەڕم، تەواو بێ ئۆقرەم دەکا. شتێک، شتێکی یەکجار گرنگ لە ژیانی رابردووی من دا هەڵە بووە. چی؟ نازانم. گەر گەیشتمە ئەوێندەر، بێگومان دەبێ دانیشم و بە وردی بیر لەم مەسەلەیە بکەمەوە. بە بیانووی میزکردن هەڵدەستم و دەچمە پێش فڕۆکەکە. لەوی رادوەستم و سەیری موسافیرەکان دەکەم. جگە لە یەک دووانێک کەس سەیری من ناکا. چەند سیماکان ئاساپین. دەبێ ئاساییش بن! ئەوانەی وا رەحەت و ئاسان دەتوانن لە هەموو سنوورەکان بە بێ هیچ دڵەخورپە و وێنەیەک لە گیرفاندا بپەڕنەوە. دەچمە ناو ئاودەستەکە. لە ئاوێنەکەدا لە خۆم دەڕوانم. لەوەی هێشتا گەنجم، بزەیەک لە سەر خاکی لێوەکانم وەک سنوور دەڕوێ. هێشتا دەرفەت زۆر ماوە! بێگومان گەر ئەمجارە دووپشکەکان ببینمەوە، جۆرێکی تر یارییان لە گەڵ دەکەم. بە بێ پەت و دەزوو. چزووەکانیان دەردێنم و پێش خۆمیان دەدەم. بۆ هەر شوێنێک دەچن و دەمبەن، با بچن و بمبەن! گرنگ ئەوەیە بە کەسەوە نەدەن، ئەگینا بۆ هەر شوێنێک دەچن با بچن. رێک وەک خەڵکی ناو ئەم فڕۆکەیە. دەرگای ئاودەستەکە دەکەمەوە و دەچمە دەر. سەرهەڵنابڕم. رەنگە ئەوان من وەپیش خۆیان بدەن. منی بێ چزوو. منیش بە خۆشحاڵییەوە وەپێشیان دەکەوم!

**دووهەم سەفەر**

کە یەکەم جار منیان وەپێش خۆیان دا و لەم شارە گواستمیانەوە، تەمەنم بچووک بوو. ئەوەندە بچووک کە لە خۆشیا نەمدەزانی چی بکەم. باوەڕم نەدەکرد. من کە بەرەبەرە وێنەکانی سەفەری یەکەم پاشەکشەیان کردبووە ناو ژووری تاریکی بیرەوەرییەکانم، کتوپڕ هەموو وێنەکان وەها گەڕانەوە ناو ژوورەکەی پێشەوە، کە بۆ جارێکی تر خەمێکی قورس دایگرتم. ئەو خەمەی باوەگەورە زۆر هەوڵی دا پێم لە بیر کا. حەزی سواری سەیارە بوون و بەخیلیی منداڵانی گەڕەک لە بابەت ئەوەی کە ئێمە بەرەو شارەکانی تر دەڕۆین، هۆشی لێ بڕیبووم. شەوی ئاخر خەوم لێنەدەکەوت. لە یەک مانگ لەوە پێشەوە سەیری ئەو شاخەم دەکرد کە بەڵێن بوو سەیارەکەمان لەوێوە گوزەربکا. ئەو شاخە ئەوەندە بەرز بوو کە شاری ئێمەی لە نزیکترین شاری دراوسێمان تەواو دابڕیبوو و دووری خستبووەوە. هەروەها هەستێکی غەریب پێی دەگوتم گەر بڕۆم ئیتر دەبم بە یەکێک لە گەورەکانی ماڵ! هەر لەو شەوەیشەوە بووبووم. مام و پوور و گەورەکانی دی وەک جاران فرمانیان نەدەدامێ و بەسەرمدا نەیاندەگوڕاند. لە نیگایاندا تیشکێکی غەریب دەبینرا. لە منیان

وەک کەسێکی تر دەڕوانی. کەسێک کە ئیتر وەک کەسەکەی جاران نیە. کەسێک کە ئیتر هی ئەو ماڵە نەبوو. من ئەم نیگایەم دەست بەجێ ناسییەوە و مەستی غەریبایەتی خۆم، تامەزرۆی هەڵاتنی خۆرم بۆ جارێکی تر دەکرد. هەڵاتنی خۆری سبەی ـ سەفەر. ئەو شەوە نیگای باوەگەورەیشم هەر وەک نیگای ئەوانی دیکە دەهاتە بەرچاو، بگرە غەریبتر. ئەو شەوە دانە بە دانەی ئێمەی لە سەر کۆشی خۆی دانا، ماچی کردین و وەک شتێک دوعایشی بە سەردا خوێندین. بەلام پارەی نەداینێ. هەڵبەت منیش چاوەڕوانی پارە نەبووم. ئێمەی منداڵانی گەڕەک لە مێژ بوو بە بێ پارە یاریمان دەکرد. تۆپی لاسیقی و بابۆڵەی ماست و جارجارەیش بابۆڵەی رۆن، جیهانی ئێمە بوو. من لەو شەوەوە فێربووم فرمان بە خوشک و براکانم بدەم. فرمانەکان لەخۆوە هاتن، بە بێ هیچ بیرلێکردنەوەیەک. بە بێ هیچ قەستێک. وشەکان جۆرەیەکی تریان لێهاتبوو. لە بیرم دێت داوای ئاوم کرد، داوای چاییم کرد و لە کاتی خەوتنیشدا داوام کرد سەرینەکەم بۆ بێنن. بە قسەشیان کردم. هەستم کرد بۆ خوشک و براکانم ئەوە گرینگ نەبوو کە کێ فرمانیان دەداتێ، گرنگ لای ئەوان تەنیا خودی فرمانەکان بوون. ئەو فرمانانەی کە هەمیشە هەبوون،... لەوەتەوەی ئەو ماڵەی ئێمە ماڵ بوو. بەڵام لەبیرم دێ کە زۆر زوویش پەشیمان بوومەوە. ئەو شەوە بۆ ئەوەی قەرەبووی فرمانەکانم بکەمەوە، زیاتر لە هەر کاتێکی تر هەوڵم دا بە قسەی گەورەکان بکەم و زیاتر لە هەر کاتێکی تریش بە دەم خوشک و براکانمەوە بم.

رۆژی دوواترم جوان لە بیر نیە. لە بیرم دێت چی منداڵی گەڕەک بوو لە گەڵ دایکەکانیان هاتبوونە دەرەوە. کاتی ماڵئاوایی، دایکەکان لە گەڵ دایکم گریان. منداڵەکانیش ئارام لە گەڵ من لە گەڵ ئێمە ماڵئاواییان کرد. نازانم باوەگەورەم چۆن بوو. هەرچی دەکەم نایەتەوە بیرم. مینی بووسە گازاوڵییەکە لە دوواوە جێگای هەمووومانی کردەوە. کە بە گەردەنە بەرزەکەدا سەرکەوتین، لە بیرم نەبوو کە رۆژێک باوەگەورە باسی ئێرەی بۆ کردبووم. ئەو کاتانەی وا ئە بەم شاخەوە کاروانچییەتی کردبوو و لە شارانی ترەوە شمەکی هێنابوو. هەر لە یەکێک لەم سەفەرانەدا دەبێ کە بە رێکەوت لە گەڵ نەنکم ئاشنا دەبێ و هەر زۆر زوو دواتر دەیخوازێ. داخوازییەک کە هەر بەو خێراییەش بە ئاکام دەگا. باوەگەورەم ئیتر دەستی نەنکم دەگرێ و ئەم دیوی گەردەنەکەی دەکا. نەنکم هەر لە سەرەتای ژیانی

تازەیەوە فێری ئەوە دەبێ کە بەردەوام لە چاوەڕوانیی هاتنەوەی مێردەکەی سەیری ئەم شاخە بە هەیبەتە بکا. شاخەکە لە رۆژئاوای شار هەڵکەوتبوو، هەربۆیە کە رووت تێدەکرد، رووت لە رۆژئاوای شار واتە لە زەردەپەڕی ئێوارانیش دەکرد! ئیتر من زانیم کە نەنکم وەک من حەزی بە رۆژئاوا بووە. حەزێک کە تا مرد وەک حەزێک مایەوە و بەس. رەنگە هەر لەبەر ئەمەش، یەکێک لەوانە بووبێ کە حەزی بە سازکردنی خانووە تازەکە نەبووە. بێگومان باوەگەورەش وەک هەمیشە بە قسەی نەکردووە!

لە ناو مینی بووسەکە ئەوەندە بە دەنگی بەرز قسەم دەکرد کە سەرنجی هەموو موسافیرەکانم بۆ لای خۆم راکێشابوو. هەندێکیان مۆرەیان لێدەکردم و هەندێکیشیان پێدەکەنین. من کە نەمدەزانی چ باسە، لە خەیاڵ و خولیای شوێنی ژیانی تازە تەنیا دەدوام. پێدەکەنیم و زوو زوو لە پەنجەرە قەدەغەکەوە سەرم دەکێشا دەرەوە. پێکەنینەکانم درێژەیان کێشا تا بۆ نانخواردن راوەستاین. منیش وەک ئەو خەڵکە بە پەلە خۆم بە چێشتخانەکەدا کرد. بەڵام کتوپڕ خۆم بە تەنیا بینی. کەسی ئاشنا بە دەورمەوە نەبوو. بە پەلە گەڕامەوە. دیتم باوکم بە شوێنمدا دەگەڕێ و دایکیشم نیگەران، منداڵ لە باوەش چاو دەگێڕێ. زانیم کە ئێمە نان ناخۆین. لە بەر ئەوەی نەڕشێینەوە و خۆمان و ماشینەکە پیس نەکەین نانخواردنمان لێ قەدەغە کرا! من تا مینی بووسەکە وەڕێ کەوتەوە بە دزییەوە خۆم دەگەیاندە پەنجەرەی چێشتخانەکە و سەیری خەڵکم دەکرد. ئەو بۆنەیشم هەڵدەمژی کە تا دەهات گێژتر و مەستتری دەکردم. دانەیەک لە منداڵەکان لە ناو چێشتخانەکەوە لە پشت پەنجەرە پیسەکەوە پێم پێدەکەنی. ساڵانی دواتر کە گەورە بووم و بۆ خۆم دەچووم بۆ سەفەر دەبا حەتمەن لە ناو رێگادا نان بخۆم. ئەسڵەن هەر خواخوام بوو کە ماشینەکە زوو بگاتە چێشتخانەیەک و لابدەین و من بتوانم نانێک بخۆم. کە تێریش دەبووم لە پشت پەنجەرەکە دادەنیشتم و سەیری دونیام دەکرد. سەیری خۆم لەو دیوی ئەو شووشانەوە کە بۆ هەمیشە وێنەی منداڵیی منیان لە خۆیان دا هەڵگرتبوو.

دواتر لە ناو سەیارەکەدا هەتا شاری نوێ، خەوم لێکەوت. خانوویەکی گەورە کە تێیدا جگە لە خاوەن ماڵ، چەندین کرێچی تریش دەژیان، بە سەر تەپۆڵکەیەکەوە چاوەڕوانمان بوو. ئەم خانووە نە بە سەر رۆژهەڵاتدا دەیڕوانی و نە بە سەر رۆژئاوادا. رووەو باکوور بوو. رووەو ئەو شوێنەی کە من ساڵانی دواتر لە

قوتابخانە زانیم ساردترین شوێنی دونیایە. تا سێ ساڵ دوواتر، ئەم دیمەنە بوو بە دیمەنی رووانینی من. لە هیچ سەفەرێکی دیکەشم دا بۆ شارەکەی خۆم قەت باسی ئەمەم بۆ کەس، تەنانەت بۆ باوەگەورەشم نەکرد. لە هەر کوێ بژیت دەبێ ئیدی بە سەر شوێنێکدا بڕوانی، جا هەر شوێنێک بێت. سەرەتا رەنگە بۆت گرینگ بێت، بەڵام دوواتر لە بیرت دەچێتەوە.
پاییزی ئەو ساڵە باران کەم باری. یان رەنگە هەر نەباری. ئێواران، دونیا تەمێک دایدەگرت کە زۆرتر لە خاک و خۆڵی دەکرد. لەم کاتانەدا من رووم لەو پلیکانە بەردینانە دەکرد کە گەڕەکی دەگەیاندە داوێن و لەوێوە بەرەو نزیکترین شەقامی ناو شار. لە سەرەوە لە یەکەم پلەدا کانییەکی لێ بوو کە ژنانی گەڕەک بۆ ئاوهێنان روویان تێدەکرد. لەوێ دادەنیشتم و سەیری ئەوانم دەکرد و گوێم لە خوڕەی ئاوی کانیی سەر دواپلیکانە بەردینەکان دەگرت. کانییەکە، بیری کانییەکی لای خۆمانی دەخستمەوە. لە شاری خۆمان قەت بیرم لە کانی نەکردبووەوە، کەچی لێرە بیرم لێدەکردەوە. پێم سەیر بوو. دەهاتەوە بیرم کە باوەگەورە حەزی بە دەستنوێژ گرتنی سەر کانی بوو. هەر لە بەر ئەمە بە ئەنقەست شلینگێکی لە شێرەئاوەکە دابوو و لە سەر ئەم شلینگە دەستنوێژی دەگرت. ئاوی دەستنوێژەکە دوواتر دەڕژایە ناو باخە گچکەکەوە. پێی وابوو کە ئەمە بە پیت و بەرەکەتترین  ئاوی دونیایە. شتێک وەک ئاوی زەمزەم. کە بیری لەمە دەکردەوە، بزەیەک دەنیشتە سەر لێوە تەنک و قەدیمییەکانی. ئەو لێوانەی وا ئەوەندە بەردە نوێژەکەیان ماچ کردبوو، رەنگی بەردیان گرتبوو. رەنگێکی بەردین ـ نوێژەیی.
ساڵانی دوواتر بوو زانیم باوەگەورە حەزی بەم سەفەرە نەبووە. بە چەندین شەو لە گەڵ کوڕەکەی لە سەر ئەمە بە توندی قسەی کردبوو و دەنگی لێهەڵبڕیبوو، بەڵام سەرئەنجام ملی دابوو. وتبووی منداڵەکانت بە خاکی غەریبی رادەهێنە. چونکە گەر رابێن ئیتر گیرنابن، هەر کاتێک بێت دیسان دەڕۆنەوە. وتبووی فێری بێتاقەتی دەبن، فێر دەبن کە زۆر زوو بیر لە رابردوو بکەنەوە. وتبووی ئەوان هێشتا زۆر گەنجن بۆ ئەوەی بیر لە رابردوو بکەنەوە. باوکم جوان گوێی لەم قسانە گرتبوو. هیچ وەڵامێکی بۆ ئەم قسانە پی نەبوو. تەنیا ئەوەی نەبێ ئاهێکی هەڵکێشابوو. لەو ئاهانەی کە نازانی هی پەشیمانییە یان هی ئەوەی کە مرۆڤ سەرئەنجام ناچارە مل بداتە چارەنووسی.

چوار ساڵ دووای ئەم یەکەم کۆچە کە بۆ شارەکەی خۆمان گەڕابووینەوە و ئیتر وەک جاران بۆ ٣ ساڵی تر لەو خانووە قەدیمییەدا ژیاین، رۆژێکی پاییزی کلیلی ماشینەکەی باوکمم هەڵگرت و چوومە دەرەوە. سەیارەکە لە جۆری پەیکانی باری (پیکاپ) بوو کە تەنیا جێگای دوو کەسی لە پێشەوە هەبوو،... خاوەن رەنگێکی سوور کە لە دووایشەوە ژوورێکی بۆ کرابوو. ژوورێکی ئاسنین. دەرگای ژوورەکەم کردەوە و ئارام چووم دانیشتم. بارانێکی یەکجار خۆش دەباری، بارانێکی پاییزیی ساڵەکانی پەنجا. ئەو ساڵانەی هێشتا بەفر و باران نەبووبوون بە خەفەت. کۆڵان چۆڵ چۆڵ بوو. دەنگی باران لە سەر سەیارەکە ژوورەکەی پڕکردبوو، بەڵام نە تەنیا بەم دەنگە وردە بەردەوامانە قەلس نەبووم، بگرە لەو هەرایەدا هەستم بە ریتمێک دەکرد کە تەواو سەرنجی راکێشابووم. وەها دانیشتم کە ئەم سەراوسەری کۆڵانەکەم لێ دیار بی. دەنگ، تەنیا دەنگی باران. چەند جار ئەم سەراوسەری کۆڵانەکەم بەسەر کردەوە. کتوپڕ لە ناو هەرای باران و چۆڵیی کۆڵان دا هەستم بە "کات" کرد کە لەو سەری کۆڵانەوە دەرکەوت. جەستەیەک بێڕەنگ وەک ئاو. جەستە ئاو رەنگەکە لەو شوێنانەیدا کە جەستەی وەبەر باران دەکەوت، دەبوو بە بەشێک لە باران و ون دەبوو. چەند سەیر بوو، بوونێک لە نێوان باران و نەباران بووندا. جار جارە وەک خۆی و جار جارە وەک باران. پێم وابێ لە باران وەڕەز بوو کە بڕیاری دا بێت لە ژووری پشت سەیارەکە لە لای من دانیشێت. تا دەرگاکەی نەکردەوە، منی نەبینی. بەڵام بینینی منیش سەرسامی نەکرد. ئەو پێی وابوو مرۆڤەکان بە پێچەوانەی بوونەوەرەکانی تر دەتوانن لە هەموو شوێنێک هەبن. تەنانەت لە ناو سەیارەدا لە ژێر بارانی پاییزیی یەکێک لە کۆڵانە چۆڵ و تەنیاکانی ساڵێکی غەریبدا. ئەگەرچی چاوی نەبوو، بەڵام من چاویم دەبینی. چاوی ئەو تەنیا لە دیتن دا دەبینرا. کە سەیرت دەکرد چاوەکانی لەوێ بوون، کە سەیرت نەدەکردن، ون دەبوون. ئەو بۆخۆیشی ئەمەی دەزانی، هەربۆیە دەیگوت لەبەر ئەمەیە کە مرۆڤەکان جاری وایە واق وڕماو بێ هۆ کتوپڕ لە شوێنێک دەڕوانن. دەیگوت هەڵبەت ئێوە پێتان وایە کە ئەو بێ هۆ لە شوێنێک دەڕوانێ، لە کاتێکدا ئەمە بێ هۆ نیە،... ئەو مرۆڤانە لەم کاتانەدا لە من دەڕوانن! ئەو رۆژە تا باران تەواو بوو "کات" لەوێ لام دانیشت. لەو ماوەیەی لەوێ بوو من بیرم لە ساڵانی داهاتوو کردەوە. ساڵەکانی پەنجاو نۆ، شەست، شەست و یەک، شەست و دو، کە

گەیشتمە ئێرە ساڵەکان ئەوەندە لەبەر چاومدا زۆر بوون کە هەناسەم سوار بوو و نەمتوانی درێژە بە ژماردنیان بدەم. لە بەر خۆمەوە گووتم هەیهۆ تا ئەو کاتانە. ئیستا کە ساڵی نەوەدە، من بەو رۆژەی ناو سەیارەکە پێکەنینم دێ. نازانم ماشینەکە سەرئەنجام چی لێهات. بەلام لە هەر کوێیەک بێت، بێگومان ئەویش ئەو رۆژەی لە بیر ناچێتەوە!

کاتێک لە سەر کانییەکە دادەنیشتم نەمدەزانی کە چوار ساڵی تر بیر لەم رۆژانە دەکەمەوە. ئەم رۆژانەی کە من یەکجار رقم لێیان بوو، دەبوون بە بەشێکی گرنگ لە بیرەوەرییەکانم. من کە لە ناو مینی بووسەکەدا ئەوەندە خۆشحاڵ بووم نەمدەزانی بۆ چوار ساڵ ئەمە دووا خۆشحاڵیمە. باوەگەورەم قەت سەردانی ئەو شارە و ئێمەی نەکرد. زۆر کەس هاتن بۆ لامان. کە دەهاتن بۆنی جاران و بۆنی ئەوێیان دەهێنا. بەڵام کوا باوەگەورە؟ ئەو ساڵانە لە راستیدا زیاتر حەزم دەکرد کە ئەو بێت. ئەو زۆرتر هی ئەوێ بوو، تا ئەوانی تر! گەر بهاتایە هەموو شتێکی دەکردەوە بە ئەوێ. باوەگەورە دەیتوانی هەستی چوار ساڵ غوربەت کورتتر بکاتەوە، زۆر کورتتر. ئەوەندە کورت کە من ئیتر ئەوەندە لە سەر پلیکانەکانی نزیک کانییەکە دانەنیشم و سەیری شاری راکشاوی بەردەمم نەکەم.

ئەو ساڵانە خاڵێشم هات. کە هات لە حەوشەکە بە شەودا ئاسمانی پڕ ئەستێرەی نیشان دەدام. ئەوەندە باسی ئاسمان و ئەستێرەکانی دەکرد کە من هەستم دەکرد لەوێم. لە ناو بێ ئەژمار ئەستێرەکاندا. جاری وابوو ئەستێرەکان لە ناو شووشەی چاویلکەکانیدا شەوقیان دەدایە. لەوێ جاری وابوو زیاتر دیار بوون تا لە ئاسمان. منیش لەم کاتانەدا زیاتر سەیری ئاسمانی چاویلکەکانم دەکرد. کتوپڕ لە بیرم دێت لە باسی ئەستێرەکان لایدەدا و باسی کچی دراوسێکەیانی دەکرد. لەم بەشەدا من تاقەتم نەدەما. سەرئەنجام من نەمدەزانی کە ئاسمان چ پەیوەندییەکی بە کچی دراوسێکانەوە هەیە. کاتێک ئەمەم زانی کە شەڕ دەستی پێکردبوو و ئیتر زۆر دەرفەتی ئەوە نەما جارێکی تر لە ئاسمانەوە بە شوێن خەونەکانی خاڵم دا بگەڕێم.

بڕوا ناکەم باوەگەورە ئاگای لەم شتانە بووبێت. ئەو قەت نە لە رۆژێکی پاییزیدا لە ناو سەیارەکەدا دانیشت و نە رۆژێک خاڵم باسی ئەستێرەکان و کچی دراوسێکەیانی لە شارێکی غەریب بۆ کردبوو. بەڵام دڵنیا بووم کە باوەگەورە ئەمانەی دەزانی، تەنانەت پیش ئەوەی رویش بدەن! بە نیگاکانی دا ئەمەم دەزانی. نیگاکانی ئەو لە

بنەوە بوون، بنی بن، لە قوڵاییەکاندا، ئەو شوێنانەی کە تەنیا رەگی چاویان لێیە. رەگی چاویش، خودی چاون. چاوە راستەقینەکان. باوەگەورەم ئەم خاڵەمی خۆش دەویست. دەیگوت ئەمەیان شتێکی دیکەیە. منیش قەت نەمزانی ئەم شتە چییە. بیرم دەکردەوە رەنگە شتەکە ئەوەیە کە نوێژی دەکرد. هەموو نوێژەکانیشی دەبردە مزگەوت، ئەو مزگەوتەی کە باوەگەورەیشم دەچوو.

کە تەلەفزیۆنمان کڕی، ئیتر خووم دایە تەلەفزیۆن. بە سەعات لە بەری دادەنیشتم و سەیری جۆرەها پرۆگرامم دەکرد. هیچ شتێک بە قەدەر تەلەفزیۆن جیهانی لێ ون نەدەکردم. ساتەکان چەند خێراتر دەگوزەران. ئەوێ جیهانێکی تر بوو. جاری وابوو هەڵدەستام و بە دزییەوە سەیری پشتەوەیم دەکرد. دەمویست ئەو جیهانە نامۆ و غەریب و سەیرە بدۆزمەوە و خۆم بۆ هەمیشە لەوێ هاویژم. من پێویستم بە جیهانێکی غەریبی تر بوو بۆ ئەوەی لەم غەریبەی ئیستا رزگارم کا،... رزگارم بێت. جارێکیان باوکم زۆر بە توندی لێم تووڕە بوو. ترسی ئەوەی کارەبا بمگرێ، لە خۆ بێ خۆی کرد. ئیتر دووای ئەوە من وازم لە دۆزینەوەی ئەو دونیا غەریبە هێنا کە لە پشت تەلەفزیۆنەکە بوو.

## لە ڕێگادا

تەلەفزیۆن یەکێک لەو شتانە بوو کە باوەگەورە یەکجار ڕقی لێی بوو. دەیگوت چی شتی غەریبە دەیهێنێتە ناو ماڵەکەتەوە، ئا، ڕێک ژوور ژوورەوە، ئەوەندە ژوورەوە کە بۆ خۆت باوەڕ ناکەی. دەیگوت شتی تۆیش دەباتە دەرەوە، دەری دەرەوە، ئەوەندە دەرەوە کە بۆ خۆت باوەڕناکەی. من کە لەم قسانە تێنەدەگەیشتم لە بیری ئەوەدا بووم ڕۆژێک دەبێ سەرئەنجام جورئەتی ئەوە پەیدابکەم باسی چۆلەکەکانی ئەو ڕۆژەی سەر دارسێوەکە بۆ کەسێک بکەم. بێگومان لەم دونیا پان و بەرینەدا کەس یان کەسانێک هەن باوەڕ بکەن.

ئەو ڕۆژە باوە گەورە بە دەم ڕێگاوە بە پێچەوانەی جاران قسەی زۆر پێ بوو. کە سوار مینی بووسەکە بووین سەرەتا بێدەنگ بوو. بێدەنگ بوو تا لە یەکەم پرسگە ئاودیو بووین. هەر کە تێپەڕین، بە بزەیەکەوە سەیری کردم و شانی بە شانمەوە ناو باسی ئەو کێو و دۆڵانەی بۆ کردم کە ئیستا لە ناویاندا بووین. وتی هەموو ئەو

شوێنانە، بست بە بستی بە پێ گەڕاوە. وتی ئەو ساڵانەش هەروا بوون. وتی ئەوەندە لەو ساڵانە دەچن کە ترسێکی سەیر سەرتاپای دادەگرێ. ئەوەی کە لێکچوونەکان زۆر ترسناکن. ئەوسا باسی شەوێکی تۆفی کرد کە بە بارە هێسترەوە لەو چۆمەی دابوو. شەوێک کە لوورەی گورگەکان بۆ ساتێک هەدای نەدەدا. جوان دەیتوانی چاویان ببینێ و تەنانەت بۆنیشیان بکات، بەس بۆ نەهاتنە سەری، ئیستایش نازانێ. بڕیاری دابوو گەر بێن بارگینەکەیان بۆ بە جێ بێڵێ. قەت ئەوەندە بە بێ فیکر و زیکر خۆی لە رێگا نەدابوو. کە ئەم رستەیەی لە دەم هاتە دەر بە لاچاو سەیرێکی منی کرد. وتی بێگومان ئەو گورگانە لە مێژە نەماون. لە شوێنێک لەم شاخانەدا ئێسک و پروسکیان ژێر خاک کەوتووە. هەروەها بارگینەکەیش.
باوەگەورەم سۆزێکی سەیری بۆ رابووردەکان و رابوردووەکان هەبوو. دڵی جێگای هەموو مردوویەکی تیا دەبووەوە. ئەوەی ئەم دەیناسی و دەمرد، لە دڵی ئەویشدا سوچێکی بۆ خۆی دەکردەوە. ئەو شەوەی جەللادترین مرۆڤی وڵاتی من مرد، ئاگام لێی بوو بۆی گریا. گەر باوەگەورەم نەبا و هەر مرۆڤێکی تر بایە، بێگومان رقێکی سەیرم تیا درووست دەبوو، بەڵام نە تەنیا رقم لە باوەگەورەم هەڵنەگرت، بەڵکوو گریانەکەی خستمیە بیرێکی قوڵەوە. پێم وابێ هەر لەو کاتەوەیە رقم لە دوژمنیشم نەما،... هەر لەو کاتەوەیە کە تەنانەت وازم لە وشەیەکیش بە ناوی دوژمن هێنا. ئاه باوە گەورە تووڕە و دڵ ناسەکەی من!
ناو پاسەکە گەرم بوو، زۆر گەرم. ئەوەندە گەرم کە من نەمتوانی شەوی گورگەکە جوان بێنمە بەرچاوی خۆم. نەمتوانی جوان هەستی پێ بکەم. ئەوسا باسی هاوینێکی کرد کە هەر لەو چەمە (تەنانەت دەستی راکێشا و گڕە بەردێکیشی بە ئاماژە نیشان دام، گڕە بەردەکە لە بەر تیشکی هەتاودا شەوقی دەدایەوە) دووای مانگێک دەرفەتی ئەوە پەیدا دەکا، ئێوارەیەک بچێ مەلەیەک بکا و خۆی بشوا. ئەوەندە پیس و ئارەقاوی بووە کە هەست دەکا ئاوەکە بۆن دەیگرێ. بۆنی تۆزی گیا و ئارەق و ئاژەڵ. کە خۆی دەشوا ئاگای لێ نابێ مارێکی ئاوی بە قولاپی پێیەوە دەدات. کە جل و بەرگەکەی لە بەر دەکا و بڕیاری گەڕانەوە دەدات بۆ ئاوایی، کتوپڕ ماندوویی و وڕییەکی سەیر دایدەگرێ. هەر لەوێ پاڵ دەکەوێ. کە خەبەری دەبێتەوە، بوومەلێڵە. وتی کە کاتێک بە ئاگا دێت لە ژیانیدا قەت هەستی بە تەنیاییەکی لەم چەشنە نەکردووە، تەنانەت بە ئیستایشەوە. بەڵام سەیر ئەوەیە کاتێک دەست و دەم و

چاوی بە ئاوی چەمەکە دەشوا، هەموو شتێک کتوپڕ بزر دەبێ. وەک بڵێی ئاوی چەمەکە هەستی تەنیاییەکە دەبا. لێرەدا راوەستا. پاش ماوەیەک وتی تا گەنجیت هەوڵ بدە شەوێک بە تەنیا لە پاڵ چەمێکدا بخەوی. منیش وتم حەتمەن وا دەکەم، بەڵام ئەی مارەکە، چی بکەم کە مارێکی ئاوی لە شەوێکی وایشدا بە منەوە بدا؟
ئیستا کە بە هەزاران کیلۆمەتر لەو لای تاپۆی جەستەی باوەگەورەوەم، لە تەنیشت ئاوێکدا دانیشتووم و چیلکەی تێ دەژێنم. دەنگی قریوەی منداڵە چاو شین و قژ زەردەکان دێت. من تا ئیستایش نەمتوانی شەوێک لە قەراغ چۆمێکی وادا بنووم. بۆ؟ شەپۆلە گچکەکان لە نووکی جادووگەری چیلکەکەوە دەبنەوە و دەکشێن. روخساری باوە گەورە و مار و گورگ بە شوێن یەکدا لە گەڵ شەپۆلەکان دەڕۆن و دیسان لە نووکی چیلکەکەوە دێنەوە دەر و .... وێنەکان سەما دەکەن. رەنگە ئەو شەوە گورگەکان دیسان هاتوونەتەوە سەر باوەگەورە، رەنگە مارەکەیش بۆ چەند ساتێک لە سەر سینگی قەفی خواردبێ و وچانێکی دابێ. کێ لە جەستەیەکی سڕ و بێهۆش دەترسێ؟ کێ دیسان بە جەستەیەکی سڕەوە دەداتەوە یان تەمەحی خواردنی دەیگرێ؟ ئەو رۆژە لە کاتێکدا دیمەنی چۆمەکەمان لێ ون دەبوو، رووی تێکردم و وتی ئەو گوندەی تۆ بۆی دەچی، لە تەنیشتیدا چەمێکی گەورەی لێیە!
نازانم باوەگەورە حەزی لە بارانی سەر ئاو بووە یان نا، قەت ئەمەی بۆ نەگێڕاومەتەوە. هەڵبەت مەبەستم ئاوی مەندە نەک ئاوی خوڕ. بارانی سەر ئاوی خوڕ، ئیدی باران نیە، ون دەبێ. ئەگەر چی ئاوەکە لە جنسی خۆیەتی، بەڵام توڕەییەکەی، دنکە وردەکان قوت دەدا. من حەزم لێیەتی. ئەمەش لەو گوندەوەی فێر بووم کە ئەو رۆژە لە گەڵ باوەگەورە بۆی دەچووین. رۆژێکی گەرمی ئاخری بەهار کە کتوپڕ هەوا لێڵی کرد، چەند گەواڵە هەورێکی هێنا و بۆ چەند ساتێک باران باری. وەک بڵێی چاوەڕوانی ئەوە بوو کە ئێمە بگەینە سەر چەمەکە و ئەمە رووبدا. نازانم باوەگەورە لە دیمەنی بارانی سەر ئاوی ئەو رۆژەی رووانی یا نا، بەڵام من لێم رووانی. ئیستا لە هەزاران کیلۆمەتر لەولاوە، کاتێک باران دەبارێ من بە پەلە خۆم دەگەیەنمە گۆلاوەکەی تەنیشتماڵەکەمان و سەیری دەکەم تا تەواو دەبێ. رێک وەک ئەو رۆژەیە، بەس بەو جیاوازییەوە کە هەتاو خۆی زوو دەرناخا. بگرە جاری وایە بە چەند رۆژیش هەر دیار نیە.

کە لە مینی بووسەکە دابەزین، هێشتا مابوومان بۆ شارەکەی تر. لە شوێنێک لە تەنیشت رێگادا لە چۆلاییەک دابەزین. من بە منداڵی بەم چۆڵاییانەدا بە پاس تێپەڕیبووم. بە تایبەت ئەو ساڵەی وا بۆ یەکەم جار کۆچمان کرد، کۆچی بەرەو شاری کانیی سەر پلیکانەکان. بەڵام ئەمە یەکەم جارە قاچم دەخستە سەری. کە دابەزین، کەمێک راوەستام و بە جوانی سەیری خاکی بەر دەمی خۆمم کرد. هی ئێرە جۆرێکی تر بوو. هەستم دەکرد زەردە. دەڵێن یان دەیانگوت بۆ گڵەبان چاکە. ئاو دانادات. پتەوەو بۆش نیە. بیرم کردەوە خاکی لای ئێمە سوورە، سوور بوو. بەری پێم هەروەها پێی وتم کە فەرقیان هەیە. بەرەو چۆمەکە شۆڕ دەبووینەوە کە بینیم باوەگەورە راوەستا. دەستی کرد بە سێبەری چاوی (باوەگەورە هەمیشە ئەم کارەی دەکرد، چ لە ماڵەوە لە بەر پەنجەرەکەدا کاتێک سەیری ئەم سەراوسەری کۆلانی دەکرد، چ لە کاتی بوردوومانەکانی شاردا و چ ئیستایش کە خەریکی بەڕێکردنی من بوو) و لە ئاوایی رووانی کە لەو بەر ئاوەکە لە نێوان دوو باغدا راکشابوو. ئاوایی نەنکم!

زەمەنێک، دەبێ ئەم دەشتە، ئەم دەرو بانە کەسی تیا نەبووبێت. ئێرە تەنیا دەشت بووە و کێو و ئەم چەمە. هیچ ولاغارێکیش لێیەوە تێنەپەڕیبێ. بە بێ هێج یادێکیش، وەها کە دواتر مرۆڤ یان مرۆڤێک پێویست بەوە بکا دەستی بکا بە سێبەری چاو بۆ ئەوەی شتێک ببینێتەوە. شتێک کە لە راستیدا هەمیشە لەوێ لە جێی خۆیدا بووە و لە راستیدا خودی مرۆڤەکە بووە کە ون بووە نەک ئەو شتە. گەڕانێک بۆ دۆزینەوەی خۆ. بە هەموو کەس دەڵێی لێم ون بووە و کەچی تۆ بۆ خۆت ونی. من نازانم نەنکم لە کوێی ئەم پێدەشتە بۆ یەکەم جار باوەگەورەمی بینیوە. هەڵبەت گرنگ نیە. من بۆ بیزانم. گرنگ ئەوەیە ئەو ئیستا بتوانێ هەر ئەو شوێنە ببینێتەوە. یان شوێنەکانی تر. بەردێک هەڵدەگرم و بەرەو چەمەکەی دەهاویژم. خۆم تاقی دەکەمەوە. داخۆ دەگا یان نا! ناگا و دەگا. یانی لە قەراغ چەمەکە دەکەوێ و هەڵدەبەزێتەوە و دەکەوێتە ناو ئاوەکەوە. لەم کاتەدایە چەخماخەیەک گوێم دەنگێوێ.

کە لە چەمەکە دەپەڕینەوە، باوەگەورە تەسبێحەکە لە گیرفانی دەردێنێ. نازانم بۆ حەزی کرد بە بوارێکدا بپەڕینەوە و نەک لە پردەکەوە. دیار بوو ئەم چەمەی چاک دەناسی. بە بێ هیچ دوو دڵییەک بەرەو ئەو شوێنەی رۆیشت کە دەیزانی بوارە. بوارێک بە درێژایی ساڵانی ساڵ. ئەوسا رووی کردە من و وتی: "باش بوو پێش

ئەوەی بگەینە پرسگەکەی تر دابەزین." بۆ من گرینگ نەبوو داخۆ لە پرسگە تێدەپەڕین یان نا. تەنانەت لە پرسگەی یەکەمیش هیچ هەستێکم نەبوو. تەنیا باوەگەورە بوو کە جۆرەیەک بوو. کە سەربازەکە سەرکەوت وەها لێی رووانی وەک بڵێی دەیەوێ هەرچی سەرنجی سەربازەکەیە بۆ خۆی راگوێزێ. تەسبێحەکەی نیشان دام و گوتی: "من کاتێک دڵم ئارامە تەسبێح بە دەستەوە دەگرم." ئیتر زانیم ئەو رۆژەی تەسبێحەکەی لێ ون بووبوو، دەبێ ناخۆشترین رۆژی دونیا بووبێت. لەو رۆژە ناخۆشەدا کۆترەکان تەسبێحەکەیان بردبوو. تەسبێحێکی قەزوانی رەنگ مەیلەو زەرد کە لە پووشی دەکرد. بێگومان ئەم تەسبێحە چەندین نەوە بەچکە کۆتری بەڕێ کردبوو. رووم تێکرد و وتم: "خۆشیی ئەم تەسبێحە چییە باوەگەورە؟"

- پڕکردنەوەی کاتە بێ ماناکان!

- جا شتی وا دەست دەکەوێ؟ پێت وانیە ئەو کاتانە پڕناوەڕۆکترینی کاتەکانن؟

بە لاچاو سەیرێکی کردم. بیرم کردەوە تەسبێحی ژێر زەڕنەقووتەکان دەتوانێ باشترین یادەوەریی سەفەری ئەم جارەی من بێت. حەزی داوا و پرسیارێک تیاما چەکەرەی کرد. بەڵام کە سەیری سەرو سیمای پیر و بە ساڵدا چوویم کرد، پەشیمان بوومەوە. بێگومان بۆ ئەو باشتر بوو. من دنیایەک رووداوم لە پێش بوو. ئەم رووداوانە دەیانتوانی جێی تەسبێحەکەی باوەگەورە بگرنەوە.

تا لە یاڵەکە زیاتر سەردەکەوتین، هاژەی چەمەکە زۆرتر خۆی کۆدەکردەوە. بارانە ناوەختەکەیش کۆتایی هاتبوو. بۆنی خاک و گیای کۆتایی بەهار، مەستی کردبووم. باوەڕەم نەدەکرد دونیا ئەوەندە خۆش و جوان بێت. کتوپڕ حەزم کرد هەر کە گەیشتمە سەرەوە، باوەش بە باوەگەورەدا بکەم، رایمووسم و پڕ بە دەر و دەشت هاوار بکەم. دەنگی خوێندنی باڵندەکان گێژ و سەرخۆشیان کردبووم. لە شوێنێکەوە "با" بۆنی تەپاڵەی لە گەڵ خۆی دەهێنا. بۆنێک نەک هەر ئازاری نەدەدا، بەڵکوو لەوەی کە هەبوو سروشتی لای من زیاتر دەکرد بە سروشت. گەرچی هێشتا ئاواییمان لێ دیار نەبوو، بەڵام مانای ئەوە بوو لێی نزیکین. باوەگەورە دانیشت. دەبا کەمێک بحەسێتەوە. لە سەر بەردێکی نزم دانیشت. بنی پێی لە سەر زەوی و ئەژنۆکانی لە حەوا. هەر دوو قۆلیشی لە شانەکانییەوە بەرەو سەر ئەژنۆی و لەوێوە بەرەو دەرەوە. تەسبێحێکیش، شۆڕ. من ئیستایش کە بیر لە باوەگەورە دەکەمەوە ئەم

دیمەنەیم دێتەوە بەرچاو. نازانم بۆ. رەنگە لەبەر ئەوەی کە ئیتر دەبێ هەر کەس کەسێکی تری بە جۆرێک لە جۆرەکان لەبیر بێت. ساڵانی دوواتر کاتێک بۆ جارەکانی تر سەری کۆچم هەڵگرت، کاتێک لە سەر سنوورەکان دەپەڕیمەوە، هەوڵم دەدا وەک باوەگەورە بحەسێمەوە. بەردێکی نزم و تەسبێحێک و نیگایەک. بە خۆشییەوە کێشەی چەمم نەبوو. زۆربەی سنوورەکان لێی بوو. سەیرە لێرە چەمەکان دەکران بە سنوور. ئەو شێوازەم ناو نابوو شێوازی حەسانەوەی باوەگەورە. لەوەش کورتترم کردبووەوە "ش ب"، ...شێ بێ. جاری وابوو پێکەنین دەیگرتم. شێ بە واتای نم و بێ بە واتای وەرە. هە هە هە... سەیرە.
ئەو رۆژە کتوپڕ شتێکی سەیر روویدا. دووای کەمێک حەسانەوە، باوەگەورە هەستا، وەک هەمیشە دەستی کرد بە کەپری چاوەکانی و دوور دوور لە شتێکی رووانی. لە گەڵ ئەمەدا بۆنێکی سەیر ئەو ناوەی داگرت. بۆنێک تێکەڵێک لە هاژەی ئاو و دەنگی باڵندەکان و رەنگی گوڵەکان. بۆنی گەنجیەتی؟ نازانم. ئەو زۆر لێرە دەچوو. ئەو شوێنەی ئەو لێی دەڕوانی، بێگومان ئەو شوێنە بووە کە بۆ یەکەم جار نەنکمی تیا بینیوە. لاپاڵێک بە رەنگی سەوزی نۆک. نۆکە فەریکە.
دەچینە ناو ئاوایی. لێرە و لەوێ بۆ سەیرکردنمان خەڵک دێنە سەر بانی و بانیژەکان. هەندێکیان باوەگەورەم دەناسنەوە و دێن و سەرشان، یان ئەم لاو ئەو لای ماچ دەکەن. هەندێکیشیان دەگرین. گریان! ئاە، من لە ژیانمدا نازانم گریانم خۆش ویستووە یان رقم لێی بووە. کە دایکم یان منداڵە بچووکەکانی گەڕەک دەگریان، رقم لێی بوو، بەڵام خۆشم دەویست گەر بهاتایە و شەقاوەکەی گەڕەکەکەمان بگریایە. شتێک کە قەت رووی نەدا، هەتا ساڵانی دوواتر کاتێک شار بوردوومان کرا و دایکی و خوشک و برایەکی کوژران. من لە تەمەنمدا گریانی وام نەبینیبوو. وەک بڵێی هی هەموو ئەو ساڵانەی کۆکردبێتەوە. کتوپڕ هەیکەلی وەک بینایەکی بەرز لەبەر چاومدا رووخا. لەوەبەولا نەک لێی نەدەترسام، بەڵکوو سۆز و بەزەییەکیشم بۆی هەبوو. پێم سەیر بوو کاتی خۆی لێدانم بە دەستییەوە خواردبوو. سمێڵی زلی و خاڵە کوتراوەکانی سەر شان و بازوویم وەک کایە دەهاتە بەرچاو. دەکرا بە پاککون بیانسڕیتەوە. جاری وابوو حەزم دەکرد مەلۆتکەی کەم و مەمکە مژەیەک بخەمە دەمی و بیخەوێنم. هەتا ماوەیەک وازی لە شەقاوەیی هێنا، بەلام دیسان لێی هەڵدایەوە. دەیانگوت ئیستا دووای ئەوەی لە خەڵکی دەدا دەچووە خەڵوەت و دەگریا.

من کە لە پشت سەری باوەگەورەوە دەڕۆیشتم، هەستم بە غرورێکی سەیر دەکرد. باوەگەورە بچووکەکەی ناو یەکێک لە ژوورەکانی خانووە چوار ژوورییەکە، لەم گوندەدا جیهانێک بوو. هەنگاوم هەڵگرت و هەوڵم دا لە لاتەنیشتییەوە رێ بکەم (لە کاتی بەرەوپیرهاتنی یەکەم کەسەکاندا من بە هەنگاوێک لە دوواوەی دەڕۆیشتم). سەیری روخساریم کرد، داگیرساو وەک گڵۆپێک لە رۆژی رووندا. ئەو چاوانەی دەکرا تەڕبن. تەڕیش بوون.

گوند، بە هاتنی بەهار خەریکی شۆردنی شتومەکی زستان بوو. بۆنی دووکەڵ و سابوون و ئەسپوون. بۆنی ئاودەستی مزگەوتەکە بە ویزەویزی مێشەکانییەوە. مێشە سەوزە زەلامەکان. من مێشە سەوزە زەلامەکانم هەمیشە لە ئاودەستەکاندا بینیبوو. لە شوێنە پیسەکان. هەمیشەیش حەزم بە کوشتنیان بوو. دەمکوشتن و دەمدان بە کۆترەکان. بە تایبەت بە بەچکەکان. ترسی ئەوەی مێشێکی وا لەم کاتەدا لە باوەگەورە بنیشێ، تەواو ترساندمی. لە خۆ بێ خۆی کردم. ئاه، دەبوو بە چ تراژیدیایەک! بە خۆشییەوە هیچ رووی نەدا. تەنیا بۆگەن بوو و بۆگەن. کۆڵانێک ئالوودە بە بۆگەن. ئەمەش بەشێکی ژیان بوو، بەشێکی بۆنەکان. تەنانەت ئەو کچە نەشمیلانەیش کە بە سەر بانەکانەوە لە ئێمەیان دەڕوانی. شتەکان چەند تێکەڵ بە یەکتر بوون لێرە. رووم کردە باوەگەورە و وتم ئێرە زۆر لە جاران دەچێ؟

ـ زۆریش نا، (ئاماژەی بە دەرگا و پەنجەرەکانی مزگەوتەکە دا) ئەو ساڵانە دەرگا و پەنجەرەی ئاسنی نەبوو.

کەمێک ئەولاتر خزم و کەس بەڕێوە بوون. خەبەریان دابوونێ و بە پیرمانەوە هاتبوونە دەر. چ پێشوازییەک. چووینە ژوور. بە وردی چاوم بە سەر هەموو شتێک و هەموو کەسێکدا گێڕا. ئەو شت و کەسانەی کە دەبوون بە بەشێک لە ژیانی من و بەشێک لە بیرەوەرییەکانی من لە داهاتوودا. ئەوانەی، بەڵێن بوو لە داهاتوودا بیریان بکەم. لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەم کرد. باغەکە و تەپۆڵکەکەی پشت ئاوایی دیاربوون. لەوێوە رێگایەک بەرەو ئەو دیو دەکشا، رێگایەکی خۆڵین. ئەو رێگایەی کە چەند مانگی دووایی هەموو رۆژێک رێگای من بوو. لای عەسر باوەگەورە چەند وشەیەکی بە گوێی کەسێک لە کەسەکانی ژوورەکەدا چرپاند. کەسەکە سەیری منی کرد. ئەوسا هەستا و رۆیشت. بەرەو شار

گەڕایەوە. کە لە ناو دەرگاکە لێم جیابووەوە، وتی: "ڕۆژێک لەم گوندە کەسێکم لە گەڵ خۆم برد، نەمزانی دوای پەنجا ساڵ دێمەوە و دەبێ کەسێکی تیا جێ بێڵم!"

## ترس

لە ژوورێکدا بەجێ ماوم. هۆتێلێکی قەدیمی بە سەقفە بەرز و پەنجەرە کۆنەکانیەوە. جانتاکە دەکەمەوەو رادیۆکە دەردێنم. لە سەر ئێف ئێم دەیگێرم. ئیزگەیەک کە ئاوازێکی هێدی و ئارام بڵاودەکاتەوە. لە زمانەکەی تێناگەم، بەڵام گرنگ نیە. لە ئاوازدا مۆسیقا گرنگترە. من هەمیشە لام وابووە. نازانم بۆ هەندێ کەس هەر کە گوێ لە گۆرانی ئارام دەگرن دەڵێن خەمگینە. مەگەر هەر ریتمێک هێواش بێت، خەمگینە؟ من کە گوێ لەم گۆرانیانە دەگرم، لە جیاتی ئەوەی خەم و کەسەر دامگرێ، دەکەومە بیرەوە. بیریش دەکرێ خەمناک بێت، دەکرێ نەبێت. من پێم وایە بیرکردنەوە قەت خەمناک نیە.

ماوەیەک لە سەر تەختەکەم پاڵدەکەوم، ئەوجا هەڵدەستم و روو لە پەنجەرەکە دەکەم. بەردەمم تا چاو کاردەکا خانووەکانن بە بانە سوورەکانەوە. ئەو خانووانەی بێگومان پڕی خەڵکن، پڕی بنەماڵەکان. ئەوانەی کە منیش جاران وەک ئەوان دەژیام. کتوپڕ سیماکانی رابردوو وەها تیام دەژیێنەوە کە دادەچڵەکێم. بۆنەکان، رەنگەکان، جۆری تیشکەکان و ئەو دەنگانەی کە پێم وابوو هەر ئەو ئەوان لە دنیاداهەن، وەها زیندوو دەبنەوە کە جەستەم وەک درەختێکی رهۆڵی لێدەێت. دەرگاکە دەکەمەوەو دەچمە راڕەوەکە. حەزم لە بینینی خەڵکە. لە بینینی بنیادەم. ئەم سەراوسەری داڵانە

درێژەکە بە درگاکانییەوە بەسەر دەکەمەوە. ئەوسا تێدەگەم هەر منم لەم قاتەدا دەژیم. ترسێکی وەها دامدەگرێ کە بە پەلە هەڵدێمە ژوورەکەی خۆم. ماوەیەک رادەوەستم. نا شتی وانابێ. دەست دەبەم جانتاکەم هەڵدەگرم و وەدەر دەکەوم. تا دەگەمە خوارەوە هەوڵ دەدەم سەیری هیچ شوێنێک نەکەم. کە بە بەردەم رسێپشنەکەدا تێدەپەڕم، ئەوەی وا لەوێ دانیشتووە بە دەممەوە پێدەکەنێ. پیاوێکی بە تەمەن کە هێشتا پەڵەیەکی رەش بە سمێڵییەوە ماوە. پێکەنینەکەی ئەوەندە ترسناکە کە ناتوانم لەوە زیاتر سەیری کەم. من دەبێ لیرە بڕۆم، بەڵام بۆ کوێ؟ گرنگ رۆیشتنە. خۆم بە کۆڵاندا دەکەم و لەوێوە بە جادەکەدا. بێ پلان و بێ هیچ مەقسەدێک دەڕۆم. قەرەباڵغی و چراکان کتوپڕ دڵم دەکەنەوە. شەرم لە تاوێکی لەوە پێشی خۆم دەکەم. چ ترسێکی منداڵانە! دەچمە چاخانەیەک و داوای چایەک دەکەم. جگەرەیەک دادەگیرسێنم و لە کاتێکا جانتاکەم بە باوەشەوەیە، لە مێزەکە ورد دەبمەوە. مێزێکی پەڵاوی بە بنی پیاڵە و ژێرپیاڵەکان. دوای کار، ئێوارەیان هەمیشە حەزم لە دانیشتنی چاخانەکان بوو. چایەک، جگەرەیەک، رۆژنامەیەک و دۆستان. ئەو قسانەیش کە دووای رۆژێک کارکردن دڵنیایان دەکردمەوە من ماوم! لە چاخانە دادەنیشتم و سەیری شەقام و خەڵکم دەکرد. دەرفەتی ئەوە هەبوو هەموو کەس ببینی و لەوە زیاتر لێی رامێنی کە تەنانەت بۆخۆت مەبەستت بووە. لەوێش کە غەم یان ترس رووی تێدەکردم، دەچوومە قاوەخانە. دادەنیشم،... تا دەرفەت هەبێ. سەرئەنجام دوکان دەپێچنەوە. منیش دەبێ بڕۆم. دوواکەسم وەدەردەکەوم. جانتاکەم دا بە شانمدا و رووم لە موسافیرخانەکە کردەوە. بیری ئەوەی کە وێنەکەی باوەگەورەم پێیە، زیاتر غیرەتی خستە دڵمەوە. ئەو هەمیشە لە ژوورەکەی خۆی تەنیا بوو. تەنانەت جاری وابوو بە تەنیا دەچوو لە خانووەکەی پشتەوە لە یەکێک لە ژوورەکاندا دەمایەوە. رەنگە ژووری لە دایکبوونی من. بیرم کردەوە رەنگە غیرەتی ئەو هی ئەوە بوو کە دەیزانی گوێ لە بێدەنگیی دەورووبەری خۆی بگرێ. باوەڕی بەوە هێنابوو کە بەشێکی گرنگی ژیان، بێدەنگییە. ئەو تەنانەت لەناو دەنگەکانیش دا ئەم بێدەنگییەی دەبینییەوە. کە دەیبینییەوە ئیتر ئاگای لە هیچی تر نەدەما. منیش ئەمشەو دەبا ئەمەم بکردایە. کە بە بەردەم پیاوە بە تەمەنەکەی رسێپشنەکەدا دیسان تێ دەپەڕمەوە، وەها بە دەمییەوە بزەم هاتێ کە هەستم کرد بزەکەم نەک بزەی چەند سەعات لەوە پێشی ئەو، بەڵکوو خۆیشی قووت دا. زۆر مەحکەم و بە ئیرادە بە

پلیکانەکاندا سەرکەوتم و بێ ئەوەی سەیری ئەو سەری داڵانەکە بکەم درگاکەم کردەوە و چوومە ژوورەکەی خۆم. ئیتر گرنگ نەبوو ئەو قاتە خەڵکی تری لێیە یان نا، گرنگ ئەوە بوو منی لێم. منێک کە لە مێژ بوو من بوو. منیش ئەوەی بووم کە شەیتان نەیتوانیبوو قاچم راپسکێنێ. ئەوەی وا تا ئیستا دوو سنووری بڕیبوو و توانیبووی چەند رۆژ گوێ لە تەپڵی باران بگرێ، بێ ئەوەی هەڵپەڕێ! رقم لە چەند سەعاتی لەوە پێشی خۆم دەهاتەوە. جلەکانم داکەند. رادیۆکەم هەڵکردەوەو چوومە ناو جێگاکەمەوە. بێگومان خەڵک لە ژوورەکانی تریش هەر ئەمەیان کردبوو، یان خەریک بوو دەیانکرد. لە بیری ئەوەی کە سبەی چ پلانێکم هەبێ باشە، خەو بردمییەوە. یەکەم خەوی شارێکی گەورەی وڵاتێکی دی.
نیوە شەو هەستم بە دەنگە دەنگێک کرد. راچەنیم. جوانتر گوێم هەڵخست. دەنگێک وەک وەبەریەک کەوتنی دوو شتی ساردی رەق. ئارام هەستام. بەرەولای دەرگاکە چووم. کەس یان کەسانێک خەریکی کردنەوەی دەرگای ژوورەکەی من لەو دیوەوە بوون، بەلام کلیلەکەی من لەم دیوەوە بەری کلیلی ئەوانی دەگرت. ترس بوو یان شتی تر، وەک سمۆرەیەک بە درەختی باڵام دا هەڵگەڕا. قاچەکانم سارد سارد هەڵگەڕان. مەیلی قیژە و هاوارێک تیام گەڕا. گوێم لە چپەیەک بوو. ئەوسا ئەو چپانەی کە درێژەیان کێشا. سەیری سەعاتەکەم کرد. دووی نیوەشەو. کلیلەکە لەو دیوەوە دیسان خرایەوە ناو کونی دەرگاکەوە. کلیلەکەی من ئارام ئارام دەکشا دوواوە. لە کاتێکدا دەستم کرد بە قیژاندن، بە لەپی دەست کلیلەکەم توندتوند بە دەرگاکەوە گرت. ئەوسا دەنگی ئەو هەنگاوانەی رایانکرد. بڕوا ناکەم کەس لە ژیانیدا حەزی بە راکردن بێت، تەنانەت لە بەرانبەر خەتەر و مەترسیشدا. بەڵام گەر ئەو شەوە دەرفەت و رێگایەک هەبووایە حەتمەن رامدەکرد. راکردنێک تا ئەبەد، تا بەلەمی چۆمەکەی سەرسنوور. راکردن گەلێک باشتر بوو لە دانیشتن لە ژوورێکدا کە نازانی ئەوانەی ئەو دیوی دەرگاکە جارێکی تر داخۆ دێنەوەو هەوڵی کردنەوەی درگاکە بدەنەوە. لە ژیانمدا زۆر جاران هەڵکەوتبوو نیوەشەوان خەبەرم بێتەوە و تا هەلاتنی خۆر دانیشم، بەلام ئەمجارە فەرقی هەبوو. ئەو شەوە نە رۆژ دەبووەو نە هەتاو هەڵدەهات. ئیستا دەمزانی باوەگەورە بۆچی دەیگوت گەر بۆت هەڵکەوت شەوێک لە قەراخ چۆمێکدا بمێنەوە. تاریکایی و ئاو. تاریکایی بێ جوڵە و ئاو پرجوڵە. تاریکایی تاریک و ئاو روون، تەنانەت بە شەویش دا. هەستام رووم

لە پەنجەرەکە کردەوە. پەنجەرە لە قاتی چوارەمدا. بێ هیچ دەرفەتێک بۆ سەر زەوی. ئەویشم بە جوانی جووت کرد و دامخست. پەردەکانیشم جوان جوان دادایەوە. ئیستا تەنیا خۆم خۆم دەبینی. رادیۆکەم هەڵکردەوەو خستمە سەر ئیزگەیەکی قەرەباڵغ. لە کاتێکدا پەتووەکەم تا سەر شانم بە خۆمدا دابوو، دەست لە ژێر سەر، بە هەوڵی خوێندنەوەی پەڵەکانی سەقفەکە خەو بردمیەوە. تا بەیانی خەوێکی پچڕپچڕ. تا بەیانی دەنگی رادیۆ و گوێ هەڵخستنەکانی من.

کە وەدەر کەوتم سەعات نۆ بوو. بە بینینەوەی قەرەباڵغیی شار دیسان هەستم بە شەرم کردەوە. بڕیارم دا بەس بگەڕێم. رەنگە گەڕانی زۆر تەنیایی و ترسی دوێ شەوم لەبیرببەاتەوە! بینا بەرزەکان، سەیارە زۆرەکان و تاکسیە زەردەکان زیاتر لە هەر شتێکی تر سەرنجم رادەکیشن. جاری وایە لە ناو خەڵکدا ون دەبم. ئەوەندە زۆرن کە هەست دەکەم منیش دەبم بەوان و ئیتر منێک نامێنێ. رێگا دەمبا. دەگەمە گەڕەکێکی قەدیمی بە کۆڵانە تەنگ و دیوارە خشتە کۆنەکانییەوە. بۆنی ئێرە جۆرێکی ترە. تەنیا بۆنی دووکەڵی سەیارە نیە، بەڵکوو شتێکی تریشە. شتێک وەک بۆنی چڵک و ئاوی پیس و زبڵ. ئەوسا ئەو دووکانە تەنگ و گچکانەی پاڵیان بە یەکترەوە داوە. بۆنی خواردن سەرنجم رادەکێشێ. کتوپڕ هەست بە برسیەتیەکی سەیردەکەم. لە یەکەم دوکان لادەدەم بخۆم. هەر لە پاڵ ئەو دووکانەدا، بەولاترەوە وێنەکانی سەر ڤیترینێکی پیس سەرنجم رادەکێشن. وێنە رووتەکان. ئەو ئافرەتانەی کە ئەوەندە جوان و سەرنج راکێشن نازانی چۆنیان سەیر بکەی. کتوپڕ بیری شتێک دەکەومەوە کە لە مێژە لەبیرم نەماوە. سەیری خۆم دەکەم، رێک ژێر سکم. ئەوسا شەڵوارەکەم دەبینم کە لە مێژە نەشۆردراوە. سەیرە! دووای نانخواردن دەچمە بەر ئەو دووکانە. لە کاتێکدا بە جوانی دەورووبەرم دەپشکنم، هەوڵ دەدەم هیچ وێنەیەک لە دەستم دەرنەچێ. ئەوسا لە سەر مێزێک وێنە پۆڕنۆکان دەبینم. بە دەم مێزەکەوە دەگەمە کۆڵانێکی لاتەنیشت کە هەمووی دووکان و مێزی وێنەی ژن و پیاوە رووتەکانن.

باوەگەورەم قەت لە ژیانی دا باسی ئەمانەی بۆ نەکردبووم. کە یەکەم جار ئەم جۆرە وینانەیشم بینی، نەموێرا لای کەسی تر باسی بکەم. ئەم وێنانە لە گەڵ لەززەتیان، ترسێکی سەیریان دەبەخشی. بۆیە تا ساڵانی ساڵ هەوڵم نەدایەوە کە سەیریان بکەمەوە، بەڵام ئیستا بە هەڵکەوت بە سەریاندا کەوتبووم. پاڵم دا بە دیوارێکەوە. ئاە

چەند پێویستم بە باوەگەورەم بوو. بە وێنەکەی. بە دیتنی ئەو شوێنەی وا ئەو لە وێنەکەدا لێی دەڕوانی. دەستم برد دەری بێنم. وازم هێنا. وێنەکانی سەر مێزەکان بە پێچەوانەی جاران یەکجار سەرنجیان رادەکێشام. گەر دوێ شەو یەکێک لەم وێنانەم پێ بوایە، بێگومان ئەوەندە نەدەترسام! گەڕامەوە سەر مێزەکان. مێزەکان یەک بە یەک بەڕێیان دەکردم. کتوپڕ گەیشتمە کۆمەڵێک خەڵک. بە تەمای تێپەڕینیان بووم کە زانیم لە سەف دا راوەستاون و بە تەمای شتێکن. ئەوسا ئەوسەری ریزەکەم بینی کە دەگەیشتە پۆلیسێک و لەوێوە لە پشت پۆلیسەکەوە لە ئەودیو دەرگایەک دا ون دەبوو. خەڵکەکە پێناسەیان نیشان دەدا و تێدەپەڕین. هەندێ کەس نا. ئەوانەی وا یەکجار گەنج بوون. ئەوانەی رێیان پێ نەدەرا.
کە تێپەڕیم بە سەر دوو کۆڵاندا کەوتم. دوو کۆڵان بە خانووە بەرز و نزمەکانییەوە. ئەوسا ئاپۆرای خەڵک لە بەر خانووەکاندا. هەر ژوورێک پڕی ئەو ئافرەتە رووتانەی کە چاوەڕوانی مشتری بوون. کە دەرگا دەکرایەوە، بۆن و هالاوێکی سەیر بە شەپۆل دەهاتە دەرەوە. بۆنی عەتر و شەهوەت و ئارەقە و ژوورە کۆنەکان. بۆنی دووکەڵی جگەرەی ئەو جەستە رووتانەی کە جاری وابوو تاقەتی سەیرکردنی کەسیان نەبوو و بە تەواوی سەرقاڵی قسەکردن لە گەڵ یەکتری بوون. پەیکەرەکان چەند ناسک بوون. دوو کۆڵانەکەم بە سەرکردەوە. سەیری ئاسمانم کرد، لەوێوە سەیری ئەو خەڵکەی کە زۆربەیان لە دووای کارەوە هاتبوون. دانیشتم. جگەرەیەکی ترم داگیرساند. چ حەزێک دایگرتبووم. دەبا بچم. وەک هەموو ئەوانەی تر. هەستام. بە شوێن خانوویەکدا گەڕام خەڵکی لێ نەبێت. شوێنێک کەس ئاگای لێ نەبێت تۆ نە زمان دەزانی و نە حەز دەکەی بتناسنەوە. شووێنێک رێک بە نیشاندانی پارەکە خۆت بە ژوورێکدا بکەیت و ئەوسا لە باوەشێکدا.
بە منداڵی کە گواستمانەوە بۆ شاری کانیی سەر پلیکانەکان، لە کۆڵانێک خانوویەکی لێبوو کە دەیانگووت خانووی ئەو جۆرە ژنانەیە. هەمیشە کە لەوێوە کاتێک بە تەنیا یان لە گەڵ رفیق گوزەرمان دەکرد، بە غارکردن و هەڵاتن تێدەپەڕین. دەیانگوت گەر بتانگرن بە زۆر دەتانبەنە ژوورەوە. هە هە هە... چەند گەمژە بووم! بە ئیستاشیەوە بێت حەز دەکەم رۆژێک لە شوێنێکدا بە سەر کۆلان و خانوو و دەرگایەک دا بکەوم کە ژنێک لەبەری راوەستاوەو بە تەمای بە زۆر بردنە ژووری

کەسێکە ...پیاوێک! شتێک کە قەت رووی نەدا. ئەو خانووەش خانوویەکی گڵین و کۆن بوو. ماڵێکی دوو قات کە دەیانگووت هەر رۆژێک بێت بە سەر یەکدا دەتەپێ. شوێنێکم بینییەوە. کەس لەبەری رانەوەستابوو. سەیری ئەم لاو لام کرد و چوومە ژوورەوە. زۆر بڕیاردەرانە. دوو ژن کە تەواو رووت نەبوون، خەریکی جگەرەکێشان و قسەکردن لە گەڵ یەکتری بوون. راوەستام. سەیریان کردم. ماوەیەک بێدەنگی. یەکیان شتێکی پرسی. من پارەکەم دەرهێنا. بە ئاماژە پرسیان کاممان. من ئەوەیانم هەڵبژارد کە زۆر لە ژنێکی دراوسێمانی دەکرد لە شاری کانیی سەرپلیکانەکان. ژنێکی میهرەبان کە زۆربەی رۆژەکان کاتێک دەچووم بۆ قوتابخانە لە سەر رێگا لە بەر دەرگای ماڵەکەیان دەمبینی. ژنێکی تۆکمە، بە مەمکە گەورەکان و قژە رەشە سافەکەیەوە. ژنێک کە هەمیشە بە دەممەوە پێدەکەنی و لە کاتی گسکدانی حەوشەکەیاندا پووزەکانیم بۆ ساتێک لە دەرگای حەوشەکەیانەوە دەبینی. بە دەستێک پارەکەم پێ بوو و بەوەی تریان ئاماژەم بە یەکیان دا. هەردووکیان پێکەنین. شەرمێکی سەیر دایگرتم. لە کاتی تێپەڕینی یەکەم دەرگادا، قاچم لە شتێک گیری کرد و لەترم دا. خۆم گرتەوە. بەڵام جانتاکەم بەربووەوە. هەڵگرتنەوەی دژووار نەبوو. کردمیە ژوورەوە و ئاماژەی بەوە دا کە ماوەیەکی تر دەگەڕێتەوە. لە سەر تەختەکەی دانیشتم. چ ژوورێکی جوان. چەند حەزم دەکرد بۆ هەمیشە لێرە بم. چەند رقم لە هۆتێلەکان بوو. چەند رقم لە قەرەباڵغیی دەرەوە و لە خانووە چەند قاتەکان بوو.

سەرەتا چۆلایی بووەو ئەوجار قەرەباڵغی. خودا سەرتا تەنیایی دروست کرد. خودا کە دەبینێ تەنیایی زۆر لە خۆی دەچێ، بەزەیی پیادێتەوە و تەنیایەکی تر دروست دەکا، چونکە دوو تەنیایی نابنە تەنیایەک، دەبنە کۆیەک. بەڵام خودا کە دواتر دەبینێ کۆیەکەیش وەک تەنیایی هەست بە تەنیایی دەکا، دیسان بیر لە تەنیایی مرۆڤە تەنیاکە دەکاتەوە.

رقم لەم خۆم بوو، رقم لە پێستی پشت رانەکانی ئەو. رقم لەو وینانەی کە منیان بەرەبەرە بەرەو ئێرە هێنابوو. رقم لە حەزی خۆم بوو. کە چوومە دەر باران دەباری. بارانێکی خۆش. لەو بارانانەی کە حەز دەکەی خۆتی بەرخەی. خۆمی بەردەخەم. لە کاتێکدا خەڵکی بۆ پەنایەک دەگەڕێن، من رێک و رەوان دەڕۆم. بە بی هیچ مەقسەدێک. بە جانتایەک بە شانمەوە و رەسمێک کە ئەمڕۆ هیچ کردەیەکی

نەبوو. دەگەمە بینایەک بەو پلیکانە زۆر و گەورانەوەی کە بە دەورییەوەن. هەڵدەگەڕێم. لە سەر یەکیان دادەنیشم و تەڕ تەڕ بیر لەوە دەکەمەوە کە ئەمشەو لە کوێ رۆژ بکەمەوە. بەو روخسارەوەی فرمێسک و باران لە سەری ئاوێتەی یەکترین.

## قەبرستان

رۆژکردنەوە لە قەبرستان شتێک بوو کەم کەس دەیوێرا بیری لێبکاتەوە، چ بگا بەوەی بچێت و لەوێ شەو تا بەیانی بخەوێ. گەر دەستی راستی پەنجەرەکەی باوەگەورەت بگرتایە و کۆڵانەکە و کۆڵانەکانی ترت دە دەققەیەک درێژەبدایە، دەگەیشتیتە کۆنە قەبرستانی شار. ئەو قەبرستانەی بەسەر بەرزاییەکەوە بوو و هەربۆیە هەر ساڵێک باران زۆر بارییایە، هەندێ لە گۆڕەکانی تەنیشت جادەخۆڵینەکە دادەتەپین و ئێسک و پروسکی مردووە کۆنەکان دەردەکەوتن. بۆیە هەر ساڵێک زۆر بارییایە، خەمێکی شاراوە رووی دەکردە خەڵکی شار. وەی لەوەی ناشوکری نیعمەتی خودا بکەیت و وەی لە مردووەکان! من لەم کاتانەدا لە کاتی دارمینی گۆرەکاندا ئەو ئاشق و ماشقانەم بینیووە کە چلۆن بە دیتنی ئەم مرۆڤە ئێسکاویانە هەنگاوەکانیان خێراتر دەکرد و رەنگە بۆ تەواوی رۆژ و تەنانەت رۆژەکانی تریش ساتەکانیان لێ دەشێوا. من بە پێچەوانەی ئەوان، رادەوەستام و تێرتێر سەیرم دەکرد. سەیری نەوەکانی پێشوو. تا ئەو رادەیە و ئەوەندە کە شتێکی دیکە بۆ لێڕوانین و تێڕوانین نەدەما. کەلەسەرەکان، سەرنجڕاکێشترین بەش بوون. نەتدەزانی داخۆ پێدەکەنن، دەگرین، دەتترسێنن یا لێت رادەمێنن. من کە هەمیشە گۆڕەکانم لە سەرەوە بینیبوو، یەکجار بۆم سەرنجڕاکێش بوو کاتێک دەمبینی من لە

سەر جادەکە، لە خوارەوەی بنی ئەوان راوەستاوم و ئەوە لە راستیدا مردووەکان بوون کە لە سەرەوە لە منیان دەڕوانی. جارێکیان تەنانەت تا نزیک یەکیان رۆیشتم. گەر دەنگی ئاگادارکردنەوەی ئەو پیاوەپیرەی نەدەبوو کە هەموو رۆژێک بە گۆچانێکەوە کوڕەکوڕ لەوێوە بە پیاسە تێدەپەڕی، من دەچووم لە تەنیشتیدا رادەکشام و لاسایم دەکردنەوە. پیاوەپیرەکە ئەوەندە بە توندی هەڵچوو کە من پێم سەیر بوو. کە هاتمە خوارەوە بە گرژییەوە گوتی: "گوناحبارترینی مرۆڤانەکان ئەو کەسانەن کە لاسایی مردووەکان دەکەنەوە!" من رۆیشتم، بەڵام بۆ هەمیشە ئەو مەراق و ئارەزووە لە دڵما مایەوە کە تا لە ژیاندا ماوم لە گەڵ مردوویەک بخەوم.
باوەگەورە کەمتر دەچوو بۆ گۆڕستان. بەڵام هیچ سەرەخۆشییەکی لە دەست دەرنەدەچوو. کە لە بڵیندگۆی مزگەوتەکەوە داوایان لە خەڵک دەکرد بچن بۆ ناشتنی فلانە مردوو، ئەو لە بەر پەنجەرەکەدا رادەوەستا تا کاروانی خەڵکەکە لە کۆڵانەکەی دەستی راستییەوە تێپەڕینایە. گەر تۆ لە ناو کاروانەکە بوویتایە، لەوێوە بە دەستی راستی خۆتدا بە پەنجەرەیەکەوە تەنیا سەرێکت دەبینی بە بێ جەستە.
نازانم بۆ کەس نەیدەوێرا لەوێ لە قەبرستان بخەوێ. من تا ئێستا نەمبیستووە کە رۆحی مردوو یان مردووەکان کەس ئازار بدەن یان بیانکوژن. ئەوان تەنیا دەتترسێنن. هەڵبەت زۆریش لەمە دڵنیا نیم. ئەوان ناتترسێنن، بەڵکوو ئەوە تۆی کە پێت وایە دەبێ بترسی. بۆ؟ کەس نازانێ. ژیان ئەوەندە لە مردن دوورنیە، تا لە مردووەکانی بترسێین. جارێکیان چەند کەس بڕیارمان دا پێکەوە بچینە ئەوێ و دووای پیاسەیەکی ناو قەبرەکان، بگەڕێینەوە. بۆ ئەوەی نیشانی بدەین بەغیرەتترەکانین. هێشتا موومان لینەهاتبوو. بەڵام غیرەتەکەمان تا قەراخی گۆڕستانەکە بڕی کرد. لەوێ زۆر ئاسان بێ ئەوەی کەسمان ئەوی تر بە ترسنۆک تاوانبار کا، گەڕاینەوە. کەس کەسی نەدووان. ساڵانی دوواتریش کە گەورەتر بووین، قەت بیرمان بە دووپاتکردنەوەی ئەو حەزە نەکرد. بۆ؟ نازانم.
ئەو ساڵانە من هەمیشە بە رێزەوە لەو خەڵکانەم دەڕوانی کە خانووەکانیان بە تەنیشت گۆڕستانەکەوە بوون. منداڵی ئەو گەڕەکانە لە منداڵی گەڕەکەکانی تر بە گشتی بەغیرەتتر بوون!
کە ترسی زۆر دایدەگرتم، رووم لە باغچەکەمان دەکرد، باغچەی تەنیشت بەردەنوێژەکە. لەوێ لە ناو گسکە سەوزەکاندا کە جاری وابوو لە من بەرزتر

بوون، دادەنیشتم، یان رادەکشام و خۆم ون دەکرد. لەم کاتانەدا تەنیا لە ریشەکانیانم دەڕوانی. ورد ورد. لەو لاسکەی لە خاکەوە دەستی پێدەکرد. نیو سەعات یاخود سەعاتێک زەمەن، تەواو هێوری دەکردمەوە. کە دەهاتمە دەرەوە، ئیدی چاوەکانم تەنیا سەوزیان دەبینی. دونیا سەوز سەوز. ترس کە رەنگی خۆڵەمێشی بوو، ون دەبوو. لانیکەم تا ترسێکی تر!

باوەگەورە ئەگەرچی ترسنۆکەکانی خۆش نەدەویست، بەڵام رقی لە بەغیرەتەکان بوو. رقێکی شاراوە. دەیگووت ئەوانن کە دەبن بە شت، بە هەموو شتێک،... لە چاکی چاکەوە تا خراپی خراپ. دەیگووت لە سیمایاندا هەموو شتێک بەدی دەکرێ. ئەو پێی وابوو گەر دونیا پڕی مرۆڤی ترسنۆک بایە، ژیان زۆر خۆشتر دەبوو. ترسنۆکەکان نابن بە شت. ناشیانەوێ ببن بە شت، بۆیە کاریان بە سەر کەسەوە نیە. جارێکیان لێم پرسی ئەی گەر دونیا هەر هەمووی بە غیرەت بایە. وتی لە مێژ بوو کەس ئیتر لە سەر ئەم کورەی خاکیەدا نەدەژیا. من نازانم گەر قەرارە هەموو ترسنۆک بن، چۆن تۆ دەتوانی وەک ترسنۆک جیایان بکەیتەوە. هەروەها گەر قەرارە هەموو ئازا بن چۆن دەتوانرێ وەک ئازا جیابکرێنەوە. ئەو وەڵامی ئەمە ناداتەوە. پێی وایە ئەم پرسیارە تەنیا پرسیارە و بەس، هیچ پێوەندییەکی بە راستییەکانەوە نیە. من رقم لەم رقەی باوەگەورەیە. ئەو بۆخۆی نازانێ چەندە بەغیرەتە! رووانینی رۆژئاوا، ئاودانی گوڵەکان و مانەوەی بۆ هەمیشەی لە شوێنێک، لە کارە ئازاکانی ئەو بوون. باوەگەورە خۆی ون دەکرد. خۆی لە خۆی ون بوو. ئەو رۆژەی چوارەمین سەفەری من دەستی پێکرد، لە کۆڵانەکەی ئەوەوە دەستی پێکرد. رێک لە ژێر پەنجەرەکەیەوە. ئێوارە بوو. کۆڵان چۆڵ. من کە بۆ ماوەی سەعاتێک لە ناو کتێبخانەی پشت بانیژەکەدا مابوومەوە، دوواتر هاتمە دەر و لە بەر دەرگای دەرەوە، بە لای چەپی پەنجەرەکەیدا راوەستام. مانگەشەو بوو. رۆژئاوا چیتر تەماوی و لێڵ نەبوو. روون روون. روونێک لە بەستێنی تاریکیدا. زانیم کە ئیتر دەبێ بڕۆم. لە پشت پەنجەرەکەوە گوڵەکانی باوەگەورە گەش گەش لە ناو چاوەشووشەکاندا دەبریقانەوە و دەگەشانەوە. تا ئیستایش، من، گوڵ و مانگەشەو هەمیشە لە دەروونمدان. جاری وایە دەست دەبەم و دەوری مانگەشەو بە گوڵەگان گوڵچن دەکەم، جاری وایشە مانگ دەکەم بە خونچەی پشکوتووی سەر لاسکی

گوڵەکان. جاری وایە بۆ رەوینەوەی ترسەکانی ئەو دیوی سنوورەکان، باخێک لە هەر دووکیان دروست دەکەم و تیایا رادەکشێم.
گیرفانم پڕی وەرەقەکانە. دووانیوەڕۆیە. لە بەر دوکانی بەکرێدانی مۆتۆرسیکلدا راوەستاوم. بەختی من، هەموویان بەکرێ دراون! ئەمە وەڕەزم دەکا. چار نیە دەبێ راوەستم. گیرفانە ماسیوەکانم یەکجار ئاشکراکەرن. بۆ ئەوەی زۆر وەبەرچاونەکەوم، زۆر دەچمە ناو دوکانەکەوە، بەڵام ئەوەندە بچووکە جارجارە ناچاردەبم وەدەرکەومەوە. لایەکم بە دیوارەکەوە دەنێم بۆ ئەوەی گیرفانەکانم زۆر لە من دوور نەکەونەوە! هەندێ نیگای نەیار جاروبار لە سەرم قەتیس دەبن. خۆم گێل دەکەم. لە دڵی خۆما دەڵێم چ دەبێ با ببێ. سەرئەنجام مۆتۆڕێکیان دێتەوە. سواردەبم و لێدەخورم. کە دەگەمە قەبرستانەکە، دەمەو ئێوارەیە. سبەی جەژنە و خەڵکی بەیانی زوو دەگەنە ئێرە. دەگەنە ئێرە بۆ بەسەرکردنەوەی مردووەکانیان. لێرە جەژن بە مردووەکانەوە دەست پێدەکا! گۆڕستان، دارستانێکی چڕی قەراخ شار بە سەربازگەیەک بە سەریەوە. دەگەم. بیری هەموو شتێکم کردووە، تەنیا هاتنی شەو نەبێ! کە موتۆڕەکە لە قوڵکەیەکی نێوان جادەکە و قەبرستانەکە جێدێڵم، دڵم دەلەرزێ. ناو دارستانەکە تاریکترە لە دەرەوە. گەڕانەوە؟ نیە. بیری پیاوەپیرەکە، ئاشق و ماشووقەکە و گۆڕە داڕماوەکەوە دەکەومەوە،... بیری ئەو شەوەی لە گەڵ رفیقەکانم پێکەوە رۆیشتین و پێکەوە لە قەراخ گۆڕستانەکە گەڕاینەوە،... بێ دەسکەوتی غیرەت. نازانم مردووەکان ئەم ئێوارەیە چم لێدەکەن. نازانم دەمترسێنن یان نا. بەڵام من زۆر دەرفەتم نیە بیر لەم خەیاڵانە بکەمەوە. دەست پێدەکەم. کەمێک لە سەرەوەی من دەنگی ئەو سەربازەی دێت کە خەریکە دەگەڕێتەوە بۆ پایگاکەی. بۆ ماوەیەک لە نێوان دوو گۆڕدا پاڵدەکەوم. دارستان تا دێت تاریکتر دەبێ. بە هەناسکە هەناسک سەرەوژوور و سەرەوخوار دەکەم. گۆرەکان بە تامەزرۆییەوە وەرەقەکانم لێوەردەگرن. جاری وایە هەست بە دەنگی پێکەنین و جاری وایە هەست بە دەنگی گریان و جاری وایشە هەست بە نیگا پڕ لە بەزەییەکان و پڕ لە شانازییەکان دەکەم. بەڵام من دەرفەتم نیە، من دەبێ تەنیا بڵاوبکەمەوە. ئەوان بە سەر درەختەکانەوەن یان لە پشت کێلەکانیان، گرنگ نیە. من تەنیا زۆر خێرا هەموو پانتایی گۆڕستانەکە بەسەردەکەمەوەو دەیپێوم. کە لێ دەبمەوە، گیرفانەکانم سووک سووک دەبن. وەک دوێنێ. هیچیان تیا نیە. کە دەگەمەوە لای

قوڵکەکە، هەست دەکەم دارستانەکە دەستێکە لە دوواوە بۆ گرتنی من دەکرێتەوە. من لاناکەمەوە. دەبێ تەنیا بڕۆم و بەس. بە ئارامی مۆتۆڕەکە وەسەردەخەم، رۆشنی دەکەم و وەڕێدەکەوم. دەستەکە، پەیکەرێکی خۆڵەمێشی لە ناو دڵی رەشی دارستانەکەوە. من دەڕۆم و ئەو دەکشێ. تا نزیکی شار. پەلەم نیە. جاری وایە ئارامی دەکەمەوە، بۆ ئەوەی بمگاتێ. هەر کە خەریکە دەمگاتێ، خێراییەکە زیاتر دەکەم. من نازانم چەند ساڵی تر باوەگەورە دێتە ئێرە، بەڵام گەر هات ئەم دەستە وەک ئیستای خۆی نامێنێ. دەبێ بە شتێک لە نێوان ترس و ئازایەتیدا. ئیدی رازی دەبێ بەو شتەی کە هەیەتی.
تەنیا ئەوێیە لە خۆی دەچێ. چ نوێ و چ کۆن، ئەم خۆیبوونەی لێ ون ناکا. رەنگە باوە گەورە لە ناو وێنەکەیدا لە شوێنێکی وا دەڕوانێ. چاوی ئەو لە دوور دووریشەوە دەیتوانی بیانبینێ و بیانناسێتەوە. پێم وابێ بە بریقە بریقی بەردەکانی بەر هەتاو و سەوزایی ئەو درەختانەدا دەیناسینەوە کە کەمتر زیندەوەر رووی تێدەکردن. یاخود بە بێدەنگییەکەیاندا. ئەو لێرەوە جوان گوێی لەو بێدەنگییە بوو کە بێدەنگتر بوو لە دەورووبەری خۆی. دەیگووت: "مردوو زیندووترین بوونەوری جیهانە. ئەوەندە زیندوو کە زیندووەکان قەت ناتوانن فەرامۆشیان بکەن." جارێکیان دەیگێڕایەوە لەو سەردەمەیدا شوان بووە، بینیوویەتی کە چلۆن ئاژەڵە کێوییەکان خۆیان لە گۆڕستانەکان دەپاراست. کەرویشکی بینیبوو کە لە ترسی رێوی خۆی بە قەبرستانی گوندەکەیاندا دەکا و رێوییەکەیش لە ترسی گۆڕستانەکە واز لە نێچیرەکەی دێنێ.
من کە بە زستاندا بێتاقەتی رووی تێدەکردم، کاپشنەکەم لەبەردەکرد و بە پیاسە بە لای تەپۆڵکەکەی ناوەراستی شاردا تێدەپەڕیم. بەفر لەوێ شتێکی تر بوو، وەک چۆن ئەوان لە بەفردا شتێکی تر بوون. نگینێکی سپی.
کچێک کە لە گەڕەکی تەنیشت قەبرستانەکەدا دەژی، لە گەڵ کوڕیک حەز لە یەک دەکەن. هەرچی دەکەن جێژوانیکیان بۆ نادۆزرێتەوە، وەها کە بە دڵ راحەتییەوە بتوانن بۆ ماوەیەک پێکەوە بن. لە یەکێک لە شەوە زستانییەکانی ئەم قەبرستانەدا، لە کاتێکدا کچەکە لە پشت پەنجەرەکەیان دانیشتووەو سەیری قەبرستانی بەر مانگی چوارده دەکا، کتوپڕ بە زەینیدا دێ کە باشترین ژوانگە، ئەوێ واتە گۆرستانەکەیە. نە کەس دەوێرێ رووی تێبکا و نە بە هۆی بەفر و مانگەشەویشەوە چیدی ترسناک

دەنوێنێ. ئەمە بە دۆستەکەی دەڵێ. بۆ سبەی شەو دەچنە ئەوێ. دەڕۆن دەڕۆن تا ناو دڵی قەبرستانەکە. لەوێ دەچنە ژێر کەپرێکی ئاسنین کە بۆ یەکێک لە قەبرەکان کراوە. خەنی لەوەی کەس نایانگاتێ و سەرئەنجام بەدوور لە مرۆڤەکان دەتوانن پێکەوە بن، لە سەر گۆڕی ژێر کەپرەکە دادەنیشن و پێکەوە دەدوێن و ئاشقێنێ دەکەن. کتوپڕ هەورێکی قورسی رەش ئاسمان دادەگرێ و بایەکی توند هەڵدەکا. کچەکە توند باوەش بە کوڕەکەدا دەکا و دەڵێ چۆن بگەڕێینەوە. کوڕەکە دەستی دەگرێ و وەڕێ دەکەون. بەڵام بەفر بە باهۆزەوە دەبارێ و دونیایش ئەوەندە تاریکە کە هەرچی چرای شارە ون دەبێ. من کە کاپشنەکەم لەبەر دەکەم و بە زستاندا لە کاتی وەرەزیدا روو لەوێ دەکەم، هەمیشە ئەو جێ هەنگاوانە دەبینم کە تەنیا بە دەوری گۆڕ و کێلەکاندا بە بێ هیچ ئامانجێک سوڕدەخۆن.

خەمگینترین کاتەکان لای من عەسرانی هاوینان بوو کاتێک مزگەوتەکان قورئانیان بۆ مردووەکان سەردەخست. ئەوەندە دڵم تەنگ دەبوو کە جانتایەکم هەڵدەگرت و رووم لە شاخەکانی دەوری شار دەکرد. لەوێ ئەگەرچی دەنگ نەدەمرد، بەڵام لاواز دەبوو و جاری وایش بوو "با" بۆ چەند ساتێک دەیبرد و بزری دەکرد. من کە ئیستایش نازانم و دڵنیا نیم لەوەی مردن خەمگینترە یا دەنگی قورئان خوێندن، بەڵام یەکجار لەمە دڵنیام کە پێکەوە یەکجار خەمگینن. ئەوەندە خەمگین کە من جاری وابوو حەزم دەکرد ببم بەو کۆترانەی لە رۆژئاوای شاردا رۆژێ لە رۆژان ون بوون.

لە بەر سێبەری ئەو دووکانانەی پشتیان لە رۆژئاوایە، بۆنی تەماتەی رزیو و فلیقاو دێت. مێش و مێشوولە و زەردەواڵە بە سەر ئاسمانی بنجۆکە و شۆستەکەدا وێڵن و مەستی بۆنە ترشاوەکانن. کە یەکەم خۆپیشاندانەکان دەست پێدەکەن، من وەڕەز لەم بۆنە و لە دەنگی بڵیندگۆکان خۆم دەهاومە ناویانەوە. لەوێ هەم بۆنەکان جۆرێکی ترن و هەم دەنگەکان. جیهانێکی تر. لەوێ مەرگ تەقدیس دەکرێ و من خۆشحاڵم لەوەی ئیتر لێی ناترسم. وشەکان و سروودەکان دەمهەژێنن. خواخوامە هەمیشە بە کاتی عەسر و دووانیوەڕۆیان خۆپیشاندان بێت. بەڵام باوەگەورە نایەت. ئەو لەوێ لە سەر سەکۆکەی تەنیشت دووکانی میوەفرۆشییەکان دانیشتووەو سەیردەکا. پێش هەموو کەسێکیش خۆی بە مزگەوتدا دەکا. من کە پێم وایە رۆژێک ئەم سروودانە جێی قورئان دەگرنەوە، بۆ یەکەم جار پێکەنینم بە گەوجی و تێنەگەیشتوویی

باوەگەورەدا دێ. هەوڵ دەدەم هەموو سروودەکان فێربم. هەموو شیعرەکان. کە بانگ دەدا، من لەبەر خۆمەوە سروود و شیعرەکان دەڵێمەوە. نازانم بۆ هەندێ حەز دەکەن من غەمگینتر بم لە مردووەکان... لە گۆڕستانەکان. باوەگەورە ئەمانە لە چاومدا دەخوێنێتەوە و کەچی هیچ ناڵێ. ئەو تەنیا وەک هەمیشە سەیری رۆژئاوا دەکا و پێی وایە پەنجەرەکەی خۆشترین شوێنی دونیایە.
لێرە خاک هەمیشە بۆنی دێ. چ لەو کاتەیدا زەوی خەریکە گەرم دەکا و دەبرژێ و، چ لەو کاتەیدا خەریکە سارد دەبێتەوە. بۆنێک کە لای من بەشێکی سروشتیی بوونە. لای من هیچ شتێک بێ بۆن نابێ. نیگاکانی باوەگەورە بۆنیان هەیە،... فڕین و مردنیش بۆنیان هەیە. من زۆر جار بۆنی نیگای باوەگەورە و بۆنی فڕین و بۆنی مردن ئاوێتەی یەکتر دەکەم و دەیانکەم بە بۆنێکی تر. وەک بۆنی ئەو وێنەیەی لە گیرفانمدایە. ئەم بۆنە تەنیا لای من هەیە،... تەنیا من بۆنی دەکەم. گیرفانم، سەر بانەکە، رۆژئاوا و سنوور ئەم بۆنە دەدەن. گەر دەرفەتێکم هەبێ شووشەیەکی لێ پڕدەکەم. بۆ ناوەکەی نازانم. شەرت نیە ناوی هەبێ، گرنگ ئەوەیە کە هەیە. وەک هەموو ئەو شتانەی کە نین! بۆ دیاری دەبێ یان نا، نازانم. بۆنێک بۆ بۆنەکان؟ ئەمە گرنگ نیە. رەنگە هەر لە بەر ئەوەی کە گرنگ نیە، بۆنێکی گرنگە.
لە یەکێک لە خۆپیشاندانەکاندایە دەست دەبەم تەماتە رزیوەکان کۆدەکەمەوە و بۆ بینایەک و بۆ نیگابانەکانی بەردەمی فڕێیان دەدەم. دەستەکانی من و دەستەکانی ئەوانی تریش، ئەوانەی وا لە گەڵ منن بۆنی تەماتەی رزیو دەگرن. ئەو رۆژە، بۆنی شۆستەی بەردەم دووکانی میوەفرۆشییەکان دزەدەکاتە ناو ئاپۆرای خەڵکەکەوە. هەر ئەو رۆژەیش بۆ یەکەمجار بە جوانی دەنگی بلیندگۆی مزگەوتەکان دێتە گوێم. کە دەگەمەوە ماڵ، شەوە. لە بەر شێرەئاوەکەی تەنیشت بەردەنوێژەکە هەوڵ دەدەم بە سابوون جوان جوان دەستەکانم بشۆم. بۆنەکە دەڵێی بە دەستمەوە چەسپیوە. دەچم کەمێک لە گڵی باغەکە دێنم، تەڕی دەکەم و دەستەکانمی پێ دەشۆم. بۆنەکە هەر لەوێیە. چار نیە، دەبێ راوەستم تا رۆژ دەبێتەوە. حەمامی پشت مزگەوتەکە سەعاتی پێنجی بەیانی دەکرێتەوە.

# هەستێکی غەریب

کە رۆژ دەبێتەوە، هەست دەکەم لە دوێنێ نە تەنیا شەوێک، بەڵکوو سەدان شەو گوزەراوە. دوێنێ هی سەدان رۆژ لەوە پێشە. حەز دەکەم بپرسم ئەمڕۆ چ رۆژێکە و ساڵی چەندەیە. باوەڕناکەم ئەوەندە زوو لە ئەو ساڵەی بگوزەرێ کە من لە پشت سەیارەکە بووم و بۆ یەکەم جار ساڵەکانم تیا دەژمارد. حەزم بە روانینی ئاوێنەیەکە. بە ژوورەکەدا چاو دەگێڕم. هیچ ئاوێنەیەک نابینمەوە. بۆنی چایی تازە دەمکردوو و ماست سەرنجم رادەکێشن. ئێرە کوێیە؟ رەنگە یەکێک لەو خەونانەی کاتی خۆی باوەگەورە بۆی گێڕاومەتەوە. ئەو زۆر جار باسی گوندی دەکرد. باسی ئەوەی لە خانووەکەیانەوە تا ناو سروشت تەنیا هەنگاوەرێیەک بوو. هەربۆیە خۆدزینەوەو خۆبینینەوە لە ناو تەنیاییدا کارێکی یەکجار ئاسان بووە. باوەگەورە حەزی لە ژوورەکەی ناو خانووە چوار هۆدەکە بوو، چونکە بیری ژیانی ناو گوندی دەخستەوە. لەو ژوورە خۆی دادەشارد. ئەو رقی لەو هەموو خانووە بوو. دەیگوت قەت لە چاوەکان ون نابن. ئەو زیاتر حەزی بە چاو و نیگای ماسی و گورگەکان بوو. دەیگوت هەر یەک شت لە چاو و نیگایاندایە. گورگ لەو کاتەیدا سەیرت دەکا، دەستبەجێ دەزانی کە داخۆ بەتەمایە بتخوا، یان هەڵێ یان ئەوەی کە لێت دوو دڵە. ئیتر تۆ دەزانی چت بەسەر دێت. ئەو رقی لە نادیارەکان بوو. کە ئەمانەی دەگووت، تەسبێحەکەی خێراتر هەڵدەسوڕاند.

بۆ یەکەمجارە روو لە موچە و مەزرا دەکەم. هەر خۆم نیم، زۆرین. خزمان بۆ کار و باری موچە و مەزرا بە ڕێوەن. لە ڕێگای خۆڵینی قەراغ باخەکەوە ئاودیوی ئەو کەلەی دەبین کە نازانم ئەو دیوی چییە. بۆنی ئاژەڵ، پشکەڵ، تەرس و شیاکە لە گەڵ تۆزی ڕێگا لێم دەئاڵێن. لێرە فێر دەبم کە دەکرێ هەموو شتێک رۆژێک لە رۆژان لێک ئاڵێن. کە بە تەنیشت ماڵی کۆنەئاغادا تێپەڕین، هەستێکی سەیر دامدەگرێ. خانوویەکی بەرزی داڕماو و چۆڵ. بیرەوەریی چاخێکی تر. دەورانێک کە تەنانەت باوەگەورەیش قەت باسی ناکا. کە دەگەین خۆم دەدەمە دەست سێبەرێک. بە چەند رۆژ زۆر شت فێر دەبم. ئیتر نە بەیانیان بۆم زووە کە لە خەو هەڵدەستم و نە بۆنەکان ئازارم دەدەن. ئەوەندەش بیر لە ماڵە ئاغا ناکەمەوە. دەزانم ژیان عادەتە، بەڵام نەمدەزانی ئەوەندە خێرایش. کە ئێوارانم لێ دێت دەچم سەر ئەو جۆبارەی بۆ خۆم چاڵێکم لە بەریدا دروست کردووە، بە جامێک خۆم دەشۆم. کەفەکان لە شوێنێک ون دەبن. ئاگام لێیە مێش و وردە بوونەوەرەکان کێشەیان لە گەڵدا هەیە. بە من چی؛ من کە بەرپرسی هەموو کێشەکانی دونیا نیم! بە رۆژ جاری وایە بە ناو دۆڵ و تەپۆڵکەکاندا دەگەڕێم و بۆن بە سروشتەوە دەکەم. لە سەر بەردەکان دادەنیشم و چڵە گیایەک بە دەستەوە دەگرم و سەیری دوور دوور دەکەم. لە باڵندەکان دەڕوانم و لە گەڵ کیسەڵەکان دەدوێم. هەست دەکەم نەنکم دەیان ساڵ لەوە پێش لێرە هەموو ئەم شوێنانە گەڕاوە. کچێکی گەنج کە نەیدەزانی رۆژێک ئێرە دەبێ بە دووا رۆژی.
دووای حەمامی ناو سروشت، هەموو جارێک گوڵێک دەدەمە دەم جۆبارەکەوە و دووای ئەوەی لە چاو ون دەبێ، دەچم لە ناو گیاجاڕەکاندا پاڵدەکەوم. تەخت لە سەر پشت. ئاسمان بچووک دەبێتەوە بە قەد جەستەی من. دەورم، گیا باڵابەرزەکان. لەم ئاسمانە بچووکەی من شتەکان چەند زوو تێدەپەڕن، ...هەورەکان، باڵندەکان، پەپوولەکان و رۆژەکان. جاری وایە ئەوەندە دەمێنمەوە کە کاروان دەنگم دەدا. هەڵدەستم و شوێنیان دەکەوم. ڕێگا خۆڵینەکە دیسان دەگرینەوە بەر. ئێوارەی ئەم وڵاتە لەوەدا نیە. ئەوەندە جوان و رەمزاوییە کە جاری وایە خۆم دووا دەخەم و دەگریم. دەگریم بۆ بێکۆتاییەکان. بۆ دووپاتبوونەوەکان.
شەوانی ناو گوند لە کاتی هاویندا، تایبەتن. شەوە کورتەکان، گەنجەکان لە دەوری کانییەکان و لە ناو دووکانەکان کۆدەبنەوە. منیش وادەکەم. ئەوان پێدەکەنن و قسەی خۆش دەکەن، یان بە گوێ گرتنی گۆرانییە دوو قۆڵییەکان شادی و غەم دایاندەگرێ.

من کە هەمیشە پێم وابوو ئەم گۆرانیانە بۆ هەڵپەڕکێن، بە دیتنی سیمای خەمگینیان سەرم سوڕدەمێنێ. ئیتر منیش فێردەبم بەم گۆرانیانە خەمگین بم.
من، تەنیا سەیر دەکەم و بە چاو وێنەکان هەڵدەگرمەوە. ئەمە لە باوەگەورەوە فێربووم. رەنگە رۆژێک بتوانم منیش وەک ئەو بدوێم، ...لە سەر وێنەکان بدوێم. دووانێک کە هەم چێژم بداتێ و هەم غەم. من دەزانم کە دەبێ زۆر جوان سەیر بکەم و بڕوانم. رووداوەکانی ژیان زۆر نین، تەنیا ماوەیەک لە تەمەنی تۆ دەگرنەوە. تەمەنی گەنجیەتی. جاری وایە ئەوەندە دەڕوانم، ئەوانەی لە گەڵمان ترسێک دایاندەگرێ. بە چاو یەکتر بە سەر دەکەنەوە و ئەوسا هەوڵ دەدەن لەگەڵم بدوێن. یان بڕۆن. من کە لەگەڵم دەدوێن، دەدوێم. زۆریش دەدوێم. وەها، لێم وەڕەز دەبن. کە دەشدوێم هەموو شتێک دەڵێم. هیچ وشەیەک لای من حەرام نیە. وشەکان تەنیا وشەن، بە بێ هیچ بارێکی ئەخلاقی. هیچ پەرژینێک بە دەوریانەوە نیە. ئەوانیش زوو وەڕەز دەبن و ئیتر سەرنجیان دەگوێزنەوە. منیش بە بێ ئەوەی قسەکانم تەواو کردبێ، بەرە بەرە دووا وشەکان لە دەمم دا دەخۆمەوە و ئیتر بێدەنگ دەبم. من، چەندەش زوو گریانم دێ، هەر ئەوەندەش زوو دەکەومە پێکەنین. پێکەنینێکی بڵیند و بەرز و شێتانە. چەند شتەکان لام هەمیشە سەیر و سەمەرەن. حاڵەتە مامناوەندییەکان ونن. شەوانە لە سەر بانی دادەنیشم و مانگم لێدەبێ بە هەتاو و ئەستێرەکان بە مانگ. شەوانی مانگە شەو، باوەگەورە هەمیشە پەردەکانی جوان لادەدا. بۆ خۆی نا، بانگی دەکرد بۆی لادەن. ساڵانی بوردوومانەکان، ئەو رۆژانەی وا شەوەکانیان مانگەشەو بوون، باوەگەورە لە هەموو کاتێکی تر ئازاتر دەبوو. وەک بڵێی باوەڕی نەدەکرد تەیارەکان لەو شوێنەوە دێن مانگی لێیە. لای ئەو ئاسمان تەنیا بۆ هەورەکان، باڵندەکان، هەتاو و مانگ بوو. ئەوەی چۆن مرۆڤ دەستی گەیشتبووە ئەوێ، پرسیارێک بوو لای بێ وەڵام.
هەر چۆنێک بێ رادیۆیەک پەیدا دەکەم. رادیۆیەکی بچووک کە بە باتری قەڵەمی ئیش دەکا. رادیۆکە لە ناو سروشتەوە جیهانی من جارێکی تر بە جیهانی دەرەوە گرێ دەداتەوە. ئەوەندە خۆشحاڵم کە نازانم چی بکەم. مرۆڤێکی تینووی هەواڵ. ئۆخژنێک بە دڵم دا دەگەڕێ. ئۆخەی جیهان ئەوەندەش بێدەنگ نیە کە من وێنام دەکرد. گڕ و تینێکم تێدەگەڕێتەوە. بەڵام من لێرە لەم گوندە دەتوانم چی بکەم؟ بەو

ئاکامە دەگەم کە هیچ. من لێرەم بۆ ئەوەی کە لێرە بم و بەس! شوێنێک بۆ خۆداڵدەدان، بۆ سڕینەوەی مەترسییەکان.
باوەگەورەیش رادیۆیەکی هەبوو. بەس هی خۆی بوو. بۆ کەس دەیتوانی دەستی بداتێ! بەرگێکی جوانی بۆ کردبوو و وەک بیلبیلەی چاوی ئاگای لێ بوو و دەیپاراست. ئیستا دەزانم بۆ ئەوەندە رادیۆکەی خۆش دەویست! رادیۆکەی من لێرە نە تەنیا بەرگی نیە، بەڵکوو بە رۆژ لەبەر تۆز و خەوش و خۆڵ و گیادایە. من همیشە بە فوو خاوێنی دەکەمەوە. رادیۆکەی باوەگەورە هەمیشە لە سەر هەواڵ بوو. قەت نەمبینی گۆرانییەک بڵێ. کە دەچووە سەر گۆرانی، خێرا یان دەیگۆڕی یان دەیکوژاندەوە. هیچ شتێک بە قەدەر ئەمە رقی منی هەڵنەدەستاند، بەڵام ئاکام چی؟ هیچ. باوەگەورە دروست کرابوو بۆ ئەوەی باوەگەورە بێت و بەس. من لەم کاتانەدا هەڵدەستام، دوور دەکەوتمەوەو هەوڵم دەدا گۆرانییەکە لای خۆم بڵێمەوە، بێ مۆسیقا. مۆسیقاکە لە گەڵما بوو. لە شوێنێک لە دەروونمدا. شوێنێک کە بۆ خۆیشم نەمدەزانی کوێیە. باوەگەورە دەیزانی من بۆ دوور دەکەومەوە. بۆیە بە چاو تا دەیتوانی بەڕێی دەکردم. ئەو رۆژەی وا لە ناو مینی بووسەکەدا بووین، سەرئەنجام لێم پرسی، نا لێم نەپرسی، ئەوە بۆ خۆی بوو کە سەرئەنجام دانی پیا نا و گوتی. رێک دووای ئەوەی شارمان لێ ون بوو گوتی. وتی: "ئەوەی لە ژوورێکدا لە دایک بێ کە بانیژەیەکی هەیە و بانیژەکەیش بە سەر رۆژئاوادا دەڕوانێ، نابێ گوێ لە گۆرانی بگرێ! کە گوێی لە گۆرانی گرت، حەزی سەفەر لە دەروونیدا چەکەرە دەکا و بۆ هەمیشە دەبێ بە درەختێکی سەوز؛ سەوز سەوز، ئەوەندە سەوز وەک بڵێی چی رەنگی سەوزی دونیایە لە خۆی گرتبێ."
نازانم راستی دەکرد یان نا. ژیان لای من تەنیا ژیان بوو. هەر کەسێک جۆرێک دەژیا و منیش هەروەها. گرنگ نیە تۆ لە کوێیت و لە چ زەمەنێکدا دەژیت. گەر ئەم ژیانەت پێدرا، ئیدی بژی! ئەوەی کە ناکرێ هەموو وەک یەک بژین، هەمیشە دڵخۆشیی منی داوەتەوە. تەنانەت ئەوانەی جۆرێکی تر دەژین، جۆرێکی ترن و چی لەمە خۆشتر! ئەمە لەوانی ترت جیادەکاتەوە. دەبی بە شتێکی تایبەت؛ بە شتە تایبەتەکان. من دەزانم لەم دونیا نە زۆر گەورەیەدا زۆر کەس هەن وەک من دەژین. زۆر کەسن کە بۆ هەمیشە چێژی ژیان لە شوێنێک لێیان حەرام دەبێ. جا بە هەر هۆیەک. چ خۆیان حەز بکەن، چ بۆیان حەز بکەن. رەنگە رۆژێک بە توشیانەوە

بووبێتم. بێگومان نە من ئەوانم ناسیوەتەوە و نە ئەوان من. پێویستیش بەوە ناکا یەکتر بناسینەوە. ئێمە بۆیە سەفەر دەکەین بۆ ئەوەی خۆمان بین و بەس. یەعنی وای لێهاتووە. رەنگە گەر بە تووش یەکتریشەوە بین، جاڕز بین. ئەوانەی وا حەز دەکەن جۆرێکی تر بن حەز ناکەن ئەوانەی تر ببینن کە حەز دەکەن جۆرێکی تر بن. تەنانەت خەڵکی ئاساییش. ئەوان تەنیا حەزیان بە دیتنی خۆیانە. لە شوێنێک دانیشن و خۆیان بەسەر بکەنەوە. باسی خۆیان بۆ خۆیان بکەن. رووداوەکان بە هەزاران جار بڵێنەوە. سات بە ساتی رابردوو بکەن بە رەنگ. ئەو رەنگانەی وا دەبن بە رەنگاڵە و لە فەزایەکی بێکەراندا سەما دەکەن. سەمای گێڕانەوە و تەنیایی.

بۆ ئەوەی بینوێنم جیام، یان بۆ ئەوەی بمنوێنن جیام، لە گەڵ رادیۆکەم رووم دەکردە گویسبانەکان و لە گەڵ تیشکی مانگەشەو گوێمان لە مۆسیقا و هەواڵ دەگرت. سێبەری مرۆڤەکانی گوند کە لە ناو ژوورەکان و سەر بانیژەکاندا لە بەر چرا لەنتەر و چرا نەوتییەکاندا وەک رۆحە پەرتەوازەکان دەهاتنە بەر چاوم، چەند منی دەبردەوە ناو چیرۆکە ئەفسانەییەکان. هەستم دەکرد کە بێگومان دەبێ ئەم ساتانە رووداوی گەورەیان بە شوێندا بێت. گرنگ نیە من ئەو رووداوانە ببینم یان نا، گرنگ روودانیانە. من و مانگە شەو و هەواڵەکان و تارماییەکان بۆ سەلماندنی ئەم راستییە یاخود ئەم خەونە لێرەن. تەنانەت گەر من و رادیۆکەیش باسی نەکەین، مانگەشەو و سێبەرەکان باسی دەکەن. ئەسڵەن من لێرەم بۆ ئەوەی ئەوان بدوێن. ئەوانەی وا لە مێژە بە زمانی رەمز و ئیشارە دەدوێن، دەبێ فێربن راستەوخۆ قسەبکەن.

رقێکی سەیر دامدەگرێ. باشە بۆچی نە تیشکی مانگ و نە چرا نەوتییەکان ئەوەندە بەهێز نین کە بتوانن تارماییەکان روون بکەنەوە، ئەوەندە روون کە جوان جوان بیانبینم؟ کتوپڕ تێدەگەم گەر وابایە، ئیتر مانگەشەو و چرا لەنتەرەکان مانایان نەدەما. ژیان ژیانە، چونکە پێویستیشی بەمانە هەیە. بیر لە دونیایەک بکەوە کە تێیدا هەمووان بتوانن جوان جوان یەکتر ببینن، ئیتر هیچ نیگایەک ئاودیوی جەستەکان نابێت. ئیتر خەیاڵ ناجوڵێت. پێکەنینم دێت. باشە خەیاڵمان بۆچییە؟

باوەگەورە جارێکیان گوتی کاتێک کارەساتەکان دێن من لەو کاتەدا خەیاڵ دەکەم، خەیاڵ بۆیە چونکە کارەساتەکەم لا بچووک دەکاتەوە. وەها کە دەتوانم درێژە بە ژیان بدەم و بژیم. گەر ژیان بۆ خۆی هەر لە بنەڕەتدا کارەسات بێت کەواتە دەبێ

هەمیشە بە خەیاڵ و لە گەڵ خەیاڵ دا بژیت. من ئەمەم دەکرد. گەر خەیاڵەکان کۆتاییان پێدەهات، ئەوە باوەگەورە بوو منی دەگرتەوە. ئەو دیسان فێری دەکردمەوە کە چلۆن دروستیان بکەمەوە، چلۆن لە کاتی بەتاڵبوونەوەکاندا هەست بە پڕبوونەوە بکەم.

شەوێکیان لە گەڵ یەکێک لە گەنجە خزمەکان رووومان لە دووکانێکی ئاوایی کرد کە لە چاو دووکانەکەی تر کەمتر خەڵک روویان تێدەکرد. دەرگایەکی دارینی گەورە، حەوشە و داڵانێکی تاریک کە بە حاڵ تیشکێکی تیادەگەڕا، رێگامان بوو. چووینە ژوورەوە. پیاوێکی تەمەن پەنجا ساڵان لە بەر رووناکایی چرا تۆڕییەکدا لە ناو وردەواڵەکانی دانیشتبوو. وەک عادەت سڵاوم کرد و لێی چوومە پێش دەستی لە گەڵ لێبدەمەوە. تەنیا دەنگی وەڵام و ئەو چاوانەی لە تەنیشتی منەوە تێدەپەڕین و لە شوێنێک لەولای منەوە ون دەبوون. ئەوەی لە گەڵما بوو، پڕمەیەکی ئارامی پێکەنین گرتی. زانیم ئەمە گەمەیەک بوو بۆ ئەزییەت کردنی من، یان رەنگە بۆ تاقیکردنەوەی من. من کە زانیم دووکاندارەکە کوێرە، ئارام دەستم گێڕایەوە و لە سەر نشینگەیەکی قوڕین جێی خۆم کردەوە و دانیشتم. ئەو شەوە دووکاندارەکە باسی زۆر شتی گەنجیەتی خۆی بۆ گێڕامەوە. باسی بەهێزی خۆی، باسی نەترسی و غیرەت و باسی ئەو کاتانەی کە چاوەکان رێگایان بۆ دەکردەوە. من نازانم چەندە لەو قسانە حاڵی دەبووم. لە نێوان رستەکان و وشەکاندا خەیاڵ دەیبرم. چەند شێوەی باوەگەورەی دەدا؛ باوەگەورە لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا. کە باسی رووداوەکانی گەنجیەتی دەکرد هەڵدەستایە سەر یەکێک لە چۆکەکانی و بە دەستەکانی تا دەیتوانی هەوڵی دەدا وێنای شتەکان بکاتەوە. تێکەڵێک لە زمانی وشە و زمانی ئیشارە و زمانی جەستە. باوەگەورە ئەگەرچی کوێر نەبوو، بەڵام زۆر جار ئاوا دادەنیشت، لە سەر چۆکێک. ئەو رۆژەی شار خومپارە باران کرا، هەر ئاوا دانیشت. کە تەیارەکانیش دەهاتن، رادەبووە سەر چۆک. ئەوجار بە حاڵ گەردنی دەکێشا و دەیڕوانی. دانیشتنەکان هەر لای ئەو تایبەت دەبوونەوە. نازانم بۆ. بەڵام رێ رۆیشتنەکانی نا. تەنانەت راوەستانەکانیشی. حەزم بەم دووانەیان نەبوو. گەر بە دەستی من بایە، پێم دەگوت کە قەت هەڵنەستێتە سەرپێ و نەڕوا. ئەو بۆ دانیشتن دروست کرابوو.

من وا نەبووم. کە دادەنیشتم ئەژنۆکانم لە باوەش دەگرت. لە سەر بان و لە مەزرا. کە کۆترەکانیشم هەڵدەفڕاند هەر وا دادەنیشتم و چاوەڕوانیان دەبووم. ئەم شێوە دانیشتنە زۆر مەزڵومانەیە. رەنگە هەر لەبەر ئەوەیش بوو کە ئەو ساڵە نەگیرام و کۆترەکانیش فێر بووبوون دەهاتن و لە سەر چۆکەکانم هەڵدەنیشتن. کە دەنگی تەقە لە ناکاوەکان دەهات، دووبارە دەهاتنەوە و لە سەر چۆکم دادەنیشتن. بە چوار دەورمدا. ئەوسا گەردنیان دەکێشا و بە نیگایەکی ترساوەوە لێمیان دەڕوانی. لەم کاتانەدا قەت هەڵمنەدەفڕاندن. لەم کاتانەدا ئاسمان پڕمەترسیترین شوێنی جیهان بوو. ئەوەندە پڕ مەترسی کە دەکرا بچوکترین شتەکانی وەک کۆترەکانیش بەرکەون.
کە لە دووکانەکە هاتینە دەر، نازانم بۆ، بەڵام ئیتر حەزم نەکرد جارێکی تر بچمەوە. هۆکارەکەی نازانم چ بوو. رەنگە ئەوەی کە ناخۆشترین شتی دونیا ئەوەیە کە دوو چاو زەق زەق لیت بڕوانن، بەڵام نەتبینن. من فێری نیگاکانی باوەگەورە بووبووم. ئەوەندە جوان دەیانبینی، کە من جاری وابوو خۆم دەدزییەوە. جارێکیان لەم خۆ دزینەوانەدا بە سەر شتێکدا کەوتم کە رنگە نەدەبا بکەوم.

**دۆزینەوە**

بە سەریا دەکەوم، بە سەر ئادرەسەکەدا. بۆ خۆیشم نازانم چۆنی دەدۆزمەوە. ئەها، ئیستا دەزانم. کوڕێک پێشم کەوت. پێم وابێ بەزەیی پێمدا هاتەوە، یان ڕەنگە کوڕی چاک بوو و دەیزانی ون بوون لە شاری غەریب چۆنە. هەر کە کاغەزەکەم نیشان دا، سەیرێکی کرد، ئەوسا لە خۆمی ڕوانی. سەر تا پا. بە سەر ئاماژەی پێدام و پێشم کەوت،... ڕێک تا ئێرە. کە ڕۆیشتیش و لێم جیابووەوە، تەنیا دەستێکی لێ بەرز کردمەوە "ماڵئاوا!" لەو ڕۆژە بەدووا سوێندم خوارد گەر بە تووش کەسی غەریبەوە لە هەر شوێنێک بووم، بە دەمییەوە بچم. چم لە دەست بێ بۆی بکەم. ئیستا کە بیر لەو بڕیارەی خۆم دەکەمەوە، پێکەنینم دێ! کە بۆ خۆت هەر غەریب بوویت و غەریب، چۆن یارمەتیی غەریب دەدەی؟ باوەگەورەم دەیگوت لە سەردەمی منداڵی کاتێک بۆ یەکەم جار بزنێکی لێ ون دەبێ، نازانێ چۆن بۆ ئاوایی بگەڕێتەوە. نەک لە ترسی باوکی، بەڵکوو لە ترسی تانە و تەشەری خەڵکی. ڕۆژی دوواتر بە چەند کەس بۆ بزنەکە دەگەڕێن. هەر نایدۆزنەوە. دڵنیا لەوەی یان خەڵکی تر دزیوویانە یان گورگ خواردوویەتی، دەگەڕێنەوە. لە کاتی گەڕانەوەدا کتوپڕ دەنگی بزنێک دێت. ئەوان کە لە ناو دۆڵێکدا دەبن، بۆ ناو ئەو گڕە بەردانەی هەڵدەکشێن کە گریمانەی ئەوە دەکەن دەنگەکە لەوێوە بێت. ناوی ئەو گڕەبەردانە

"تەپکەی رۆحی بزن" دەبێ. تا نزیکتر دەکەونەوە، زیاتر ترسیان لێ دەنیشێت. بۆچی دەبێ دەنگ تەنیا لێرەوە بێت؟ تۆ بڵێی گورگەکان لەوێ خواردبێتیان؟ کە دەگەن، سەرەتا چەند پەڵە خوێن دەبیننەوە، ئەوکات پێست و موو، دوواتر ئێسک و سەرئەنجام شاخەکانی. وادیارە شەڕیان لە سەر کردووە و هەر کامەیان بەشێکیان بڕدابێ و لەم لاو لا خواردبێتیان. بەڵام دەنگی بزنەکە لەوێ هەر دێت. جەماعەت کە یەکجار ترسیان لێ دەنیشێت، سەرەوخوار هەڵدێن. لەو رۆژەوە خەڵکی ئاوایی بە دوو ئاکام و بڕیار دەگەن: یەکەم ئەوەی کە پێشینیان و باو و باپیران لەخۆوە ناوی ئەو بەرزاییەیان نەنابوو "تەپکەی رۆحی بزن"، دووهەم ئەوەی کە ئەو گڕە بەردانە بۆ هەمیشە قەدەغە کران. ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەو ناو بەردانە وەها گژ و گیای لێ شین ببێ کە وەک یاقووت لەو ناوە بدرەوشێتەوە. ساڵانی ساڵ بە سەر ئەم رووداوەدا تێدەپەڕێ. تا شەوێکیان پۆلێ چەکدار بێ ئاگا لەم بەزمە، بزنێک رێک لەوێ سەردەبڕن و دەیخۆن. ئەوان ئەوەندە برسی و ماندوو دەبن کە گوێ لە قسەی ئەو هاوڕێیەی خۆیان ناگرن کە چیرۆکی بزنەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە. شەو کە دەخەون و نیگابان دادەنێن، نیوەشەو نیگابانەکە کتوپڕ گوێی لە دەنگی ئارامی بزنێک دەبێ. بە تەمای ئەوەی بزنێکە و لە شوانەکەی هەڵبڕاوە، ئارام دەکشێتە خوار ئەو بەردەی کە پێی وایە دەنگەکە لەوێوە دێت. هەر لەم کاتەدا لەو تاریکستانەدا قاچی هەڵدەکەوێ و بەردەبێتەوە و سەری بە توندی لە بەردێک دەکەوێ و دەمرێ. وەک دەڵێن بزنەکە تۆڵەی بزنەکەی ئەو رۆژەی کردووەتەوە. دووای ئەو کارەساتە، ئەو هاوڕێیەیان کە بەسەرهاتە قەدیمییەکەی زانیبوو، واز لە هاوڕێکانی دەهێنێ و دەڕوا.

سەیری خەڵکەکە دەکەم. کەس ناناسم. سەیری ئەو دەرگا گەورەیەی کە بە تەمای ئەو هاتوومەوە ئێرە. ئەو رۆژە ئومێدێک بۆ چوونە ژوورەوە نیە، بەڵام من هەر دەمێنمەوە. نازانم بۆ. ئەوەندە وەڕەزم لە هوتێلەکان کە تاقەتم نیە بگەڕێمەوە. ئەم کۆڵانە بە خانووە جوانەکانییەوە و بەو شنە بایەی بە ناویدا تێدەپەڕێ، تەنیا رێگای دەربازبوونی منە! دەمێنمەوە. کە برسیم دەبێ، روو دەکەمە ئەو دوکانەی کۆڵانێک بەولاترەوەیە. دەگەڕێمەوە. لە ئاپۆرای خەڵکەکە کەم بووەتەوە. خۆر بەرەبەرە دادەچێ. ئەو خەڵکانەی لە دەرگاکە دەچنە ژوورەوە و دێنە دەر جۆراوجۆرن؛ دەم بە بزە و خەمگین، وەڕەز و ماندوو و شاد. کتوپڕ قورسایی دەستێک بە سەر

شانمەوە هەست پێدەکەم. لا دەکەمەوە. سیمایەک کە دەیناسمەوە و بەڵام ساڵانی ساڵە نەمبینیوە. هەڵدەستمە سەرپێ. جوانتر دەیناسمەوە. شتێک لە جەستەمدا سووک دەبێ. ئەو دووپشکەیەی بە ناو دەمارەکانمدا دەگەڕا، یەک بەیەک بەچکەکانی خۆی دەخوا و تەنیا دەمێنێتەوە. کە باسی دووپشکە دەهاتە گۆری، باوە گەورە هەمیشە دەیگوت رۆڵە ئێمە بەختمان هەیە لە شوێنێکدا دەژین کە خاکەکەی دووپشکەهەڵگر نیە. لە هەندێک وڵات دووپشکە لە گەڵ با دەفڕێ و خۆ بە ماڵاندا دەکا. من کە ئەمانەم دەبیست هەمیشە لە دڵەوە سوپاسی کەس یان شتێکم دەکرد کە پێم وابوو دەبێ بیکەم! بەڵام ئیستا نەمدازنی ئەم دووپشکانە لە کوێ و لە کوێوە خۆیان خزاندووەتە ناو رەگەکانمەوە، یاخود کامە با لە گەڵ خۆی هێناونی. لە سەر سنوور؟ لە رێگادا، یاخود لە گەرەکی ژنە رووتەکان؟ من نازانم. یان رەنگە هەر لەوێ لە جەستەمدا بوون، بە بێ ئەوەی بە خۆم بزانم. لەوێ بوون بە بێ جووڵە. کە من جوڵام ئەوانیش جووڵان. چاوەڕێی وڵاتی "با" بوون، تا لەوێ "با" لە ناو دەمارەکانمدا هەڵیان بگرێ و بیانخاتە گەڕ. بیر دەکەمەوە رەنگە باوەگەورە لە وێنەکەدا سەیری دووپشکەیەک دەکا. دووپشکەیەک لەو دیوی چۆمەکە. بەس باوەگەورە چۆنی دەبینی، نازانم.

بۆ شەو دەچمە لای. خۆشحاڵ لەوەی ئاشنایەکم بینیوەتەوە و ئیتر مەجبوور نیم رووبکەمەوە هۆتێل، تەواو هۆشی لێ بڕیوم. ئەو دەزانێ من بۆ لێرەم، بەس من نازانم. دەڵێ بیستم کە رۆیشتیت. لە بەر خۆمەوە دەڵێم من نازانم چونکە ئەو دووای من هاتووە. خانووەکەی چەند ژوورە کە ئەو تەنیا لە یەکیاندا دەژی. روو لە من دەکا و دەڵێ گەر پێت خۆش بێت، پێکەوە دەژین. کرێکە بەش دەکەین. ئەو شەوە لە خۆشیا ناخەوم. درەنگ دەخەوم. کە دەشخەوم وەها خەوم قورسە کە سبەی بۆ نیوەڕۆکەی لە خەو هەڵدەستم. هەر کە هەڵدەستم، بە بزەیەکەوە لەتە رۆژنامەیەکی گرمۆڵە و مچۆڵەکراوم بۆ دێنێت. ئارام دەیکاتەوە. لە ناویا دووپشکەیەکە! دەکشێمەوە. بە بزەیەکەوە دەڵێ: "دوێ شەو دووای ئەوەی تۆ خەوت لێکەوت، کوشتم. ئێرە لەم خانووانەدا ئێمە تیای دەژین پڕی دووپشکەیە!" من کە دوو دڵم و حەپەساو، تەنیا سەیری دەکەم. ئەویش رۆژنامەکە دەپێچێتەوە و لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: "فڕێم نەدا بەس بۆ ئەوەی نیشانی تۆی بدەم. بۆ ئەوەی دڵنیا بیت. لە سبەی شەوەوە دەبێ خۆت ئاگات لە خۆت بێت!" من نازانم سوپاسی بکەم یان نا.

هەڵدەستم. داوای لێدەکەم فرێی نەدا. حەز دەکەم سەیری بکەم. حەز دەکەم بزانم چۆن دەبێ ئاگام لە خۆم بێت. من دووپشکەم قەت ئاوا لە نزیکەوە نەبینیبوو. رەنگەکانیم بۆ لەیەک جیا ناکرێنەوە، سەوزە، زەردە یان رەش، یاخود هەموویان؟ تا چەند رۆژ دواتریش جەستە بێ گیانەکە هەر لەوێیەو منیش رۆژی چەند جار سەیری دەکەمەوە. ئیستا هۆتێلەکەم لە بیر چووەتەوە. هوتێلەکەم وەک دووپشکەیەک دێتە بەرچاو کە من چەند شەوێک لە ناویا ژیام. رەنگە وەیلانی بینینەوەی ژووری خۆمم بۆیە وا ناهێڵم هاوڕێیەکەم فرێی بدا. سەرئەنجام رۆژێک بە بێ ئەوەی گوێ بداتە من یاخود پرسم پێبکا، دەیخاتە زبڵدانەکەوە. خۆی کوشتوویەتی و کەواتە هەموو مافێکی لە سەر ئەو تۆمارکراوە. منیش هیچ ناڵێم، تەنیا سەیری دەکەم. دوواتر دەڵێ: "خەمت نەبێ، ئەوەندەیان لێ دەبینی، لێیان وەڕەز دەبی. ئیدی ئەو کات لە کاتی کوشتنیشیاندا نایانبینی. تەنیا کوشتنەکەیان دەبینی!"

لە بیرم نایە باوەگەورە کەس یان شت یان دووپشکەیەکی کوشتبێ. کە باسی دووپشکەکانی دەکرد، قەت باسی کوشتنیان لە گەڵ نەدەهات. ئەو تەنیا دەیگێڕایەوە چۆن دەژین و لە کوێ دەژین و چەندە خەتەرن. ئەو تەنانەت لە کاتی خەتەریشدا لەو کاتەی کوشتن تەنیا رێگای خۆدەربازکردن بوو، ئامادە نەبوو ئازار بە کەس بگەیەنێ و کەس یاخود بوونەوەرێک بکوژێ. ئەو تەنیا تووڕە دەبوو. ئەوەندە تووڕە کە کەس یان بوونەوەرەکە بۆ خۆی سەری خۆی هەڵدەگرت و دوور دەکەوتەوەو دەڕۆیشت. من هەمیشە لەو رۆژەی دەترسام کەس یان شتەکە بە هێزتر بێت لەم تووڕەبوونانە. دیاردەیەک کە رۆژێک سەرئەنجام رووی دەدا. کە بیرم لەو رۆژە دەکردەوە، حەزم دەکرد لە گەڵ باوەگەورە قسە بکەم. بڵێم کە هەموو کات ئاوا نیە کە مرۆڤ لە تەنیشت چەمێکدا تا بەیانی خەوی لێبکەوێت و هیچی لێ بەسەر نەیەت.

چەند ژووری تر لە خانووەکەدان. بەرەبەرە بوونەوەرەکانی نێویان دەبینم. کە بە توش یەکترەوە دەبین، یان بزەیە، یان سڵاو یاخود بێدەنگی کە ئاڵ و گۆڕ دەکرێ. ئەوانیش وەک من یاخود وەک ئێمە وان. هات و چۆی خانووی دەروازە گەورەکە دەکەن. لەوێش دەیانبینم. لە یەکێک لە ژوورەکاندا ژنێکی تیایە بە دوو منداڵەوە. گەلێک میهرەبانە. هەمیشە دەم بە بزە و خۆش روو. تا شەوێک هاوڕێکەم پێم دەڵێ کە ئاگام لە خۆم بێت! دووای چەند رۆژ ئەو پیاوە بە قەڵافەت و بە هەیبەتانە دەبینم

کە هاتو چووی دەکەن. هەمیشە نایەن، بەڵام دێن. ئەوەی کە ژووری ئێمە ژووری ئێمەیە و ژووری ئەو ژووری ئەو، ئەگەرچی لە خانوویەکیشدا پێکەوە دەژین، ئارامم دەکاتەوە. وەک چۆن لە وڵاتێکدا کەس بەرپرسی کردەی کەسی تر نیە، ئەگەرچی هەموویان لە یەک وڵاتدا دەژین، وێنەیەکی ترە کە ئارامم دەکاتەوە. بەلام لە هاتوچۆی ئەو پیاوانەدا شتێک هەیە کە ئازارم دەدا. لە رواڵەت و نیگایاندا شتێک هەیە کە منیش یان رەنگە ئێمەیش دەگرێتەوە. لەو ژوورەوە بۆنێک دێ هەموو خانووەکە دەتەنێتەوە. من کە تەواوی تەمەنم هەستم بە غرورێکی سەیرکردووە، ئەم نیگایانە زۆر خراپ کارێم تێدەکەن. روو لە هاورێیەکەم دەکەم و دەڵێم دەبێ شتێک بکەین. شتێک. ئەو کە دەڵێی لەم خانووەدا لە دایک بووە و تەواوی تەمەنی هەتا ئیستا هەر لێرە ژیاوە، رووم تێدەکا و دەڵێ: "نیگای ئەوان بۆ تۆ نیە، بۆ خۆیانە! گەر دەتەوێ دەرباز بیت، زۆر شت هەیە کە دەبێ تەحەمولی کەیت!" من کە لە ژیانمدا پێم وابووە سەبر و تەحەمولم یەکجار زۆرە و مرۆڤێکی ئارام و لەسەرەخۆ بوومە، کتوپڕ تێدەگەم تاقەتی ئێرەم نەماوە. نە تاقەتی کۆڵانی خانووی دەرگا گەورەکەم ماوە و نە ئەم ژوورە کە بێدەنگ و چاوەڕوان بە رۆژ و مانگ و رەنگە بە ساڵانی ساڵیش دەبێ تیای دانیشم و تیای بژیم. تەپۆڵکەیەکم دۆزیوەتەوە کە جاری وایە دەچم لەوێ دادەنیشم و سەیری هەموو شار دەکەم. جاری وایە بەیانیان زوو، ئەوەندە زوو کە هێشتا هەتاو نەکەوتووە دەچم لەوێ دادەنیشم. لە یەکێک لەم بەیانیانەدایە تێدەگەم ئێرەیش زۆر لە گەڵ شوێنەکانی تر جیاوازیی نیە. دنیا چەند لە یەک دەچێ. ئەم لێکچوونە دەمترسێنێ. کەواتە نابێ چاوەڕوانی هیچ شتێکی نوێ بم. رەنگە تەنیا هەست و خولیای منە نوێ دەبێتەوە، ئەویش نەک بە هۆی شوێنی نوێ، بەڵکوو بە هۆی هەست و خولیای سەفەری نوێ. من لە هەر شوێنێک بووبێتم، هەمیشە ئەو هەستەم بووە کە ئەمڕۆ و ئەم کاتانەی منی تیا دەژیم دەکرێ و دەبێ دووا کاتەکانی ئێرە بێت. بۆیە هەمیشە چاوم لە دەرگا بووە، چاوم لە پەنجەرە و گەر لە دەریشەوە بووبێتم، چاوم لە ئاسمان و ئاسۆ و کێوەکان. زۆر کەس هەن گلەییم لێدەکەن بۆ وەڵامی سلاویان نادەمەوە! ئیستا دەزانم خەتای ئاسمان و دەرگا و پەنجەرە و ئاسۆ بووە، خەتای سەفەر بووە.

کە بۆ یەکەم جار لە دەرگاکە ئاودیو بووم، رێک وەک پەڕینەوە لە سنوور دەهاتە بەرچاوم. بەو جیاوازییەوە، سنور دەرگایەک بوو بە بێ چۆم و بە بێ شاخ و بە بێ

ئەو چادرانەی باران لێی دەدان. پەڕینەوەیەکی خێرا، پەڕینەوەیەک کە هەموو شتێک لەوێ بڕیار دەدرا؛ پەڕینەوەی بڕیار. کە بڕیارەکانیش هاتن، وەک سنوور دەهاتنە بەرچاوم. بڕیار لە سەر ڕۆیشتن بوو، چ بڕۆی چ بگەڕێیتەوە. تۆ هی ئێرە نەبووی. ئەمە دەیترساندم. ئەی من هی کوێم؟

باوەگەورە هەمیشە دەیزانی و دەزانێ هی کوێیە. چ لەم دونیایەدا و چ لەو دونیایە یان هەر شوێنێکی دیکەی گەردوون. بۆیە ئەوەندە ئارام بوو، بۆیە دەیتوانی بە ڕۆژ و بە مانگ و بە ساڵ لە ژوورەکەی دانیشێ و دڵەڕاوکێ داینەگرێ. ئەو کە تەنیا یەک جار، ئا یەک جار لە ژیانیدا شوێنی گۆڕیبوو، کتوپڕ بەو ئاکامە گەیشتبوو کە دەبێ لە شوێنێک بگیرسێتەوە؛ بۆ هەمیشە، ئا بۆ هەمیشە؛ ئەگەر تەنانەت شوێنەکەیشت بە دڵ نەبێت. بەم شێوەیە گیرسابوویەوە. ئەو دەیوت: "بە جەستە لە شوێنێک بگیرسێیەوە، بەڵام بە ڕۆح و بە خەیاڵ بۆ کوێ ئەڕۆی بڕۆ؟" بەڵام ئەو نەیدەزانی کە خەیاڵ ڕۆیشت، جەستەیش ڕۆژێک دەڕوا. ڕەنگە هەموو هونەری باوەگەورە ئەوە بوو کە قەت نەیهێشت جەستەی شوێن خەیاڵی بکەوێت. ئەمە لە کوێوە فێربووبوو، نازانم. من تەنیا دوو کەسم لە نەسڵی خۆی و پێش خۆیم دەناسی، باوکی و براکەی. من کە هیچیانم نەبینیبوو، بەڵام شارەزای بەشێک لە ژیان و چارەنووسیان بووم. چارەنووسیان کوژران بوو. ڕەنگە کوژران باوەگەورەی فێری مانەوە کردبوو. ئەو کە جارێک لەم چارەنووسە هەڵاتبوو، نەیدەویست جارێکی تر لێی هەڵێت. دەیگوت گەر چارەنووس کوژران بوو، ئەوە هەر دەکوژرێیت. من لە کاتی پەڕینەوەی سەرسنوورەکان و تەنانەت لە کاتی پەڕینەوەی دەرگا گەورەکە بیری ئەم قسەیەی باوەگەورە دەکەتمەوە. بەڵام گرفت ئەوە بوو کە من ڕووم لەو شوێنانە دەکرد کە ئیزنی مانەوەیان نەدەدا. شتێک لە دەرەوە بڕیاری دەدا. گەر بە دەست من بایە ڕەنگە لە چادرەکەی سەر سنوور بۆ هەمیشە دەمامەوە. یان ڕەنگە لە ناو بەلەمەکە لە ناو ئاوە یاخییەکەدا، یان ڕەنگە لێرە ڕێک لە ناو دەرگاکەدا. باوەگەورە ئەمەیشی نەگوتبایە، من دەمزانی. من دواتر زانیم. من کە کتوپڕ حەزی مانەوە سەرتاپای جەستەی داگرتبووم، زانیم کە هێشتا کاتی نەهاتووە. شتێک لەو بەرەوە، لە پیش پێشەوە لە سەر ڕێگاکە بانگی لێدەکردم. تاپۆیەک وەک پەریی دەریایی، ئەو پەرییەی کە دەڵێن ئەوەندە دەنگی خۆشە کە ڕێگا لە پاپۆڕەکان تێک دەدا و دەیانکێشێ بە گابەردە دەریاییەکاندا.

لە یەکێک لە ڕۆژەکانی چاوەڕوانی لە بەر دەم ئەم دەرگایەدا بوو کە بڕیارم دا بۆ ئەوەی بێتاقەت و وەڕەز نەبم، دووپشکەکان لە گەڵ خۆم بێنم. بەم شێوەیە لە جیاتی ئەوەی ئیتر بە شەودا لە کەمینیاندا بم بۆ کوشتنیان، بۆسەم دادەنا بۆ گرتنیان. گرتنیان زۆر دژوار نەبوو. پارچە پەڕۆیەکی قورس بەس بوو. بە دارێک لە سووچ و قەراغی دیوارەکان دوورم دەخستنەوەو دوواتر پەڕۆکەم بە سەردا دەدان. کە دەمگرتن، بە دەزوویەک کلکی چزودار و دوو قاچەکەی دوواوەم پێکەوە گرێ دەدا و ئەوسا دەمخستنە شووشەیەکەوە. کە دادەنیشتم، دووپشکەکانم لە شووشەکان دەردەهێنا و بەڕەڵام دەکردن. سەیرکردنیان دونیایەک بوو. جوڵان، یەکجار بۆیان زەحمەت دەبوو. کە کەمێک زۆر دووردەکەوتنەوە، بە ڕاکیشانی دەزووەکە دیسان لە خۆم نزیکم دەخستنەوە. ئەمە بووبووە هۆی سەرقاڵی و گەمەیەک بۆ هەموو ئەوانەی لە بەر دەرگا گەورەکەدا ڕادەوەستان. ئیتر وەک جاران وەڕەز نەدەبوون. دووپشکە شتێک نەبوو لێی وەڕەز بیت. چ ئەوانەی وەڵامی پۆزەتیفیان هەبوو و چ ئەوانەی نگەتیف یاخود بێ وەڵامەکان، هەر هەموویان بە هەمان تامەزرۆییەوە سەیری دووپشکەکانی منیان دەکرد. تا لەو وڵاتە مامەوە ئەمە پیشەم بوو،... بە غەریب دووپشک ناوبانگم دەرکرد!

## سەردان

دەبا پاییز و زستان و بەهار گوزەرابا، بۆ ئەوەی من بتوانم بۆ سەردان بگەڕێمەوە بۆ شارەکەی خۆم، بۆ ئەو شارەی من پێم وابوو شاری منە. ئیستایش نازانم بۆ دەمگوت شاری من. شتێک هی تۆیە کە هی تۆ بێت و تۆ بتوانی لە گەڵ خۆت هەڵیگری و بیبەی. پێڵاوەکان، جل و بەرگ، کتێبەکان و تەنانەت جەستەت، ئا تەنانەت بیرەوەریی و هەست و بیرەکانیش، ئەمانە هی تۆن؛ تۆ دەتوانی لە گەڵ خۆت هەڵیانگری و بیانبەی بۆ هەموو شوێنێک. گرنگ نیە کوێ، گرنگ پێکەوە بوونە، پێکەوە رۆیشتنە. رەنگە بیرەوەریی ئەوێ بوو کە بە هەڵە بووبوو بە شاری من. دروستەکەی ئەمە بوو "بیرەوەریی من لە شار". یاخود "منی شار". من ئیستا لە مێژە ئەم دەستەواژەیە بەکاردەبەم.

کە گەڕامەوە، هەموو شتێک جۆرێکی تر بوو. نیگای من هەوڵی دەدا شار وەک جاران ببینێ، بەڵام شار ئیتر وەها خۆی نەدەدا بە دەستەوە. جۆرێکی تر خۆی دەنواند. من وەڕەز لەم نیگایە، لەم نیگایانە، بە پەلە خۆم گەیاندە ئەو گەڕەکەی لێیەوە هاتبووم. بۆ لای خزمان و هاوڕێیان. ئەوێش تازە جۆرێکی تر. هەستی میوان بوون تەواو دایگرتم. زانیم کە هی ئێرەم و هی ئێرەیش نیم. من بە شێکم لەوێ، لە شاری کانیی سەر پلیکانەکان بە جێ مابوو. بەلام گرنگ نەبوو. چ خێرا کۆڵانەکان هەڵیان لوشیم!

یەکەم شوێن کە سەردانم کرد ژووری باوەگەورە بوو. لە دەرگام دا، ئەوسا ئارام کردمەوە و چوومە ژوور. سڵاوێکی ئارام. باوەگەورە کە لەو سەری ژوورەکە دانیشتبوو، سەری هەڵبڕی و بە نیگایەکی ساردەوە سەیری کردم. ئەوجا نیگا و روخساری وەها گۆڕا کە من دەبا بچمە پێش و باوەشی بگرم و ئەویش ماچم بکا. بۆن هەمان بۆنی جاران. کەواو پانتۆڵە مرادخانییەکە، دوگمەکانی شلتر بووبوون. بەخێرهاتنی باوەگەورە لە هەموو بەخێرهاتنێکی تر خۆشتر بوو. داوای چایی بۆ خۆی کرد و شەربەتیش بۆ من. ئەوسا کەوتە قسەکردن. وتی: "کە ئێوە رۆیشتن، ژوورەکەمان کرد بە ژووری میوان. ژووری میوان، چونکە باوەشی ئاوەڵا دەبێت بۆ هاتنەوەتان." وەک چۆن من ساڵێک چاوەڕوانی گەرانەوە بووم، ئەویش هەروا چاوەڕوان بوو. بیرم کردەوە من و باوەگەورە وەک یەک بیر دەکەینەوە. ئەمە ئەوەندەی خۆشحاڵ کردم کە هەستام و جارێکی تر باوەشم پیاکردەوە. دوواتر بردمیە بەر پەنجەرەکە و ئەو شوێنەی پیشان دام کە هەمیشە ترسی لێی هەبوو. ئەو شوێنەی وا لە ترسی، ئەم خانوویەی دروست کردبوو. وتی: "وەرە و جوان سەیری کە! ئیتر جێی مەترسی نیە،... یاخود تازە تۆ تووشی مەترسییەکە بوویت و خۆدزینەوە لەم دیمەنە چیتر یارمەتی نادا!" من کە جوان چاوم لە رۆژئاوا بریبوو و هەوڵم دەدا هیچ وردەکارییەک لەو دیمەنە سەرنج راکێشە لە کیس نەدەم، جوانتر گەردنم کێشا. باوە گەورە درێژەی بە قسەکانی دایەوە: "بەڵام لە بیرت بێت کە ئێرە رۆژئاوایە، لێرەیە خۆر دادەچێ. جوانترین دیمەنی دونیا و لە هەمان کاتدا کارەساتاوی ترینیان!" ئەمە یەکێک لەو قسانەیە کە لە ژیانی مندا منی یەکجار راچڵەکاند. لەم قسانە لە ژیاندا یەکجار کەمن. دەبێ کەمیش بن، چونکە مرۆڤ بەرگەی ئەو هەموو راچڵەکانە ناگرێ. من باوەشم بە کەمەری باوەگەورەدا گرت و سەرم خستە سەر قۆلی و سەیری ئەو شوێنەم کرد کە نازانم بۆ وەها سەرنجی راکێشام. رەنگە گەر باوەگەورە نەبایە، رۆژئاوا شوێنێک دەبوو وەک رۆژهەڵات، وەک باشوور و باکوور،... وەک هەموو شوێنەکانی تر. ئەو رۆژە نازانم چەندە لە گەڵ باوەگەورە پێکەوە راوەستاین و سەیری ئەو دیمەنە سەیرەمان کرد. ئەوەندە کە من لە بیرم نایەت کەی جیابووینەوەو کەی من لە ژوورەکە وەدەرکەوتم.

هەر ئەو رۆژە سەردانی بانیژەکەم کرد، سەردانی ئەو ژوورەی منی تیا لە دایک بووبووم. چەند ساتێک لەوێ مامەوە. ئەو ژوورەی کە بەڵێن بوو ساڵانی دوواتر

ببێ بە کتێبخانەی من. دوواتر کۆڵانەکان لە ئامێزیان گرتم. لە ئامێزگرتنێکی شێتانە. وەها دەرۆیشتم وەک بڵێی دەمەویست غەیبەتی چەند وەرزم قەرەبوو بکەمەوە. هەموو وزە و حەز و نیگایەک لە مندا چەند قات بووبوو. ئەوەندە چەند قات کە نەمدەزانی چۆن جەستەی بچووک و لاوازی من دەیتوانێ هەڵیانگرێ. لە هەموو شوێنێک هەستم دەکرد نیگای باوەگەورە پێستی پشت ملم دەسووتێنێ و گڕی تێبەردەدا. من کە هەستم دەکرد ئەم بارە یەکجار بۆم قورسە، بە جۆرێک لە هەوڵی ئەوەدا بووم خۆی لێ دەرباز بکەم. زەمەن زۆر جوان یارمەتی دەدا. کە لە شوێنی خۆت بوویت، لەبیرکردنەکانیش ئاسانترە.
ساڵانی دواتر لە یەکێک لە کولانە گەرمەکانی ئەم شارەدا بوو کە من بۆ یەکەم جار حەزی قارەمان بوون دایگرتم. چەند هەفتەیەک لە شەڕ تێدەپەڕی. شار چۆڵ. رەنگە ئێمە تەنیا بنەماڵەیەک بووین لە ناو شار مابووینەوە. باوکم دەیگووت ئەمنترین شوێنی دونیا پەنای خودی دوژمنە! باوکم کە قەت حەزی بە کاری سەربازی و شتی لەم بابەتە نەبوو، نازانم ئەمە لە کوێ فێر بووبوو. بەیانی بە دەنگی هاتنی کۆپتەرەکان لە خەو هەستاین. هەموو بەرەو ژێرزەمین رامانکرد. تەقەیەکی سەیر. دەنگی چەکەکان دونیایان داگیرکردبوو. سەرئەنجام دووای ماوەیەکی تا رادەیەک درێژ بەرەبەرە دونیا ئارام بووەوە. بێدەنگییەکی سەیر! کە هاتینەوە حەوشە و کۆڵان، ئەوەندە رۆژێکی جوانی ئاخری بەهار بوو کە باوەڕت نەدەکرد ماوەیەک لەوە پێش شەڕ بووە. نانمان خوارد. رۆژەکانی ناو ئەم خانووە و ژێرزەمینیەکەی وەڕەزیان کردبووم. دەبا شتێک بکەم. شتێک وەک جوڵە و گەڕان. شتێک وەک رووداوێک کە بۆخۆشتی تیابی. رووداوێک وەک چوونە سەر ئەو کێوەی بەرامبەرمان کە رۆژانە جۆرەها تیم و دەستەی پیا سەردەکەوت. ئەوانەی وا بە رۆژ بە بێدەنگی و بە کاوەخۆ و نیگاسرک بە بن دیوارەکاندا تێدەپەڕین. جڵ و برگم لە بەرکرد و رۆیشتم. کۆڵانەکان ئەوەندە چۆڵ بوون، باوەڕت نەدەکرد. نیگای پەنجەرەکان لە هەموو کاتێکی تر چۆڵتر و بەتاڵتر دەهاتنە بەرچاو. کەس لەوێوە تۆی نەدەبینی. تۆ تەنیا خۆت بوویت.
گەیشتمە گەڕەکی مەقەڕەکان. لەوێ شتێکی تر بوو، جم و جۆڵێک لە جۆرێکی تر. لەو جم و جۆڵانەی رەنگە بە دەیان ساڵ جارێک دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێ. سەیارە و گرووپ و ئەو دەستانەی کە دەهاتن و دەڕۆیشتن. خۆم بە خانوویەکیاندا کرد.

کۆمەڵێک دیل کە هەر ئەمڕۆ گیرابوون و هێنابوویانە ئێرە. یەکیان برینداربوو. خوێن لە ئەژنۆیەوە فیچقەی دەکرد و بەشی دەرمانی کە لە دوو کەس پێک هاتبوون بۆیان چارەسەر نەدەکرا. بریندارەکە لە ئازاری خۆی پێچ و لوولی دەخوارد و داوای شتێکی دەکرد کە من بە هۆی قەرەباڵغیی ژوورەکە و دەنگی ئەو کۆپتەرەی کە دەڵێی گەڕابووەوە، لێی حاڵی نەدەبووم. نەخۆشەکە تا دەهات بێ حاڵتر دەبوو، وەها کە تاقەتی هات و هاواری نەما. لەم کاتەدا دەنگی کۆپتەرەکە بەهێزتر بوو. ئەوەندە بەهێز کە خانووەکە کەوتە لەرین. وتیان گەڕەکەکە ناسراوە و دەبێ خۆ دەرباز کەین. بڵاوەمان لێکرد. من لە سووچێکی خانووەکەدا دانیشتم و خۆم کۆکردەوە. دەنگێکی یەکجار ترسناک. وەها ماڵەکە لەوانە بوو بەسەریەکدا بڕوخێ. بریندارەکە کە ئێستا دەوری چۆڵکرابوو سپی سپی هەڵگەڕابوو. هەر لەم کاتەدا چاوی کردەوەو بە دەوری خۆیدا روانی. نیگای لە سەر من چەقی. لە کاتێکدا سەیری منی دەکرد، لێوەکانی شتێکیان گوت، شتێک یان رەنگە یەکێک لەو شتانەی کە لە ژیاندا دەیبیستی و بەڵام قەت نازانی چی بووە. دەنگێکی ترسناکی تر. ئەمجارە من لە ژوورەکە و ژوورەکە لە من ون بوو. قاو و قیژ و هەرا هەرا. من کە سەری خۆم بە دەستەکانم داپۆشیبوو، دوواتر کاتێک تەپ و تۆز رەوییەوە، لە ناو مژێکی خەستتدا ئەو چاو و لێوە تەپ و تۆزاوییانەم بینییەوە کە لە مێژبوون لە جوڵە وەستابوون.

باوەگەورە قەت باسی شەڕی بۆ نەکردبووم. دیتبووی یان نا، نازانم. بەڵام ناکرێ نەیبینیبێ. ئەو بە ناو هەموو رووداوەکان و کارەساتەکاندا تێپەڕیبوو. وەها کە هەست دەکەم ساڵانی داهاتووی تەمەنی دیسان دەبێ رووداوەکان و کارەساتەکان بەڕێوە بن. ئەو بۆ ئەمە دروست کرابوو. ئەوەی لە ژوورەوە دانیشێ یان نا، هیچ کاریگەرییەکی لە سەر ئەم راستییە نیە. من دەبێ رۆژێک باسی شەڕی لێ بپرسم. بۆ ئەم مەبەستە شەوێک کەمێک درەنگان خۆم بە ژوورەکەیدا کرد. بە بێ هیچ راوەستان و ئەم لاولاکردنێک، رێک چوومە سەر باسەکە؛ "باوەگەورە! تا ئێستا باسی شەڕت بۆ نەکردووم!" ئەو کە بە بیجامەوە دانیشتبوو و بە تەمای خەوتن بوو، بەدەم رێک و پێک کردنی جامانەکەیەوە سەری هەڵبڕی و لێمی روانی.

- "کێ باسی ئەمەی بۆ کردووی؟"
- "کەس. تەنیا خۆم!"

جامانەکەی ڕێک کرد، لە پشت سەرینەکەی دانا و ئەوجار بۆ خۆیشی خزایە ژێر لێفەکەوە. لە کاتێکدا قۆلێکی کردبوو بە ئەستۆندەکی ژێر سەری، ئارام گوتی: "ئەو کات بۆت دەگێڕمەوە کە حەزت لە بیستنی نیە!"
ئیستایش نازانم بۆ سەرەڕای ئەوەی من بۆ خۆم شەرم بینیبوو، حەزم دەکرد باوەگەورە بۆم بگێڕێتەوە. وەک بڵێی لە نیگا و لە وشەکانی ئەودا جۆرێکی دیکە بوون. یان رەنگە لەبەر ئەوەی ئەو رۆژەی فەرامۆش بکەم کە دەمویست ببم بە قارەمان. ئەو رۆژە کە ژووره پڕ لە تەپ و تۆز و دووکەڵەکەم بە جێ هێشت و بەرەو ماڵ بوومەوە، تا ماوەیەکی دوور و درێژ نە گوێیەکانم بە جوانی دەیانبیست و نە چاوەکانیشم وەک جاران دەیانتوانی بە سەر شتەکاندا بخزێن و بگەڕێن. بە گوێیە نیوە کپەکانمەوە چاوەکانم لە سەر شوێنێک تەنیا شوێنێک یەکانگیردەبوون و ئیتر هەموو هۆشم دەڕۆیشت. ئەو رۆژە رێک ساڵێک دووای دانیشتنی پشت ماشینە سوورەکەو بیرکردنەوە لە ساڵەکان بوو. هەروەها ساڵێ دووای هاتنی یەکەم کۆترەکانیش بوو بۆ سەر بانەکەمان. گوێی کپ و چاوە واق وڕماوەکانم یارەمتیان دام کە ئەو ساڵە زۆر گوێم لە دەنگی تەقە کتوپڕییەکان، دەنگی پێی هەڵاتنەکانی ناو کۆلانەکان و دیتنی ئەو تەرمانە نەبێ کە لە مزگەوتەکان دەیانشۆردن.
هەر ئەو ساڵە بوو کە بۆ یەکەم جار کاتێک کۆترەکانم هەڵفڕاند، دووای گەڕانێکی زۆری ناو ئاسمانی بێ کۆتایی و ناو تیشکە گەشەکان و فەزای پشت هەورەکان، پۆلێکیان نەگەڕانەوە. بە تەمای ئەوەی بوون بە دوو دەستە و لێک هەڵبڕاون و چەند ساتێکی تر ئەوانیش دێنەوە، سەربانم چۆڵ نەکرد. کات گوزەرا و عەسر و دوواتر ئێوارە داهات. چاوی من لە ئاسمان بوو. لە قولاییەکانی، بەڵام جگە لە ریشۆڵەکان و دووا چۆلەکەکانی رۆژ، هیچی تر نەدەبینرا. چەند جارێک باڵەفڕێم بە کۆترەکان کرد بەو تەمایەی کە لە هەر شوێنێک هەن بیانبینن و بیری ماڵی خۆیان بکەونەوەو بنیشنەوە. بەڵام بێ سوود. هەتاو داگەڕا و ئاسمان تاریک. قولاییەکان بزربوون. من کە کۆترەکانم لە کۆلانەکانیان کردبوو، خەمبار لە پەیژە و پلیکانەکانەوە چوومە خوار. هیچ ئێوارەیەکم ئەوەندە خەمبار نەهاتبووە بەرچاو. بیری ئەوەی کە شەو دەفڕن و رۆژی دوواتر دێنەوە، کەمێک ئارامی کردمەوە. بەڵام چ بیرێکی سەیر! کێ لە تاریکیدا دەفڕێ؟ باوەگەورە دەیگوت قەت ئاسمان چۆڵ نیە!

من هەمیشە حەزم لە ئێوارەی ناو کۆڵانەکان بووە. ئەو کاتەی گڵۆپەکان یەک بە یەک هەڵدەکرێن و کۆڵان چۆڵ دەبێ و فێنکاییەکی غەریب کۆڵان و تۆ لە باوەش دەگرێ. بەڵام ئەو ساڵە دوای چەندین وەرز مانەوە لە شاری کانیی سەر پلیکانەکان، ئەم حەزە لە مندا یەکجار بە هێزتر بووبوو. ئەو ئێوارەیە کە بەرەو ماڵی باوەگەورە گەڕامەوە، لە هەموو کۆڵانەکاندا و لە بەر هەموو پەنجەرەکاندا راوەستام. لە کاتێکدا "با" بە ناو کۆڵانەکانی قژمدا دەگەڕا، بۆنم بە هەموو تیشکەکانەوە کرد؛ هەموو چرپەکانم هەڵمژی. پێش ئەوەی بچمە ژوورەوە لەبەر حەساری بەر خانووەکەماندا راوەستام و سەیری رۆژئاوای باوەگەورەم کرد. ئەوەی کە چ پەیوەندییەک لە نێوان ئەوێ و پەنجەرەکەی باوەگەورەدا هەبوو، منی زیاتر لە جاران خستە بیرەوە. رۆژئاوا، مەودایەک بوو لە نێوان دوو کێودا؛ کێوێک لە باشوور و کێوێک لە باکوور. ئەوەی باشوور بە هەیبەتتر بوو. بە تایبەت بە شەودا. من هیچم سەبارەت بەم شاخانە نەبیستبوو. ئەوان لەوێ بوون ئەوەتەی من لە بیرم دێت. بوونێک لەوێدا، وەک هەموو ئەو بوونانەی دی کە هەمیشە لە دەورووبەردان. بە بێ هیچ پرسیارێک؛ بە هیچ وەڵامێک! نازانم بۆ رۆژئاوا رێک لە نێوان ئەو دوو کێوەدا هەڵکەوتبوو. نازانم بۆ رێک لەوێدا زەوی و ئاسۆ دەمیان کردبووەوەو ئاماژەیان بە ئاسمانی بێ کۆتا دەدا! ئەم پرسیارە ئەو شەوە تەواو جوڵاندمی. هیچ شوێنێکی تری دەورووبەری شار وەها نەبوو. دەور تا دەور کێو بوو و ئەو شاخانەی کە بەشەودا دەبوون بە میوانی ئەستێرەکان. پرسیارێکی تر زیادی کردبوو، بەڵام بۆ پرسین دەبوو؟ کتوپڕ هەستێکی شەرم دایگرتم. باشە دەکرێ مرۆڤ تەنیا بە پرسیارەکانەوە بژیت؟ ئەی وەڵام؟ خۆم وەک بنیادەمێکی لاواز هاتە بەرچاو؛ بنیادەمێک کە تەنیا بە شوێن پرسیارەکاندا وێڵە؛ بە بێ هیچ هەوڵێک بۆ ئەوەی خۆی وەڵامەکان بدۆزێتەوە. سەیرێکی تری رۆژئاوام کردەوە. وەڵام دەبێ لەوێ بێ، رێک لە ناو خۆی ئەوێدا، لەناو جەرگەی پرسیارەکەدا. جوانتر چاو و زەینم تیژ کرد. دیتم رۆژئاوا تەنیا تاریک و رەش نەبوو. تیشک و ڕووناکاییە لاواز و نادیارەکان تێیدا دەهاتن و دەچوون. ئەوسا شکڵ و وێنە بگۆڕەکانم بینی. ئەوانەی وا هەموو شتێک بوون و هیچ شتێکیش نەبوون. هەوڵم دا وێنەیەکیان تیا ساخ کەمەوە. وەڕەز لە بێ ئاکامی هەوڵەکان و کورتیی دنیای خەیاڵی خۆم، چەند جار روخسارم وەرگێڕا و لە ژوورەکەی باوەگەورەم رووانی

کە ئیستاکە پەردەکانی دادرابوونەوە. سەیری رۆژئاوام کردەوە. هەر لەو کاتەدا پۆلێک کۆترم بینی سپی سپی لەوێ دەفڕین. ناسیمنەوە. کۆترەکان ساڵی داهاتوو بوون کە لێم ون بووبوون. ئەوەتا لەوێ دەفڕن! وەک هەمیشە یەکیان کەمێک لە سەرترەوەو، ئەوانی تر لە خوارەوە. کۆترەکان جاری وابوو جوانتر دەبینران و جاری وابوو ناروونتر. بێگومان گەر ئەمساڵ و نەک ساڵەکەی تر، چاوەکانم بێ جوڵە و گوێیەکانم کپ بوونایە، باشترم دەبینین. بە تەمای ئەوەی بەرزایی یارمەتی دەدا، بە سەر حەسارەکەدا هەڵگەڕام. لەم کاتەدا سێبەری جووڵەیەک لە دواوە سەرنجی راکێشام. لام کردەوە. لە نێوان قڵشی پەردەکانەوە باوەگەورەم بینی کە دارێکی بە دەستەوە بوو و خەریک بوو لە ژوورەکەیدا کۆترەکانی هەڵدەفڕاند. ئەو کۆترە سپیانەی کە زۆر لە کۆترەکانی ساڵی داهاتووی منیان دەکرد.

## دووڕگە

ـ ساڵی داهاتوو؟ کۆتری ساڵی داهاتوو من نازانم چییە.
ئەمەم وت و پشتم لەو هەورەی کرد کە ئیستا ماوەیەک بوو فێر بووبوو لە گەڵم دەدوا. ئەو هەورە هەموو ئێوارەیەک ڕێک لەو کاتەیدا خۆر خەریک بوو دادەچوو، لە ڕۆژئاواوە پەیدا دەبوو و بۆ ماوەیەک لە سەر ئەو باغە قەیسییەی من تیای دادەنیشتم، رادەوەستا و دەدوا. من باسی کۆترەکانم بۆ کردبوو. باسی زۆر شتی تریش، بەڵام ئەو تەنیا کۆترەکانی لە بیر بوو. نازانم بۆ. باغی قەیسییەکان لە شوێنێک لە داوێنی بەر ئەستێرەکەدا بوو. ئەو ئەستێرەی کەردووەکانیان پێ ئاو دەدا. من زۆر جار بە دەم گوێ گرتن لە هەورەکە لە نێوان باغی قەیسییەکە و ئەستێرەکە لە پیاسەیەکی ئێوارەئاسادا بووم. بە دەم پیاسەوە باشتر گوێم دەگرت، باشتر حاڵی دەبووم. ڕەنگە هەورەکەیش باشتر دەدوا. ئەو کە هەموو ڕۆژێک لە ڕۆژئاواوە بە هەواڵێکی تازەوە دەهاتەوە، زۆر بە تامەزرۆییەوە دەدوا. جارێکیان وتی پۆلە کۆترە ونەکان لە شوێنێکن لە قەراغ دەریا، لە ناو دارستانێکی گچکە کە تەنیا سێوی لێ بەرهەم دێ. وتی تەنیا سێو دەخۆن و لە سێوەکانیش بەلەمێکیان دروست کردووە و بەتەمای سەفەرن. سەفەری بەلەمی سێو. جارێکی تر وتی کۆترەکان لە دووڕگەی تیمساحەکانن. وتی تیمساحەکان لە عەزرەتی خواردنی کۆتر، خواردنی بوونەوەرەکانی تریان لەبیر چووەتەوە. هەموو ڕۆژێک ڕوو لە

ئاسمان دەکەن و دەپاڕێنەوە کە خودا سەرئەنجام ڕۆژێک کۆترێکیان بە نەسیب بکا. من بیر دەکەمەوە تیمساح کوا بە خواردنی کۆتر تێر دەبێ! جارێکی تر گێڕایەوە کە کۆترەکان ئێستا لە ئاپارتمانێکدا دەژین. خانووەکە بە سەر شەقامێکدا دەڕوانێ کە هەموو ڕۆژێک لێیەوە ماشینێکی ڕەش گوزەردەکا کە مەیتێکی پلاستیکی پێیە. ئاخر لەوی لەو وڵاتە کەس نامرێ. وتی خەڵکی بۆ ئەوەی بزانن زیندوون و دەژین پێویستیان بە مردووە پلاستیکییەکانە. وتی کۆترەکان هەر ڕۆژەی دانەیەکیان لە شۆقەکەوە، شاخەگوڵێک بە دەندووکەوە هەڵدەفڕێ تا سەیارەکە بەرەو گۆڕستان بەڕێ بکا، بەرەو گۆڕستانێکی ڕاستەقینە کە هی ساڵانی گەلێک لەمەوبەرە. وتی کۆترەکان لەوێ هەر بەم هۆیەوە ئیزنی ژیانیان پێدراوە، ئیزنی مانەوەیان پێدراوە. گەر مردووە پلاستیکییەکە نەبێ ئەوان دەبێ ئەوێ بەجێ بێڵن. من دەست لە ئاوی ئەستێرەکە ڕۆدەکەم و شڵپەیەک ئاو لە دەموچاوم دەدەم. ئاوی ئێوارەیان شتێکی ترە. نازانم لەم گوندە تا چەند ماوەیەکی تر دەبێ گوێ لە حیکایەتەکانی ئەم پەڵەهەورە بگرم. جاری وایە ماندوو دەبم و تامەزرۆی بارانێک دەکەم و جاری وایشە حەز دەکەم هەمیشە ئەم وەرزە بێت. ئەو وەرزەی وا پەڵەهەورەکان حەزیان بە قسەیە و دەتوانن بدوێن.

ئەو ڕۆژەی لە گەڵ باوەگەورە وەڕێکەوتین، بەیانی زوو بوو. کە ئۆتۆمبیلەکە بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆیشت، دڵەخورپەیەکی سەیر دایگرتم. نەمدەزانی گوندەکە لەوێوە هەڵکەوتووە. چ ڕێکەوتێکی سەیر. کەواتە باوەگەورە لە کاتی گەنجیەتی لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات هاتبوو. چ لە گوندەکەیانەوە و چ لەو شوێنەوەی ژنی لێ هێنابوو. ئەمە یەکێک لە جیاوازییە گرنگەکانی من و باوەگەورە بوو. لە کاتی سەفەرەکەدا باوەگەورە قەت لە پێشەوەی نەڕوانی، تەنیا بۆ لاتەنیشتەکان دەیڕوانی. ڕقی لە پێشەوە بوو. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە من یەکجار بە تامەزرۆییەوە بەرەو پێشەوە گەردنم دەکێشا و نیگام بەڕێ دەکرد. جارێکیان باوەگەوەرە قۆلی گرتم و وتی وا باش نیە لە پێشەوە ژن و منداڵ دانیشتوون! من پاڵم دایەوە، بەڵام خەیاڵم هەر لەوێ بوو. لەو سەفەرەدا بوو باسی باغی قەیسییەکەی بۆ کردم. وتی ئەو باغە زۆر کۆنە. نەوە دووای نەوە داری قەیسی تیای ژیاوە. وتی لە کاتی قاتی و قڕییەکەدا ئەو باغە زۆر برسیی تێرکردووە. مردووەکانیشیان هەر لە دەوری ئەودا

ناشتووە. وتی مادام بۆ ئەوێ دەچی، هەر بە تووش ئەو باغەوە دەبی، لە بیرت نەچێ کە زۆری تیا نەمێنیتەوە!

من رێک دووای باغی قەیسییەکەیە کە خۆم دەشۆم. بۆنی قەیسییەکان بە جل و بەرگەکانمەوەن، ون نابن. پێش ئەوەی لەبەریان کەمەوە، جوان هەڵیان دەمژم. هەست دەکەم ئەو پەڵە ئاسمانەی ناو گیاجاڕەکانیش بۆنی قەیسییان گرتووە. تەنانەت پەڵەهەورەکەیش. نازانم بۆ باوەگەورە دەیگوت زۆر لە ناو دارقەیسییەکاندا نەمێنمەوە. رەنگی زەردی قەیسی تایبەتە. زەردێک کە لە هیچ زەردێکی تر ناچێ. جاری وایە ورد ورد بە ناو باغەکەدا دەگەڕێم بۆ ئەوەی رازی قسەکەی باوەگەورە بدۆزمەوە. دەبێ ئەو رازە لێرە لە شوێنێکدا بێت. بن دارەکان، ژێر خۆڵ و ناو لق و گەڵاکان. بێ سوودە. رەنگە ئەوەی وتووە بەس لەبەر ئەوەی پیاو تەنیا ئالوودەی یەک شوێن نەبێ.

لێرە رۆژەکان و شەوەکان ئەوەندە لە یەک دەچن کە من بەرە بەرە ترسێک دامدەگرێ. بە تایبەت کاتێک گیا و دەرو دەشت زەرد هەڵدەگەڕێ و ئیتر بۆنی تەڕی نایەت. لەم وەرزەدا مێشەکان تا دێن گەورەتر دەبن، دەنگیشیان زلتر. بیر دەکەمەوە داخۆ سەوزەمێشەکان چییان لێ بەسەر هاتبێ. نیوەڕۆیانی گوند ئەوەندە گەرم و چۆڵە کە بڕوا ناکەم. مرۆڤی بەر سێبەری بن میچەکان و دیوارەکان، دزێوترین دیمەنی ئەم دونیایەیە. تابلۆیەک ئابلۆقەدراو بە هاڵاوی گەرما. ئیستا ئیتر زیاتر دەچمە سەر ئەو تەپۆڵکەیەی کە بە سەر رێگای سەیارەکاندا دەڕوانێ. مینی بووس و ئۆتۆمبیلەکان هەمیشە بەڕێوەن. نازانم خەڵکی وەک منیان تیایە یان نا. ئەو رۆژانە ئیستا دوور دوور دێنە بەرچاو. ئاگام لە هیچ شتێک نیە. نازانم ئەوانی تر چییان بەسەرهاتووە. نە خزمێک و کەس و کارێک و نە هەڤاڵێک. بیردەکەمەوە تا کەی دەتوانم ئاوا بژیم.

ماوەیەکە لەتەئاوێنەیەکم دۆزیوەتەوە. لەبیرم نایەت لە کوێ. گرنگ نیە. گرنگ ئەوەیە کە ئیستا هەمە. لەتەئاوێنەکە شکڵی هەرمێی هەیە. چەند پەڵەی زەردی پێوەیە. ژەنگە. دیمەنم ژەنگاوی دەبێ. لە دووای خۆشۆردنی ئێوارەیان سەیری خۆم دەکەم. قژێکی درێژ و ردێنێکی تا رادەیەک زۆر. پەڵە ژەنگاوییەکان تێکەڵ بە قژ و ریشم دەبن. سیمام رەنگی دەرو دەشتی گرتووە. سروشت بە رەنگەکانی منی سەرلەنوێ داڕشتووەتەوە. جاری وایە لە ئاوێنەکەوە سەیری دەرو دەشت دەکەم.

حەز دەکەم بزانم داخۆ ئەوان رەنگی منیان گرتووە! پێکەنینم دێت. من کە لەبیرم نایەت لە کاتی هاتن بۆ ئێرە رەنگ و رووم چۆن بووە، چلۆن دەتوانم ئەمە بزانم. باوەگەورە هەمیشە رەنگی ئەم دەرو دەشتانەی هەبوو. ئیستا دەزانم ئەو رۆژەی لە چۆمەکە پەڕینەوە و لە سەر بەرزاییەکە دانیشت و سەیری دوور دووری کرد، چەندە لێرە دەچوو. ئاوێنەکە هەمیشە لە قەراغ جۆگەکە جێ دێڵم. بێگومان تا کۆتایی هاوینی ئەمساڵ ژەنگ هەموو جەستەی دادەگرێ. بەزەییم پیادێتەوە. گرنگ نیە داخۆ پاییز دەتوانم سیمای خۆم ببینم یان نا. رەنگە ئەم دەرو دەشتە لەتە ئاوێنەی تری زۆر تیا بێت. بڕیار دەدەم لەمە بەولا لە جیاتی ئەوەی ئەوەندە سەرنجی رێگاکان و کیسەڵەکان بەم، بۆ ئاوێنە بگەڕێم. ئاە، کیسەڵەکان! نازانم رقم لە سەرەخۆییانە یان خۆشم دەوێن. رەنگە ئەوان زیاتر لە هەر بوونەوەرێکی تر لەم دەر و دەشتە بە سەر ئاوێنەکاندا بکەون. جاری وایە کیسەڵێک دەخەمە سەر پشت و بە ساعەت سەیری دەکەم. پێستی گرنج گرنج و پیرانە و ئەستووریان جۆرەیەکن. لە سەر تەختترین شوێنیشیان دابنێی، سەرئەنجام دەتوانن خۆ بخەنەوە سەر پێ. جوڵە، یارمەتیان دەدا. زۆر حەز دەکەم بزانم لە ژوورەوە لە ناو ئەو قاپۆڕە رەقەدا چ خەبەرە. جاری وایە بیرێکی شەیتانانە دامدەگرێ، ئەوەی کە قاپووڕەکە بشکێنم! جورئەت ناکەم. یان رەنگە بەزەیی بێت. دوواتر بۆ ئەوەی هاوسەنگییەک لە نێوان ئەخلاق و تامەزرۆیی پێک بێنم، بیری فەلسەفی دەکەمەوە؛... مرۆڤ پێویست ناکا هەموو شت بزانێ، چۆن زانین گرنگە نەک چەند زانین.

نازانم بۆ کەس لێم ناپرسێ و سەردانم ناکا. چەند تەنیا ماومەتەوە! ئەوانی تر لە کوێن؟ جاری وایە بەزەییم بە خۆم و خەونەکانمدا دێتەوە و جاری وایشە غرورێکی سەیر دامدەگرێ. ئەم هەستانە تەنیا هی خۆمن. من کە فێربووم زیاتر گوێ بگرم تا قسە بکەم، ئیستا ئیدی زۆر گوێش ناگرم، لە خۆمدام و بیر دەکەمەوە. من دەبێ لە بتوانم لە گەڵ خۆم بمێنمەوە، بۆ ئەوەی خەونەکانم لە داهاتوودا بمێننەوە. پێکەنینم دێ. چ مەراقێک.

لە ناو گوند، خانوویەکی تیایە کە کۆتریان هەیە. جار و بار بە بیانوویەکەوە حەز دەکەم بەلایدا تێپەڕم. بەڵام کۆترەکانی ئەوان تەنیا لەوێن و بەس. کەس نە هەڵیاندەفڕێنێ و نە فڕەفڕیان پێدەکا. ئەوان بۆ خۆیان کاتێک بێ تاقەت دەبن، دەفڕن. حەزم لێیە جارێک بچم و هەڵیانفڕێنم! رێک لەو کاتەیدا گوێ لە رادیۆ

دەگرم و بێژەرەکە باسی هەموو دونیا دەکا. دواتر دەزانم ئەو کۆترانە بۆ سەربڕینن. ئەوەندە رقم هەڵدەستێ کە ئیتر بەو کۆڵانەدا ناڕۆمەوە.
کە کاتی گزرەکێشان دێت، کەرەکان زیاتر دەبینم. یەکێک لەو شتانەی لە یەکەم رۆژەوە سەرنجیان راکێشام، کەرەکان بوون. پیر و گەنج. نیگایان قەت راستەوخۆ نەبوو. بە رواڵەت نەیاندەبینیت، بەڵام هۆش و زکریان لات بوو! بە تایبەت کە ئێوارە و شەو دادەهات. لە تەنیشتیاندا بە شەو رێگاکردن، چ متمانەیەکی دەبەخشی! هەروەها دەنگی پێیان لە گەڵ رادیۆکەی من. ئارەقی لەشیان لە سەرەو ژوورییەکاندا. زۆر سواریان نەدەبووم. بەزەیی بوو، یان ترس یان حورمەت نازانم. سەمای گوێیان جوانترین سەمای دونیا بوو. من تا ئەوکات نەمدەزانی ئەوەندە دەنگ لە دونیادا هەیە! جوانترین و ناسکترین ماسولکەی ران هی ئەوانە،... قاچەکانی دوواوەیان. شوێنێک کە قەت نەموێرا دەستی لێبدەم. هەموو رۆژێک، بەرەو موچە و مەزرا و بەرەو گوند، قاچی من و ئەوان بە قەد یەک تۆزی لێدەنیشت. کە رادیۆکەم هەڵدەکرد، ئاراستەی گوێیان هەتا دەگەیشتن زۆرتر رووەوە من بوو. دەنگێکی غەریب کە هەڵگری زۆرترین وشە و رستە بوو. باوەگەورە تەمەنێکی دوور و درێژی لە گەڵ ئەمانە بەسەربردبوو. بێگومان. شتێک کە من هیچ کات و قەت وشەیەکم لە باوەگەورەوە نەبیست. زۆر جار هەوڵ دەدەم پیوەندێک لە نێوان کۆترەکان و کەرەکاندا دروست بکەم. ئەو باڵندانەی کە لە فڕین ماندوو بوون و ئیستا لە سەر پشتی کەرەکان نیشتوون و بەرەو گوند دەڕۆنەوە، یان ئەو کەرانەی لە خەونی بە باڵندەبوون، بزە نیشتووەتە سەر لیویان.
دەمەو ئێوارەیەک وەک هەمیشە ویستم بچم بۆ ناو باغی قەیسییەکان. تازە گەیشتبووم کە بینیم پۆلێک مرۆڤ بە سەر یاڵەکەی بەرامبەرمدا دادەگەڕان. سەرەتا جوان سەرنجم نەدانێ، بەڵام بە قەتار رۆیشتنیان سەرنجی قۆستمەوە. جوانتر روانیم. هێشتا نەگەیشتبوونە خوارە کە بینیم لە خوارترەوە پۆلێکی تر دەرکەوتن. کتوپڕ دەنگی تەقە دونیای داگرت. من کە پاڵم بە دار قەیسییەکەوە دابوو و خەریکی خواردنی یەکەم قەیسی ئەو رۆژە بووم، هەروا دانیشتم و سەیری دیمەنەکەم کرد. دوواتر خۆم کشانە ناو ئەو کەندارەوە کە بە بەردەم باغەکەدا تێدەپەڕی. دەنگە دەنگە و زنا زنایەکی سەیر بوو. بڕیارمدا تا تەقە تەواو دەبێ لە شوێنی خۆمدا بمێنمەوە و نەجوڵێم. بەرەو تاریکبوون دەڕۆیشت کە ئیتر دەنگەکان بەرەبەرە

مردن. هەر لەم کاتەدا بوو هەستم کرد لە خوار منەوە لە کەندارەکەوە دەنگی تر دێت. سەرەتا بڕیارم دا گوێی نەدەمێ، بەلام سەرئەنجام بەرەو دەنگەکە رۆیشتم. کە گەیشتم دیتم کەسێک لەوێدا کەوتووە. چوومە پێشتر. بریندارێک. سەرسینگی و سکی هەمووی خوێن. کە چوومە سەری، دووا تیشکی نیگاکانیم بینی. ئەو رۆژە یەکەم جار نەبوو خوێنم دەبینی، بەلام یەکەم جار بوو دووا نیگایەکم دەبینی. من نازانم باوەگەورە کە ئەوەندە بۆ خۆی رەنگی لە رەنگی ئەم دەرو دەشتە دەچوو، بۆ ئەوەندە لە دووری دەڕوانی. مەگەر ئەوێش هەر ئەو رەنگانە نەبوون؟ لەوێ لە رۆژئاوا چی لێبوو؟ کتوپڕ موچوڕکێکی سەیر بە سەرتاپای لەشمدا دەگەڕێ. بیری قسەکەی دەکەمەوە کە دەیگوت ئەوەندە ئاوێتەی باغی قەیسییەکە نەبم. بڕوا ناکەم رووداوی ئەمڕۆ گوناهی باغی قەیسییەکە بێت. ئاه نەفرەت لەم رووداوە کە پەڵەهەورەکەیشی لێ لەبیرکردم. بە بینینی خوێنەکە بیرم دەکەوێتەوە کە هەندێ لە قەیسییەکان جاری وایە پەڵەی سووریان پێوەیە. لەوبەدووا لە خواردنی ئەو قەیسیانە خۆم دەپارێزم. رەنگی سوور بۆ خواردن نابێ.

دووای ئەو رووداوە تا چەند شەو رادیۆکەم لەبیرکرد. تاقەتی گوێگرتنم نەمابوو. چاوەکانم لە هەر کاتێکی دی چالاکتر بووبوونەوە. حەزیان بە بینین بوو، بینینی هەموو شتێک. هەستم دەکرد ژیان کەندارێکە کە رەنگە لە دووای هەر پێچێکی کەسێک کەوتووە. باخێکی قەیسی، کەنداریک و مەیتێک. تا چەند هەفتە دووای ئەوەش وازم لە باغەکە هێنا. جل و بەرگەکانم ئەوەندە بۆنی قەیسییان پێوە مابوو کە زۆر خەفەتی لێ نەخۆم. هەر وەها ئاسمانە گچکەکەی ناو گیاجاڕەکان.

دووای ئەو رووداوە ئیستا زیاتر حەزم بە بینینی مندالەکانە. ئەو منداڵانەی کە هەمیشە من بۆ ئەوان رازێک بووم. پەیکەرێک بە رادیۆیەکەوە کە بە شەو لەو سەر بانەکە لە قەراغ گوێسەبانەکە دەبوو با تاپۆ. من ئەمجارە زۆرتر سەیرم دەکردن. نازانم بۆ. حەزم بە نیگا و بە بزە و شەرمیان بوو. باوەگەورە دەیگوت منداڵی ئەوێ کەمتر فێردەبن، بەڵام کە فێریش بوون ئیتر فێری دەبن! من زۆر حەز دەکەم بزانم ئەم منداڵانە چی دەزانن.

شەوانە لێرەوە گڵۆپەکانی شار دیارن. ئاسمانی شار ئەوەندە رووناکە کە ئێرەیش پریشکێکی بەر دەکەوێ. هەموو رۆژێک سەیارەیەک، تاقە سەیارەی گوند، بۆ شار دەچی و ئێوارە دەگەڕێتەوە. موسافیرەکانم چەند جار بینیووە. بە ماست و دۆ و بزن

و شتی ترەوە. کتوپڕ بیرێک بە مێشکمدا دێت. بۆچی نەچم بۆ شار! خۆشییەکی سەیر سەرتاپام دادەگرێ. بەڵام خۆشییەکە ئەوەندە ناخایەنێ. ئەی پرسگەکە؟ پرسیارەکە لە خۆم دوور دەخەمەوە. من دەبێ حەتمەن بچم! هەست دەکەم مەودایەکی زۆر کەوتووەتە نێوان ئەو رۆژەی لە گەڵ باوەگەورە لە سەر جادەکە لە مینی بووسەکە دابەزین، هەتا ئەمڕۆ. تامەزرۆی بینینی کارەبا دەکەم، دوکان و خەڵکی زۆر و رۆژنامە. ئا، رۆژنامە. حەزەکە ئەوەندە بە هێزە کە هەست دەکەم ناتوانم تا سبەی راوەستم. پێکەنینم بە خۆم دێ کە بۆ تا ئیستا نەچووم. خۆ شاری خۆم نیە. کەس نامناسێتەوە. شەو لە خۆشیا خەوم لی ناکەوێت. زۆر درەنگ خەوم لێدەکەوێت. رادیۆکە بە ئارامی لە سەر مۆسیقایەک دادەنێم و لە سەر تەنیشت خەیاڵ دەمبا. ئەو شەوە خەو بە پۆلێک کۆتری سپییەوە دەبینم کە بە ئاسمانی گونددا دەفڕن و دەسوڕێنەوە. دواتر دێن لە تەنیشتی من بە خۆم و رادیۆکەمەوە دەنیشنەوە. ئەوجار باسم بۆ دەگێڕنەوە. باسی پاپۆڕی سێو و ئەو تیمساحانەم بۆ دەکەن کە بە تامەزرۆی خواردنی کۆترن. باسی تەرمی پلاستیکم بۆ دەکەن. ئەوەی کە مەجبوورن هەموو رۆژێک بە شاخە گوڵێک بە دەندووکەوە ئەو مەیتەی بەرێ بکەن کە هەمیشە مەیتە. من رادیۆکە دەکوژێنمەوە و گوێیان لێدەگرم. ئیتر نە هۆشم لە سەر کەندارەکە دەمێنێتەوە و نە لە سەر منداڵەکان و نە لە سەر ئەوەی کە رەنگی سوور بۆ خواردن نابێ.

## دابەزین

ڕەنگی سووری لێوم سوورترە لە جاران، بە هۆی گەستنی زۆرەوە! ددانەکانیشم سوور دەبن، بەڵام من هەست بە هیچ ئێش و ئازارێک ناکەم. لەززەتی دابەزین وەک چەترێک باڵی بە سەر هەموو جەستە و ڕۆحمدا کێشاوە،... ئازارەکانی دەرەوەی سەر چەترەکە چیدی نابارنە سەر پەیکەرم. ئەوانەی دەووروووبەرم سەیرم دەکەن،... لانیکەم یەک دووانێکیان. من نیگام لە سەریان دەخزێ. بۆ یەکەم جارە گوێ نادەمە نیگای ئەوانی تر، ئەوانەی کە لە دەرەوەی تۆن. هۆکارەکەی نەناسینە یان شتی تر، نازانم. بەڵام زۆر کەسی تریشم نەناسیووە و کەچی دەربەستی نیگایان بوومە. ڕەنگە هی سەفەر بێت. یان دەڵێی ئێرە جۆرێکی ترە. ئێرە، ئەو شوێنەی وا نیگاکانی باوەگەورە نەیدەگەیشتنێ، بەڵام دەیزانی هەیە. هێشتا ناوێرم دەست بۆ وێنەکەی بەرم. هەست دەکەم وێنەکە نیگاکانی لە شوێنە دووردەستەکان دەبێتەوە و ڕوو لە شوێنێکی تر دەکا. ڕەنگە ڕوو لە من، ...ڕوو لە من. منێک بە پاڵتۆیەکەوە کە دوگمەی سەرەوەو خوارەوەی پێوەنەماوە. ئا، ئێستا تێدەگەم، من پێویستم بە نیگای وێنەکەی باوەگەورەیە. ڕێک ڕوو لە من. پێکەنینم دێت. ئەو بەم شێوەیە دانیشتووە بەس بۆ ئەوەی هەموو شتەکانی تر لەبیر کات. یان بۆ ئەوەی بە جۆرێکی

تر بیانبینێ،... جۆرێک وەک ئەوەی کە هەن، نەک وەک ئەوەی فێریان کردوون ببن!

قۆناغی دووهەمی سەفەری پێنجەم شتێکە وەک کۆتایی. وەک هەستی کۆتایی. سەفەرێکی ئەوەندە خێرا و دابەزینێکی لەوە خێراتر، دوو دڵم دەکا لەوەی کە داخۆ بە راستی لە سەفەرم، ...لە سەفەر بووم. شتێک لە بەر چاومدا هەڵە بوو. هەڵە وەک ژیانی من. هەڵە وەک ئەو کاتانەی من پنتی ناوەڕاستی دونیا بووم و داهاتوو قەرار بوو لە سەر ئەم پنتە بنیات بنرێتەوە.

زەویی ئێرە جۆرێکی ترە. وەک زەویی سەفەری سێهەم. هەستێک وەک مانەوە تا مردن دامدەگرێ. وەک ئەو کۆترانەی کە لە فڕیندا ون دەبوون. من بە ئیستاشەوە نازانم چییان لێ بەسەردەهات. ئیستا دەزانم،... فڕین دەیخواردن! فڕین خواردنی. جاری وایە سەفەر خۆی لە خۆیدا تەواو دەبێ. تۆ دەبی بە بەشێک لە سەفەر و ئیتر خودی ئەو. مەقسەد مانای نامێنێ. وەک نیگای ئەو لە وێنەکەی گیرفانمدا. من لێرە ئیتر نابزووم، بەڵام رەنگە جۆرێکی تر لە سەفەر دەست پێبکا. سەفەر، وەک گەرانەوەیەک، بەڵام بە بێ جەستە. من بەم سەفەرەش ئاشنام، ...ئاشنا بووم. لە مێژە. دەمزانی چۆنە. هەندێ جار بۆنی هەناسەیەم کردبوو و دەستم بە هەندێ بەشی جەستەیدا هێنابوو، بەڵام زوو زوو لێم ون دەبوو. ون بوونێکی کتوپڕی. رەنگە بە هۆی زۆریی رووداوەکانەوە. ئا، رووداوەکان کە دەهاتن پاڵیان بەوەوە دەنا و بزریان دەکرد.

دەرەوە، تاریک و سارد سارد. بەفر، بە باڵای درەختەکاندا هەڵگەڕاوەو دارستان بووە بە بەفر. گەمەی نێوان رووناکیی و تاریکی. گەمەیەک کە دەکرێ هەر کامیان ببن بە ئەوی تریان. من کە جەستەم فێری گەرما و رووناکییە، چاوەکانم پتر دەکەمەوەو بە دەستێکیش یەخەی پاڵتۆکەم هەڵدەکێشم. کە هاتم رێک لەو پاڵتۆیەم کڕی کە باوەگەورە هەیبوو،... درێژ و سەرتاپاگر و کەمێک کوڵکن. هی ئەو قاوەیی بوو و هی من رەشە. لەو کاتەیدا کڕیم رەنگەکەی پاڵتۆیەکەی ئەوم لە بیر نەمابوو. دوواتر هاتەوە بیرم،... لە ناو فڕۆکەکەدا. بە تەنوورەی ئەو خانمەی هاتەوە بیرم کە هەر جارەی بە لامدا تێدەپەڕی، بە نیگایەکی میهرەبانانەوە بەسەری دەکردمەوە. ئەو سەردەمە تەنیا پیرەکان لەو جۆرە پاڵتۆیەیان هەبوو. من کە هیچ پاڵتۆیەکم نەبوو، بەخیلیم بە باوەگەورەمدا دەهاتەوە. بە لای خۆمەوە دەمگوت بۆ

ئەوەندە درێژ! گەر وانەبێ خۆ بەشی هەردووکمان دەکا! ئەوسا لە بیرم دەکرد و خووم دەدایە ئەو کڵاو و شاڵگەردن و دەسکێشانەی کە لە گەڵ بلوزێکی ئەستوور لە بەرم دەکردن. من کە عادەتم بە بزەی ژنە بێگانە و نەناسیاوەکان نیە، نازانم چۆن ئەو میهرەبانییە لێک بدەمەوە. بزەکان بە لامەوە ئەوەندە قورسن کە من ناتوانم هەڵیانگرم. بڕیار دەدەم بە رەنگی شینی کورسییەکەی بەردەممەوە خۆم خەریک کەم.
رێگای نێوان فڕۆکەخانە و شار خێرا تەواو دەبێ. هەوڵ دەدەم شاری چراخانی، بە بەستەڵەکی دارستانەوە گرێ بدەم. وێنەکان دەڕەوێنەوە. مەحاڵە. لەم وڵاتە بڕواناکەم کەس کۆترەکان بفڕێنێ. سارد سارد. فڕین دەیبەستێ. لانیکەم ئیستا. خەمێکی قورس دامدەگرێ. گەر کۆترم هەبێ، بێگومان خۆشتر دەگوزەرێ. ساڵەکان دەتوانن بگەڕێنەوە. نیگاکانی باوەگەورەش رەنگە ئیتر ئەوەندە بێ تاقەت نەبن. یەکەم کارم ئەمەیە. کە دەگەمە ئاپارتمانەکەم، ئەوجار تێدەگەم چ خەونێکی بەتاڵە. بانێک کە هی چەندین قات بێت لە بینایەکدا، ناتوانێ هی تۆ بێت کە تەنیا لە یەکێک لە قاتەکاندا دەژی. تەواوی شەو تا درەنگان پەنجەرەکان بەسەر دەکەمەوە. بە تایبەت پەنجەرەی سەر ئەو کۆڵانەی کە ئەو سەری لە تاریکیی رێگای دارستانێکدا ون دەبێ. دەنگ، تەنیا ئەو تاق و تەرا سەیارانەی تێدەپەڕن. مرۆڤەکان، یەکجار کەم. ئەوەندە کەم تا رادەی سفر. وەک نەبوون. یەک دوو جارێک دەرگا دەکەمەوە و بە پلیکانەکاندا دادەگەڕێم و سەردەکەومەوە. تا بەردەرگا و دوواتر سەرەوە. بە دزییەوە گوێ بە دەرگای دراوسێکانەوە دەنێم. بێدەنگییەکی رەها. بۆ چەند رۆژی دوواتر ئەو پیرانە دەبینم کە بە دەگمەن لە دەرگاکانیان ئاودیوی ناو راڕەوەکە دەبن. ئەوانەی لە نیگایاندا بەرامبەر بە من سەرسامییەک هەیە.
شەوانە دووای سەعاتی دوانزە دەست دەکەم بە بژاردنی درەختەکانی ناو تاریکی. بە ترۆپکەکانیاندا دەیانبژێرم. بە شەودا زۆر نین. تەنیا ریزەکانی پێشەوە دیارن. من کە دەزانم لە دووای ئەوانەوە لەو دووای دوواوەوە درەختەکان یەکجار زۆرن، هەوڵ دەدەم بە عەقڵ بیانژمێرم. عەقڵ! باوەگەورە کە باسی عەقڵی دەکرد دەتگووت تەنیا شتێکە لە ژیاندا کە ناوی هەیە و بەڵام بۆخۆی بوونی نیە. ئەو کە کەمتر پێدەکەنی و بزەی دەهاتێ، لەم کاتانەدا هێڵێکی خوار دەنیشتە کەناری راستی لێوەکانی. من ئەو شەوە نازانم لە پشت شووشەی پەنجەرەکە ئەم بزەیەم هاتێ یان

نا، بەڵام جوان لە بیرمە بزەکەی ئەوم لە ناو دارستانەکەوە بینی. دوواتر ئەو پۆلە باڵندە سپیەی، رەنگە ئەوانەی ساڵانی ساڵ لەوە پێش لە ئاسمانەکەی ئەوێ ون بووبوون، کە بە کەژاوەیەکی ئەفسانەییەوە هاتن و کەلەسەری باوەگەورەیان بە بزەخوارەکەوە لە گەڵ خۆیان برد. باوەگەورە تا دوور کەوتەوە، هەر ئەو حاڵەتەی هەبوو. بزەیەکی خوار کە لە بەستێنی رووناکاییەکی تاریکدا ون دەبوو. دوواتر من بۆ ئەوەی ژیانێکی نوێ دەست پێبکەم، هەوڵم دا بە کێشانەوی وێنەیەکی خۆم لە ناو ئەو دارستانەدا بۆ هەمیشە ئەو دیمەنە لەبیربکەم. وێنەیەکی رەش و سپی وەک بیرەوەرییەکانی من و باوەگەورەم.

رۆژەکان لێرە جۆرێکی تر تێدەپەڕن،... زۆر درەنگ بەڵام خێرایش! ئەو رۆژەی تێیدای زۆر درەنگ دەڕوا و کەچی ساڵ یەکجار خێرا! من بۆ ئەوەی لەم رازە بگەم هەوڵ دەدەم ساڵەکان تەنیا بە سەر رۆژەکاندا دابەش بکەم، نەک بە سەر هەفتە و مانگ و وەرزەکاندا، بەڵام کە ساڵ تەواو دەبێ من هەموو رۆژەکان لە بیردەکەم. هیچم لە بیر نامێنێ. من لە کۆتایی ساڵ دا تەنیا وەرزەکانم لەبیردەمێنێ. وەرزەکان بە رووداوەکانیانەوە. هەموو ساڵێکیش هەوڵ دەدەم بۆ ئەوەی ئەمە دووپات نەبێتەوە رۆژ ژمێرێک بکرم و بە نووسینەوەی رووداوەکان تێیدا کۆتایی بەم دۆخە بێنم. هەوڵێکی بێ سوود. یان رۆژ ژمێرەکە ناکرم، یان کە دەیکرم ونی دەکەم.

ساڵ، سەوز و روون، سپی و رەش. باران، خەراباتێک لەو ئاوەی کە ئاشقی هاتنەوەیە. ئەو ئاوەی کە دەزانێ دێتەوە. من کە رقم لە چەترە، وەدەر دەکەوم و دەبم بە کۆڵان. لە یەکێک لەم گەڕانانەدا چی دیوار و سەقفە هەڵدەفڕێ و تەنیا کەل و پەلی ناو خانووەکان و مرۆڤەکانن دەمێننەوە. سەیر دەکەم و دەڕوانم،... مرۆڤە پیرە تەنیاکان، تەنیاکانی بەر کۆمپیوتەر، منداڵانی ناو جێگا و ژوورە بێ ئەژمار چۆڵەکان، ئەو بنەماڵانەی بە کۆ لەبەر تەلەفزیۆندا دانیشتوون. باران، وەک بارانی سەر شاشەی تەلەفزیۆنی زەمانی قەدیم وێنەکەم لێ خەت خەتی دەکا. چاوەکانم تیژتر دەکەم. یارمەتی نادا. وێنەکان تەنیا خۆیانن. هەر ئەوەندە دەرفەت دەدەن. ئەوسا دیوار و سەقفەکان دەگەڕێنەوە. من نازانم چەند ساڵی تر ئەم کۆڵانانە رێگام دەبن، وەک چۆن نەمزانی چەند ساڵی تر کۆترەکان دەفڕێنم، بەڵام دەزانم کە ئەم کۆڵانانە تەڕن، یەکجار تەڕ،... ئەوەندە تەڕ کە من خەریکە کۆڵانەکەی بەر پەنجەرەکەی باوەگەورەم بە تەواوی لە بیر دەچێتەوە. سەر هەڵدەبڕم بۆ ئەوەی

ئەستێرەکان و مانگ ببینمەوە. بە دەرەوە نین. زۆربەی جاران بە دەرەوە نین. من دەبێ لە ماڵەوە وێنەیەک لە ئاسمان بکەم. وێنەیەک بە کاتی شەو و وێنەیەک بە کاتی رۆژ. تەنانەت گەر دەرفەتم بۆ کاتەکانی تریش. بە تایبەت ئێوارە.
لە رۆژێکی کورتدا کە نازانم بەیانی و نیوەڕۆ و عەسری کامانەن، وەدەردەکەوم. هەوڵ دەدەم ئەم دۆخانە بە سەعات بناسمەوە. ناسینێک کە ئاسمان و گەمەی نێوان رووناکی و تاریکی لێم ون دەکەن. سەعات هەشت گەرچی تاریکە، بەڵام هەوڵ دەدەم بە سەعات بیکەم بە بەیانی. سەعاتی دوانزە گەرچی حاڵ و هەوای بەیانی هەیە، بەڵام هەوڵ دەدەم بیکەم بە نیوەڕۆ. عەسر و ئێوارەیش هەروەها. دۆخەکان تەنیا کاتێکی سەعاتاوی. تام و بۆنەکانیان ونن. دەگەمە سەنتەری شار. گڵۆپەکان لە ناو بارینی بەفردا خۆیان حەشار دەدەن. خۆ حەشاردانێکی ئاشکرا. من تەنیا دەگەڕێم. گەڕانێکی بێهوودە. هەوڵ دەدەم ئێرە بە وێنەکانی رابردووەوە گرێ بدەم. دۆزینەوەی پەیوەندییەکان یەکجار زەحمەتن. لێرە لە هیچ شوێنێک نیگا تامەزرۆکانی کاتی سەفەری یەکەمم بۆ ئاوایی نابینمەوە. قەرەباڵغیی سەفەری دووهەمم لێ ونە، لە چاو سەفەری سێهەم تەنیا وێنەی باوەگەورەم لە گەڵە نەک خۆی، لێرە لە چاوی سەفەری چوارەم ئەوە تۆزی بەفرە لە سەر پێڵاوەکانم دەنیشێ نەک تۆزی گڵ، ...چۆمەکانی ئێرە لە چاو چۆمەکانی قۆناغی یەکەمی سەفەری پێنجەم بەستوویانە. سەرتاسەر سەهۆڵ. ئەوەندە سەهۆڵ کە دەتوانی لە سەریان بپەڕیتەوە. ئەم سەفەرە بەس لە خۆی دەچێ. قۆناغی دووهەمی سەفەری پێنجەم تەنیا لە قۆناغی دووهەمی سەفەری پێنجەم دەچێ. وێنەکەی باوەگەورە دەردێنم. لە نیگاکانیدا ئەم حەقیقەتە دەبینمەوە، ...دەیدۆزمەوە. ئەو ئەمەی دەزانی! نیگاکانی ئاشکرای دەکەن. رقێکی سەیر سەرتاپای جەستەم دادەگرێ. بۆ لەو کاتانەدا بۆی باس نەکردم؟ لە نیگاکانیدا وشەکانی دووا سەفەر بەرەو رۆژئاوا دەبینمەوە. من کە هەیکەلی ئەو تەنیا لە ژێر تیشکە نادیارەکاندا دەبینم، خۆم لە جامخانەی دووکانێک نزیک دەخەمەوە. بۆ یەکەم جار زەردەخەنەیەکی بە ئاستەمی باوەگەورە دەبینم کە قەت نەمدیتبوو. گڵۆپە بەهێزەکان ئاشکرای دەکەن. پێکەنینی خۆشی یان پێکەنینی بێهودەیی؟ پێکەنینی ئەوەی دەرباز بوویت، یان پێکەنینی بوونەوەرێک بەرامبەر بە ساڵەکانی داهاتوو، ...ساڵەکانی سەر لە نوێ لە دایک بوونەوە و گەورەبوونەوەو، شتەکان سەر لە نوێ فێربوونەوە؟ من کە پەشۆکاوی ئەم پێکەنینەم، کتوپڕ پێکەنینی

باوەگەورە کەشف دەکەم. باوەگەورە کە بانیژەکەی لێ ئەستاندبووم، بەم پێکەنینەی، پێی دەبەخشیمەوە. وەک بڵێی دەیزانی سەرەڕای هەر هەوڵێک، ئێرەیە سەرئەنجام چارەنووسی منە.
بارینی بەفر ئارام ئارام روو لە کزی دەکا. هەورە نزمەکان دەکشێنەوە و شار کەمێک روونتر دەبێ. دڵی منیش دەکرێتەوە. ئەوەندەی پێ ناچێ ئاسمان دەردەکەوێ. ساماڵ و سارد. دەستەکانم لە گیرفانم دەنێم. بەرەبەرە خۆم لە بەشێکی شاردا دەبینمەوە کە چڕیی خانووەکان تێیدا تەنک دەبنەوە. سەرهەڵدەبڕم. کتوپڕ ئەو باڵندانە سپیانەی دەبینم کە بە کۆ دەگەڕێن. پۆلێکن. رەنگە سی چل دانەیەک. دڵم توندتر لێدەدات. کۆترەکان؟ وردتر دەڕوانم. ئەوجار باڵندە دەریاییەکان دەناسمەوە. ئەو باڵندانەی دەریایان هەیە و کەچی دەتوانی لە سەنتەری شار بە دەوری زبڵەکانیشەوە بیانبینی!
بە هەستم، کات هێشتا نیوەڕۆیە و کەچی دەرەوە پێم دەڵێ شەوە! ئەوەی کە دەرەوە زووتر لە هەستی من تێدەپەڕێ و دەگوزەرێ، دووچاری رامانم دەکا. ئاکامی ئەمە چ دەبێ؟ من هێشتا لە بەشەکەی تری تۆپی زەویم. جەستە و رۆحی من پێویستییان بە زەمەنە. بە ساڵانێکی تر. رێک وەک باوەگەورە چۆن نیازی بە کات بوو لە شوێنی نوێی ژیانی. بیردەکەمەوە منیش وەک ئەو پێویستیم بە خانوویەک هەیە رووەوە رۆژئاوا، بە بانیژەیەکەوە. من لێرە دەمێنمەوە. بەفر و گڵۆپەکان و باڵندە دەریاییەکان هەموو ئاماژەن بەم حەقیقەتە. نێوچاوانم تێک دەنێم. ناوچاوانێکی گرژ.
هی بیرە، رق یان قبوڵ کردنی راستییەکان؟ نازانم. من بەشێکی گرنگی کاتەکانی ژیانی رۆژانەم بەم گرژیە نەخوازراوەوە تێدەپەڕێ. راگواستنێک لە باوەگەورەوە بۆ من. راگواستنێک لە کاتی سەفەرەکان و بوردوومانەکاندا. من کە ناوچاوانم گرژ دەکەم و لە زەوی بەردەمی خۆم دەڕوانم، باشتر لە ژیان و لە مرۆڤ و لە خۆم تێدەگەم. عادەتێک کە لە کاتی مانەوەدا فێریم، نەک لە کاتی گوزەر و تێپەڕینەکاندا. کە دەجوڵێی مەودایەک نیە بۆ گرژی. جەستە و بیر هی پێش خۆتەوەن. دەبێ بگەی بۆ ئەوەی گرژییەکان بگەڕێنەوە. ئەو گرژیانەی لە جۆرێکی ترن. ئەوانەی وا لە گەڵ رووداوە نوێیەکان دێن.
من سەرم بە ناوچاوگرژییەکانی باوە گەورە سووڕدەمێنێ. گەرچی لەو شارە بۆ هەمیشە مایەوە و ژیانی ئیتر لە رووداو کەوت، کەچی هەمیشە ناوچاوی گرژبوو.

هی ڕووداوەکانی رابردوو بوو یان بە هۆی منەوە بوون؟ یان گرژی مانەوە. ئەوەی کە بڕیاری دابوو بۆ هەمیشە لەوێ بێت. گرژییەک بەرامبەر بە خۆی.
خۆم بە ناو بازاڕە سەرپۆشراوەکاندا دەکەم، ...بە پاساژەکاندا. قەیسەرییە نوێیەکان. چەند قات و لووکس لە سەر یەک. من لە سەفەری دووهەمم دا بوو، قەیسەرییەکانم بینی. جۆرێکی تر لە پێشکەش کردنی شمەک. حەزم بە فێنکاییان بوو. بە بۆنە لێکئالاوەکان. بۆنی رۆن و نانی برژاو و میوە و کوتاڵ. بۆنی خشتی کۆن و هەتاو و تەنەکە ژەنگاوییەکان و ئارەقەی لەش. تامی لێدانەکان بە سەر جەستەمەوە وەک منداڵێکی غەریب. هەڵاتنە بێ کۆتاییەکانی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە لە ترسی یاخییەکان. منداڵێک بە میوە و شمەک بە دەستەوە لە ناو ترسە ئەبەدییەکاندا. منداڵێکی بەر دەرگای شەرمی گێڕانەوەی ترسەکانی خۆی. ترسێکی ئاشکرا، کە هیچ شەرمێکی دونیا نەیدەتوانی بیشارێتەوە. هەر زۆر خێرا لە پاساژەکان ماندوو دەبم و ڕوو لە دەرەوە لە بەفر دەکەمەوە. من پێویستیم بە سەرمای ئەوانە. دوگمەکانی پاڵتۆیەکەم دەکەمەوە. هاڵاوی جەستەم دەبینم. هەندێ لە ڕێبواران بزە دەیانگرێ. بیری ئەو گەنجەی دەکەمەوە کاتی خۆی لەوێ بە زستاندا بە تەنها توێی کراسێکەوە لە زستاندا دەگەڕا و خەڵک بەخیلیان پێ دەبرد و کەچی هێشتا زستان تەواو نەبووبوو، کە مرد. سروشت دەڵی جەستە دەبێ سەرمای بێت. بەڵام من لە هاڵاوی جەستەی خۆم باکم نیە. من لە سەفەری سێهەمەوە پەیکەری خۆم لە بیرکردووە. لە مێژە لە گوندی دووهەم و لە سەر هەر دوو سنوورەکە بەجێم هێشتووە. ئەمەی لە گەڵمە، شتێکی ترە. شتێک وەک جەستەکەی پێشووم.
دەستێک بە سەر و سینگ و ڕانەکانی خۆمدا دەهێنم. باوەگەورە کە بێ تاقەت دەبوو، تەنها دەستەکانی لە یەکتر قوفڵ دەکردن و لە دوواوە لە سەر کەمەری ڕایدەگرتن. حاڵەتێک کە تەنیا لە سەر بانیژەکە دووپات دەبوویەوە.

**دووپاتبوونەوە**

زۆر شت دووپات دەبوونەوە، یاخود ڕەنگە ئیستایش ببنەوە. من هەموو بەیانییەک لە خەو هەڵدەستام، دەچووم بۆ قوتابخانە، دەهاتمەوە، نانم دەخوارد، یاریم دەکرد، شەو نانم دەخوارد، دەرسم دەخوێند و دوواتر دەخەوتم. ئەو ساڵانە من بەم دووپات بوونەوانەم نەدەزانی. ڕۆژەکان بۆ من هەمیشە تازە بوون. ڕۆژەکان بە هەموو شتەکانیانەوە. ئەوان تازە بوون یان چاوەڕوانییەکانی من؟ نازانم. بە ونبوونی کۆترەکان، من زیاتر بڕوام بە تازەبوونەوەی کاتەکان هێنا. چاوەکانی باوەگەورە و پەنجەرەی ژوورەکەی هەر هەمان شتیان پێ دەگوتم. بانیژەکە ئیتر لە هەموویان زیاتر. کە لە سەر بانیژەکە رادەوەستام، خانووەکەی ئێمە بە گەڕەک و بە هەموو شارەوە کتوپڕ ون دەبوون و هەموو "بوون" دەبوو بە جەستە یان خەیاڵێک لە شەپۆلێکی سیحراوی لە دوورەدەستەکاندا. دەسوڕایت و دەسوڕایتەوە. ئەوەندە کە هەموو شتێک دەبوو تەنیا بە جوڵە. جوڵەی خەیاڵێک لە داڵانێکی بێ کۆتاییدا.

بەرە بەرە ئەزموونی ژیان فێریان دەکردم تازەبوونەوەکان دەکرێ وەک ونبوونی کۆترەکان غەمگین بن و وەک یەکەم سەفەری من بۆ گوند، شادەی هێنەر. لە نێوانیشیاندا باوەگەورە. من ئیتر زانیم گۆڕان، بە مانای هەموو ڕێگاکانە. هەموو شتێک دەشیا و دەکرا. من کامیان بووم؟ ئەمیان، ئەویان یان وەک باوەگەورە

هیچیان؟ یاخود وەکوو ئەو هەموویان. کاتێک لە سەر سنوورەکان بووم، بیرم لەمە دەکردەوە. باوەگەورە وەک سنوورەکان وا بوو. لە نێوان ئەم و ئەودا. رەنگە لە نێوان هەموو شتەکاندا. بۆیە دەیتوانی بە چەندین سەعات دانیشێ و سەیری دوورەدەستەکان بکات،... بۆیە دەیتوانی لە وێنەکەیدا هەتاهەتایە سەیری ئەوێ "ئەوێی هەمیشەیی" بکات. سنوورەکان ئەگەرچی لە نێواندان، بەڵام سەریان بە هەموو شوێنێکیشەوە هەیە.

لە یەکێک لە خۆدزینەوەکاندا بە سەر شتێکدا کەوتم. لە ساڵانی هەڵفڕاندنی کۆترەکان و دەنگی پێی هەنگاوە ترساوەکانی ناو کۆڵان، دراوسێیەکمان کە بە تەنیشت ئێمەوە بە دەستی چەپدا دەژیا، دووای سێ مانگ ونبوونی پیاوەکەیان لە رۆژئاوای شار، سەرئەنجام رۆژێکیان تەرمەکەیان لە یەکێک لە مزگەوتەکانی شار رادەستکردنەوە. ئەو رۆژە هەفتەیەک پێش بەسەرکەوتنەکەی مندا بوو. ژنێک بە پێنج منداڵی گچکەوە بە خۆڕینیەوەوە خۆی کرد بە مزگەوتەکەدا. من تەنیا ئەوەندەم لەبیردێت مزگەوتەکە ئەو رۆژە لە گەڵ کۆترەکانی من سێ رۆژی رەبەق هەڵفڕی. فڕینی مزگەوت بە منارەکانییەوە دیمەنێکی یەکجار سەرنج راکێش بوو. جاری وابوو کۆترەکان لە ئەوجی فڕینیاندا لە سەر منارەکە دەنیشتنەوەو دەحەسانەوە. من قەت لە ژیانمدا ئەوەندە مزگەوتم بە پەرۆشی و نیگەران نەبینیبوو. چەند رۆژ دوواتر لە سەر بانییەوە کاتێک کۆترەکان بۆ جارێکی تر لە چاو ون بوون، من لە سوچێکەوە ئاگام لەو ژنە قژ ماش و برینجی و روخسار تێکچووە بوو کە شتێکی سپی بە دەستەوە بوو. خۆم لە قەراغ گوێسبانەکە زیاتر نزیک کردەوە. جوانتر کە روانیم، دیتم ژێرکراسێکی سپی بە دەستەوەیە کە هێشتا شۆردن نەیتوانیبوو پەڵەکانی لێ بە جوانی پاک بکاتەوە. پەڵەکانی خوێنێکی یادگار. ژنەکە خەریکی ژماردنی کونەکانی ژێرکراسییەکە بوو. ئەو هەموو رۆژێک کاتی دووانیوەڕۆ، دەهاتە حەوشێ و لە تەنیشت شێرەئاوەکەدا لەبەر ئەو گەرمایەدا دادەنیشت و کونەکانی دەژمارد. ئەوەندەی ژمارد کە منیش بۆ هەمیشە لە بەرم کرد،... یازدە کون. یازدە کونی رەش لە سەر ژێرکراسێکی سپی.

باوەگەورە دەیگوت تەنیا سیانزە نیە کە نەحسە، بەڵکوو هەموو ژمارەیەکی تاک نەحسە. بیری ئەوەی دەکەمەوە بە تەنیا لە ئاسمانە، ئەوەی وا ئاسمانەکان هەمیشە جێگای بووە، بیری خۆم لە سەفەرەکان و لە سەر سنوورەکان و لەوێ لە رۆژئاوا.

خوا دونیای دروست کرد بۆ ئەوەی لە ژمارەی تاک قوتاری بێت. سەفەریش ڕەنگە ڕێگایەک بۆ قوتار بوون لە تەنیایی. من رقم لە ژمارە یازدەیە. رقم لەو فوتبالیستانەیە ئەم ژمارەیەیان بە سەر پشتەوەیە. لە سەر ئیمتیحانیش لە قوتابخانە قەت وەڵامی پرسیاری ژمارە یازدەم نەدەدایەوە. لە بیریشم نایەت قەت لە ڕۆژی یازدەی مانگ یان لە مانگی یازدە دا سەفەرم کردبێت. باوەگەورە لەوە وشیارتر بوو لە یەکەم سەفەرمدا منی لە ڕۆژی یازدەی مانگدا بۆ ئەو گوندە بەڕێ کردبێت! سەفەری تەیارەکەیش بە خۆشییەوە لە یازدەی مانگدا نەبوو. کۆترەکانیش هەمیشە زیاتر، گەلێک زیاتر بوون لە یازدە. کە هەڵمدەفڕاندن، ئاسمانی سەر بانەکەمان تا دوور دەکەوتنەوە تاریک هەڵدەگەڕا. تاریکیی فڕین. سێبەری حەزی پەرواز. باڵەکان بەریان بە تیشکی هەتاو دەگرت. ئەو سێبەرانەی کە دەفڕین. ژێرەوەیان سێبەر و سەر پشتیان تیشک. من نازانم ئەو ژنەی دراوسێمان تا چەند ساڵ دووای منیش خەریکی ژماردنی کونەکانی ژێرکراسەکە بوو. نازانم لە ژیاندا ماوە یان نا، بەڵام من زۆر جار بە بێ هۆ لە ناو شەمەندەفەر و پاس و تراموێکاندا لە خۆوە دەست دەکەم بە ژماردن. لە یەکەوە تا یازدە. تەنانەت بەو زمانە نوێیەیش کە خەریکم فێری دەبم. ئاهەنگی ئەم ڕەقەمە بەو زمانە زۆر لە ئاهەنگی وشەی قوتابی هەر بەو زمانە نزیکە. چ ڕێکەوتێکی سەیر. ئێمە هەمیشە قوتابی مەرگین، مەرگە ناوەختەکان. قوتابیی سەر کلاسی ئەو بۆ فێربوونی وانەکانی و نێوەڕۆک و ناسنامەی. تەنیا مامۆستایەک، کە نیوەی شتەکان دەڵێت. من جارێکیان پرسیارم لێکرد بۆ یازدە؟ بۆ یازدە بەر من کەوت؟ گوتی ڕێکەوت. من ئێستا هەموو ژیانم مەحکوومی ئەوەم دیوی تری ڕێکەوت کە نارێکەوتە بدۆزمەوە. دەبێ لۆژیکێک لە شوێنێکدا هەبێ. منێک کە هەموو ژیانم سەفەر بووە، دەبێ ڕەمز و کۆدی ئەو شار و گوند و خانووانەی بدۆزمەوە کە هەمیشە لەوێدان،... لەوێدان بە بێ هێچ جوڵە و سەفەرێک! پێکەنین،... پێکەنینێک بە قەدەر هەموو ڕێگاکان.

سەیری دایکم دەکەم. سەیری باوکم دەکەم. من زۆر لە هەردووکیان دەچم. وەها کە من تەنیا لەو دووانە دەچم و بەس. کەسەکانی تر لە ژیانی مندا ونن. وەک بڵێی لە گەڵ کەسی تر نەژیابێتم. نە بە ڕوواڵەت، من بە دەروون لەوان دەچم. من وەک دایکم نۆستالۆژیا دەتوانێ هەتا قوڵاییەکان هەموو وجودم دابگرێ. وەک ئەو دەتوانم بە کۆڵانە قەدیمییەکەی گەڕەکەکەی خۆماندا، ئەو گەڕەکەی من کۆترەکانم تیا

هەڵدەفڕاندن، گوزەر بکەم و تەنیا بیر لەو ساڵانە بکەوە. ساڵانی منداڵی و گەنجیەتی. من دەتوانم هەموو دراوسێکان، ئەوانەی ئەو ساڵانە، ئەوانەی وا لە مێژە نەماون، رێک وەک خۆیان بێنمەوە بەرچاوم. دەتوانم وەک ئەو ئەوەندە لە ژێر هوروژمی بیرەوەرییەکاندا سڕ بم، کە نیگاکانیشم ون بن. ئەوەندەش میهرەبان بم، هەرچی سووکایەتی جیهانە تەحەمول کەم. من وەک ئەو شەوانە لە خەو رادەچڵەکێم و خەون بە هەموو مردووەکانەوە دەبینم. دەشتوانم بە چەندین رۆژ نیگای منداڵێک لە گەڵ خۆی بمبا. لە باوکیشم دەچم. وەک ئەو دەتوانم زۆر بڕیاردەرانە لە شت بچمە پێش. سارد سارد بیر لە شتەکان بکەمەوە. تەواو مەغرور و لە خۆبایی بم. بە چەند رۆژ قسە بکەم و هەموو شتەکانم بە وردی لە بیردا بمێنێ. وەک ئەویش دەتوانم تەنیا لە دووای ساڵان هەستی خۆم پیشان بدەم. وردبین و بە پلان. من لە نیوان ئەواندا لە نێوان دایک و باوکمدا دانیشتووم. رێک وەک باوەگەورەم. کە لە سەر سنوور بەرەو چۆمەکە داگەڕاین، لە دایکم دەچووم. لە ناو ئاوەکەیشدا کاتێک بەلەمەکە وەرگەڕا، لە باوکم. بۆ دووپشکەکان، نازانم. دایکم نەیدەکوشتن و باوکم دەیکوشتن. کەچی من یاریم پێدەکردن!

کە باران دەبارێ، لە پشت پەنجەرەکان دەمێنمەوە و کتێب دەخوێنمەوە. بۆنی خاک لە درزەکانەوە خۆ بە ژووورێدا دەکا. منی وڕی نێوان رستەکان و بۆنی خاک، جارجارە سەرهەڵدەبڕم و سەیری کێوەکەی بەرامبەرم دەکەم. خوشک و براکانم لێرەن، لە ماڵەوە. من ئیستا لە مێژە لە کیشەی فرمان دان و فرمان وەرگرتن رزگارم بووە. بۆم گرینگ نیە. تەمەن بەرەبەرە بەرەو شوێنێکی تری بردووین. یان رەنگە عادەت. ساڵەکان، رایانهێناوین بە شوێنەکانمان. جاری وایە بانگیان لێدەکەم و حەز دەکەم لە گەڵ دەنگی باران و بۆنی خاک کتێبیش بۆ ئەوان بخوێنمەوە. دلم ناشکێنن، بەڵام کە دێن، ئیدی وەک ساتێک لەوە پێش تامی نامێنێ. دوواتر دەزانم دەبێ ئەمانە لە تەنیاییدا ئەزموون بکەی. کاتێک تەنیا خۆتی. دەنگی هەناسە و دووانی چاو، دەنگەکانی دەرەوە ون دەکەن. لە بەر ئەمە بوو باوەگەورە ژوورەکەی خۆی لە گەڵ کەس لەم دونیایەدا بەش نەدەکرد!

ئەو رۆژەی بۆ یەکەم جار ئەشق گرتمی و ئاشق بووم، هاوەن و تۆپەکان هەوای شاریان دڕ دەدا و کۆپتەرەکان خەریکی سەمایەکی شێتانە بە سەر گەڕەکەکانەوە بوون. من کە لە نێوان ترسی گیانی خۆم و جوانیی چاوەکان و نیگاکانی ئەو

مابوومەوە، بڕیارم دا نیگاکان بکەم بە چەترێک کە تەڵزمە هاونێک ناتوانێ بیبڕێ. یان هاوەنەکان بکەم بەو بوونەوەرە وشیارانەی کە ئاگایان لەم ڕۆمانسییەتە هەیە و بۆیە تەنیا لە کۆڵان و گەڕەکەکانی تر دەتەقنەوە و بەس،... نەک لێرە! من ئەو ڕۆژە شتێک لە دەروونەوە پێی دەگوتم کە ناکوژرێم،... نامرم. شتێک پێی گوتم دەمێنم بۆ ئەوەی ساڵانی تر ئەم ساتانە جارێکی تر لە منەوە گوزەربکەن و بژیەنەوە. من دەمام بۆ ئەوەی ئەو ساتانەش نەمرن. من ئەو ڕۆژە زانیم دەمتوانی خەتەری دونیا بکەم. دەمتوانی دەست بۆ کۆپتەرەکان بەرم و بیانگرم و تا هێز ئیزن دەدا لە ئاسمانی شار دووریان خەمەوە. دەمتوانی چی تۆپ و خومپارەیە لە ئاسمانی شار بقۆزمەوەو ئاراستەی خۆمیان بکەم. نا،... من نەدەمردم. دڵنیا لەوەی ئەو چاوانە و ئەو ئەشقە دەتوانم لە کۆڵانەکان بۆ هەمیشە گوزەر بدەم، تەواو لە خۆ بێ خۆی کردبووم. ئەو ڕۆژانە لای من سەرەتاکانی ئەشق و ژیانێکی پڕ مانا بوون کە قەرار بوو لە داهاتوودا بێن،... لە داهاتوودا بەو پەڕی خۆیان بگەن. بەڵام من ئەو ڕۆژە نەمدەزانی کە ساڵانی تر، نە ئەوەندە زۆر دووریش، ڕۆژێک دێت لەوپەڕی بێدەنگی و ئارامش و کپیی ژیاندا، ڕۆژێک کە یەکێک لە گەشترین ڕۆژەکانی دونیا بوو، چاوەکان بۆ هەمیشە ون دەبن،... ژیانە پڕ لە ماناکەی خەونی من بزر بێت. هەرچیم دەکرد ئەمەم بۆ لێک نەدەدرایەوە کە حیکمەتی ئەم مەرگە چی بوو. من دیسان لە سەر سنوور بووم. وەک باوەگەورە لە بەر پەنجەرەکەیدا. من لە نێوان ئەو ڕۆژە و ئەم ڕۆژەدا مابوومەوە.

کە بێ تاقەت دەبم، گڵۆپەکان دەکوژێنمەوە و لە تاریکیی ژوورەکەمدا دادەنیشم و پاڵ دەدەمەوە. هەوڵ دەدەم هەموو شتەکانی دەورووبەرم سەرلەنوێ وەک خۆیان بێنمەوە بەرچاوم. بەڵام هەمیشە شتێک یان چەند شتێک ونە،... ونن. کەچی کۆڵانەکەی ساڵی تەقینەوەکان، گڵۆپەکانیش نەکوژێنمەوە و چاوەکانیشم نەقونجێنم، هەر لەوێدایە،... بە هەموو وردەکارییەکانەوە. ئەوەندە بەرجەستە و زەق کە من جاری وایە هەناوم بەتاڵ بەتاڵ دەبێ. وەها، دەورووبەرم چیدی ناناسمەوە. من کە بەتاڵ دەبمەوە، دەست دەبەم زەمەن و شوێن دەگرم و دەیانکەم بە کۆتر و لە ژوورەکەمدا دەیانفڕێنم،... لە ئاسمانی کۆتا و نزمی ژوورە خۆڵەمێشییەکەم.

من نازانم چاوەکانم دووای من دەژین یان نا، بەڵام دەزانم چاوەکانم ئیستایش لە ڕابردوودا لەو کۆڵانەدان. خۆم تێپەڕیوم،... گەیشتوومەتە ئیستا، بەس ئەوان بە جێ

ماون. نە ڕێگایەکی گەڕانەوەش هەیە و نە ڕێگایەک بۆ درێژە دان بە بێ چاوەکان. من دەڕۆم بە بێ چاوەکان، یان لە گەڵ ئەو چاوانەی کە لەوێن. جەستەم ڕاهاتووە. گۆچانم ناوێ. ئەو کۆڵانە ڕێگایەکە بۆ هەمیشە. تا ژیان هەیە. باوەگەورە جارێکیان وتی کۆڵان یەکەم ڕازە مرۆڤ بە تووشییەوە دەبێ. دەیگووت هیچ شتێک بە قەدەر کۆڵان زەین و خەیاڵی منداڵ لە گەڵ خۆی نابا.
من جاری وایە گاڵتەم بە هەموو ئەم شتانە دێ. هۆکارەکەیشی زەمەنە. کتوپڕ، کات لە لام ئەوەندە خێراتر دەبێتەوە کە هەموو ماناکان لام بزردەبن. یەکەم جار کە لە ژیانم دا هەستم بە خێرایی کات کرد، لە کاتی دووهەمین سەردانم بوو لە شاری کانیی سەرپلیکانەکانەوە بۆ شارەکەی خۆم. من کە هاوینی پارم یەکجار درێژ هاتبووە بەر چاو، هاوینی ئەم ساڵم وەک سەفەری پەپوولەیەک لە نێوان دوو گوڵ دا دەهاتە بەرچاو. کتوپڕ شوێن لە زەمەندا توایەوە و ئیتر بڕیارم دا هەمیشە بە ئارامی و بە کاوەخۆ بە ڕێگادا بڕۆم. باوەگەورە حەزی بە شێوەی بە ڕێدا ڕۆیشتنی من بوو. دیگووت خۆت گەنج و ئەمەت بە تەمەن! دەیگووت هەربۆیە بە چاک یان خراپ هەمیشە دەگەیتە شوێنی خۆت.
تەنیا کەسانێ بە دەنگی فڕۆکە بۆمب هاویژەکان هەڵنەدەهاتن و نەدەترسان، شێتەکانی شار بوون. یەکیان لەو کاتەدا گۆرانیی "کۆڵان بە کۆڵان، جادە بە جادە" ی لە ژێر لێوەوە دەگوتەوەو ئەوی تریان گیرفانی لە ترسی منداڵ لە بەرد دەئاخنی و دانەکەی تریان خۆی بە سەر گۆچانەکەدا دەدا و، دەیگووت لە دونیادا لە حەمام خۆشتر نیە! من دڵنیا لەوەی کە هیچ فڕۆکەوانێک لە دونیادا ناتوانێ شێتەکانی شارێ ببینێ، لەو کاتانەدا لە تەنیشت ئەواندا ڕادەوەستام و هەوڵم دەدا یان گۆرانی بڵێم یان خڕە بەردە گچکەکان کۆ بکەمەوە، یان بیر لە حەمام بکەمەوە. بەڵام ئەمەی دوواتر ئەوەندەی تریان دەترساندم. جەستەی رووت بیری تەرمەکانی دەخستمەوە. بۆیە زیاتر لە هەر کەسێکی تر لەم شارەدا من رقم لەم شێتەی ئاخریان بوو.
کتێبەکانم کۆ دەکەمەوە. دەیانبەم لە ژوورەکەی پشت سەربانیژەکە لە تەنیشت کتێبەکانی تر دایاندەنێم. ئەوسا بڕیار دەدەم پێش ئەوەی سەفەری سێهەمم دەست پێبکەم، بچم لە سەر ڕێگای قوتابخانە، لە کۆڵانێکی شاردا سەرئەنجام دووای چەندین ساڵ بە کچی کۆڵانەکەی چەند ساڵ لەوە پێش، ڕاستەوخۆ بڵێم کە خۆشم دەوێ! من کە سەفەر ئەم غیرەتەی پێداوم، لە گەرمای نیوەڕۆی دووامانگی بەهاردا

دەچم لە سوچێکی کۆلانێکی خۆلین هەڵدەتروشکێم. کۆلانەکە زۆر لە ماڵی ئەوان دوور نیە. دڵەڕاوکێیەکی سەیر دامدەگرێ. هەندێ ژن لە پشت پەنجەرەکانەوە بە سەرسورمانەوە سەیرم دەکەن. هەوڵ دەدەم چاوەکانم بدزمەوە. شەرمێکی سەیر لە نیگا و لە جەستە و لە ئاکارمدایە. بەڵام ئەمە دوادەرفەتە. چار نییە. من دەڕۆم و کەس نازانێ کەی دەگەڕێمەوە. کات تێدەپەڕێ. هەموو وشەکان بۆ چەندین و چەندمین جار لە زەینمدا دووپات دەکەمەوە. وشەکان جوان جوان شوێنی خۆیان گرتووە. خشتەکانی خانوویەکی رێک. چەند کەسێک تێدەپەڕن، بەڵام ئەو هەر دیار نییە. سەیری سەعات دەکەم. رێک کاتی دەست پێکردنی کلاسەکانە. من سالانی دوواتر بوو کە زانیم ئەو، ئەو رۆژە لە کۆلانەکەی ترەوە تێپەڕیبوو! کۆلانێکی تر،... کەمێک واوەتر. من تەواوی سەفەری سێهەمم لە ژێر سێبەری حەزی نەگوتراوەدا بوو. گەر پەڵەهەورەکەی ئێوارانی مەزراکە نەبووایە، ئەو ساڵە رەنگە من نیوەڕۆیەکی گەرمی تر بگەڕابامەوە بۆ ئەو کۆلانە.

لە سەفەری سێهەمدا بوو کە من دەرگای دالانی ژوورەکانی پشت بانیژەکەم بۆ هەمیشە لە سەر کۆترەکان داخست، کۆترەکانم هەڵفڕاند و پێم گوتن کە ئیتر نیشتنەوە لێرە لە سەر بانەکەی ئێمە نەماوە. گوتم دەبێ بڕۆن،... بۆ هەمیشە. ئەوانیش رۆیشتن.

## نیوەسەفەر

دەڕۆم. دووای نزیک سێ مانگ، دەچم بۆ شار. دەچمەوە. ماوەیەکی تا رادەیەک درێژ ژیانکردن لە گوند، بەرگێکی تر لە روواڵەت و روخسار دەکا بە پەیکەری شاردا، لە لای من. من کە لە دوواوە لە تەنیشت لادێیەکان بە پێوە راوستاوم و بۆنی ئارەقە و مریشک و مەڕ و تۆزی رێگا دێ بە لوتمدا، بە دەرکەوتنی یەکەم کۆڵانەکان، هەستێکی غەریب دامدەگرێ. منێک کە نە هی ئەوێم و نە هی ئێرە ئیتر. شەوانە لە گوند جاری وابوو لە دوورەوە لە ئاسمانی روونی سەر شارم دەڕوانی و بە خۆم دەگوت کە زەمەنێکی درێژی پێ دەوێ من بتوانم بگەڕێمەوە ئەوێ،... ئەوێکان! ئەم شارە، شارەکەی من نەبوو، شارەکەی من نیە،... شارێک بوو لە نێوان شاری من و شاری دووهەم سەفەر. رێک لە سەر رێگایان. من ئەو کاتم لە بیر نایەت، بەڵام دەزانم لێرەوە تێپەڕین. دایکم بۆ ئەوەی وەبیر منی بهێنێتەوە، دەیگوت لە بیرتە ئاودەستەکانی گاراژەکەی ئەوەندە پیس بوون کە تۆ میزت بۆ نەکرا! من ئەوەتەی لە بیرم دێ زۆر میز دەکەم. جا نازانم هی ئەوەیە ئاو زۆر دەخۆمەوە، یان ئەوەی کە مرۆڤێکی ترسنۆکم. بۆ ئەوەی بزانن من ترسنۆکم، پێویست ناکا بمترسێنن، تەنیا سەیری حەز بە تەنیاییەکانم بکەن و بیژمێرن کە رۆژانە چەند جار دەچم بۆ ئاودەست. باوەگەورەم ئەمەی دەزانی، بەڵام قەت هیچی لە سەر نەگوت. ئەو شتێکی تر و لێکدانەوەیەکی تری لابوو. زۆر جار هەستم

دەکرد چاوەکانی پێم دەڵێن زۆرمیزکردنەکانت هی ترس و دڵەڕاوکێیەکانی سەفەرن. من زۆر باوەڕم بە لێکدانەوەکانی چاوەکانی باوەگەورە نیە، چونکە کە لە سنوورەکان دەپەڕیمەوە، زیاتر لە ترس، هەستێکی خەمۆکی دایدەگرتم. قەتیش لە کاتی پەڕینەوەدا میزم نەدەکرد. هەر بە یەکجاری لە بیرم دەچووەوە تا ئاودیو دەبووم. ئیستا دەزانم، مەبەستی باوەگەورە دڵەڕاوکێ و ترسەکانی پێش سەفەربوو.
نیگای خەڵکەکە لە سەر شەقام بۆ من هەر هەمان نیگای وانە بۆ ئەوانی تر،... بۆ ئەوانەی تری ناو تویوتاکە. کەواتە من بە مەبەستی خۆم گەیشتووم. من خۆم ون کردووە. کەس من ناناسێتەوە. کە لە پرسگەکەیش پەڕینەوە، تەنانەت سەربازەکانیش لێیان نەپرسیم. من ونم. ون ون. قۆناغێکی تر لە ژیانێک کە بە تەمایە دونیا بگۆڕێ.
من کە لە چاوەڕوانییەکانی ناو گوند وەڕەز و ماندووم و هەمیشە پێم وابوو کە دەبێ یەکێک لە رۆژەکان، کەسێک لێرە لە شارەوە رووم تێبکاتەوە و بە شوێنمدا بێت بۆ ئەوەی کارێکی گەورە راپەڕێنین، خۆم بڕیار دەدەم رووبکەمەوە ئێرە. من، خۆم دەبێ کەسەکان بدۆزمەوە. هەست دەکەم شتێک هەڵەیە. قەرار وانەبوو کە بڕۆین، بەس بۆ ئەوەی رۆیشتبێتین. ئێمە رۆیشتین بۆ ئەوەی رەوتەکان جۆرێکی تریان لێ بەسەربێت. من کە ئەزموونی ژیانی گوندم ئیدی هەیە، ئەوەندە خۆم گەورە و پێگەیشتوو و باڵغ دەبینم کە ببم بە سەرپەرستی پرۆژەیەکی نوێ! پرۆژەیەکی نوێ لێرە لە گوند. سەیری ئاسمان دەکەم. ئاە، کۆترەکان. چەندین پۆلی جیاجیای کۆترەکان بە ئاسمانەوەن. تەزوو یاخود باشتر وایە بڵێم برووسکەیەک بە سەرتاپای جەستەمدا گوزەردەکا. چاو لە ئاسمان دەچەقێنم و ئیتر لە بیرم دەچێ لە کوێم و خەریکی چیم. ئاهەنگی فڕین دەمبا. قژ و ریشم کە ئیستا گەلێک درێژترن لە جاران، بە دەم "با" وە سەمادەکەن و من کە نە لە کۆترەکاندا، بەڵکوو لە فڕینیاندا بە تەواوی ون بووم، یەکجار بۆ هەمیشە بڕیار دەدەم، بەڵێن بە خۆم دەدەم کە تەنیا فڕین ژیانم بێت. من نازانم بێ کۆترەکان فڕین هەیە یان نا، بەڵام دەزانم مادام شتێک بە ناوی "فڕین" تازە لە زەین و دەروونی مندا هەیە، کەواتە دەبێ ببێ. ئەو شەوەی قەراغ چۆمەکە، باوەگەورە گورگ نەیخوارد، چونکە تەواو بووبوو بە خەو. پەیکەرێک کە تەواو خەو بوو. خەوی خەو. خەوێک بە بێ پەیکەر. ئیتر باوەگەورەیەک لەوێ نەمابوو. گورگەکە تەنیا خەوی دەبینی. خەوێک لە قەراغ

ئاودا. خەویش کەس ناتوانێ بیخوات. دڵنیا لەوەی کە کۆترەکانی من بوون بە فڕین و ئیتر قەت هیچ واشە و داڵێک ناتوانن و نەیانتوانیووە بیانخۆن، سێبەری بزەیەک دەخاتە سەر لێوم.
هاوڕێیەکانم دەبینمەوە. وەک سێ مانگ لەوە پێشن. هەست ناکەم هیچ شتێک لە ناو ئەواندا گۆڕابێ، بەڵام بۆ من نا. من کە ئیتر بۆنی سروشت و دەشت و گیا و شەوانی سەر بانیی بەر مانگەشەوم گرتووە، لای خۆم هەست دەکەم جۆرێکی ترم. جۆرێک وەک دوو چاو کە یەکیان لە سەر مانگە شەوەو یەکی تریان لە سەر قەبرستانەکە. نیگای ئەوانیش تەنانەت هەر ئەمە دەڵێ. وتنێکی شاراوە. ئەوان دەبینن کە من جۆرێکی ترم.
نە ئەوان لە ژیانی گوندی من دەپرسن و نە من لە ژیانی ئیستای ئەوان. نیگا و زەینمان لە رابردوو یاخود لە داهاتوودایە. نۆستالۆژیایەکی سەیر. هەمووومان لە یادەکانمدا گەورەترین. یەکجار گەورەتر. من ئەو شەوە بڕیار دەدەم کاتێک ئەوان دەخەون، بچمە حەوشە و، لە تەنیایی راوەستاندا، لە ژێر ئاسمانێکدا کە لە ئاسمانی گوند دەکا و لە تەنیشت ئەو ژوورانەیدا کە لە ژوورەکانی شارەکەی جاران دەکا، پێناسەیەک بۆ ئیستای خۆم، خۆمان بدۆزمەوە. وەک زۆربەی کاتەکان، وەک هەمیشە هیچ وشەیەک لە مێشکمدا نایەت و بڕوا. بیرێکم بێ وشە و بێ رستە، کە نغرۆی خەونێکی ئەفسانەییە. رەنگە خودی بیرەکەیش. وەک چۆن هیچ بوونێک سەبارەت بە خۆی نادوێ و خۆی پێناسەی خۆیەتی، منیش وەهام. لەوێ راوەستام بەس بۆ ئەوەی یان لە سەر شتەکانی تر بدوێم، یان ئەوەی کەسێکی تر لە سەرم، لە سەرمان بدوێ. زەمەنی کردە. ئەوەندەی پێ نەچوو چەند بەردی گڕاوی سینەی ئاسمانیان لە بێکەراندا دڕی و دووای ماوەیەک لە پەنجەرەی یەکێک لە ژوورەکانی دراوسێکانەوە جەستەیەکی سپی دەرکەوت. سپی وەک پەردەیەکی جەستە ئاسا کە دووای ئەوەی تایەکی پەنجەرەکەی کردەوە و بۆ ماوەیەک بە سەر کۆڵاندا شۆڕ بووەوە، وەک کۆترە بزربووەکانی من بە نەرمی و بە ئەسپایی کەوتە فڕین. سەرەتا چەند جارێک ئەم سەراوسەری کۆڵانەکەی کرد و ئەوجار کتوپڕ منی بینی کە وەک سێبەرێکی رەشتر لە شەو، لە حەوشەیەکی کەف چیمەنتۆی خاوەن تاقەدرەختێک راوەستابووم. ئارام بەرەو لام راخوشا. چەند دەورێک بە دەوری مندا سووڕایەوەو پاشان لە سەر تاقە درەختەکە نیشت.

- خەڵکی ئێرە نیت، لە کوێوە هاتووی؟
من کە قەت وەڵامی ئەم جۆرە پرسیاران نادەمەوە، گوتم:
- هەر کەسێ لە شوێنێکەوە دێت، گرنگ ئەوەیە من ئێستا لێرەم!
- خەڵکی ئەم گەڕەکە قەت بە شەودا بەخەبەر نین، بۆیە کەسیان بە شەوگەڕییەکانی من نازانێ. ئەنتیکەیە، غەریبێک لە یەکەم شەویدا بە رازێکی چەندین ساڵە دەزانێ،... غەریبیش هەمیشە ماندووە و زوو و چاک خەوی لێدەکەوێ.
- تۆ کێیت؟
- من دایکی چوار منالّم کە منداڵەکانی ساڵانی ساڵە سەفەریان کردووە. هەموو شەوێک نیوەشەوان وەدەردەکەوم، چونکە دەزانم کە یەکێک لە نیوەشەوەکان دەگەڕێنەوە. لەو کاتەوەی ئەوان ڕۆیشتوون، ئێرە زۆر گۆڕاوە. بە دەرەوەم بۆ ئەوەی لە دوواساتەکاندا ڕێگایان لێ ون نەبێ.
- چۆن دەتوانی بفڕی؟
دەست دەبا بۆ پارچە سپییەکەی و دەڵێ بەمە.
من کە پێم وابوو ئەو تەنیا ئەم پارچە سپییەیە و بەس، سەرم سوور دەمێنێ. ئەوسا ئەو قوماشەکە کەمێک لادەبا و من لەتە پەیکەری پیرێژنێکی بە ساڵداچوو دەبینم کە بۆنی میخەک دەدات. جەستەیەکی پیر کە دەڵێی تەمەن یەکجار پێشی کەوتووەتەوە. دەڵێ:
- ئەوەی منی بینیبێ، لە ترسانا هەڵاتووە. تەنیا تۆ نەبێ.
- من عادەتم بە شتە سپییەکانی ناو شەوە. بە تایبەت مانگەشەو.
- نا هی ئەوە نیە، هی ئەوەیە تۆیش پەردەیەکی سپیی رۆح ئاسا لە بەر پەنجەرەیەک چاوەڕوانتە.
- یانی ئەویش وەک تۆ ئاوا زوو چرچ دەبێ؟
- گەر دەستت پێی رادەگا، پێی بڵێ کە وەک من نەکا. زۆر گرینگە هەر لە سەرەتاوە هەر کاتێک باران باری، خۆی و جەستەی بخاتە بەر باران،... ژێر باران،... شێتانە.
بیردەکەمەوە، ئەو چوارە نەگەڕاونەتەوە چونکە هیچ وێنەیەکیان پێ نیە.
- لەو رۆژەوەی ئەوان رۆیشتن، ئەلبۆمەکانیش ون بوون. لە گەڵ خۆیان بردیان. وێنە؟ هە هە هە هە... بۆ وێنە، کەمیان نەهێناوە.

دەڵێم:
- نا مەبەستم ئەم جۆرە وێنانە نیە،... جۆرێکی تر!
ئەو کە لە مەبەستی من ناگا، لە درەختەکە جیادەبێتەوەو سەرلەنوێ بە دەورمدا دەکەوێتەوە فڕین. من دەبم بە جەستەیکی ناو بۆنی توندی مێخەکی دەیان ساڵە. ئەوسا ئارام لە بەردەممدا هەوڵ دەدا راوەستێ. بەڵام راوەستانێکی لەرزۆک لە سەر ئەو پێیانەی کە هێشتا بستێک لە سەر زەوی دوورن. ورد، بە چاوە سیسەکانی لێم دەڕوانێ. من دەڵێم:
- وێنەیەک وەک کرتەیەک لە ساتێکی رابردوو. لەو ساتانەی کە مانای هەموو ژیان دەنوێننەوە،... مانای ژیانی کەسەکە خۆی.
چەند جارێک بە پەلە ئەم سەراوسەری کۆڵانەکە دەکاتەوە، لە شوێنێکدا لە زەوی نزیک دەبێتەوە و ئەوسا دێتەوە لام.
- لەوێ لە بەر دەرگاکەمدا، ساڵانی ساڵە جێ هەنگاوەکانی ئەوان ماونەوتەوە و هەر نەسڕاونەتەوە. مەبەستت ئەمەیە؟
- ئا، شتێکی وا،... شتێکی لەم چەشنە. بە مەرجێک ئەم وێنەیە لای ئەوان بێت، لای ئەوان هەڵگیرابێتەوە.
ئەو نادڵنیا لەمە، دیسان چەند جاری تر بە بە دەورمدا دەسوڕێتەوە.
من چەند شەو دوواتر کاتێک بۆ گوند دەگەڕێمەوە و وەک هەمیشە بە رادیۆکەمەوە دەچمەوە سەر بانیژە، لە سەر روخساری گەشی مانگی چواردە، ئەو چوار جێ هەنگاوە دەبینم کە لە قەراغی تاریکی مانگدا ون دەبن. ئەو شەوە هەواڵەکان لای من تەنیا وشەن و بەس.
دەگەڕێیتەوە یان ناگەڕێیتەوە، گرینگ نیە، گرینگ بەڕێوەبوونە. شتێک وەک جوڵە لە نێوان ئەوێ و ئێرە،... لە نێوان ئەوەی هەیت و ئەوەی نیت. وەک باوەگەورە. هەست دەکەم گەر بتوانم بشچمەوە ناو جاران، تازە من وەک جاران تەواو هی ئەوێ نیم. بەشێکی من لە داهاتوودا بە جێ ماوە. گەر ئەمە نەبایە، باوەگەورە بۆ هەمیشە لەو شارە نەدەمایەوە. من بەخیلیم بەو چوار جێ هەنگاوانەی سەر مانگ دێت. ئەوان تەنیا هەنگاو بوون و بەس. بەرەو داهاتوو. بەرەو چارەنووس. بە بێ هیچ وێنەیەک. بە بێ هیچ پەرۆشییەک بۆ پیرێژنە رۆح ئاسا فڕیوەکەی ناو کۆڵانەکە. کتوپڕ خەیاڵێک رامدەپەڕێنێ،... نەکا باوەگەورەیش وەک

ئەو پیرەژنە شەوانە بە کۆڵانەکەی ئێمەدا بفڕێ؟ من دڵنیام کە ئەو دەفڕێ. هەموو شتەکان ئێستا ئاماژەن بە فڕینی ئەو. پیرەپیاوێکی ژێر قوماشێکی سپیی تەنک تەنک کە لە پەنجەرەی گۆڵدانەکانەوە، لە پەنجەرەکەی رووەو رۆژئاواوە هەموو نیوەشەوانێک دەفڕێ. بێگومان کەسێکی غەریبیش، شەوێک لە شەوەکان ئەوی لە نیوەشەوێکدا بینیووە. سەیری مانگەشەو دەکەمەوە، هەوڵ دەدەم جێ هەنگاوەکان یاخود ناوو نیشانەکانی تر بدۆزمەوە. نایانبینم. بێگومان رەنگە بە دیوی پشتەوەیدا بن. یان... . رادیۆکەم لەم کاتانەدا مۆسیقایەک بڵاو دەکاتەوە کە لە ئاهەنگی "سەمای دەریاچەی قاز" دەکا. هەڵدەستم و وەک سێبەرێکی رەش بە سەر قەراغی بانەکەوە لە ژێر تیشکی مانگەشەودا دەست دەکەم بە سەمایەکی ئارام. سێبەری سەما، درێژ درێژ بە سەر بانەکانی گونددا دەکشێ و رەنگە بگاتە ئەو چۆم و بووار و رێگایەی کە من و باوەگەورە ئەو رۆژە لێیانەوە تێپەڕین و هاتین. رەنگە ئەوانیش بکەونە سەما. رەها لە غەم و دڵەراوکێی ئەوەی کەس یان کەسانێک رەنگە بمبینن، درێژە بە سەما دەدەم. مانگ لە گەڵ دووا جوڵەی سەمای من لە پشت گۆڕستانەکە ون دەبێ. هەنگاوەکانی سەری، هەنگاوە چوارینەکان وەریونەتە سەر قەبرستانەکە، یان لە گەڵی رۆیشتوون،... لە گەڵ مانگ؟

لە شار زۆر خۆم ناگرم. دەگەڕێمەوە. کە دەگەڕێمەوە، حەز ناکەم هیچ هاوڕێیەکم لە گەڵم بێت بۆ گاراژ. حەز دەکەم رێک لەوێوە، لە گاراژەوە هەست بە جارانی خۆم لەو سێ مانگەدا بکەم. حەزم لەو بۆنانەیە بە جێم هێشتوون. شاخ و دەر و دەشت بانگم لێدەکەن. جۆبارە گچکەکە وەڕەزیم دەکا. باغی قەیسییەکە و ئەستێر و پەڵە هەورەکەی هەر رۆژە بە "با" دا دوێنێکە دووای چوار رۆژ دوورکەوتنەوەم پەیامیان بۆ ناردووم. پەیامەکە بۆنی قەیسی و هەور و ئاو دەدا. هەورە قەیسییەک کە هاتووە باغەکە ئاو بدات، یاخود قەیسییە هەورێک کە هەموو رۆژێک بە ئەستێرەکەی تەنیشتی دەڵێ کە ئەگەرچی تینوویەتی، بەڵام با ئەو ئاوەکەی بۆ داهاتوو رابگرێ. من لە ناو سەیارەکەدا لە پشتەوە بیری تەرمەکەی ئەو رۆژەی تەنیشت باغی قەیسییەکە دەکەومەوە. بیردەکەمەوە رەنگە یەکێک لەو چوار هەنگاوانە هی ئەو بووبێتن. بێ هۆ نەبوو ئەو شەوە من بە تووش رۆحە سپییەکەوە بووم. ئەو شەوە لە کاتێکدا دووخولی بە دەورمدا دا و بۆ ئاخرین جاریش لە سەر تاقەدرەختەکە نیشتەوە، گوتی:

ـ دەزانی تۆ بۆنی مەڕ و مریشک و تۆز و قەیسی دەدەی، جارجارەیش بۆنی ئەو گوێ درێژانەی کە ئەوەندەیان تەمەن نەماوە،... بەڵام... بەڵام بۆنی قەیسییەکەت تێکەڵ بە بۆنێکی ترە. بۆنێک کە هەم ئاشنایە و هەم ئاشنا نیە.
من کە بە سەرسووڕماییەوە سەیرم دەکرد و لەم قسانەی تێنەدەگەیشتم، دیتم لووتم سەرنجی بەرەو خۆم بادایەوە. گوتی:
ـ گەر پێم بڵێی لە کوێ دەژی، من ئەو بۆنە دەدۆزمەوە؟
ـ نا، ناتوانم پێت بڵێم.
ئەو بێ ئەوەی قسەیەکی تر بکات، لە سەر درەختەکەوە هەڵفڕی و بەرەو ماڵەوە رۆیشتەوە. رۆژی دوواتر کاتێک بە بەردەم دەرگاکەیدا تێپەڕیم، هەڵمدا لە پەنجەرەکان یان لە درزی نێوان دەرگاکەوە بیبینمەوە. لە هاوڕێکەم پرسی. ئەو گوتی کە ئەم خانووە ساڵانی ساڵە چۆڵە و کەسی تیا ناژیت. گوتی ماڵە هەتیووە و بۆیە کەس ناوێرێ تەمەحی تێبکا. من سەیری بەر دەرگاکەم کرد، لە جیاتی چوار شوێن پێ، تەنیا دانەیەکی قوڵم بینی. هاوڕێیەکەم گوتی کە خەڵکی گەڕەک لە مێژە هەموو بەیانییەک ئەم جێ پێیە پڕ دەکەنەوەو کەچی بۆ سبەی دیسان پەیدا دەبێتەوە!
گوند بۆنی پاییزی گرتووە. بەیانی و ئێوارەیانی کەمێک فێنکترن. شەوانە کاتێک لە سەر بانەکە خەریکی گوێ لە رادیۆگرتنم، مچوڕکی سەرما جارو بار بە جەستەمدا دەگەڕێ. مچوڕکەکان خۆشن. گڕی جەستەم دەنیشێننەوە. باوەگەورە هەمیشە بە ئاوی سارد خۆی دەشۆرد. تەنانەت لە زستانیشدا. دەیگوت توڕەییەکانم لە دونیا کەم دەکاتەوە. دەیگوت کە توڕەیش نەبی، ئیتر کەم پێدەکەنی. پێکەنینی زۆر هی توڕەییە. دەیگوت کە نە توڕەیش بوویت و نە خەندان، ئیتر جوانتر دەتوانی بیر بکەیتەوە. من نازانم بۆ باوەگەورە ئەوەندە حەزی بە بیرکردنەوە بوو. من وەک ئەو نیم. جاری وایە حەز دەکەم پڕ بەو دەرو دەشتە بنەڕێنم و هاوار بکەم و جاری وایشە وەها پێدەکەنم کە هەموو جەستەم وەک برێشکە هەڵدەخاتەوە. من حەزم بە هەموو شتێکە،... هەموو شتێک!

## وەک خۆیان!

شتەکان با لە شوێنی خۆیاندا بن! ئەمە نەک بە خەڵکی تر، بەڵکوو بە خۆم دەڵێم. جاران تا لەوێ بووم، حەزم دەکرد شوێنی شتەکان بگۆڕم. هەمیشە پێم وابوو دەبێ بیانگۆڕی بۆ ئەوەی باشتر یاخود جوانتر بن. بەڵام لێرە وا نیم، وا ناکەم. نە ئەوان من بانگ دەکەن و نە من ئەوان. بێ سەرئێشە. کە لە شتەکانیش بوویتەوە، حەزت بە بیرکردنەوەی زیاترە. بوونێک کە بەرەبەرە دەبێ بە بوونێک بۆ خۆی،... بۆ خۆی خۆی. بیر لە پێناوی بیر. وەک باوەگەورە. بێگومان گەر باوەگەورە کەمێک خۆی لە گوڵەکان و لە بانیژەکە و لە رۆژئاوا دوور خستبایەوە، دەبوو بە ئیستای من. نەکا لەبەر ئەمە وازی لە گوڵەکان و لە بانیژەکە و لە رۆژئاوا نەدەهێنا؟ ئاە باوەگەورەی نێوان شتەکان،... نێوان بوونەکان!

حەزم بە هەڵکردنی مۆمەکانە. دەڵێن مۆمەکان هەڵبکە و لە کونجی ژوورەکەت دابنیشە و چاوەکانت بقونجێنە و بیربکەوە،... بیر تەنیا لە شتێک، شتێکی خۆش یاخود شتێکی کە تەنیا شتە، یاخود پرسیارێک. وادەکەم. دەچمەوە ماڵەوە. ئەگەرچی دەرەوە تاریکە و ژوورەوە تاریکتر، ئەگەرچی ژوورەکەم پێویستیی بە گڵۆپە بەهێزەکانە، بەڵام من دەست دەبەم بۆ چەکمەجەکەم. مۆمە بە رێکەوتەکان لەوێن. دووانیان دەردێنم و هەڵیان دەکەم. لە نێوانیاندا دادەنیشم. چاو دەگێڕم. گوڵێک لە

سووچێکی ماڵەکەدایە. دەمەوێ بیر تەنیا لەو بکەمەوە. تەنیا لە گوڵەکە. وینەکە وەک خۆی رادەگوێزم بۆ پشت چاوەکانم. گوڵەکە لەوێیە، وەک خۆی. بەلام گوڵدانەکە و خۆڵەکەیم لە بیر نییە. هەوڵ دەدەم بیاندۆزمەوە. دۆزینەوەی خاک قورس نیە. زۆربەی خاکەکانی دونیا لە یەک دەچن. بە تایبەت خاکی باخچە. هەر هەمان. بەڵام رەنگی گوڵدانەکە بزرە. لە نێوان سپی و رەشدا ماوم. گوڵدانەکانی ژووری باوەگەورە هەموویان رەنگیان رەش بوو. دەیگوت: "رەش دایکی هەموو رەنگەکانە. کە ئەوت هەبوو، ئیتر خاوەنی هەموو رەنگەکانی تریشی." رەنگی رەشی گوڵدانەکانی باوەگەورە، رەنگەکانی خۆم لێ ون دەکا. جورئەتم نیە چاو هەڵبێنم. باوەگەورە تەنانەت بە ئافتاوەیەکی رەش ئاویشی دەدان. تەنیا ئافتاوەی رەش لە شاری ئێمە! ئەو ئافتاوەی کە بە هۆی رەشبوونیەوە، کونی لوولەکەی رەشتر دەینواند. وەڕەز و گرژ چاوەکانم هەڵدێنم. مۆمەکان کوژاونەتەوە. دەرەوە لە هۆدەکەی من تاریکترە. تەنیا شتێکم کە لە بیرە، بۆنی شەمعە. بۆنێکی جوڵێنەر کە هەم حەزت پێیە و هەم حەزیشت پێی نیە. بیر دەکەمەوە من لە نێوان دوو یەکی ژمارە یازدەدا دانیشتبووم!

بەیانیان و ئێواران، هەتاو وەک چۆلەکە پاسارییەک بە سەر بانەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوادا نزم نزم هەڵدەفڕێ. نیگای منیش نزم نزم لە گەڵی دەفڕێ و کە ئیتر لە پشت یەکێک لە بانەکان ئەو رۆژە کتوپڕ دەکەوێتە خوارەوە و بزر دەبێ، من دەست دەبەم و ئەو مۆمانە هەڵدەکەم کە بۆنی گوڵی رۆز لە ژوورەکەمدا بڵاو دەکەنەوە. حەزم بە خانوویەکە بە باڵکۆنێکەوە بەرەو هەموو شوێنێک. گەر بانیژەکەی ئێمە تەنیا رووەوە رۆژئاوا نەبووایە، بێگومان چارەنووسی من جۆرێکی تر دەبوو. چ دەبوو هەر بانیژەمان نەبووایە! چ دەبوو باوەگەورە لە جیاتی سازکردنی خانووە چوار ژوورە نوێیەکە، بانیژەکەی تێکدابایە!

دراوسێکان تەنیا لە سەر پلیکانەکان دەبینم. ئەو پیرێژن و پیرەپیاوانەی کە لە نیگایاندا من هەمیشە دەگەڕێمەوە بۆ رابردوو. من نازانم چەندەیان تەمەنە، بەڵام رقم لە جۆری پیر بوونەکەیانە. پێستیان ئەوەندە چرچە کە هەموو جارێک حەز دەکەم دەست ببەم و وەک ساڵانیان لێبکەمەوە. کردەیەک کە پێم وایە دەکرێ! من ساڵانی پێشووی ئەوانم نەبینیووە. رەنگە لەو کاتانەدا من هەر لە دایکیش نەبووبێتم، بەڵام دەستم دەتوانێ لە رێگای پێستی ئەوانەوە بگاتەوە ئەو ساڵانە. ئەو ساڵانەی وا

باوەگەورە هێشتا بیری لە یەکەم و دووا سەفەری نەکردبووەوە. روخسارەکان لای من ئەو وێنانەن کە دەکرێ بە پاککون پاک بکرێنەوە. پێم سەیرە ساڵەکان دەتوانن ئاوەها لە ناو پێست دا جێگا خۆش بکەن. زۆر سەرنجیان دەدەم. من قەت لەوێ زۆر سەیری پیرەکانم نەدەکرد. ئەسڵەن لەوێ زۆر بیرم لە پیری و لە تەمەن نەدەکردەوە. تەنانەت باوەگەورەیشم وەک پیر نەدەهاتە بەرچاو. ئەو باوەگەورە بوو، چونکە باوکی باوکم بوو. ئەم ناوە، تەنیا ناو بوو و بەس. ناوێک وەک هەموو ناوەکانی تر. بە بێ هیچ بارێکی مانایی. من لەوێ قەت نە سەیری چرچەکانی روخساری باوەگەورەم کردووەو نە بیریشم لێ کردوونەوتەوە. وێنەکە دەردێنم و لە ژێر تیشکی لەرزۆکی مۆمەکاندا سەیری دەکەمەوە. جوان لێی رادەمێنم. هیچ چرچێک نابینم. تیشکەکان بەهێزترن لە روخساری. ئەو تیشکانەی کە چاوەکانی ون ناکەن. مۆمەکان دەیلەرێننەوە. وەک وێنەی سەر ئاو. پەردەکان دادەدەمەوە و دەچمە ناو جێگاکەمەوە. گەرچی خەوم نایەت، بەڵام حەزم بە بیرکردنەوەی ناو جێگایە. بیرکردنەوەی نێوان خەون و بێداری. پێش ئەوەی خەو بمباتەوە، بریار دەدەم کە سبەی بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا بچم و گوڵ بکڕم.

من کە فێری سەنتەرە گەورەکان نیم، هەوڵ دەدەم خۆمیان لە گەڵ رابێنم. ئەوان بەشێکی گرنگی ژیانن لێرە. بە بێ هیچ پلان و خواستێکی تایبەت، هەموو شەممۆیانێک بە چەند سەعات خۆم لەوێ ون دەکەم. لە ناو ئەشیا رەنگاوڕەنگەکاندا. من هەموو شەممەیەک لەوێم، بە بێ ئەوەی شتێکی تایبەتیم گەرەک بێت. خووم پێگرتوون. کۆتایی هەفتە دێمەوە لایان. رەنگاوڕەنگی و جۆراوجۆریان لەززەتم پێ دەبەخشن. بە بێ ئەوەی بۆ خۆیشم بزانم، دووای ماوەیەک دەبینم ناو خانووەکەم پڕە لە ئەشیا وردە جۆربەجۆرەکان. سەر رەفە و تەلەفزیۆن و گۆشە و کەنارەکان پڕی ئەوانن. شەوانە کە گڵۆپەکان دەکوژێنمەوە، سێبەری گچکەیان دەبینم تێکەڵ بە یەک تا سبەی ئەوانیش وەک من دەنوون. بڕیاردەدەم چی تر لێیان نەکڕم. بەڵام شەممانە حەتمەن تەنیا خۆت نیت کە بۆ ماڵەوە دەگەڕێیتەوە. من کە رقم لەم عادەتەی خۆمە، لە سەر رێگای ماڵەوە شتەکان فڕێ دەدەم و بیر لە ئاسمان دەکەمەوە. شتەکان چەندە هێوریم پێ دەبەخشن، هەر بەو رادەیەش گرژ و بێ قەرارم دەکەن! بڕیار دەدەم تەنیا گوڵدانەکانم هەبێ و بەس. دووای ماوەیەک ئاکواریۆمێک بە دوو ماسی سوورەوە دەکڕم لە گەڵ باڵندەیەکی

خۆشخوان کە تەنیا دووای مانگێک لە ماڵەکەمدا دەکەوێتە خوێندن! مانگێکی تەواو بێدەنگ بوو. تەنیا ورد ورد لە دەورووبەری خۆی دەڕوانی و لەو پیاوەی کە نیگاکانی جۆرەیەک بوو. جاری وایە بە شەودا تەنیا گڵۆپی ناو ئاکواریۆمەکە ئیش دەکا و منیش لە سەر قەنەفەکە دادەنیشم و ورد ورد لە بێدەنگیی ژوورەکەدا سەیری خولدانەوەی پێ پایانی ماسییەکان لە تاقە زەرفی ژیانیاندا دەکەم. باوەگەورە نە قەت باسی ماسی بۆ کردووم و نە باسی باڵندە خۆشخوانەکان. رەنگە بە بێ ئەوەی بۆ خۆیشی بزانێ، ئەو شەوەی قەراخ چەمەکە، ئەوە ماسییەکان بوون کە لە گورگەکەیان پاراستووە. ئەو ماسییانەی ئەویان تا سبەی بردووەتە ژێر ئاوەکەوە و دووای وەخەبەرهاتنەوەی بۆ رۆژی دوواتر خستوویانەتەوە شوێنی خۆی. رەنگە ئەمە یەکێک لە رازەکانی ژیانی باوەگەورە بێت. تۆپی زەویم وەک ئەکواریۆی ماسییەکان دێتە بەرچاو. بەو جیاوازییەوە ماسییەکان قەت ماندوو نابن کەچی من ماندوو دەبم،... ماندوو بووم. من بە زۆر شوێندا تێپەڕیووم و هەستێکی ماندوویم تێدایە. ئەوان بەردەوام دەگەڕێن، بە بێ هیچ وەڕەزییەک! رقم لە خۆم دەبێتەوە. ئەسڵەن ماوەیەکە ئەم هەستی رقە لە مندا جوڵاوە. جاران وانەبووم. من هەموو کەس و هەموو شتێکم خۆش دەویست. هەر لە خۆمەوە بگرە تا ئەوانەی دەورووبەر و هەموو دونیا. ئەوەندەم هەموو شتێک خۆش دەویست کە سنوورەکان بۆ من مانایان نەمابوو. جاری وایە بە دەم سەمای نەرمی ماسییەکانەوە خەو دەمباتەوە. باوەگەورە بە سەر پشتی یەکێک لە ماسییەکانەوەیەو بە سەر پشتی ماسییەکەی ترەوە، بانیژەکەیە. لە خەو دادەچڵەکم. من قەرارە بۆ کوێی تر بچم؟

تۆپێکی زەوی دەکڕم و لە تەنیشت ئەکواریۆمەکە دایدەنێم. بە شەودا سێبەری ماسییەکان دەکەونە سەری. سێبەرەکان جاری وایە لە وڵاتەکان گەورەترن. لە زەوی ورد دەبمەوە. تەواوی ئەو شوێنانەی لێیان ژیاوم و لێیان بوومە، بە سنجاقێکی سەر خڕی سوور دەست نیشان دەکەم. تەنیا شوێنی بانیژەکە سنجاقەکەی بێ رەنگە. رەنگێک وەک ئاو. کتوپڕ تێدەگەم کە من یەکجار زۆریش نەگەڕاوم. مەوداکان یەکجار لە یەکتر دوور نین. دیاردەیەک پێچەوانەی چڕیی رووداوەکان و چڕیی هەستەکان. ئەمە هەم توڕەم دەکا و هەم هێورم دەکاتەوە. هەست دەکەم یان درۆیەکی گەورەم لە گەڵ کراوە یان خۆم درۆیەکی گەورەم لە گەڵ خۆم کردووە. مەودا نە زۆر لە یەک دوورەکانی نێوان سنجاقەکان لە خەستیی رووداوەکان کەم

دەکەنەوە. هەموو شتێک تراو دەبێتەوە. تراوی تراو. بەڵام ئەی ئازارەکان! شەرمێک دامدەگرێ. بیردەکەمەوە بۆ منێکی ئالوودەی شوێنێک و وێنەیەک، دەبێ سەفەر ئەوەندە هەر ئازاراوی بێت! ئەو ئازارانەی کە بۆ خۆم بەهێزترم کردن. ئەو شەوە لە دووای کڕینی تۆپی زەوی، بۆ یەکەم جار گڵۆپی ئەکواریۆمەکە دەکوژێنمەوە و لە تاریکی موتڵەق و رەهادا دەخەوم. نە بیر لە ماسی دەکەمەوە و نە گۆی زەوی و نە لە سێبەرەکان. شەو لە خەوما هەموو شوێنێکم لێ دەبێ بەو سێبەرە بزۆزانەی کە سەرتاسەری جەستەیان سنجاقە،... سنجاقە سوورەکان.

کتێبەکە بە دەستەوە دەگرم. هەوڵ دەدەم وشەکان بڵێمەوە. نازانم بۆ وشەکان تەنیا وەک خۆیان دەبینم و ناتوانم لە نێوان ئەوان و دەورووبەریاندا پێوەندێک سازبکەم. بۆ ئەوەی زمان فێربم، دەبێ وشەکان ئاماژەیەک بن بە شتێکی تر یان کردارێک. کەچی ئەوان تەنیا وەک خۆیانن. من هەموو کاتەکانم بەوە تێپەڕدەبێ کە سنوورەکانی ئەم "خۆ" یە بشکێنم و بچمە ناویەوە. چەند پیت و دەنگەکان لە لام سەیر دەنوێنن. تەنانەت کە خەڵکیش قسە دەکەن، من هەر بیر و زەینم لە سەر خودی وشەکانە. ماناکان بزرن. چەند کاس و وڕ دەنوێنم. باوەگەورە کە دەدوا، تەنها لە چەند رستەی کورتدا هەموو مەبەستەکانی خۆی دەنواند و دەگەیاند و، ئیتر ئەوی تری بۆ خۆت دەمایەوە. من ئیتر تەواوی کاتەکانی ترم بە بیرکردنەوە لەو چەند رستەیە تێپەڕدەکرد. من ئەوەندە بەو چەند رستە و چەندین وشەیەدا رۆدەچووم کە نەمدەتوانی بیر لە شتی دیکە بکەمەوە. من رقم لە مامۆستاکەمە کە ئەو هەمووە دەتوانێ بدوێ،... من رقم لە ئەو هاوکلاسیانەمە کە قسەیان لێ نابڕێت. من هەمیشە لە گۆشەیەک یان سوچێکدا دادەنیشم و بیر لە وشە تازەکان دەکەمەوە.

ساڵی بۆمبارانەکان کاتێک فڕۆکەکان دەهاتن و شاریان دەکرد بە ئاگر و بە خوێن و بە قیژە و هاواری خەڵکی، ئەوە تەنیا باوەگەورە بوو کە لە بەر پەنجەرەکە لە تەنیشت گوڵدانە رەشەکانی رووەو رۆژئاوا رادەوەستا و بە بێ هیچ سڵەمینەوەو راکردنێک، بە بێ هیچ هات و هاوار و درکاندنی وشەیەک، تەنیا رادەوەستا و دەیڕوانی. فڕۆکەکانیش بە حورمەتی ئەم بێدەنگییە بوو یان نیگاکانی ئەو قەت بۆ جارێکیش بێت ئەو گەڕەکەیان بوردمان نەکرد. چ رازێک بوو، نازانم.

ئەو رۆژەی بەرەو ئێرە سوار فڕۆکە بووم، هەوڵمدا خۆم بخەمە جێی فڕۆکەوانەکانی ئەو ساڵانە و لێرەوە لە چاوانی ئەوانەوە خوارەوە ببینم. ئەو رۆژە

بۆ یەکەمجار زانیم کە هیچ فڕۆکەوانێک بە جوانی نە تەنها کۆڵانەکەی ئێمەیان نەبینیووە، بەڵکوو نە پەنجەرەکەیان بینیووە و نە نیگاکانی باوەگەورە. ئەو کۆڵانە تەنیا بە "رێکەوت" بووە بەرنەکەوتووە. بە رێکەوت بووە باوەگەورە زانیوویەتی نامرێ و بە رێکەوتیش بووە کە من بۆ هەمیشە وشەکان وەک خۆیان دەبینم و نەک وەک هیچ شتێکی تر.

شەوانی ساماڵی زستان، کاتێ مانگی چواردە لە پشت دارستانەکەی بەر ماڵەکەمەوە بەرەبەرە دەردەکەوێ و دونیا دەکا بە ساردێکی رووناک، من ئەکواریۆمەکە هەڵدەگرم و دەیخەمە بەر پەنجەرەکە. ماسییەکان حەزیان بە مەلەی ناو ژوورێکی تاریکی بەر تیشکی رەنگ شینی مانگەشەوە. لە خۆشیانا سوورەکانیان زۆرتر و خێراتر دەکەن. سەیری گۆمەکەی بەر دەمی خانووەکەم دەکەم. سەرتاسەر بەستەڵەک و سەهۆڵ. ماسییەکانی ژێر بەستەڵەک. ماسییەکانی من حەزیان لەوێیە یان لێرە، نازانم. بۆ من فەرق ناکا. نە ئەمانەی من و نە ئەوانەی ئەوێ قەت لە سەر هیچ بانیژەیەک رانەوەستاون، تا لێیەوە لە ناو مژی دوورەدەستەکانەوە خەیاڵی گۆمەکان یان ئەکواریۆمەکانی تر بیانباتەوە. بڕیار دەدەم تا لێرە بژیم، بە کاتی هەموو مانگە شەوەکان ماسییەکانم بێنمە بەر پەنجەرەکە.

چاو دەگێڕم. حەزم بە شەقامە قەرەباڵغەکانە، بە چایخانەکانی بۆنی دووکەڵ و ئارەقەی لەش و چایی کولێوو. حەزم بە هەتاوێکی گەشە، وەها گەش و گەرم کە بۆنی خاک لە جەستەم بئاڵێنێ. لە پیاسەکانی ناو بەفردا لە سەر جادە دەست بۆ لکی ئەو درەختە تەزیوو و بەفراویانە دەبەم کە لە تەنیایی خۆیاندا دەستیان بۆ رێبواری سەر جادە درێژ کردووە، بۆ چاک و چۆنییەکی بە رێکەوت. منیش بە رێکەوت لەوێم. بە رێکەوتی فڕین و ونبوونی کۆترەکان لە ساڵانی ساڵ لەوە پێش. سەیری ناو دارستانەکە دەکەم. دڵیی سپی و بەفراوی و ساردی دارستان بانگم لێدەکا. بانگکردنێکی بێ سوود. لە مێژە بڕیارم داوە خانووەکەم دوواترین شوێنی دونیا بێت بۆ من. وەک باوەگەورە.

پێش ئەوەی زستان تەواو بێت، پێنج مرۆبەفرینە دروست دەکەم. یەکیان لە بەر ماڵەکەم و ئەوی تریان لە دووا وێستگەی رێگای پیاسەی رۆژانەم بەرەو ناو دارستان. ئەوەی بەر خانووکەم بە چاوە دروشتەکانەوە و دوواهەمینیشیان بەو چاوە وردانەیەوە کە دەکرێ لە هەموو شوێنێک بڕوانێ. چاوەڕوانی ئەوەم بەهار بێت بۆ

ئەوەی بزانم کامیان زووتر لەوانی تر دەتوێتەوە. هەموویان بە جەستە ئەوەندە رەق و توند و تۆڵن کە گومانێک دامدەگرێ. کە بەهار دێت هەموویان لە یەک رۆژدا دووا چۆڕی جەستەیان لە ناو زەویدا ون دەبێ،... لە ئێوارەیەکی رەنگاڵەئاسادا. هەموو ساڵێک من ئەو پێنج مرۆبەفرینەیە چێدەکەم و تا زستان تەواو دەبێ، هەموو رۆژێک بە دەم پیاسەوە سەردانیان دەکەم. دراوسێکانیش، تەنانەت خەڵکی گەڕەکیش فێربوون سەردانیان دەکەن. شاخەگوڵەکان، دانەوێڵە بۆ باڵندەکان و کڵاوە زستانییەکان ئەو دیارییانەن کە ناوبەناو سیمایان دەگۆڕن. دووای سالانی ساڵ دەزانم کە دراوسێکانیش وەک من ناویان لێنابوون. ئەو ناوانەی کە لە ناوەکانی منیان نەدەکرد. تەواو جیاواز. بە ریز لە بەر دەرگای ماڵەوە هەتا ئەوێ تا ناو دارستان: بەتەما، بەڕێگاوە، ترازاو، ون، بە تەما! دوودانە لە جیاتی ئەوەی وەک ئەوانی تر روخساری رووەوە درێژەی رێگا بێت، رووەوە ماڵەوە بوو! دراوسێکان دڵنیا لەوەی من تازە هی ئەو ئاپارتمانەم، ئیستا بە روخسارێکی یەکجار گەشترەوە هەموو رۆژێک بە سەر سڵاویان لێدەکردم. بوونێک وەک خۆیان.

کتێبخانەی گەڕەک دەدۆزمەوە و هەوڵ دەدەم پیش پیاسەی ناو مرۆبەفرینەکان، هەموو رۆژێک چەند سەعاتێک لەوێ بەسەربکەم. رێگای کتێبخانە، رێگای پێچەوانەی مرۆبەفرینەکانە. ئەو کونجەی من لێی دادەنیشم، زۆر لە کونجی کتێبخانەکەی سالانی ساڵ لەوە پێش دەکا. مێزێکی پەمەیی دار لە گەڵ کورسییەکی رەش. بەرپرسی کتێبخانەکە پێی وایە کە ئەمە جوانترین شێوەی ئاوێتەکردنی رەنگەکانە.

## بەهاری ڕەنگە پەمەییەکان

جۆری ئاوێتەبوونی ڕەنگەکان لە گەڵ یەکتر، ئەوەندە سەرنجی من ڕادەکێشن، کە من بۆ چەند ساتێک لە بیرم دەچێتەوە لە چ ساڵانێکدا دەژیم. چۆمەکان، گەڵاکان، ئاسمان و شاخەکان وەک هەمیشە ئارام و بێدەنگ لەوێدان،... لە بەر نیگاکانی مندا. من نازانم نیگاکانی من بەوانەوە مانا پەیدا دەکەن، یاخود ئەوانن کە بە نیگاکانی منەوە مانا وەردەگرن. بەخیلیم پێیان دێتەوە. ئەوان نە بریندار دەبن، نە دەکوژرێن و نە خەمگین دەبن وەک من،... وەک هەموو خەڵکی شار. من کە دەمەوێ بۆ چەند ساتێک لە ڕووداوەکانی دەوروبەرم قوتار بم ڕوودەکەمە ئەوان،... چاویان تێدەبڕم و هەوڵ دەدەم لە دیمەنیاندا ون ببم،... ون ون. جاری وایە دیمەنێکی گەورە و بەربڵاو و جاری وایە تەنیا خاڵێک، خاڵێک بە قەدەر تۆڵاشی لەشی درەختێک یاخود بە قەد باڵای چەکەرەیەک. ڕقم لە بۆمبەکان و تەقەی تفەنگەکان و ئەو نوورئەفکەنانەیە کە بە شەو بەشێکی تاریکی ئاسمانی شار دەخۆن و قووت دەدەن. خۆم بە سەیارەکاندا هەڵدەواسم و کاتێک دەگەنە مەقسەد، پێش ئەوەی ڕاوەستن خۆم فڕێ دەدەمە خوارەوە و ڕوو لەو گوندانە دەکەم کە خەڵکی شار لەوێن. باوەگەورە وەک ساڵانی داهاتوو لەوێ لە شار ماوەتەوە. بۆ خۆی دەڵێ لە بەر کۆترەکان ماوەتەوە، بەڵام ئێمە هەمووومان دەزانین ئەمە تەنیا بیانووە و بەس. ئەو لە بەر شتی

تر ماوەتەوە. ئەو بە بێ ئەوەی بترسێ، جاری وایە دەچێتە سەر بانیژەکە یاخود بەر پەنجەرەکەی و لەوێوە لە سەربازخانەکە دەڕوانێ. لەوێندەر رادەوستێ و تا خۆر دادەچێ و رۆژئاوای پشتی پادگانەکە لە رەنگی خوێناویی ئێوارەدا نوقم دەبێ، سەیری دوور دوور دەکا. من هەمیشە چاوەروانی ئەوە بووم کە رۆژێک سەربازخانەکە بیبینێ و بە هەناردنی تۆپ یان هاوەنێک بۆ هەمیشە باوەگەورە لە پیاسەکانی ناو خانووەکەی بخەن، بەڵام نەک تەنیا ئەمە رووی نەدا، بەڵکوو تەنانەت کاتەکانی راوەستانی باوەگەورە زیادیشیان کرد. من دڵنیام لەوەی کە لەوێ لە سەربازخانەکەوە ئەوان چاویان لەو پیاوەی بووە کە هەموو رۆژێ لە عەسرەوە لە سەر بانیژە و بەر پەنجەرەیەک رادەوستا و سەیری ئەوانی دەکرد. رەنگە چەند جاریش فرمانی تەقەکردنیان پێدرابێ، بەڵام هەموو جارێک دەستیان گێڕاوەتەوە. رەنگە سەربازەکان سەرسام بووبێتن بە تەنیا نیگایەک کە لە شارەوە بەرەو ئەوان بەرێ دەکرا، بە بێ ئەوەی دوژمنانە بێت. رەنگە ئەوانیش نیگا گوماناوی و پڕ لە پرسیارەکانی باوەگەورەیان بۆ رازێکی گەورە بووبێت. تەنیا نیگای پڕ لە فەلسەفەی شار.

جاری وایشە رقم لە دەنگی تەقینەوەکان نیە. خۆشیشم ناوێن. ئەوان تەنیا لەوێن، وەک هەموو شتەکانی دیکەی دەورووبەر. هەست دەکەم ئیتر دەبێ بە بوونیان رابێم. ساڵە هێمنەکانی رابردوو تێپەڕیبوون. ئەم گوندە رێک لە سەر رێگای ئەو گوندە کە لە یەکەم سەفەری ژیانمدا رووم تێکرد. هەرچی دەکەم حاڵ و هەوای ئەو ساڵانەم لە دەروونندا بۆ زیندوو نابێتەوە. دونیا زۆر سەیر گۆڕاوە. جاری وایە خۆم لە گوندیش دەدزمەوەو دەچم لە ژێر ئەو پردەیدا خۆم دەشارمەوە کە بە منداڵی لە گۆمەکەی لاسەروویەوە مەلەمان دەکرد. دەنگی ئاو تەنیا شتێکە زۆر لە ئیستا، لە رابردوو و لە داهاتوویش دەکا. باوەگەورە زۆر لە ئاو دەکا. چۆمەکەم وەک جەستەی باوەگەورە دێتە بەرچاو. جەستەیەکی درێژ کە پاڵ کەوتووەو دەخرۆشێ. ئەو جەستەیەی قەت بەردم تێنەگرتووە.

بێتاقەتی و دڵتەنگییەکی سەیر رووی تێکردووم. من پێویستم بەوە! لە رۆژی کۆڵانەکەوە من ئیتر لە گەڵ ئەوم. لادەکەمەوە و سەیری گوندەکە دەکەم. لێم دیار نیە، بەڵام دڵنیا لەوەی ئەو لەوێیە، ئەژنۆکانم لە باوەش دەگرم. جاری وایە بێهوودەیی بەو ئاکامەم دەگەیەنێ کە ئەم ئەشقە هاتووە بەس بۆ ئەوەی من ئەم

ساڵانەی پێ تێپەڕکەم،... سالەکانی تەقینەوە و تەرمەکان. باڵانسەیەک. رۆمانسیەت لە ناو ناتوراليسم! دڵێکی پڕ لە خوێن و گەش لە ناو جەستەیەکی رزیو و لەبەریەک هەڵوەشاوەدا! جاری وایە نە ئاگام لە دەنگی کۆپتەرەکانە و نە دەنگی تەقەکان، تەنیا ئەو خەڵکانەی دەبینم هەڵدێن. منیش جاری وایە هەڵدێم، خۆم بە عەرزدا دەدەم و دەست بە سەرمەوە دەگرم. قیژەکان رامناچڵەکێنن. لە بیرم چووەتەوە ئەم هەرایە بۆچییە. هەموو لای من وەک یەک وان. نە قارەمان ماوە و نە ترسنۆک. تەنیا دوو بەرە: مردووەکان و زیندووەکان. من جاری وایە لە گەڵ مردووەکانم و جاری وایە لە گەڵ زیندووەکان. لە گەڵ مردووەکان دەمرم و لە گەڵ زیندووەکان هەڵدێم و خۆم حەشار دەدەم و دەگریم. ئیتر جەستەی بێ سەرم لا سەیر نیە. ئەم رۆژانە زۆر بێتاقەتیی باوەگەورە دەکەم. لە شار کە شەوم لێ دێت لە ماڵ دێمە دەر و بە ئەسپایی و ئارام و لە سەرەخۆ و ورد بە کۆڵانە تاریکەکاندا تێدەپەڕم و دەچم سەردانی باوەگەورە دەکەم. نە تەنیا بانیژە و پەنجەرەکە، بەڵکوو هەمو خانووەکە ئەوەندە جوان لە سەربازخانەکەوە دیارە، کە من یەکجار دەترسێم! بەو شەوە تاریکە سەر دادەنەوێنم و دەچمە ژوور. لەو تاریکییەدا بزەی باوەگەورە دەبینم. دڵنیام لەوەی کە بە من نیە کە پێدەکەنێ!

لە ژووری پشتەوە، لە بەر ئەو چرا فانۆسە کزەیدا کە دەئایسێ و ژوورەکە دەکا بە ژوورێکی ئەفسانەیی، من حەز دەکەم لە گەڵ باوەگەورە بدوێم،... بدوێم سەبارەت بە بێ ئۆقرەییەکانم،... سەبارەت بە دڵم کە وەک چۆمەکە دەڕوا و کەچی هەمیشە هەر لەوێیە! دەزانم دەزانێ قسەم پێیە، کەچی هیچ ناڵێ. منیش باسی چۆمەکەی بۆ دەکەم. باسی ئەوەی باش نیە بە شەودا هەڵکردنی ئەو چرافانۆسە، ئەوەی کە من جاری وایە لە سورعەتی زۆریشدا لە سەیارەکان خۆم فڕێ دەدەمە خوارەوە، باسی ئەو پیرێژنەی کە دەیگووت خراپترین شەڕ شەڕی دژی حکوومەتە، باسی بۆنی گووی ژێر پردەکە و باسی ئەو گەنجەی کە دەیگووت سەرکەوتن نزیکە و جوانترین دونیا چێ دەکەین. باوەگەورە چاییەکی دامێ و گوتی قەت لە تەمەنمدا بڕوام نەدەکرد ساڵانێکی لەم چەشنە ببینم! من سەیری چرچ و لۆچەکانی روخساری کە ئیستاکە لە بەر تیشکی کزی فانۆسەکەدا قوڵتر دەنوێنن، دەکەم و دەڵێم بێ تاقەتی فڕاندنی کۆترەکانم، خۆزگە بە شەوەیشدا کرابا! ئەوسا دڵم دێتە ژان. وەها کە باوەگەورە هەڵدەستێ و دەچێ پیاڵەیەک ریقنە دەهێنێ بۆ ئەوەی من بۆنی پێوە

بکەم. منیش بۆنی پێوە دەکەم و دڵ ئێشەکەم بزردەبێ. حەز دەکەم وەک جاران باسی جارانم بۆ بکا، بەڵام باوەگەورە لەوەتەی شار چۆڵ بووە، هیچ ناگێڕێتەوە. لەبەر ئەوەی نەکا لە بیری بچێتەوە ئیستاکە شار چۆڵە. من کە ڕووداوەکان ئەم ڕۆژانە چیرۆکە گەورەکەی دڵم پی فەرامۆش ناکەن، لە هەر کاتێکی دی زیاتر پیویستیم بە چیرۆکەکانی باوەگەورەیە. ڕووی تێدەکەم و دەڵێم ئیزنم دەدەی سەردانێکی هێلانەی کۆترەکان بکەم؟ بێدەنگی. مانای ئەوەیە کە نا. ناچم. ژوورەکە دووای ماوەیەک وەها پڕدەبێ لە بۆنی ریقنە کە من ئیتر تاسە و بیری هێلانەکەی پشت بانیژەکە ناکەم. بیرم دەکەوێتەوە کە دەستە گوڵێکی ڕەنگاوڕەنگم لە دەشت و دەری دەورووبەری گوندەکانەوە بۆ باوەگەورە بە دیاری هێناوە. دەری دێنم و لەبەر دەمیدا دایدەنێم. لە بەر تیشکی کزی چراکەدا ڕەنگەکان خۆ بە دەستەوە نادەن. بەڵام ئەو دەیانبینێ. بزەیەک دەیگرێ. من خۆشحاڵ لەم ڕووداوە دەڵێم کە دونیای دەرەوە زۆر جوان بووە، ئەوەندە جوان کە دەڵێی قەت ئەو سەربازخانەیە لەوێدا نەبووە. ئەو، چەپکە گوڵەکە هەڵدەگرێ و بۆنی پێوە دەکا. ژوورەکە دەبێ بە بۆنی ریقنە و گوڵ. باوەگەورە کەمێک ئاو دەکاتە لیوانێکی گەورە ی شووشەییەوە و گوڵەکانی تێدەهاوێ. دەرەوە ئەوەندە تاریکە کە من دڵنیام لەوەی ئیستا پادگان جوان تیشکی فانووسەکە ئەگەرچی لە ژوورەکەی پشتەوەدایە، دەبینێ. سەربازەکان بێگومان ئیستا باسی باوەگەورە دەکەن. باسی ئەو پیاوەی کە نایەوێ باوەڕ بەوە بێنێ لە دەورانێکی پر لە شەڕ و شۆڕدا دەژی. ئەو شتەی ڕەنگە ئەوانیش سەربازەکان پێویستیان پێی بێ. باوەگەورە ئەو شەوە زۆر لە چاوەکانم دەڕوانێ. من جارت وایە نیگاکانم دەدزمەوە و هەوڵ دەدەم بیر لە حەوشە تاریکەکەی پشت پەنجەرەکەی پشت باوەگەورە بکەمەوە. بە منداڵی بە شەودا زۆر رقم لەم پەنجێرانە بوو. لە گەڵ خوشکەکانم نەبا، نەمدەوێرا لە بەریاندا دانیشم و سەیری دەرەوە بکەم. ئیستا رقم لێیان نیە، بەڵام خۆشیشم ناوێن. دڵتەنگم دەکەن. پەنجەرەکان بیری دەرەوەم دەخەنەوە. بەوانە کە دەزانم دەرەوە لەوێ هەر ماوە. حەز دەکەم قەت ڕۆژ نەبێتەوە. گەر دونیا هەر ئاوا تاریک بێت، چەکدارەکانی ناو کۆڵانەکان و ناو سەربازخانەکە ئەوەندە یەکتر نابینن کە دووای ماوەیەک یەکتر لە بیر دەکەن و ئیتر هەموو شتێک تەواو دەبێ. بە چاوێکی پڕ لە نیازەوە سەیری تاریکایی دەکەم. حەز دەکەم ئەویش

وەک باوەگەورە لە چاوەکانم بڕوانێ. من ئەوەتەی هەم بە چاوەکانم زیاتر دوواوم. لەم زمانە باش دەزانم.
من ئەوەندە مەستی بەهاری ئەو ساڵەم کە نازانم چەند ساڵ دوواتر، ئا تەنیا چەند ساڵ دوواتر دەکرێ هەموو شتێ بۆ هەمیشە کۆتایی بێت. لە ئێستاوە، مەودای تا چەند ساڵی تر بۆ من یەکجار درێژە و چەند ساڵ دوواتریش کە ئاوڕدەدەمەوەو سەیری رابردوو دەکەمەوە، دەبینم ساڵەکان یەکجار کورت بوون، ئەوەندە کورت کە هەموو شتێک دەبێ بە چرکەیەک و دایکم لە رۆژێکی هاوینی دا پێم دەڵێ حەوشەکەمان ئێستایش هەر بۆنی ریقنە و فڕین دەدا.
نەنکم کە قەت ساڵانی شەڕەکانی لە بیر نەدەچووەوە، دەیگووت شەڕ خەتای بزربوونی جنۆکەکانە. دەیگووت تا جنۆکەکان مابوون، خەڵک سەری یەکتریان نەدەپڕژا، هەر کە بە هاتنی کارەبا و تەلەفزیۆن و رادیۆ جنۆکەکان لە ژێرخانەکان تاران و روویان لە دەشت و دەر کرد، ئیتر دراوسێ دەستی نایە بینی دراوسێ. ئەو دەیگووت جنۆکەکان بێننەوە، ئیدی شەڕ بۆ هەمیشە سەری خۆی هەڵدەگرێ و ون دەبێ. من زۆر جار حەز دەکەم لە گەشتەکانی دەورووبەری گوندەکان تووشی جنۆکەکان بم. گەر تووشیان بم، باسی نەنکمیان بۆ دەکەم. باسی ئەوەی باوەگەورە بە تەنیا لە شارەو و بیرکردنەوەکانی ناهێڵن لە فیشەکەکان بترسێ. زۆر جار کاتێک لە ژێر پردەکە لە تەنیشت چۆمەکەدا دادەنیشم، پێم وایە گوێم لە دەنگێکە. سەرەتا زۆر خێرا لام دەکردەوە، بەلام ئێستا لا ناکەمەوە. دەرفەتی دەدەمێ بۆ خۆی بێتە پێش. جاری وایە دەنگەکە رێک ئەوپەڕی مەترێک لە پشتی منەوەیە. کەچی نایەت دانیشێ. ئەو تەنیا لەوێ رادەوەستێ و سەیری مرۆڤێکی پشت کوڕ دەکا کە پێی وایە جیهان بۆیە دروست کراوە چونکە خودا شوێنێکی بۆ باران دەویست. رەنگە ئەو جنۆکەیەی بێت کە ماوەیەک دراوسێمان بوو و لە تەویلەکانی ئەواندا دەژیا. ئەو جنۆکەیەی لە گەڵ پیرێژنی دراوسێکەمان مانگاکانی دەدۆشی و تا بەیانی چیرۆکی بۆ دەگێڕانەوە. کوڕی ئەو دراوسێیەمان هەموو چیرۆکەکانی لە بەربوو و ئەویش بە شەودا کاتێک منداڵانی گەڕەک بە دەوری یەکەوە کۆدەبووینەوە، بۆی دەگێڕاینەوە. من ئەو ساڵانە نەمدەزانی ئەم چیرۆکانە هی جنۆکەکان بوون، کاتێک ئەمەم زانی کە ئیت جنۆکەکان لە مێژ بوو گواستبوویانەوە.

حەز دەکەم ئەم جنۆکە شەرمنە سەرئەنجام لام دابنیشێ و چیرۆکم بۆ بگێڕێتەوە. دەزانم لە مێژە، لەوەتەی لە شار نەماون، گوێگرێکی نەبووە. رەنگە باسی منیش بۆ خۆم بگێڕێتەوە. ئەوەی کە من چیم لێ بەسەر دێت. حەز دەکەم لێی بپرسم کە داخۆ قەت لە ژێرخانی ژێر بانیژەکەی ئێمە ژیاوە؟ یاخود قەت جنۆکەی تری لەوێ دیتووە؟ جاوەڕوونییەکانم بێهوودەن. وادیارە من دەبێ بۆ خۆم چیرۆکی ژیانی داهاتووم بۆ خۆم بگێڕمەوە. دڵنیا لەوەی کە من دەبێ تا ئەبەد بەخیلی بە کوڕە دراوسێکەمان ببەم، هەڵدەستم و بۆ هەمیشە ژێر پردەکە جێدێڵم. لەمە بەولا روو لە کانیاوێک دەکەم کە بە سەر گۆمەکەدا دەڕوانێ.

لێرە لە تەنیشت ئەم کانیەدا رەحەتترم. لەو دەچم تا چۆمەکە. ئاوێکی کەم کە دەکرێ هەر ساتێک دووا ساتی بێت. پاڵ دەکەوم و بیر لە کانیی هەبوونی خۆم دەکەمەوە. ئەو ئاوە کەمەی کە وەک چۆم هەڵس و کەوت دەکا. دایکم کە بێتاقەتی رووی تێدەکرد، حەزی دەکرد بچێ لە کانی ئاو بێنێ. گۆزەیەکی بچووکی دەدا بە شانیدا و بە کۆڵانە هەورازەکەدا سەردەکەوت و دووای ئەوەی بە پەرداخێک گۆزەکەی پڕی ئاو دەکرد، دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە. دوواتر گۆزە ئاوەکەی لە ژێرخانی ژێر بانیژەکەدا دادەنا و جارجارە بە ئاوەکەی تینوویەتیی منداڵەکانی دەشکاند. دایکم دەیگووت ئەم ئاوە نە تەنیا بۆنی ئاسن نادا، بەڵکوو سووکتریشە. دەیگووت ئاوی کانی لێی نەخۆیتەوە، وشک دەبێت. من ئەوەندە ئاشقم کە کاتێک توونیشم دەبێت تاقەتم نیە لە ئاوی کانییەکەی تەنیشتم بخۆمەوە. جەستەیەکی تینوو کە بەهاری ئەو ساڵەی لێ بوو بە ئەزەلی ترین بەهاری دونیا.

لە یەکێک لە گەڕانەوەکانمدام بەرەو شار. ئەمجارە نە لە دوواوە بەڵکوو لە ناو سەیارەکەدا. لە نزیک شاری چۆڵ، شۆفیرەکە دەست دەکا بە خوێندنی ئایەتەلکورسی و بە دەوری خۆیدا سێ جار فوو دەکا. ئەم کارە دوو جاری تر دووپات دەکاتەوە. من کە لە تەنیشتیەوەم بە فووەکانی روخسارم فێنک دەبێتەوە. من رقم لەم کارەی شۆفیرەکەیە. گەر ئەو بە چیرۆکی جنۆکەکان بزانێ، بێگومان فوویان لێ ناکا. من چەند جار بە بێ هیچ هۆیەک هەناسەی قوڵ هەڵدەکیشم. شۆفیرەکە بە مۆڕەیەکەوە سەیرم دەکا. شار کە لە ژێر تۆزی هەتاوی ئێوارەدا راکشاوە، ئەمڕۆ زیاتر لە جاران غەریب دێتە بەرچاوم. ئاوێنەکەی بەردەمم ئەوەندە

ئاوێنەیە کە من پێم سەیرە دەرەوە جۆرێکی ترە. یەکێک لەوانەی لە دوواوە دانیشتووە، بە دەنگێکی خەمین دەڵێ قەت بڕوام نەدەکرد دونیا ئەوەندە سەیر بێت!
باوەگەورەم بۆیە خۆش دەوێت، چونکە هەم دەیتوانێ لە گەڵ خەڵک بژیت، هەم بە تەنیایی، هەم لە گەڵ جنۆکەکان و هەم لە گەڵ سەربازخانەکە. بۆ خۆی دەیگووت هەر شتێک لەم دونیایەدا حیکمەتێک لە هەبوونیدا هەیە. کە حیکمەتەکەیت پەیدا کرد، ئیتر دەتوانی لە گەڵی رابێی و لە تەکیا بژیت! قسەیەک کە راست نیە، بەڵام وایە! ئەوساڵەی لە چۆمەکە پەڕینەوە، دەیگووت: "ئەگەرچی جێ هەنگاوەکانی ئێمە بە سەر ئەم ئاوەوە نەماون، بەڵام کەس ناتوانێ بڵێ کە ئێمە رۆژێک لە رۆژان لێرەوە تێنەپەڕیوین." ئیستا دەزانم بۆ، چونکە ئاو بۆ هەمیشە بۆنی جێ هەنگاوەکان لە خۆیدا رادەگرێ.
دایکم ئەو ساڵە یەکەم کەس بوو سەرەڕای قەرەباڵغیی دەورووبەری و شپرزەیی ژیان لەو دۆخەدا بە دڵی کەیلی منی زانی. بەڵام بۆ جارێکیش بێت لەم بارەیەوە قسەی لە گەڵ نەکردم. تەنیا ئەوەندەی نەبێ کە زیاتر لە هەر کاتێکی تر سەرنجی دەدامێ، ئاگای لێم بوو و لەگەڵم دەدوا. کە ئێوارە دەهات و مەترسیی هاویشتنی تۆپ و خومپارە و هاتنی کۆپتەرەکان کەم دەبووەوە، دەچوو لە حەوشەکەمان چەپکێک گوڵی زەردی بۆم دەچنی و بە شەودا لە پشت سەرم لە ناو گوڵدانێکی شووشەییدا دایدەنا. گوڵدانەکە بە پێچەوانەی گوڵدانەکانی باوەگەورە روونێکی رەنگ ئاوئاسا بوو.

**گەرانەوەی سێ**

رووونەکان ماوەیەکە لە گوند زۆر سەرنجم رادەکێشن. زیاتر لە جاران. ئەوەندە زیاتر کە چیدی سەرنجیان نادەم! ئەوان لەوێن، وەک بەشێک لە من و لە "بوون". بۆیە نیگام رادەگوێزم بۆ بەشەکانی تر. پێکەنینم بەو کەرانەی دێت کە تەنیا کاریان ئەوەیە لە گەڵ ئێمە بچن بۆ مەزرا، لەوێ بیانبەستنەوەو هەتا ئێوارە بلەوەڕێن. ئەوان تەنیا لە کاتی گزرە کێشاندا جۆرێکی تر بوون. بوونەوەرێکی پڕ جووڵەی ناو دڵی شەو،... تا بەیانی. تۆزی گزرە وەها لە هەموو شتێک دەنیشێ کە تا چەند رۆژ دووای ئەوەش رێگاکان بەرنادا. من کە حەزم بەم بۆنە نیە، لەم کاتانەدا دەچوومە قوڵایی دۆڵی لاپاڵەکان و لەوێ ژیانی خۆم وەک رێگا گزراوییەکان دەهاتە بەرچاو. بۆنێک کە دەشیا قەت ون نەبێ. هەر لەم کاتانەدا بوو پرسیارێ لە مێشکمدا چەکەرەی کرد: "تاکەی لێرە لەم دەشت و دەرە؟" جەستەم ئاوساوی ئەزموون و رووداوەکانی گوند بوو. کۆڵەبارێکی قورس کە دەبا لە شوێنێک بیخەمەوە سەر زەوی. بەڵام بەرەو کوێ؟ لە کوێ؟ باوەگەورە جارێکیان لە دەمی دەرپەڕیبوو و

گوتبووی ئەم بانیژەیە فڕێت دەدا و کەچی دەشتهێنێتەوە! من لەم کاتانەدا بیر لە کۆترەکان دەکەمەوە، ئەوانەی وا قەت نەگەڕانەوە. بەلام هیچ بە باوەگەورە ناڵێم.
ئەو رۆژەی چووم بۆ شار، هاوڕێکانم کە منیان بینی سەرەتا عەبەسان و ئەوسا پێکەنینێکی سەیر دایگرتن. من کە بەمە سەرم سووڕمابوو، راوەستام تا پێکەنینەکانیان کۆتایی پێ بێت. ئەوسا یەکیان دەستی خستە سەر شانم و گووتی: "چاوەکانت وەک کونە دەرزییان لێهاتووەو گوێچکەکانیشت وەک کەلانە!" من کەمێک رامام و ئەوسا گوتم: "گوناحی رادیۆیە!" هەر لەم سەفەرە کورتەدا بوو کە دووای چەندین مانگ بە چەند کتێبێکەوە بۆ گوند گەڕامەوە. من پێش ئەوەی بجوڵێم، دەبێ چاو و گوێچکەکانم وەک جارانیان لێ بێتەوە! شێتانە دەخوێنمەوە،... چەندین و چەندین جار کۆڵانە روون و تاریکەکانی نێو کتێبەکان دەپێومەوە. هەموو شتێکم لەبەرە. وەها کە ئەمجارە گوند و ئاسمان و دەشت و دەرەکەی دەبن بە وشەکان. تەنانەت قەبرستانەکەیش. ئەمجار ئاسمان دەبێ بە ئاسمان، دەشت بە دەشت، گوند بە گوند و قەبرستانیش بە قەبرستان. من سەرئەنجام وشەکان جارێکی تر دەدۆزمەوە. ئیستا ئیتر شەوانە لە سەر بانەکە تەنیا گوێ لە رادیۆ ناگرم، بەڵکوو حەزیشم بە ئاخافتنە،... بە قسەکردن. دەمیشم دەبێ وەک خۆی لێ بێتەوە! من کە بە منداڵی یەکجار زۆربلێ بووم، لەم دوو ساڵەی دوواتردا تەواو بێدەنگم لێ دەرچووبوو. ئیستا دەزانم. هێشتا زوو بوو بۆ وەها دۆخێک. سەرەتا وشەکان جوان خۆیان بە دەستەوە نادەن. لە سەر زمانم دەخزێن و هەڵناستنەوە. زمانم ئەوەندە دەگێڕم و پێچ و لوولی پێدەدەم هەتا هەڵدەستنەوە سەر پێ. هەستی متمانە بە خۆیەکی سەیر هەموو جەستەم دەگرێتە خۆی. هەست دەکەم باڵام لە جاران کشاوەترە و سینگم رێکتر و چاوەکانم تیژترن. من ئامادەی دەست پێکردنی دۆخێکی ترم. دۆخێک وەک ئاوە چۆمێک لە سەر بەستێنێکی لێژ و کوڕ لە پێچێکی توندا.
ئەو رۆژەی لە گەڵ باوەگەورە هاتین بۆ ئێرە، کاتێک لە مینی بووسەکە دابەزین، رووی تێکردم و گووتی: "ئەم گوندە حەزی بە بیرەوەری نیە!" من کە لە بیرەوەرییەکان نەدەترسام، بیرم لە هەفدەهەمین بەهاری تەمەنم کردەوە. ئەوسا بۆنی ئەو هەڵزانەم هەلمژی لە شوێنێکەوە "با" لە گەڵ خۆی دەیهێنان. رەنگە لە قەراخ چۆمەکەوە.

لە یەکێک لە شەوەپاییزییەکاندا کاتێک نیوەشەو هێشتا لە سەر بانی بووم، کتوپڕ بایەکی سارد سارد هەڵیکرد. ئەوجا ئەو هەورانەی تەنیا سەر شاخ و تەپۆڵکەکانیان داپۆشی، وەدەرکەوتن. من جەستەم کۆکردەوە. کەمێک کورتر. ئەوسا خاڵێکی سپی لە دوورەوە سەرنجی راکێشام. خاڵێک وەک جەستەیەک کە لە دۆڵەکەی پشت باغەکەوە پەیدا بوو. دڵم نەدایە. بەڵام نەدەکرا! بینیم بەرەبەرە لە گوند نزیک کەوتەوە. سەرەتا بەرەو کۆڵانی مزگەوتەکە، ئەوسا بەرەو دیوی پشتەوەی گوند و لە کۆتاییدا بەرەو خانووەکەی ماڵە ئاغا. من کە لە مزگەوتەکەوە بە شوێنییەوە بووم، لە بەر ماڵە ئاغا خۆم لێ ئاشکرا کرد. وتی دەزانم بە شوێنمەوەی. وتم کێیت؟ وتی تەنیا تۆ لەم گوندەدا نازانی! بیرم کەوتەوە کە ئەمشەو کۆڵانەکانی گوند یەکجار چۆڵ بوون. وتی هەموو ساڵێک ئەم دەمانە ئەوان هەموو دەچنە ژوورەوە، کەس بە دەرەوە نامێنێ. وتی ئەمشەو گوند تەنیا هی منە. وتم دەکرێ تەنیا بوونەوەری ناو کۆڵانەکان بیت و بڵێی گوند هی منە؟ سەیری کردم. وتی چەندەیە لێرە دەژی؟ من ئاماژەم بە رادیۆکەم کرد و گوتم بە قەدەر هەواڵەکان! وتم مزگەوت قەیناکا، تەنانەت کۆڵانەکانیش، من لەمە دەگەم، بەڵام ماڵە ئاغا بۆ؟ بۆ ئێرە؟ وتی بوونەوەری وەک من حەزی بە کەلاوەکانە، بە تایبەتی کە کەلاوەکان سەردەمانێک قەسرێک بووبێتن! من کە دەمزانی لە کوێوە دێت، لێم پرسی دوواتر بەرەو کوێ دەڕۆیت، بەرەو کوێ دەگەڕێیتەوە. دەستی بەرەو گۆڕستانەکە راداشت و وتی بەرەو ئەوێ. من لام نەکردەوە تا بزانم ئاماژە بە کوێ دەکا. من دەمزانی. پەنجەکانی لە کێلە قەبر دەچوون. لەو کێلە قەبرانەی کە لە بوردوومانی شاردا رادەیان لە دارستانی ناو گۆڕستانەکە زیاتریان کرد. من وتم رقم لە پەنجەکانتە. سەیرێکی کردن و وتی تا ئێستا خەڵکی ئاوایی نەیانوێراوە شتی وا بە من بڵێین و لای من بیدرکێنن. وتم من نازانم چەند ساڵ لەمەوبەر ئەم تەلارە ئاوەدان بووە، بەلام هەموو بەیانییەک زوو کاتێک بەوێدا تێدەپەڕین، ناتوانم سەیری نەکەم. شتێک لێرەوە بانگم لێدەکا،... هەموو رۆژێک. وتی هەر لەبەر ئەمەیە تا ئێستا کەس نەیوێراوە ئێرە ئاوەدان بکاتەوە. وتم مەگەر قەرارە تا کەی ئێرە کەلاوە بێت. وتی دوو رێگای هەیە یان ئەوەتا دەبێ زەمانێک بێت شار ئەوەندە گەورە بێتەوە گوندی پێوە بلکێت، یان قەبرستان ئەوەندە گەورە بێت کە بە گوندەوە بلکێت. کە رۆیشت و لە باغەکەوە تێپەڕی، من بیرم لەوە کردەوە کە رۆژێک بە بێ ئیزنی خزمان دەبێ

بێم و بە دزییەوە سەردانێکی ناو ئەم کەلاوە ـ تەلارە بکەم. ئارەزوویەک کە قەت نەهاتە دی.
لە گوند شێتێکی تیایە هەمیشە پێدەکەنێ. کە لە بەر کۆلانی مزگەوتەکەدا لە ناو بۆگەنی خەستی ئاودەستەکاندا رادەوستێ، پێدەکەنێ. لە ناو مێشەکاندا پێدەکەنێ. کە گەنجەکانی ئاوایی دەست بە لەشی خۆیاندا دەهێنن و روخساریان سوور هەڵدەگەڕێ، پێدەکەنێ. کاتێکیش دووانیوەڕۆیان "با" هەڵدەکا و تۆزی کۆلانەکان لە گەڵ خۆی رادەماڵی و بە چاویدا دەکا، ئەو دیسان هەر پێدەکەنێ. ئەوەندە پێدەکەنێ کە من، ئەو تەنیا وەک پێکەنین دەبینم و وەک پێکەنینیش هێشتا لە بیرمە. گوند جاری وایە لەم سەر تا ئەو سەری لە بەر چاومدا دەبێ بە پێکەنینێک کە هەموو مێش و تۆز و بۆگەنەکان لە دەمیا جێی دەبێتەوە و قووتیان دەدا. باوەگەورە باسی ئەم پێکەنینانەی بۆ من نەکردبوو. باسی ئەوەی نەکردبوو کە دەکرێ شێت بیت و هەموو کاتەکانی تەمەنت یان لە ناو گونددا بیت یان لە باغەکەی قەراغی ئاوایی. من گەر خاڵە سپییەکەی ئەو شەوە جارێکی تر ببینمەوە، لێی دەپرسم کە داخۆ ئەو پێکەنینە ئەوەندەی بۆ من ئازاراوییە بۆ ئەویش هەیە؟ لێی دەپرسم داخۆ دەکرێ ئەو پێکەنینە وەک تەلارەکە تەنیا کەلاوەیەکی لێ بمێنێتەوە؟ باوەگەورە کە پێکەنین بیگرتایە، دەچووە ژوورەکەی خۆی، دەرگاکەی لە سەر خۆی دادەخست و گوڵدانە رەشەکانی بە گوڵە رەنگاورەنگەکانییەوە بە دەوری خۆیدا کۆدەکردەوەو هەر دوو دەستی بە دەمییەوە دەگرت و قا قا پێدەکەنی. دڵنیا لەوەی کەس گوێی لەم پێکەنینانە نیە، هەتا دەیتوانی دەنگی بەرزتر دەکردەوە. ئەو پێکەنینانەی کە خەڵکی گەڕەک هەموو گوێیان لێی بوو و دەیانبیست. جاری وابوو باوەگەورە سێ رۆژ پێدەکەنی. لەم کاتانەدا نە نانی دەخوارد و نە ئاو. تەنانەت نەنکیشم نەیدەوێرا بچێتە ژوورەکەی. لەم کاتانەدا نەنکم بە شەودا لە گەڵ ئێمە دەخەوت و تا بەیانی حیکایەتی ئەو میرەی بۆ دەگێڕاینەوە کە پیشەی تەنیا کوشتنی دێوە سپی و رەشەکان بوو. باوە گەورە کە لە پێکەنینە سامناکەکانی دەبووەوە، ئارام گوڵەکانی دەخستنەوە شوێنی خۆیان و ئەوسا بە دەستماڵەکەی، کەفە سپییەکەی دەوری دەم و لێوەکانی دەسڕییەوەو داوای نان و ئاوی دەکرد. تا چەند رۆژ دووای ئەوەش دەتتوانی جار و بار ئەو خەندە برووسکە ئاسایانە بە لێویەوە ببینی کە پاشماوەی پێکەنینە گەورەکان بوون. کەس نەیدەزانی باوەگەورە بۆچی ئەم پێکەنینانە رووی تێدەکرد و بۆچی

ئەوەندە درەنگ بەریاندەدا. بەلام لەو ساڵەوەی بوردوومانەکانی شار دەستی پێکرد، پێکەنینە سەیرو سەمەرەکانی ئەویش کۆتاییان پێهات. بۆ خۆی دەیگوت: "هەندێ ساڵ هەن پیکەنین تیایاندا قەدەغە دەبێ."
شیاکەکان لەمێژە شێلدراون و کراون بە تەپاڵە. دیوی پشتەوەی ئاوایی بە هۆی تەپاڵەکانەوە لە شوێنەکانی دی مێشیان زیاترە، تەنانەت لە ئاودەستی مزگەوتەکان. تەنیا جیاوازییان لەوەدایە کە مێشە سەوزە زلەکان لە کۆلانی مزگەوتەکە زیاتر وەبەرچاو دەکەون هەتا شوێنی تەپاڵەکان. من کە حەزم بە بۆنی تەپاڵەکانە، جاری وایە روو دەکەمە ئەوێ و لەوێ بۆنیان جوان هەڵدەمژم. ئەم بۆنە وەک دووکەڵی جگەرە ئارام بەخشە! کە دەسووتێن گڕیان ئەوەندە سوورە، وەک سکڵ، بەلام کورت خایەن. ژیان رەنگە سکڵی تەپاڵەیەک بێت!
کە هاتم جانتایەکم پێ بوو. جانتایەکی رەش بە قەراغە هەڵبزرکاوەکانییەوە. توێژاڵ توێژاڵ. باوەگەورە حەزی لە جانتا نەبوو. دەیگووت هیچ شتێک بە قەدەر جانتا رۆحی سەفەری تێدا نیە. بەڵام من حەزم پێی بوو. لە کاتی سەفەردا گەر دەستت بەو قایشەوە نەبووایە کە شانت لە ئامێز دەگرێ، هەستت بە بوونی خۆت نەدەکرد. تەنیا هاوڕێ. من هەمیشە جوان لە مشتم دەگرت و تا دووا وێستگە بەرم نەدەدا. حەزم بە ناو مشتی ئارەقاویی خۆم بوو. تەڕییەکەی جۆرێکی تر بوو. بۆن و بەرامەی هەنگاو بە هەنگاو. ئەو جانتایەی کە پێویست نەبوو جگە لە سەرەتاییترین پێداویستییەکان چی تری تێهاوی. ئەو جانتایەی کە تەنیا ئاوێنەی کەم بوو. من قەت لە کاتی سەفەرەکانمدا حەزم بە دیتنی روخساری خۆم نەبووە. لە یەکەم وێستگە تا دووا وێستگە، مەودایەک تەنیا بە قەدەر رۆیشتن،... بە قەدەر رۆیشتن و بیرکردنەوە و رووانین. کە دەشگەیشتم لە یەکەم شوێن گەر ئاوێنەیەک دەستی دابا، لە خۆم دەڕوانی. ئیتر لەوێ بوو کە دەمزانی من تازە بوونەوەرێکی ترم، بوونەوەرێک بە قەد مەودایەک جیاواز. مەودا، گرینگ نەبوو چەندە. گرینگ رۆیشتن بوو. ئەو رۆیشتنانەی کە هەمیشە لەوێ بوون.
جانتاکەم ئیستا لە ژوورێکدایە، لە سەر تاقێکی قووڵ. کە پێویستم بە جل و بەرگە، دەیکەمەوە. ئەگینا بۆ خۆی لەوێدایە. من جانتاکەم فەرامۆش کردووە. کە لە گەڵ باوەگەورە لە چۆمەکە پەڕینەوە، هەستم کرد دەبێ لێرە لەم گوندە ئیتر دابنێم. لە گۆشەیەکدا. وەک بوونێک لە هەڕەتی پیریدا. ئەو جانتایەی کە نەمدزانی ئەوەندە

زوو دەبێ رووی تێ بکەمەوە. ماوەیەکە سەرنجم رادەکێشێتەوە. بانگم لێدەکا. ئەو بێ تاقەتە یان من، نازانم. رەنگە هەردووکمان. رەنگە هیچ کامێکیشمان. ئەو لەوێیە و من لێرە. رەنگە ئەمە تەنیا عادەتە،... خووەو بەس. رەنگە شتێکی تر بێت. شتێک وەک کەسێک یان دەنگێک کە بانگت لێ دەکا. دەنگێک لە داهاتووەوە. لەو پەڕەکانەوە. من کە دڕدۆنگم لەوەی کە دەبێ دیسان لە شانی بکەمەوە یان نا، هەوڵ دەدەم ئێوارەیان روو لە حەوشەکە بکەم و خۆم بە مەڕ و بزن و مانگاکانەوە بخڵافێنم. من پێویستیم بە نیگای مەندیانە. پێویستیم بە بۆنی ئەوان و بۆنی پاییزە کاتێک لەیەک دەئاڵێن.

باغی قەیسییەکە گەڵاکانی وەریوە. پەڵە هەورەکە لە مێژە خۆی تێکەڵ بە هەورەکانی دیکە دەکا. مەزرا رەنگی گۆڕیوە و جۆبارەکە و گوڵستانە گچکەکەی تەنیشتی بۆ بن زەوی کشاونەتەوە. رۆژێک خۆم و رادیۆکەم هەڵدەگرم و دەچم بۆ ئەوێ. تەنیا ئەوان و من. ئەم کاتانەی ساڵ، بە بێ مرۆڤەکان ئەوێ چەند غەمگین دەنوێنێ. زیاتر لە هەمووان بەردەکان. لە سەر بەردێک دادەنیشم و سەیری بەردەکان دەکەم. ئەوانیش لە خاک، بەڵام جۆرێکی تر. باوەگەورە دەیگووت باشترین شوێن بۆ دیتنی دونیا سەر بەردەکانە. هەمیشە بچکێک بەرزتر لە خاک، بۆ ئەوەی بزانی لە خاکی. ئەو پاییزە یەکێک لە خەمناکترین پاییزەکانی منە. ئەوەندە خەمناک کە ناتوانم دەست لە بیرکردنەوە هەڵگرم. رووت رووت دەبمەوە،... لە هەموو جەستەیەک. ئەوسا وەک رۆحێکی داتاشراو لە وشە لە وشەکان دەکەومە فڕین. پاییزی فڕین. من دەبێ هەموو بەردەکان بە سەر بکەمەوە. دەبێ هەموو ئەو بەردانە ببینمەوە کە رۆژێک لە رۆژان باوەگەورە لە سەریان دانیشتووە. لە ئەستێری ئاوەکە، مشتێک ئاو بە روخساری شەبەح ئاسام دا دەپڕژێنم. سوپاس دەکەم کە ژیان دەکرێ مەودایەک بێت لە فڕین، لە سەفەر و... لە باوەگەورە.

ئەو رۆژەی جانتاکەم لە سەر تاقە قوڵەکە هەڵدەگرم و ماڵئاوایی دەکەم، ئێوارەیە. حەز دەکەم بە ئێوارە بگەڕێمەوە. من کە بەرەو رۆژهەڵات دەبێ وەڕێ بکەوم، بێ گومان رێگاکەم ئێوارەتر دەبێت. بیر لە گەڕانەوەکانی سەفەری یەکەم و سەفەری دووهەم دەکەمەوە. بیر لە گوند و مانگەکان و رۆژەکانی مانەوە تێیدا. رێک بەو رێگایەیدا دەگەڕێمەوە کە پیایدا هاتم. لە پەنای بەردەکەی باوەگەورەدا وچانێکی بۆ دەدەم. گوێ لە خوڕەی ئاوی چەمەکە دەگرم. بوارەکە دەبەزێنم و بە

سەرەوژوورییەکدا هەڵدەگەڕێم. دەگەمە قەراخ جادە. رێک ئەو قەراغ جادەی چەند مانگ لەوە پێش. ئەو شوێنەی وا دابەزیم. لەوێ رادەوەستم. مینی بووسەکان هەمیشە بەڕێوەن. دڵنیا لە سواربوون، بۆ دووا جار لە دوورەوە سەیری گوندەکە دەکەمەوە. لێرەوە وەک کۆیەکی بچووک دێتە بەر چاوم کە ناکرێ ئەو هەمووە شتەی منی لە خۆیدا شاردبێتەوە. دەست لە جانتاکەم دەدەم. دڵنیا لەوەی هەموو ئەو شتانە لێرە لە ناو ئەم جانتایەدان، دەست لەو پاسە هەڵدەبڕم کە بە هەنگاوە تۆزاوییەکانییەوە لێم نزیک دەکەوێتەوە. زۆر لەو پاسەی دەچێ کە ئەو رۆژە لە گەڵ باوەگەورە پێی هاتینە ئێرە. کە سوار دەبم ئیتر تەواو دڵنیا دەبم کە خۆیەتی. رێک لەو شوێنەیشدا دادەنیشم کە دانیشتبووم! سەیری شۆفیرەکە دەکەم. سەیری موسافیرەکان. هەموویان هەر ئەوانەی جاردی! دەنگی زیقە و گریانی هەر هەمان منداڵ کە رقی لە رشانەوەی خۆی بوو. ئەو دایکەی کە شەرمی لە موسافیرەکانی تر دەکرد. لە تەنیشتیشمدا پیرەپیاوێک کە زۆر لە باوەگەورە دەکا. جوان لێی ورد دەبمەوە. ئەو کە لە شووشەکەوە سەیری سروشت و دوورەدەستەکان دەکا، ئاگای لە من نیە. چەند حەز دەکەم لام لێ بکاتەوە. تەنانەت جل و بەرگەکانیش هەر هەمان. من کە دڵنیا نیم لە زەمەن و لە شوێن، دەست هەڵدەبڕم تا لە شۆفیرەکە بپرسم لە کوێین و لە چ کاتێکداین. هیشتا یەکەم وشە لە دەمم نەهاتووتەوە دەرەوە، کە پیرەمێردەکەی تەنیشتم رووم تێدەکا و دەڵێ: "ئارام بە، لێت تێک نەچووە! پاییزە و تۆ خەریکە بەرەو ئەوێ بەرەو شارەکەت دەگەڕێیتەوە!"

نیگاکانی باوە گەورە ئەوەندە میهرەبانن کە من نازانم داخۆ لە رووی دڵسۆزییەوەن، یان تانەیەکن کە تەنیا دەبێ لە تەمەنی پیریدا تێیان بگەی.

## دونیایەکی تر

یەکەم سنوور پیرێک بوو کە وەک گەنجێک خۆی نیشانی من دەدا. من بۆ ئەوەی ئەم پیرە بۆ هەمیشە وەک جەوانێک لام بمێنێتەوە، دووای ئەوەی ماستاوێکی خەستم لە گەڵ جگەرەیەک بە جەستەمدا کرد، خێرا سواری سەیارە بووم و بە جێم هێشت. دڵنیا لەوەی ئەمجارە وەک جارەکانی تر نیە، خۆم دایە دەستی ئەو شۆفیرە زۆربڵێیەی کە زۆر حەزی لە قسەکردن بوو و کەچی من تاقە وشەیەک چییە نەبووە میوانی مێشکم. دەنگەکە لەوێ بوو و بێتاقەتیی و وەڕەزیی منی دەرەواندەوە،... نێوەڕۆک، ئیدی کێشەی من نەبوو! من نازانم ئەم ئۆتۆمبیلە کە بەر سەر ئەم جادە مارئاسایەدا رادەخوشێ و تێدەپەڕێ، چەندە من لە داهاتوو نزیک دەکاتەوە و چەندە لە رابردووم دوور، من هەر ئەوەندە دەزانم کە جەستەم خەریکە رێدەکا. من نە لە رابردوو دوور دەکەومەوە و نە لە داهاتووم نزیک. بوونێک لە ئیستادا کە داهاتوو و رابردووی تیا دەژی. باوەگەورە کە بیری لە رابردوو یان داهاتوو دەکردەوە، دەچوو لای گوڵەکانی رادەوەستا و ورد ورد لێیان رادەما. دەیگووت ئەوەندە جوانن

کە تەنیا بیر لە جوانیان دەکەیتەوە و بەس، نەک هیچی تر. من کە جاری وابوو رق و بێزارییەکی سەیر لە شتە جوانەکان دایدەگرتم، دەستم بەرز دەکردەوەو دوعای ئەوەم دەکرد بارانێکی وا ببارێ کە دونیا تەنیا ببێ بە ئاو و بەس. لەو ئاوەی کە هەموو "بوون" لەوێوە سەرچاوەی گرت. بوونێکی نوێ. بە بێ رابردوو و داهاتوو. بوونێک تەنیا لە ئیستادا. من دەزانم گەر هەر "ئیستا" بایە، من و باوەگەورە قەت بە تووش یەکەوە نەدەبووین. دەزانم تەنانەت باوەگەورە بە تووش خۆشیەوە نەدەبوو.

بە دەم رێگاوە دەبم بە جەستەیەک بە قەدەر هەموو رێگاکە،... بە قەدەر هەموو رێگاکان. ئەوەی کە رەنگە باوەگەورە لەوێ چاوەڕێم بێت، ئۆخژنێک بە دڵمدا دەگێڕێت. لە گەڕانەوەی سەفەری سێهەمەوە ئەم هومێدە زیاتر لام من چەکەرەی کردووە.

ئێوارەیەکی غەریب خۆم لە باغی گشتی شار دا دەبینمەوە. لە دەست شەقام و جادە و قەرەباڵغی رادەکەم. شوێنێکم پێویستە بۆ ئەوەی بزانم چی روویدا. شوێنێک بۆ ئەوەی بزانم بۆچی دیسان سەفەر. لە سەر چیمەنەکە رادەکشێم. هەموو شوێنێک رەنگی سەوز. نە تەنیا نازانم چی روویدا، بەڵکوو مێشکم دەبێ بەو پانتاییە سەوزەی کە تەنیا بیر لە رەنگ دەکاتەوە. لەو ئێوارە غەریبە دا "بوون" هەمووی لە من بوو بە سەوز. سەوزێک کە لە گەڵ، داچوونی خۆر تاریکتر و تاریکتر دەبوو. پێڵاوەکانم دادەکەنم و سەیری بنی پێی خۆم دەکەم. لە شاری کانیی سەر قادرمەکان کە کۆڵان چۆڵ دەبوو، لاقم هەڵدەکرد و دەمخستە بەر ئاوەکە. من لەو ساڵانەوە فێربووم بیرکردنەوە لە ئاو ببێ بە بەشێکی گرنگی ژیانم.

شار کە تەنیا چەند راستە شەقامە، من خێرا لە خۆیدا جێدەکاتەوە. من نە تەنیا ئەو شەوە، بەڵکوو ساڵانی دوواتریش جار و بار دێمەوە باغی گشتی و بە شوێن یەکەم ئێوارەی خۆم لەم شارەدا دەگەڕێم،... دەگەڕێمەوە. ئەو ئێوارەیەی من زۆر جیاواز بوو لە سەفەری یەکەم و سەفەری دووهەم و سێهەمیش. بیری دەشتی پشت قوتابخانەکە دەکەمەوە، بیری پلیکانەکانی تەنیشت کانییەکە و ئەو سەربانەی من شەوانە تا درەنگان سەیری ئاسمانم دەکرد و گوێم لە هەواڵەکان دەگرت. لێرە شی دەبمەوە. هەموو جەستەم بە ناو شاردا، بە ناو کۆڵان و جادەکاندا بڵاو دەبێتەوە.

شارێک لە پانتایی بەربڵاویی دۆڵێک لە نێوان دوو ریزە شاخدا. یەکیان پشت لە گەرمیان و ئەوی دیکەیان پشت لە زۆزان. کە لێرە "با" هەڵدەکا، دونیا تەنیا دەبێ بە "با" و بەس. من لەو کاتانەدا خۆم دەخەمە سووچێک و چاوەڕوان دەمێنمەوە. لە چاوەڕوانی وەڕەز نابم. چاوەڕوانیی ناو "با" شتێکی دیکەیە. تەنیا سوچێک و دەنگێک. نە خوڕەی ئاو و نە مانگەشەوی سەربانی بە دەم هەواڵەکانەوە. جاری وایە من بە چەند رۆژ لە سووچەکاندام. کۆڵانە قەدیمییەکان یاخود گەڕەکە نوێیەکان؟ فەرق ناکات. بەشی ئەوەندە هەمیشە تۆز دەست دەکەوێ "با" بە حەوایدا بکا و چاوەکانی پێ لێڵ بکا. من کە بە لێڵی چاوەکان راهاتووم، تەنیا ملی جاکەتەکەم هەڵدەدەمەوەو هەڵدەتروشکێم و بیر لە دووای "با" دەکەمەوە. باوەگەورە لە ناو چوار وەرزی ساڵدا تەنیا حەزی لە "با" ی پاییزان بوو. دەیگووت تەنیا بای پاییز بە مانای هاتنی هەورە. ئەوسا لە بەر پەنجەرەکەیدا چاوەڕوانی هەورەکان دەمایەوە. کە هەورەکان لە رۆژئاواوە دەردەکەوتن و وەک چارشێوێکی بەرفراوانی رەش و خۆڵەمێشی بەرەبەرە ئاسمانی شاریان دادەپۆشی، ئەو بیری لە هاوینێکی تر دەکردەوە. دەیگووت: "هیچی لە گەڵا ناکرێ، تەنیا دەبێ بێن و بەس." بەس ئەو شتێکی لە گەڵا دەکردن،... چاوەڕوانی. من لە کۆڵانەکانی ئەم شارەدا لە گەڵ چاوەڕووانییەکانم تا دەتوانم گوێ لە "با" دەگرم و سەیری تۆز دەکەم و سەیری ئەو ریزە شاخەی پشتی لە زۆزانە.

من لەم شارە باوکێک دەناسم ئەوەندە دڵی باشە و بە رەحمە کە هیچ چەشنە دەسەڵاتێکی لە ماڵەکەی خۆیدا نیە. باوکێک کە نازانێ توڕە بێت و لە کاتی بێ حورمەتییەکانی ماڵ و منداڵەکەیدا تەنیا بێدەنگ دەبێ و واقی وڕدەمێنێ. کە بە تووش هەر کەسێکیشەوە دەبێ، ئەوەندە زوو هۆگری دەبێ کە پەستا پەستا بە لێوەکانی وێنەی ماچ دەکێشێ و بە فوویش لە رێگای دەستەکانییەوە بۆی بەڕێ دەکا. ئەو ماچانەی وا دەفڕن بە بێ هیچ نیشتنەوەیەک. ئەم باوکە دراوسێی باوکێکی ترە کە لە تەواوی تەمەنی دا بۆ یەک جاریش بێت، ماچی بۆ کەس بەڕێ نەکردووە. وەک بۆ خۆی دەڵێ، ماچ، پیاو لە پیاوەتی دەخا. هەر بۆیە ناو حەوشە و ژوورەکانی پڕی ئەو گۆپاڵ و شەللاقانەیە کە شەوانە لە بەر تیشکە نادیارەکاندا شەوق و شەبەق دەدەنەوە. ئەم دوو پیاوە ئەگەرچی پێکەوە لەو گەڕەک و کۆڵانەدا گەورە بوون، بەڵام پیاوە قەمچی بەدەستەکە یەکجار رێزی زۆرترە. وەک خەڵکی گەڕەک دەڵێن

"عەجەب نێرەکەرێکە!" من پیاوی ماچە باڵدارەکانم بینیووە کە بە شەودا هەندێک جار خۆی بە ماڵی پیاوە قەمچیدارەکەدا کردووە و لەو دیو حەسارەکەوە لە جیاتی هەر ماچێک کە بەرێی کردووە قەمچییەک جەستەی شین کردووەتەوە. خەڵکی گەڕەک بۆ رۆژی دوواتر تا یەک هەفتە تەنیا بە پیاوی ماچە بێهوودەکان پێدەکەنین. من لەم کاتانەدا حەزم دەکرد دیسان بیکا بە رەشەبا بۆ ئەوەی لە کونجێکا دانیشم و تەنیا بیر لە رۆژەکانی دووای رەشەبا بکەمەوە. سەیر ئەوەیە پیاوی ماچە سەرگەردانەکان، ئەفسەری هێزە سەربازییەکان بووە و ساڵانی ساڵ لە بەرەکانی شەڕیش بووە. هەندێک دەڵێن لە ماڵەوە رێز و دەسەلاتی نیە چونکە زۆر کەم لە ماڵەوە بووە. من کە نازانم خەتای کێیە، بیر لە شەڕەکان دەکەمەوەو یادی تەرمی تەنیشت باغە قەیسییەکە دیسان دەبێتەوە بە ئەمڕۆ.

لەوەتەی هاتوومەتە ئێرە، سالەکان ناژمێرم. من جاری وایە هێشتا لە ساڵ و رۆژەکانی یەکەمی ئێرەدام و جاری وایە هەست دەکەم دووا ساڵ و دووا رۆژەکان تێپەڕدەکەم. بوونێک بەردەوام لە نێوان سەرەتا و کۆتاییدا. سەفەرێک لە یەکەم هەنگاو و دووا هەنگاوەکانیدا. زەمەن لێرە کە لە سنوور ئاودیو بووم جۆرێکی تری لێ بەسەرهاتووە. شتێک وەک جەغزێک پڕی بۆشاییەکان و ئەو رەنگانەی وا حەزیان بە چێکردنی تابلۆیەکی ترە. ساڵەکان ئیتر لای من هێڵێک نین پڕی وێستگەکان. جەغزێکن کە دەکرێ هەموو شتێکی تیا بێت و هیچیشی تیا نەبێت. پڕ و بەتاڵی رووداوەکان و بیرەکان جاری وایە دەست دەبم رەنگێک هەڵدەگرم و لە کاتی رەشەبادا یاری پێدەکەم. رەشەبا ئەوەندە حەزی بە گەمەکردن لە گەڵ رەنگەکانە کە من سەرم سوڕ دەمێنێ. لەوەتەی ئەمان هاتوون، رەشەبایش زیاتر لە جاران لە کون وکەلێنە نادیارەکانی کوێستانەکانی دەورووبەرەوە خۆی بە شاردا دەکا. جاری وایە هەموو کۆڵان و شەقامەکانی شار و جاری وایشە سەرتاسەری ئاسمان دەبێ بەو رەنگالانەی کە نازانی سەیری کامەها رەنگیان بکەیت و جاری وایشە ئاسمان ئەوەندە خۆڵەمێشییە کە باوەڕناکەی زەمەنێک لێرە گۆڤەندی رەنگەکان بووە. لە سەردەمە خۆڵەمێشییەکاندا، من بەو شەقامە چۆڵانەدا گەڕاوم کە تەنیا کاغەز و کارتۆن و نایلۆن تیایاندا پیاسەیان کردووە. باوەگەورە کە رقی دونیای لە زبڵەکان بوو، جاری وابوو بە دەستەکانی ریقنەی کۆترەکانیشی کۆدەکردەوە. من کە نازانم لە کوێوە دەست بکەم بە خاوێنکردنەوەی شەقامەکان،

واز لە خەونی پاکژی دەهێنم و لەو سەری مەیدانەکە دەڕوانم بە تەمای دەرکەوتنی دووا پاسی ئەو رۆژە بۆ ئەوەی بمگەیەنێتەوە ماڵەوە.
لێرە "با" فێنکت ناکاتەوە. جاری وایە ئەوەندە گەرمە کە دڵم بۆ رەشەبا دەسووتێ. سەیری شینایی کاڵەوەبووی ئاسمان دەکەم و بە خۆم دەڵێم دەبێ ئەم رۆژانەیش تێپەڕبن! رقم لە ئارەق کردنەوەی ئێرەیە. جەستەم وەها شەلاڵی ئارەقە دەبێ کە پێم وایە قەت وەرزی گەرما تێناپەڕێ. بیری مانگ دەکەمەوە،... روخسارە بێ کۆتاییەکانی وشکایی و تۆز. بەزەییم بەو چۆلەکانە دێتەوە کە ناچارن بەشێکی بەرچاوی کاتەکانی رۆژ لە بن گوێسبانە و گەڵای سەوزی رەنگ هەڵبزرکاو و تۆز لێ نیشتووی تاقە درەختی حەوشەکەمان تێپەڕکەن. جاری وایە دێمە بەر پەنجەرەکە و دادەنیشم و سەیریان دەکەم. من ئارەق دەکەمەوەو ئەوانیش هەناسەسوارتر هەوا هەڵدەمژن. نازانم بۆچی ئەوان کە دەتوانن بفڕن، روو لە وڵاتی زۆزان ناکەن؟ حەز دەکەم چیرۆکی فێنکاییان بۆ بگێڕمەوە. چیرۆکی کۆترەکانم کە بە گەرمایش دەفڕین. دەست بە دیواری چیمەنتۆی خانووەکەدا دێنم و پشت لە حەوشەکە دیسان دادەنیشمەوە. بە خۆم دەڵێم گەر ئەمشەو کارەبا هەبوو، لە بەریا چیرۆکێک لە سەر حەوشەیەکی چیمەنتۆیی بە تاقە درەختێکەوە دەنووسم. خاو خاو، ئارەقاوی و بێ تاقەت بە دەم ئەم خەیاڵەوە پاڵ دەکەوم. چیرۆکەکە دووای ماوەیەک ئارام ئارام دەتوێتەوە.
لە یەکێک لە ساڵەکانی ئێرەدا کە نازانم چەندەی تر دەخایەنێ، رۆژێک کۆڵانەکان پڕدەبەن لە سواڵکەرەکان. ئەم سەر تا ئەو سەر. پاشان من ئەو سەیارە پڕ لە چەکدارانە دەبینم کە بە دەم سروود گوتنەوە باس لە داهاتوویەکی پرشنگدار دەکەن. سواڵکەرەکان کە تەنیا چاویان لە دەست و لە قاچی رێبوارانە، ئاگایان لەو وشە و رستانە نیە بە کوڕ و بە ئاهەنگ بۆ ئەوان دەگوترێ. چەکدارەکان لەو سەری شەقامەکە ون دەبن و سواڵکەرەکانیش کە ئێوارەیان لێ دێت، دەستە دەستە بەرەو ماڵ دەبنەوە. شەو لە دوورەوە، رەنگە لە شوێنێک لەو سەری ئەو شەقامەی وا چەکدارەکانی تیا ون بوو، دەنگی ئەو تەقە تفەنگانە دێت کە شاری پێ هەراسان دەبێت. بۆ سبەینێ کۆمەڵێک کۆچبەر بەرەو سنوور وەڕێ دەکەون. لە نێویاندا منداڵێکی دراوسێی ئێمە هەیە زوو زوو لە کاتێکدا دەستی لە ناو دەستی دایکیدایە، سەر بەرز دەکاتەوەو لێی دەپرسی: "دایە، کۆچ یانی چی؟" دایکی بە پشتە دەستی

فرمێسکەکانی پاک دەکاتەوەو بۆ وەڵام تەنیا ئاماژە بەو سنوورەی دەکا لە باکووری وڵات هەڵکەوتووە. منداڵەکە بێ دەنگ دەبێ و تەنیا بیر لەوە دەکاتەوە کە لەمەو بەولا چیدی نابێ بە پرسیار دایکی غەمگین بکا. من لەم کاتانەدا حەزم بە بانێکە و کۆترەکان. بە باوەگەورەیەکیش کە بانیژەیەک مانایەکی یەکجار گەورەی هەیە لە ژیانیدا.

کە پاییز و زستان دێت، شار دەڵێی قەرەباڵغتر دەبێت. مرۆڤەکان ئەوەندە زۆر دەبن کە من ترسم لێ دەنیشێت. مرۆڤەکان و شمەکەکانی سەر شۆستەکان. ئەو ژن و پیرێژن عابا لەسەرانەی کە تا دێن زۆرتر دەبن. جاری وایە لە سەر شۆستەکان هەڵدەتروشکێم و سەیری تەماتە و میوە رزیوە فڕێدراوەکانی کەنار دەکەم. ئەوانەی وا لە نێوان جادە و مندان. بۆنیان وەڕەزم ناکا. گەرما دەیانترشێنێ و مێش و زەردەواڵە و چێشکەکانیش دەیانکەن بە تریت و دەیانخۆن. بۆترشی ئەوان و بۆنی قیرەتاوی داغ داغی شەقام دەبن بە هەڵم و لە لووتی رێبواران دەئاڵێ. من جاری وایە بۆ ئەوەی لەم بۆن و هاڵاوە قوتارم بێت شوێن ژنەکان دەکەوم، بە تایبەت ژنە مۆدەکان. بۆنیان، بۆنی تەماتە رزیوەکان دەمرێنێ. مەودایەکی یەک مەتری یەکجار یارمەتیدەرە. زۆر جار حەز دەکەم منداڵی دەستی ئافرەتەکان بم. گرنگ نیە بۆ کوێ رامدەکێشن. گرنگ نیە داخۆ دەستەکانم دەیشن یان نا، گرنگ دایکێکە. باوکێکیش کە رەنگە لە ماڵەوە بێت یان لە دوکان یان لەشوێنێک کە هەر تەنیا بۆ خۆی دەیزانێ. تامەزرۆی رۆیشتنێکی پڕ لە دڵنیاییم. دەستێک کە دەستم لە ناویا ئارەق بکاتەوە. وەک کاتی یەکەم سەفەرم. دەستەکانی باوەگەورە ئەوەندە دڵنیاییان پێدەبەخشیم کە سەفەر لێم بوو بە رووداوێکی یەکجار خۆش. بیردەکەمەوە رەنگە هۆکاری رەشەبا، تەماتە رزیوەکان بێت.

پاییزان و زستانان ئەوەندەی تر سەرەداوی ساڵەکانم لێ بزردەبێ. بوونێکی تەواو داماڵدراو لە کات،... لە جووڵەی چرکەکان. من لەم ساتەوەختانەدا تەنیا "شوێن" م. شوێنێک وەک ئەو دیوی سنوور، وەک رابردوو، یان وەک ئەم شارە یاخود شوێنەکانی داهاتوو. لەم کاتانەدا بۆ ئەوەی سەرەداوەکە بدۆزمەوە، کتێبێک بە دەستمەوە دەگرم و شێتانە دەخوێنمەوە. رستەکان بانتر لە هەموو شتێک رادەوەستن. وەک کۆترەکان. ئەوانەی وا دەفڕن تا قوڵاییەکان. ئەوانەی وا دەکرێ بێنەوە و بنیشنەوە، یاخود بۆ هەمیشە ون بن. لەم کاتانەدا تاقە دارەکەی حەوشەکەمان چرۆ

دەردەکا و دەپشکوێ و بۆنی شکۆفە تا کونجی ژوورەکانیش خۆ بە ژووریدا دەکا. من ئەوەندە خۆشحاڵ دەبم کە کتێبەکە دادەنێم، دێمە بەر پەنجەرەکە و تا دەتوانم خۆم دەکێشمەوە. ئەوسا بیرم دەکەوێتەوە کە ئەمساڵ چوار ساڵ بە سەر بەزاندنی سنووردا تێپەڕیوە.

باشە چ دەبێ گەر من یەکجار بۆ هەمیشە خۆم لە کێشەی کات و زەمەن قوتار کەم؟ چ دەبێ تەنیا "ژیان" بێت و بەس؟ بە بێ بیرەوەریی و بە بێ ئێستا و بە بێ داهاتوو و پلان؟ ژیان وەک زەرفێکی گشتی تر لە ئامێزی خۆیت دەگرێ و لە گەڵ خۆی دەتبا. بڕیارێک لە ئەزەلەوە تا ئەبەد. تۆیش تەنیا مل کەجێک. بیردەکەمەوە رەنگە باوەگەورە لە ناو وێنەکەیدا بیر لەمە دەکاتەوە. رازێک کە ناگوترێ، بەڵام هەموو کەس دەکرێ رۆژێک بیگاتێ. لۆژیکی قورسایی کات، یاخود تەمەن. باوەگەورە رقی لە سەفەر بوو رەنگە لەبەر ئەوەی دەیزانی زۆربوونی شوێنەکان، کاتیش قورستر دەکا. مرۆڤ پێویست ناکا باری زۆر قورس بێت. نە دڵی ئەوەندە گەورەیە و نە شانەکانی ئەوەندە پان و بەرین و نە هەست و بیریشی ئەوەندە دامەزراو و یەکانگیر.

ژنێکی گەنجی دراوسێمان هەیە بە پێنج مندالەوە. کار و ئیشی ئەوەیە رۆژ تا ئێوارە لە بەر دەرگا چاوەروانی کەسێکە بچێت و نانکردنی ئەو مانگەی پێ بسپێرێ. ئێستا زۆربەی حەوشەکان ئاشنای دەنگی پەڕەمێزن. ژنە دراوسێکەی ئێمە لە دونیادا زیاتر لە هەر شتێک رقی لە دەنگی پەڕەمێزەکانی گەڕەکە. کە دەیانبیستێ، دەرگای حەوشێ لە خۆی دادەخا، دەگری و لە منداڵەکانی دەدا. لەم کاتانەدا رەنگی سەوزی تاقە درەختەکەی حەوشەکەی ئێمە ئەوەندە هەڵدەبزرکێ، کە من پێم وایە تەنانەت خوێندنەوەی هەموو کتێبەکانی دونیایش ناتوانێ جارێکی تر ببنەوە هۆی چرۆکردن و پشکوتنی سەرلە نوێی درەختەکە.

ئێوارانی پاییز چی قشقەڕەی ئەم وڵاتەیە لە ئاسمانی ئەم شارە کۆدەبنەوەو دەسووڕێنەوەو دەسووڕێنەوە. ئەوەندە زۆرن لە ژماردن نایەن. من کە نیگام لە ناو فڕینە بێ ئەژمارەکاندا ون دەبێ، جاری وایە چاوەکانم دەقونجێنم و تەنیا بیر لە فڕین دەکەمەوە. فڕین، بە بێ ئەوانەی دەفڕن. تەنیا، وێنەی یەک فڕین لە ناو ئاسمانە بێ ئەژمارەکاندا. شتێک وەک کۆچ. باوەگەورە لە وێنەکەیدا جوان دیارە نیگای بەرەو ئاسمانەکانی دیکە بەڕێ دەکا. ئەو بەمەی دەزانی. ئەو ئاسمانەکانی تری دەبینی. من

تا شەوم لێ دێت، دادەنیشم و سەیری ئەم دیمەنە ترسناکە خۆشە دەکەم. قشقەڕەکان تەنیا بوونەوەری ئەم وڵاتەن کە لە کاتی تەقەکاندا ناسڵەمێنەوە و پەرتەوازە نابن. تەنانەت ڕەشەبایش ناتوانێ هەڵیانگرێ. فڕینی ڕەشی ئەوان لە ناو بەستێنی زەردی زەردەپەڕدا پێم دەڵێ لە پشت سەری منەوە، لەوێ لەو دوور دوورانەوە بانیژەکە دەبێ هەر لە شوێنی خۆی مابێتەوە.

## گەڕانەوەی دوو

پلیکانەکان بەڵێنە هەر لە جێی خۆیان بمێننەوە! بەردەکان هەمان، قڵشتەکان هەمان و رەنگ هەمان. تەنیا دەڵێی کەمێک ماندووی ساڵەکانن. من نازانم ئەوان لە کەیەوە لێرەن. بڕوا ناکەم کەسیش لە هاوتەمەنەکانی من بزانن. ئێمە تەنیا بە سەریاندا سەردەکەوین و پێیاندا دادەگەڕێین. چەند ساڵ لە یەکەمین دانیشتنی من لە سەریان تێپەڕیوە و ئەوان هەر لە شوێنی خۆیانن. من ئیستا زۆر خوویان نادەمێ. هی گەورەبوونمە، یان عادەت نازانم، بەڵام جار جارە لە کاتی یاری کردندا رادەوەستم و بۆ چەند ساتێک لێیان رادەمێنم. وەک بڵێی بانگم لێدەکەن.
ماوەیەکە ماڵەوە جۆرەیەکی دیکەیە. هەست دەکەم لە بەردەم گۆڕانێکداین. ئیتر وەک سالان نیە،... قوتابخانە، دووانیوەڕۆیانی ماڵەوە، کایەی ئێوارانی گەڕەک و شەوانی بەر تەلەفزیۆن خۆیان لە خۆیاندا کۆتاییان نایەت. رووداوەکانن بۆ شتێک لە دەرەوەی خۆیاندا. من کە تەنیا بەم کۆڵانە و بەم گەڕەکە راهاتووم، هەست دەکەم توانای بەرفراوان کردنەوەی مەوداکان و رووخانی دیوارەکانی دەوری ئەم گەڕەکەی خۆمانم نیە. بۆیە پاش ئەو چەند ساڵە هێشتا ئەوەندە زوو ماندوو و وەڕەز دەبم کە پێم سەیرە. پێم سەیرە کە باوەگەورە چۆن وەڕەز نەدەبوو. ئەویش وەک من تەنیا ئەو گەڕەک و کۆڵانەی هەبوو و بەس. ئەو نیگاگانی هەبوو. ئەو تەنیا

نیگاکانی بەڕێ دەکرد. بەڵام من بەڕێ کردنی نیگاکانیش یارمەتیم نادا. رەنگە شتێک بم وەک بانیژەکە و وەک نیگاکانی باوەگەورە. هەم لەوێ و هەم لەوێیش نا. جووڵەیەکی نێوان دوو پنت. پنتێکی راوەستاو و پنتێکی بزۆز. پنتێک بۆ رووانین و پنتێک بۆ بینراوەکان.
من کە ئیستا کەمێک کشاوەترم، دووانیوەڕۆیان کاتێک حەوشە چۆڵ دەبێ، لە ژوورەکەی تر لە پشت پەنجەرەکەوە بە دزییەوە رادەوەستم و سەیری ئەو کچەی دەکەم کە خەریکە قاپ و قاچاخ دەشوا. ئەو وەک بڵێی دەزانێ و هەربۆیە بزەیەک لە سەر لێویەتی و بە لاچاو سەیری پەنجەرەکە دەکا و جارو باریش بە ئەنقەست کراسەکەی کەمێک لە سەر سینگی دادەخشێنێ! ژیان یەکجار جوانتر بووە لە بەر چاوما. روو دەکەمە دایکم و پێم سەیرە کە ئەو بۆچی بەمە نازانێ. جارجارە دەچمە سەر بانە بەرزەکە و بە بۆنەی دەرس خوێندنەوەوە دادەنیشم و سەیری ئەو شارە گەورەیەی دەکەم کە هێشتا پاش ساڵانی ساڵ نە بە شەقامەکانی و نە بە کۆڵانەکانی رانەهاتووم. سەیری گیای رووواوی سەر بانی، سەر بانەکانی دەورووبەرم دەکەم و حەزم بە شەکاندنەوەیانە لە بەر دەم بای ئێوارەدا. ساڵانی دوواتر کاتێک شەڕ لەم شارە دامەزرا و باسی لێدەکرا، من نازانم بۆ، بەڵام بەردەوام بیری بانەگیاکانم دەکردەوە. ئەوەی کە داخۆ لە کاتی تۆپ و خومپارە بارانەکاندا چی دەکەن و چییان لێ بەسەرهاتووە.
لێرە فێری نامەنووسین بووم. دەیاننووسم و دەیاننێرم. شوێنی کتێبەکانیشم پڕی ئەو نامانەن کە قەت نانێردرێن. نامەکانی کاتی بێتاقەتی و وەڕەزییەکان. یاخود ئەو نامانەی پڕی تاسە و حەزی گەڕانەوەن. لە ژێر هەر نامەیەکدا وێنەیەک دەکێشمەوە،... "وێنەی شاخێک و خانوویەکی تەنیا، بە نیوەهەتاو و پەڵە هەورێک و باڵندەیەک کە بەرەو رۆژئاوا دەفڕن. هەروەها جادەیەک بە ئۆتۆمبیلێکەوە، حەوزێک بە تاقە ماسییەکەوە و تاقە درەختێک بە تەنیشت خانووەکەوە." جاری وایە تەنیا یەکیان دەکێشمەوە. باوەگەورەم کە ئەم نامانەی بینیبوو، وتبووی دەبێ بێنەوە!
من زۆر جار بیر لە "یەک" دەکەمەوە. یەک وەک یەک دانە، یان وەک شتێک کە هەر نموونەیەک لەو هەیە و بەس. زۆر جار یەک هاوکات وەک یەک دانە هەیە و وەک تاقە نموونەیەکیش لە یەک شت. بۆ وێنە یک مانگ، یەک گوند، یەک

قەبرستان و یەک رادیۆ و یەک نەفەر لە سەر بان لە یەک شەودا،... درەنگان. هیچ شتێک بە قەدەر "یەک" من بریندار و غەمگین ناکات. لە هەمان کاتدا هیچ شتێکیش بە قەدەر "یەک" تەعبیر لە بوون ناکات. هەموو ژیانی من بیرکردنەوەیە لە "یەک". یەک باوەگەورە. یەک وێنە لەو لە سەر یەک بەرد و دوواتر یەک رووانین هەر لەو.

دەڵێن چەند ساڵ دوواتر کە لەم شارە شەڕ هەڵدەگیرسێ و ئاو روو لە کەمی دەکا، کانیی سەر پلیکانەکان دەبێ بە یەکێک لە خۆشەویستترین شوێنەکانی ئەم شارە. لە کاتێکا دەنگی تەقە و سووڕانەوەی هەلیکۆپتەر و وڕە و گیڤەی ماشینە تووڕەکان بۆ ساتێک نەدەبڕا، کچە شۆخەکانی کۆنە هاوگەڕەکمان ئەم کانییەیان بەرنەدەدا. دەڵێن هیچ شتێک لە کاتی شەڕدا بە قەدەر کانی، شەڕت پێ لەبیرناکا. دەڵێن قاقای پێکەنینی ئەو کچانە وەها دەڕۆی کە چەکدارەکانی لە تەقەکردن رادەوەستان. دەڵێن کۆپتەرەکان کە ئەمەیان دەبیست وەک کۆترەکان تا دەیانتوانی زیاتر بەرزدەبوونەوە و سەیارە تووڕەکانیش بۆ چەند ساتێک لە قەراغ کۆلانە تەپ و تۆزاوییەکاندا وچانیان دەدا. شار هەمووی دەبوو بە گوێ و گوێی لە خوڕە و حیلکەی کەنینی کانی و کچانی سەر پلیکانەکانی دەگرت. تا سەرئەنجام رۆژێک دەمەو ئێوارە هاوەنێکی سەرگەردان لە تەنیشت کانییەکەدا دەدرێ بە عەرزدا و دەتەقێتەوە. دەڵێن لەو رۆژەوە کە ئیتر دەنگی ئاو و دەنگی کەنینی کچان بۆ هەمیشە لەم شارە ون دەبێ، شەڕ وەها لە شار و لە ناوچەکە گرژتر دەبێ، کە تا ئیستایش کۆتایی نەهاتووە.

من دووای ساڵانی ساڵ بە رێکەوت رووم دەکەوێتەوە ئەوێ. رێک هەر هەمان گەڕەک. حەز ناکەم، بەڵام هەنگاوەکان دەمبەن. من کە دەزانم هیچ کام لە منداڵەکانی گەڕەک لەوێ نەماون،... من کە دەزانم چیتر ناتوانم وەک جاران لە سەر پێ پلیکانەکان لە تەنیشت کانە خوێناوییەکە دانیشم، بەڵام دیسان روو دەکەمە ئەوێ. جگە لە کانییەکە و منداڵەکانی گەڕەک، هیچ شتێکی تر نەگۆراوە. بۆن هەمان بۆن، دیوارەکانیش هەر هەمان، تەنانەت قڵشتی دیوارەکانیش دەناسمەوە،... هەر هەمانن، تەنانەت ئەو بەردە لووسە خڕەی ناو دیواری دراوسێکەمان کە زۆر لە مەمکی کچە رەشتاڵەکەی دراوسێکەمانی دەکرد. پەڵە هەورەکانی ناو ئاسمانیش. هەستێکی هەڵچووی سەیر دایگرتم. وەها کە بۆ چەند ساتێک لە سووچێکدا

راوەستام و گریام. منداڵیی من لێرە هەر وا خەریکی پیاسە بێهوودەکانی خۆی بوو. خۆم لە هەموو شوێنێکی ئێرەدا دەبینییەوە.
هەرچیم کرد نەمتووانی وەک جاران لە سەر پلیکانەکان دابنیشمەوە. کانییەکە ئیستا بە ئاستەم ئاوی پیادەهات. ئەوەندە خێرا داگەڕام کە لە شوێنێکدا لەترم دا و خەریک بوو بکەوم. خۆم بەو دارچرایە گرتەوە کە هێشتا یادگارێکی منی پێوە مابوو: "من دەگەڕێمەوە!"
بانیژەکە نەک بە پەیژە، بەڵکوو بە پلیکانە بە حەوشەکەوە دەلکا. پلیکانەکان نەک پلیکانە، بەڵکوو بەشێک لە بانیژەکە بوون. بۆیە گەر تەنانەت لە سەر یەکەم پلیکانە کە لە حەوشەکەوە دەستی پێدەکرد دابنیشتیتایە، هەر هەمان هەستی راوەستانی سەر بانیژەت هەبوو. لێرەوە نە رۆژئاوا، بەڵکوو تەنیا شێری ئاوەکە، بەردە نوێژەکە، باخچەکە و دوو پەنجەرەت لێ دیار بوو. ئەوانەی وا ئەوانیش بووبوون بە بەشێک لە رۆژئاوا. باوەگەورە کە بیستبووی ئێمە لەوێ لەو شارەی تر لە گەڕەکێک دەژین کە پلیکانەی هەیە، گوتبووی گەر پلیکانەی لێ بێت ئەوا ئەوانەی تریشی لێ هەن!
کە لە سەر دووا پلیکانە دادەبەزم و قاچ دەخەمە سەر زەوی، بە خۆم دەڵێم وا باشە زوو خۆم عادەت بدەم بە هەموو شتێکی ژیان.
رۆژێک کاتێک لە سەر بانی بووم و خەریکی دەرس خوێندن بووم و خۆم بۆ ئیمتحان ئامادە دەکرد، کتوپڕ رەنگی شار و سروشت هەمووی گۆڕا. هەوا کەوتە لەرینەوەیەکی سەیر. شتێک وەک ئەو شەپۆلە بێ رەنگە دیارانەی کە زەوی و ئاسمانی پێکەوە دەدووریییەوە. ئەوسا بینیم هەموو شار، باغەکانی دەورووبەر و تاقە سەددی شار بە دەریاچەکەی پشتییەوە بەرز و بەرزتر بوونەوە. بەرز بەرز بە قەدەر ناوقەدی کێوەکەی تەنیشت شار. ئەوسا من لە سەر بان لە ژێریانەوە ئەو ریشە و ماسی و بنە خانووانەم بینی کە قەت نابیرێن. چ جیهانێک لە قووڵاییەکان! رێشاڵی شۆڕی ریشەکان، دیواری رەشی ناو خەندەقەکان و بنی لیتاویی ئەو دەریاچەیەی کە ماسییەکان خۆیانیان تێدا حەشار دەدا. تەنانەت بنی ئەو رێگایەیش کە بەرەو ئەوێ بەرەو لای بانیژەکە و باوەگەورە دەڕۆیشتەوە. ئەو رێگایەی بە تەنیشت گۆلی ئاوەکەدا تێدەپەڕی.
ئەگەرچی هەر ئەو ئێوارەیە هەموویان نیشتنەوە سەر جێی خۆیان، بەڵام تا چەند هەفتە دوواتریش کە دەباری، هەموو شوێنێک دەبوو بە قوڕ و لیتاو. هیچ ساڵێک بە

قەدەر ئەو ساڵە خەڵک ماندوو نەبوون. خاوێن و خاوێنکردنەوە. تەنانەت ماندووتر لە ساڵی شەڕەکە. بەو جیاوازییەوە کە بە قەدەر ساڵی شەڕەکە رقیان لە ساڵی قوڕ و لیتاو نەبوو. باوەگەورە کە ئەمەی بیست، گووتی: "ئاسمان و زەوی زۆر لە یەک دەچن، بەڵام زەوی و مرۆڤ نا."

من جاری وایە کتێبەکەم هەڵدەگرم و دەچم لە یەکێک لە مەیدانەکانی شار رێک لە ناو فلکەکەدا لە سەر چیمەنەکەی دادەنیشم و دەرس دەخوێنم. جاری وایە حەزم بە دەرس خوێندنی ناو قەرەباڵغییە،... ناو خەڵک و ناو دەنگی سەیارەکان. جارو باریش دەچمە ساندوویچ خانەکەی ئەو بەر، نانە ساندوویجێک دەکرم و بە وشکی دەیخۆم. گرنگ نیە چی تیا نیە، گرنگە ئەوەیە جوان جوان بۆنی زمان و مەغز و سووسیسەکانی گرتووە و هەر بۆیە بە تامە، بە تامتر لە نانی وشکی تر. باوەگەورە دیگووت خۆشتر لە نانی وشک نیە بە ماندوویی بە ئاوی کانییەوە. من رووم نیە نانە وشکەکە هەڵگرم و ببیەم بە ئاوی کانیی سەر پلیکانەکانەوە بیخۆم. بەڵام جوان جوان لە مەبەستی باوەگەورە تێدەگەم.

لە یەکێک لەم ئێوارە وشکانەدا دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە و دەبینم دایکم باسی گەڕانەوە لە گەڵ خوشک و براکانم دەکا. من بە دەم خواردنەوەی لێوانێک ئاوەوە پێی دووپات دەکەمەوە. قسەکان نازانم بۆ، بەڵام وەک نانەکەی دەوری مەیدانەکە وشک دێتە بەچاوم. قووتدانیان دژوارە. وەک بڵێی لە ئێوارەی فڕینی شار و سروشتی دەورووبەرییەوە ئیتر من بۆم گرینگ نیە لە داهاتوودا چ روودەدا. دایکم کە تەنیا، بوون لە گەڵ منداڵەکانی لا گرینگە نەک شوێنی ژیان، بە چاوە خەمبارە هەمیشەییەکانییەوە دەڵێ: "دەگەڕێینەوە. باوکت گووتی." من ئەو شەوە ئەوەندە بیر لەوێ و لە کۆڵانەکانی و لە ئاسمانەکەی و لە هەموو شتێکی تری دەکەمەوە کە بە زەحمەت خەوم لێدەکەوێ. دوو دڵ لەوەی باوەگەورە ئیتر ساڵەکان ماندووی کردوون و هەر بۆیە بوون و نەبوونی منی لەوێ زۆر لا گرینگ نییە، خەو دەمباتەوە. سبەی لە قوتابخانە بۆ یەکەم جار لە سەر خەوتنی سەرکلاس تەمێ دەکرێم. هەوڵ دەدەم شوێنی شوڵەکان لە ماڵەوە بشارمەوە. بۆ ئەم مەبەستە تا دەتوانم قۆلی بلوزەکەم دادەدەمەوە. دایکم سەرئەنجام دەیبینێ. بەڵام هیچ ناڵی. تەنیا، وەک هەمیشە لە کاتی تەنیاییەکانی خۆیدا دەگری.

رێک چەند رۆژ لە پێش سەفەری گەڕانەوەدا ماڵەوە بە تەواوی جم و جۆڵی تێدەکەوێ. منیش کە ساڵەکانی مانەوە لێرە بە مانەوە رایهێناوم، دەجولێم. سەرئەنجام باوەڕ دەکەم. لەشی سڕم بزەکان دەگەڕێنەوە سەری. بیردەکەمەوە گەر قەرار بێت دارستانەکان و گۆلەئاوەکان و جادە و شار بفڕێ، بۆچی ناکرێ منیش دووای سالانی ساڵ بگەڕێمەوە. روو لە دایکم دەکەم و دەڵێم من لە بیرم چووەتەوە ئەو ساڵە چۆن هاتین بۆ ئێرە. دایکم دەڵێ: "باشتر!" بە راستی لە بیرم نیە. وێنەکان ئەوەندە پچڕپچڕن کە سەریەک خستنەوەیان مەحاڵە. باوەگەورە دەیگووت: "هیچ شتێک لە بیر ناچێتەوە، تەنیا دەبێ بکەویتە دۆخێکەوە بۆ ئەوەی خۆبەخۆ بگەڕێنەوە،... بگەڕێنەوە ناو خەیاڵت."

ئەو رۆژەی وەڕێکەوتین، کۆتاییەکانی وەرزی پاییز بوو. ئاسمانی شار سەرتاسەر بە هەوری خۆڵەمێشی و رەش داپۆشرابوو. هەورێکی ئەستوور کە من لە کۆڵانەکانەوە جوان جوان بۆنی جەستەی تەڕیم دەکرد. بە دەم بارکردنی ماشینە بارییەکەوە بیرم لەو پشیلە دەکردەوە کە ساڵانی ساڵ بوو لەم حەوشەیەدا دەمبینی. پشیلەیەکی رەش کە هەموو کەس رقی لێی بوو. ئەو پشیلەیەی من بە دزییەوە جار و بار خواردنم لە سووچێکی حەوشەکەدا بۆ دادەنا. پشیلەکە ئەو رۆژە لە سەر حەسارەکە لە تەنیشت ئاودەستەکە دانیشتبوو و سەیری ئەم دیمەنەی دەکرد. بیرم لە رۆژ و ساڵەکانی داهاتووی پشیلەکە کردەوە. بیر لە هەڵگرتن و بردنی لە گەڵ خۆما. بیرێک کاتێک سەیارەکە وەڕێ کەوت لە بیرم چووەوە!

باوەگەورە لەم حاڵەتەی من گەیشتبوو. دەیزانی کە شتم لە بیر دەچێتەوە. هەر بۆیە ئەمە هومێدێکی لە دەروونیدا گێڕابوو کە من سەرئەنجام رۆژێک بانیژەکە، کۆترەکان، رۆژئاوا و سەفەرم لە بیردەچێتەوە. یان لانیکەم یەکیان. ئەمانەم لە بیر دەچووەو ئیتر بۆ هەمیشە، هەتا دەژیام بە کۆڵانەکەی گەڕەکی خۆمان رازی دەبووم. ترسی لە یادابوون یان وەبیرهاتنەوە بووبووە هۆی ئەوەی باوەگەورە زۆر لە گەڵ منا نەدوێ. باوەگەورە نەیدەزانی کە رێک بە هۆی بێدەنگییەکانی ئەو بوو من هەندێ شتم قەت لە بیر نەدەچووەوە. نیگاکانی ئەو زیاتر لە هەر وشەیەک بۆ من دەدوان. من جاری وابوو دەچوومە یەکێک لە ژوورەکان و هەوڵم دەدا نیگاکانی بکێشمەوە. ئەو نیگایانەی جاری وابوو دەبوون بە رەسمی باڵندەیەک، شاخێک، پەڵە هەورێک، هەتاوێک، خانوویەک، تاقە درەختێک یان جادەیەک. کە لە کێشانەوە

دەبوومەوە، وێنەکانم دەدڕاندن و دەمخستە گیرفانم و لەکۆڵان فڕێم دەدان. "با" دەیبردن. باوەگەورە قەت نەیزانی پاشماوەی ئەو وردە کاغەزانە چین کە جاری وابوو لە بەر دەم پەنجەرەکەیدا بە دەم "با" وە پێچ و لوولیان دەخوارد و جاری وایش بوو بە هەڵکەوت دەبوون بە خشتێک بۆ هێلانەی باڵندەیەک.
من کە بۆ سەردان بە دەیان جار ئەم رێگایەم بڕیبوو، ئیستا لە گەڕانەوەی هەتاهەتاییدا جۆرێکی تر دەهاتە بەرچاوم. شتێک لە رابردووە بانگی دەکردم. شتێکیش لە داهاتووەوە پێی دەگووتم ئەوێ لە بیرکە. من حەزم لە لەبیرکردنی ئەوێ بوو. لە بیریشم کرد. ئەوێم لە بیرکرد، بەڵام بیرەکان جاری وا بوو بۆ خۆیان دەهاتنەوە. باوەگەورە وتی: "من رێک لەمە دەترسام!" من بەردەوام بەشێکم لە شوێنەکانی تر بوو. جاری وابوو رێک لە گەرمەی گەمە و رابواردن لە گەڵ هاورێکانمدا وەها خەم و دڵتەنگییەک رووی تێدەکردم کە هیچم بۆ نەدەمایەوە جگە لە بە جێ هێشتنیان و بۆ ماوەیەک رووکردن لە شوێنێکی خەڵوەت و بێدەنگ، بۆ بەتاڵکردنەوەی خەیاڵەکانم، بۆ لێک ئاڵاندنی هەموو شتێک لە بێکۆتاییەکی شکۆمەنددا. ئەو خەیاڵانەی کە تەنیا خەیاڵ بوون بە بێ هیچ وێنەیەک! من دابەش بووبووم. لە یەک کاتدا لە زۆر شوێن بووم. جەستەیەک کشاو کشاو وەک دەریا، وەک کۆترەکان، وەک جادەکان. من ئیتر تەنیا بانیژەکە هێمایەک نەبوو بۆم بەرەو نادیارەکان. تەنیا دوو پەنجەرەکەی باوەگەورە نەبوو کە دەیانڕووانییە ئەوێ. شار هەمووی هێما بوو. شار، هەموو شوێنێکی. جەستەیەک وەک پەیکانێک کە دەیگووت: "ئەوەتا، رێگاکان لەوێوەن،... چارەنووس رێگایە!"

## مردنی باوەگەورە

چارەنووسی ئەویش هەر ئەمە بوو، مردن. وەک هەموو مرۆڤەکانی تر. ئەو رۆژەی ئەو مرد، من لە کێشانەوەی وێنەکەی ئەو بووبوومەوە. هاوڕێیەکەم دایە دەستم و گووتی: "ئیتر بۆ هەمیشە لە خەمی مەرگی باوەگەورە رزگارت دەبێ!" بەڵام بە پێچەوانەوە، وێنەکە نە تەنیا منی رزگار نەکرد، بەڵکوو ئەوەندە باوەگەورەی لای من بە زیندوویی هێشتەوە کە من بۆ هەمیشە بڕوام بەوە هێنا باوەگەورە قەت نامرێ. خەمی مەرگی باوەگەورە لای من بوو بە خەمی نەمردنی!

ئەو رۆژەی پێش ئەوەی بمرێ، چوو سەردانێکی بانیژەکەی کرد. لەوێوە لە رۆژئاوای رووانی و بۆ دووا جار لە سەر بەردە نوێژەکە، نوێژی کرد. ئێوارەیەکی خۆشی هاوین بوو. سێبەری حەوشە ئەوەندە دڵڕفێن و خۆش بوو کە باوەگەورە دووای نوێژ لە ژێر لێوەوە گۆرانییەکی بە ئاستەم چڕی. بە چاوە خەمبارەکانی سەیری میچەکانی کرد و پاشان بۆ دووا جار باغچەکەی ئاودا. ئەوسا چووەوە ژوورەوە. لەوێش بێ گومان گوڵەکانی بۆ دووا جار ئاودەدا، لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانیە دەرەوە و سەیرێکی ئەو کۆڵانەیشی دەکرد کە قەرار بوو سبەینێ لەوێوە تەرمەکەی بۆ گۆڕستان بەڕێ بکرێ. ئەو ئێوارەیە کەس بەمەی نەزانی، یاخود کەس سەرنجی ئەمەی نەدا. بەس من بینیم، من زانیم. باوەگەورە قەت بەم شێوەیە

هەڵس و کەوتی نەکردبوو. ئاه، چاوەکانیشی! وەک جاران نەبوون. لە جیاتی وشە و رستەکان، پڕی پرسیارەکان بوون. ئەوسا بۆ یەکەم جار بۆ خۆی بانگی کردمە ژوورەکەی و وتی کە لە لای بمێنمەوە. مامەوە. جوان دیار بوو حەزی بەوە بوو راکشێ، بەڵام نەیدەویست تەسلیمی شەکەتی و ماندوویی جەستەی خۆی دووای ساڵانی سال ژیانکردن بێت. نازانم بڕیاری دابوو چۆن و لە چ حاڵەتێکدا بمرێ. لە ناو گوڵەکانیدا؟ یاخود بە پێوە کاتێک لە دوور دوورەکانی دەڕوانی؟ من هیچم نەگووت. تەنیا حەزم دەکرد گوێ بگرم و بڕوانم. خەریک بوو بڵێم باوەگەورە لەبیرتە سواری سەیارەت کردم و ناردمت بۆ گوند؟ ویستم بڵێم لە بیرتە منت تا ناو گوندەکەی تر لە سێهەم سەفەردا بەڕێ کرد؟ بەڵام هیچم نەگووت. پرسیارەکان زۆر منداڵانە دەهاتنە گوێم. بێ گومان باوەگەورە ئەمانەی لە بیرا بوون. ئەوسا یەغانە قەدیمییەکەی هەڵدایەوە و شتێکی دەرهێنا کە لە پارچەیەکی سەوز و کۆن پێچرابوو. دانیشت و ئارام پارچەکەی کردەوە. وێنەیەکی گەورە. کە لێی ورد بوومەوە دیتم کەسێک لە سەر بەردێک دانیشتووەو لە شوێنێک دەڕوانێ، شوێنێکی دوور دوور. جوانتر لێم ڕووانی. ئەوجار خۆم ناسییەوە! باوەگەورە گووتی: "ئەمە پێشکەش بە تۆ. لە مێژە هەڵمگرتووە. کە لە سەفەری سێهەمی تۆ گەڕامەوە، ئەمەم دا بە درووست کردن. رامگرتبوو تا ئەم ڕۆژە." من هەنگاوێک بەرەو دووا کشامەوە. دەستەکانم دەلەرزین. وێنەکە هەمان. رێک لەوەی کە لە گیرفانی مندا بوو. هەمان شوێن و هەمان ئاسمان و هەمان شێوە نیگا. من لە بیرم نایەت ئەو ڕۆژە لە سەر ئەو بەردە دانیشتبێتم. باوەگەورە بزەیەک نیشتە سەر لێوەکانی. یەکێک لەو دەگمەن بزانەی ژیانی ئەو کە من قەت نەمتوانی هیچ خوێندنەوەیەکیان بۆ بکەم. وێنەکەم وەرگرت و لە ژوورەکە چوومە دەرەوە. روخساری من و باوەگەورە ئەوەندە لە دوو وێنەکەدا لە یەکتر دەچوون، کە من پێم سەیر بوو. بۆچی تا ئیستا من بیرم لەمە نەکردبووەوە؟ بە راستی من ئەوەندە لەو دەچووم؟ وێنەکەم لە گەڵ خۆم هەڵگرت و بە پەلە چوومە خانووەکەی پشتەوە، بەرەو ژووری کتێبەکان. لەوێ چەمەدانەکەم هەڵدایەوە. وێنە سەرەکییەکەی باوەگەورەم دەرهێنا. لەوێ هەر دووکیانم خستە ناو ریزی کتێبەکانەوە. رێک لە ناو ئەو کتێبانەیدا کە باسیان لە مێژوو دەکرد. کە لە داڵانەکە تێپەڕیم و هاتمەوە دەر، سەر بانی و بانیژەکەم بینی کە پڕی کۆترەکان بوون،... کۆترە پەرتەوازە ونبووەکان گەڕابوونەوە. ئەم سەر تا ئەوە سەر. بە بێ

جووڵە، سەر و مل رۆچووی ناو شانەکان. ئەو شانانەی "با" ی ئێوارە بە ئاستەم پەڕەکانی دەلەراندەوە. رێک وەک کاتی نیشتنەوە لە دووای فڕینە دوور و درێژخایەنەکان هەڵتروشکابوون. من هەموویانم دەناسییەوە. ئەوانەی وا لە کاتی شەڕی ناو شاردا ون بووبوون، ئەوانەی وا لە کاتی بوردوومانەکاندا پەڕیوە بووبوون، ئەو کۆترانەی "با" و سەرما بردبوونی و، سەرئەنجام ئەوانەی زەردەی رۆژئاوا ونی کردبوون. من کە لە خۆشیانا نەمدەزانی چی بکەم، شێتانە بە ناویاندا دەگەڕام. هەموویان رێک وەک سالانی پێشوو. هەمان جەستە، هەمان رەنگ و هەمان تەمەن. حەزی فڕاندنیان شێتانە گرتمی. سەدان کۆتر. گەر لە سەر ئەم بانەوە هەڵستن و بکەونە فڕین، گەڕەک تەواو تاریک دەبێ،... شار تەواو تاریک دەبێ. رەنگە خانووەکەی ئێمەیش لە گەڵ خۆیان ببەن. ترسێکی سەیر دایگرتم: "نەکا بۆ بردنی باوەگەورە گەڕابێتنەوە؟" جەستەم داهێزرا. چۆکم دادا. بێگومان بۆ بردنی ئەو هاتبوونەوە. چی دان و گەنم لە تەلیسی ژێر هێلانەکاندا مابوونەوە، هێنامن و بۆم رۆکردن. ئەوان دەبا لە سەفەری گەڕانەوەدا لە گەڵ باوەگەورە تێر تێربن. کە تێربن دەگەنەوە ئەو شوێنەی وا لێیەوە هاتوون.

باوەگەورە جارێکی تر لە ژوورەکەی هاتەوە دەر. بە پلیکانەکاندا هەڵگەڕا و چووە خانووەکەی پشتەوە. نازانم کۆترەکانی بینی یان نا، بەڵام ئەوان هەر کە باوەگەورەیان بینی، تێکڕا جووڵەیان تێکەوت و کەوتنە گماندن. گماندنێکی حەزین. باوەگەورە لەوێ لە یەکێک لە ژوورەکاندا دانیشت، وەک زەمانی زوو. وەک ئەو کاتانەی خانووە چوار ژوورەکە لەوێ نەبوو. وەک ئەو کاتانەی شار ئەوەندە بچووک بوو کە نەدەگەیشتە زەردەپەڕی ئێوارە. لە تەنیشتیا دانیشتم. وتم سوپاس بۆ ئەوەی ئەم بانیژەیەت درووست کرد! سوپاس بۆ خانووە چوار ژوورەکەت! سوپاس بۆ یەکەمین سەفەر! باوەگەورە بە لاچاو سەیرێکی کردم. وتی: "خەمی خۆتم نیە تازە، خەمی ئەوانەمە دووای تۆ لێرە لەم خانووەدا دەژین." وتم: "ژیان راهاتنە، هەموو شتێک رۆژێک کۆتایی پێ دێت." وتی: "دڵنیای رادێیت؟" وتم: "من تازە خووم بەم بانیژەیە و بە دیمەنەکەی بەردەمی گرتووە." وتی: "من لەو شەوەوە ترس نیشتە دڵم کە لە تەنیشت چۆمەکەدا خەوم لێکەوت."

کۆترەکان تا دەهاتن زیاتر لە سەر بانیژەکە کۆ دەبوونەوە. چڕ چڕ. شووشەکان سەرتاسەر وێنەی ئەوان بوو. وتم: "دەزانی، من قەت باسی سەفەری سێهەمم بۆ

نەکردووی. باسی هەواڵ و مانگەشەو و بانی و گۆڕستانەکەی ئەوپەڕی گوند. تەنانەت باسی سەفەری یەکەم و دووهەمیش. باسی دەشتی پشت قوتابخانەکەو شەوانی تاریکی پشت پەنجەرەکەو پلیکانەکان. ئا پلیکانەکانی تەنیشت کانییەکە." کۆترەکان تا دەهات زیاتر بە باڵ لە پەنجەرەکانیان دەکوتا. باوەگەورە کە ورد ورد لە کۆترەکانی دەڕوانی، گووتی: "سەفەرەکان هەموویان لە یەک دەچن، پێش ئەوەی تۆ بڕۆی من بەسەرهاتەکانیانم بیستبوو." من نازانم باوەگەورە لە کێی بیستبون، بەڵام باڵەکوتێی سەر شووشەکان تا دەهات تووڕەتریان دەکردم. هەستام کە بیانتارێنم. باوەگەورە دەنگی دام. دانیشتمەوە. کۆترەکان بەرەبەرە هاتنە ژوورەوە. ژوورەکە پڕ بوو لە فڕین، لە جەستە بچووکە بێ ئۆقرەکان. چوارتەنیشتی ئێمە پڕ بوو. باوەگەورە تەنیا سەیری دەکردن. بەتاڵ لە هەر کاردانەوەیەک. من چەند جار گەرەکم بوو بە دەست کەمێک دووریان بخەمەوە، بەڵام وازم هێنا. کۆترەکان بە دیتنی باوەگەورە لە نزیکەوە جۆرێکی تر دەیانگماند و جۆرێکی تر لەو ژوورە سەقف نزمەدا دەفڕین. وتم: "کۆترەکان هاتوون بتبەن. تۆ لە مێژە نزا و دۆعای ئەوە دەکەی لێرە لەم خانووەدا بمری و هەر لێرە لەم شارە بتنێژن. بەڵام کۆترەکان چی، دڵەراوکێی ئەوانت نیە؟" باوەگەورە لە هاتنەوەیان نەدەترسا. دڵنیا لەوەی کۆترەکان هەمیشە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێیەوە هەڵفڕیون، یەکیانی گرت و دەنووکی ماچ کرد. گووتی: "کۆترەکان تەنانەت دووای مردنیش هەر دەگەڕێنەوە، گرینگ نیە لە کوێی ئاسمان دەمرن." من کە لە دووای خۆم خەمی کتێبەکانم بوو، گووتم: "کتێبەکان چی، دەکرێ لە گەڵ خۆت بیانبەی؟" لێرەدا دەنگی باوەگەورە لە ناو گمەگمی کۆترەکاندا ون بوو. من لە سەفەری پێنجەم، چ ئەو کاتەی لە سنووورە ئاوییەکە دەپەڕیمەوە و چ ئەو شەوانەی لە تاریکیی شەوانی زستانی ئەوێدا مۆمەکانم هەڵدەکرد، بیرم لە وشەکانی ئەو رۆژەی باوەگەورە دەکردەوە کە بوون بە گمەی کۆترە بێ ئۆقرەکان.

حەزدەکەم لە ژوورەکەدا بە تەنیا جێی بێڵم. تا دەهات زیاتر سەرنجی دەچووە سەر کۆترەکان. بێگومان ئەویش هەموویانی دەناسییەوە. لە ساڵی شەڕەکاندا ئەوە ئەو بوو دانی دەدانێ. دەچوو لە تەنیایی شاردا لە تەنیشت هێلانەکانیان دادەنیشت و بۆنی پێوەدەکردن. دەیگووت: "لە کاتی شەڕدا خۆشترین شوێنی دونیا لای ئەوانە." گەر کۆترەکان نەبوونایە بێگومان باوەگەورە لە شار بە تەنیا نەدەمایەوە و وەک هەموو

خەڵکی دیکە رووی لە گووندەکانی دەورووبەر دەکرد. کە شەڕەکان تەواو دەبوون، باوەگەورە ئەوەندە بۆنی کۆتری دەگرت کە خانووی چوار ژوورەکە دەبوو بە هێلانە. من لەم کاتانەدا خەمی ئەوەم لێ دەنیشت کە رۆژێک باوەگەورە وەک کۆترەکان لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە بدات لە شەققەی باڵ و وەک کۆترەکانی تر لە ئاسمان و زەردەی ئێوارە بۆ هەمیشە ون بێت. لەم کاتانەدا هەموو شتێک لە ناو خانووەکەی ئێمەدا بۆنی کۆترەکانی دەگرت. دایەگەورە بێزار لەم بۆنە لە گەڵ دایکم تا چەند هەفتە هەموو رۆژێک پەنجەرەکانیان دەکردەوە و هەموو شتێکیان سەرلەنوێ دەشۆردەوە.

ژوورەکە جێدێڵم. یاخود پێم جێدێڵن. ئەوان هەموو شوێنێکیان گەرەکە. وەدەر دەکەوم. سەربانیژە و بانی خانووی چوار ژوورەکە قەرەباڵغتر لە جاران. قەت بڕوام نەدەکرد ئێمە خاوەنی ئەوەندە کۆتر بین. قەت بڕوام نەدەکرد ژمارەی کۆترە بزر و بێ سەروشوێنەکان ئەوەندە زۆر بێ. ئەوان بۆ ئەوەی جێیان بێتەوە، هەندێکیان نزم نزم بە سەر بانیژە و بانەکەدا دەفڕن. دایکم لە خوارەوە لە حەوشە دەبینم. وەک هەمیشە خەریکی خەفەت خواردنە. نازانم ئەم جارەیان هی ئەوەی کە جارێکی تر خانووەکەمان بۆ چەند هەفتەیەکی تر بۆنی کۆتر دەداتەوە، یان ئەوەی کە ئەویش وەک من بە مەرگی باوەگەورەی زانیووە. بە پلیکانەکان دەچمە خوارێ و لە تەنیشتی رادوەستم و دەڵێم: "خەفەت مەخۆ ئەم جارە خانووەکە بۆنی ئەوان ناگرێ." کەچی دایکم هەر وا خەفەت دەخوا. دڵنیا لەوەی کە ئەو تەنیا بۆ خەفەت خواردن درووست کراوە، جێی دێڵم. هەر کەس دەبێ ئیدی جۆرێک ئەم ژیانە تێپەڕکات. دەڵێم: "گەر ئیزنت لە سەر بێت، با ئەمڕۆ حەوشە و ژوورەکانیش هی ئەوان بێت." دەڵێم: "ئەمڕۆ ئاخرین رۆژە."

کۆترەکان پۆل پۆل دادەبەزن. من دەستەکانم دەکەم بە کەپر بۆ ئەوەی بزانم لە کوێوە دێن. ئەوان لە هەموو شوێنێکەوە دێن. فڕینەکان بەردەمی ئەوانی تر دەگرن. دەبن بە باران. دادەکەن بێ ئەوەی کەس تەڕبکەن. خەڵکی شار دەبینم کە وەک ساڵانی شەڕ ترس دایاندەگرێ و هەربۆیە دانە دانە و دەستە دەستە شمەک دەپێچنەوەو لە شار وەدەردەکەون. کۆترەکان هەموو شاریان پێویستە. هەموو کۆڵانەکان. ئەوان تەنیا لە ناو قەبرستانەکەی ناو شار نانیشنەوە. پەڵەیەکی رەش لە ناو سپیاییەکی تۆخدا. ئاشتی ترین رۆژی ساڵەکان، ساڵەکانی تەمەنی باوەگەورە. پێم سەیرە خەڵک

شار بە جێ دێڵن. گەر ئەوان نەتوانن لە گەڵ کۆترەکان بژین، ئەی لە گەڵ کێ دەتوانن بژین؟ دەچمەوە بەر شێرەئاوەکە و وەک جاران سۆندەکە هەڵدەگرمەوە و دەست دەکەم بە ئاودانەوەی باخچەکە. کۆترەکان کە ئاوەکەیان پێ خۆشە لە گەڵی دەکەونە یاری و گەمە. فڕین لە ناو رەنگاڵەی پرژەئاوەکاندا. لەنگەرگرتنی فڕین لە ناو دەنکە ئاوەکانی تیشکی خۆری ئێوارە. زەرد زەرد. سوور سوور. دایکم منداڵەکان کۆدەکاتەوە و دەچنە ژوورێک و دەرگاکە لە سەر خۆیان دادەخەن. تەنانەت پەردەکانیش دادەدەنەوە. من شادمان لەوەی کە تۆپ و هاوەنێک نیە سینگی شار شەق بکا، زیاتر ئاوەکە بە حەوادا دەکەم. دەنگی حیلکە و پێکەنینی کۆترەکان رۆژەرێیەک دەڕوا. بۆ یەکێک لە یەکەم جارەکان گوێم لە دەنگی بەرزی پێکەنینی باوەگەورەیە کە پەنجەرەکانی سەرەوە بڕدەدا. پێکەنینەکە بە قادرمەکاندا دادەگەڕێ و دێت لە تەنیشتم دادەنیشێ. سەیرم دەکا و پێدەکەنێ. منیش دەکەومە پێکەنین. پێکەنین بە سەفەرەکان، بە فڕینەکان، بە مەرگ، بە هاتنەوەکان، بە بیرەوەرییەکان. پێکەنینم بە بانیژەکە دێت، بە خانووی چوار ژوورەکە و بە رۆژئاوا. بە رۆژەکانی تەنیایی باوەگەورە لە کاتی شەڕەکاندا. بە گۆڕستانەکان. شاری چۆڵ سەراسەر پێدەکەنێ.

هەڵدەستم. بیر لەوە دەکەمەوە دوواتر شمەکەکانی باوەگەورە چی لێبکەم. دێتەوە بیرم کە یەغانەکەی هەمیشە نیوە بەتاڵ بووە. کەواتە جێگا هەیە. من هەموو گوڵدانەکان و رادیۆ قەدیمییەکەی دەتوانم بخەمە ناویەوە. تەنانەت نیگاکانیشی. پێش ئەوەی کۆترەکانی هەڵفڕنەوە، من دەتوانم ئەم کارە بکەم. بیر لەوەی کە بانیژە و ژوورەکەی ئەو تەنیا دەبێ بانیژە و ژوور بن، جۆرەیەکم لێدەکەن. من دەبێ دووا کەسی رێگا سەفەراوییەکان بم. دەچمە ژوورەکەی. پەردەکان جوان جوان لادەدەم. یەغانەکە دەکەمەوەو دەیبەمە لای پەنجەرەکە. ئەوسا رووداوە گەورەکە روودەدا. چی تیشکی زردی زەردەپەڕی رۆژئاوایە، دەڕژێنە ناو یەغانەکەوە. یەغانەکە زەرد زەرد هەڵدەگەڕێ. وەک تۆپێکی گڕ. ئەوجار دایەگەورەم دەبینم کە لەو سەری کۆڵانەوە دووای ساڵانی ساڵ دەردەکەوێ. دێتە ژوورەوە و دەچێ لە ناو یەغانەکەدا بۆ هەمیشە رادەکشێ. دایەگەورە لە ناو یەغانەکەدا پێستی جوان جوان ساف و گەش دەبێتەوە و وەک سەردەمی گەنجیەتی تۆزی مەزرا و جێ ماچەکانی باوەگەورە بە سەر رووومەتییەوە پەیدا دەبنەوە. من کە قوڵپی گریانێکی سەیر دامدەگرێ، ئارام

سەری یەغانەکە دادەدەمەوەو دایدەخەم و کلیلەکەی دەدەمە دەست ئەو کۆترە زەردەی کە لە سەر لێواری پەنجەرەکە هەڵنیشتووەو چاوەکانی لە چاوەکانی باوەگەورە دەکەن.
لە ژوورەکە دەچمە دەرەوە. بە ناو کۆترەکاندا هەنگاو هەڵدێنم. ئەوانیش میهرەبانانە رێگام بۆ چۆڵ دەکەن. باخچەکەیش لە ژێر "بوون" و فڕینی ئەواندا ون بووە. چیدی ئاوپرژێن یارمەتی نادا بۆ رووانەوەی دووبارە. دەبێ لێگەڕێم بۆ دووای کۆترەکان. بۆ ساڵەکانی تر. تەنیا شوێنێک کۆترەکان زەفەری پێنابەن، ژێرخانە، ژێرخانی ژێر بانیژەکە. بزەیەک دەمگرێ. گرینگ نیە. ئەوێ هەمیشە ژوورێکی لەبیرکراو بووە. بانیژەی سەر ژوورێکی لەبیرکراو! تەنیا شوێنێکی ناسپی لە یەکێک لە ئێوارەکانی هاوینی شاردا. تەنانەت بەردەنوێژەکەیش ونە. سەیری ئەو کۆترانە دەکەم کە وەک من و باوەگەورە لە سەر بەردەکە پێشبڕکێیانە.
دەبێ رووبکەمەوە سەرەوە. نابێ لەم کاتەدا ئەوەندە باوەگەورە بە تەنیا لە گەڵ کۆترەکان بە جێ بێڵم. قادرمەکان، بانیژە و داڵانی هێلانەی کۆترەکان تێدەپەڕێنم. کە دەچمە ژوور دەبینم باوەگەورە تەنیا سەری بە دەرەوەیە. کۆترەکان خەریکن بە جەستەی خۆیان کفنی دەکەن. چاوەکانی باوەگەورە پێدەکەنن. من کە هەستی غوربەتێکی سەیر دامدەگرێ، رادەکەمە دەرەوە. فڕینی کۆترەکان فرمێسکەکانم دەبەن. دەچمە بانیژە و لە سەر دووا پلیکانە دادەنیشم. ئەوسا رووداوە گەورەکە روودەدا. سەرەتا لە خانووە قەدیمییەکەوە هەر چی کۆترە لە کاتێکدا جەستەی باوەگەورەیان پێیە سپی سپی دەکەونە فڕین. ئەوسا هەموو کۆترەکانی تر، لە هەموو شوێنێکی شارەوە. هەست دەکەم هێزی فڕینیان خەریکە شاریش لە گەڵ خۆی هەڵدەکەنێ و دەیبا. خانوو و بینا و کۆڵانەکان دەلەرزن. خۆ لە گەڵ جەستە سپییەکاندا دەکشێنن، بەلام سەرئەنجام دەمێننەوە و وەک هەمیشە بە شوێنی هەمیشەیی خۆیانەوە دەچەسپن و دەلکێن. تاریکاییەکی سپی، ئاسمانی شار دادەپۆشێ. ئەوسا بەرە بەرە لە هەموو شوێنێکی ئاسمان لەو دوور دوورانەوە بڵاو دەبنەوە و بزر دەبن.
رۆژێکی سپی سپی. ئاخرین رۆژ، جوانترین رۆژی دونیا بوو بۆ باوەگەورە.

## جووت بوونی پێڵاوەکان

پێڵاوەکانم ماوەیەکە جووت دەبن. نازانم کێ وایان لێدەکا. هەر ئەوەندە دەزانم جووت دەبن. دڵنیام، زۆر دڵنیام لەوەی کە کاری خۆم نیە. من کە دەگەمەوە ماڵ بە پەلە کەوشەکانم دادەکەنم، قاوەیەک سازدەکەم و دەستبەجێ کۆمپیوترەکەم هەڵدەکەم و لە بەر کتێبخانەکەدا دادەنیشم. پێڵاوەکانم هەمیشە نیو مەتر لە یەک دوورن. تەنانەت پێش خەوتنیش سەیریان دەکەم. جیان. رێک وەک هەنگاوەکانم. کە بۆ سبەی لە خەو بە ئاگا دێم، دەبینم جووتن! ترسێکی سەیر دامدەگرێ. ترسێکی هەموو شەوە و هەموو رۆژە کە زۆر خێرا لە ناو خەیاڵەکانمدا ون دەبێ. تەنانەت جانتاکەیشم. ئەویش هەموو بەیانییەک بە کەل و پەلی پێویستی سەفەرێکەوە لە ناویدا لەوێیە، لای پێڵاوەکانم. هەموو شتێک ئامادەیە بۆ سەفەرێکی تر،... هەموو شتێک جگە لە خۆم، جگە لە من. من هەموو رۆژێک پێش ئەوەی پێڵاوەکانم لەپێ کەم، جارێکی تر وەک دوێ شەویان لێدەکەمەوە. هەروەها شمەکەکانی ناو جانتاکەیشم دەردەهێنمەوە. ئەوسا دەڕۆمە دەرەوە. لە مێژیشە ئیتر وێنەکەی باوەگەورە لە گەڵ خۆم هەڵناگرم. وێنەکە لە ناو ریزی کتێبەکانمدان. ئەو وێنەیەی تا دێت زیاتر و زیاتر لە من دەکا.

جاری وایە هەست دەکەم باوەگەورە لێرەیە، لەم خانووەدا. ئەویش لێرە دەژی. لەشوێنێک لەم ژوورانەدا. لە بێدەنگیی شەوانەدا هەست بە هەناسە و دەنگی پێی و

راوەستانی بەر پەنجەرەی دەکەم. لەم کاتانەدا من تەنیا دادەنیشم و بە بێ ئەوەی سەر هەڵبڕم، تەنیا گوێ دەگرم. باوەگەورە جاری وایە دێتە لامەوە. سەیری کۆمپیوترەکەم دەکا، سەیری ئەو گوڵە سوورەی کە من هەمیشە لە سەر مێزەکەی بەردەممە. ئەوسا دەڕوا، دەڕوا و لە یەکێک لە ژوورەکاندا ون دەبێ. کە دەڕوا لە پاش خۆی بۆنی کۆتر، بۆنی کۆترەکان جێ دێڵێ.

کەوشەکان واز ناهێنن، جانتاکە واز ناهێنێ. هەر جووت دەبن و هەر بە شمەکەکانەوە لەوێدایە، هەموو بەیانییەک. سەرئەنجام رۆژێک بە تینم دەگا. رادەوەستم تا دێتەوە دەر،... رادەوەستم تا دەگاتە بەر پەنجەرەکە. ئەوجا بە بێ ئەوەی سەر هەڵبڕم، دەڵێم:

ـ من چیدی وزەی سەفەرم پێ نەماوە.

نازانم لادەکاتەوە یان نا، نازانم بەردەوام سەیری دەرەوە دەکا یان نا، بەڵام دووای ماوەیەک دەنگی دێت. دەنگێکی سپی وەک فڕین:

ـ تۆ تازە عادەت پێگرتووە.

ـ سێ سەفەری یەکەم گەڕامەوە، دوو سەفەری دووهەم نا. تازە گەر قەرار بێ بجوڵێم، دەبێ دیسان سەفەری رۆیشتن بێ نەک گەڕانەوە. سێ بە سێ.

ـ کێ باسی گەڕانەوەی کردووە؟

تەریق دەبمەوە. بە راست بۆ وا تێدەگەیشتم؟ دەڵێم:

ـ دەزانم سەفەرێکی ترم لە پێشە، بەڵام نازانم کەی و چۆن،... ئیستا... ئیستا من تەنیا پێویستیم بە ئێرەیە، بە پشوویەک.

ئەم قسەیە دەکەم و لە دەروونمەوە باوەڕم بە خۆم نییە. ئەویش وەڵام ناداتەوە. پێم سەیرە. چۆنە باوەگەورە بە پێچەوانەی ساڵان ئیستا پێڵاوی سەفەرم بۆ جووت دەکا؟ بیردەکەمەوە رەنگە گوناحی دووا سەفەری بێت لە گەڵ کۆترەکان. بێگومان باوەگەورە باغچەکە، بەردەنوێژەکە، بانیژە و ژوورەکەی خۆی و رۆژئاوای لە بیر چووەتەوە. تەنانەت ئەو رۆژەیش وا لە سەر بەردەکە دانیشت، رۆژی وێنە ئەبەدییەکەی خۆی. من کە بەم لەبیرکردنە یەکجار غەمگین دەبم، بەڵێن بە خۆم دەدەم قەت لە بیریان نەکەم. بەڵێن بە خۆم دەدەم باوەگەورەم وەک جارانی لە بیر بێت. گوێم لە دەنگی پێکەنینەکەیەتی. پێکەنینێکی ترسناک. دەڵێ:

ـ قەت باوەڕم نەدەکرد بەم بۆچوونە بگەی!

دەڵێم:
ـ رۆژانی تەنیایی تۆ لە ناو شار لە کاتی بوردوومانەکاندا نەبووایە، من لە مێژبوو ئێرەیشم بە جێدەهێشت. سەفەری چوارەم و پێنجەم شتێک بوون وەک ئەو رۆژانەی تۆ.
ئەوسا هەڵدەستم. باوەگەورە دیسان بزردەبێتەوە. شەو درەنگانە. رەنگە سەعاتی یازدە. دەرەوە بەفر دەبارێ و لە سەر بەفری تازە هیچ جێ هەنگاوێک نابیندرێ. زۆر حەز دەکەم لە شەوێکی وادا باوەگەورەم لە گەڵ بێت. من و ئەو پێویستمان بە پیاسە و بە قسەو باسێکی ناو بەفرە لە شەوێکی درەنگ وەختدا. لە شەوێکی وادا بە دوور لە دەنگی فڕۆکەکان و بە دوور لە ترسی پرسگەکان و غەمی رۆژئاوا، دەتوانین لە سەرەتاوە، سەرلەنوێ، بەڵام ئەم جارە بە بێ خەمی ئەو کۆترانەی کە ون دەبوون و قەت نەدەگەڕانەوە، من باسی سەفەرەکانی خۆم و ئەویش باسی دڵەراوکێکانی خۆی بکات. من قسەم زۆر پێ بوو بۆ باوەگەورە. قسەی پێنج سەفەر. باسی شەوەکانی رادیۆ و هەواڵ و لێڵاوی چۆمی سەر سنوور.
هێشتا لە یەکەم هەنگاوەکانی ناو دارستانە سپی پۆشەکەدا بووم، کە دیسان بۆنی کۆتر، بۆنی کۆترەکان لێم ئاڵانەوە. ئەوسا باوەگەورەم بینی کە دەرکەوت. لە کاتێکدا ئارام ئارام و بە کاوەخۆ بەفری سپیی ئەو شەوەی ناو دارستانمان پێکەوە بڕدەدا، کەوتینە گێڕانەوە. بەسەرهاتەکان لە گەڵ دەنکە بەفرەکان لێک دەئاڵان و نەرم نەرم دەنیشتنە سەر زەوی. بەسەرهاتە سپییەکان، کۆترە سپییەکان و بەفرە سپییەکان.